CFS

# وەرزنامەی ئێرانناسی

ژمارە (١٤) ساڵی چوارەم، ئازاری، ٢٠٢٥. سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی وەرزانە دەریدەکات



- ئێرانی دوای بەشار ئەسەد
- بە ئاسایشیکردنی هەموو هەنگاوەکانی ئێران
- ستراتیجی دۆناڵد ترەمپ بەرامبەر ڕێککەوتنی ئەتۆمی (5+1)
- ئێران لە نێوان زۆنە ژێدەری و هەژموونە دژەکان
- سیاسەتی دەرەوەی ئێران؛ بنەما و ڕەهەندەکانی

# وەرزنامەی ئێرانناسی

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیژی و ئایندەیی سەبارەت
بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١٤) ساڵی چوارەم، ئازاری ٢٠٢٥



خاوەنی ئیمتیاز: سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی

سەرنووسەر: بارام مەجیدخان

بەڕێوەبەری نووسین: د. هەورامان فەریق کەریم

بۆردی ڕاوێژکاران:

د. یوسف گۆران
د. ئومێد رفیق فتاح
د. عابد خالد رسول
د. هەردی مەهدی میکە

هەڵەبڕ: هاشم خدر

دیزاین: ڕەوشت محەمەد



شوێن: عێراق، هەرێمی کوردستان، سلێمانی،
کۆمەڵگەی زانکۆ، باڵەخانەی K، نهۆمی G، شووقەی (4)

Address: Iraq, Kurdistan, Slemani

Tel: (+964) 0773 836 3758 - (+964) 0751 833 9135

ناونیشانی ئەلیکترۆنی:

www.centerfs.org

Facebook: Center.of.Future.Studies

Instagram: centerfs

Email: info@centerfs.org

وەرزنامەی ئێرانناسی؛ گرنگی بە توێژینەوەی سراتیجی و ئایندەیی سەبارەت بە ئێران دەدات و سێ مانگ جارێک سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی بڵاویدەکاتەوە. ئامانجی گرنگیدانە بە لێکۆڵینەوە ستراتیجی و سیاسییەکانی ئێران و کارلێکە هەرێمایەتی و جیهانییەکان و کاریگەریيان لەسەر هەرێمی کوردستان و ناوچەکە. مەودای کاری گۆڤاری ئێرانناسی بریتی دەبێت لە توێژینەوە لە سیاسەتی کورتمەودا و دوورمەودای ئێران و شرۆڤەی سیاسی و ستراتیجیی ئێران و ناوچەکە و توانای ئابووری، سەربازی، سیاسی و کولتووریی پەیوەست بە ئێران. مەرجە بابەتەکانی لەخۆگری دیدگای ئایندەی و ستراتیژی بن و سیناریۆکان و ئەگەرەکان بخەنەڕوو، لە پێناو سیاسەتڕێژیکردنی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران. هەوڵێکە لە پێناو هاوکاریکردنی پرۆسەی سیاسەتڕێژی و سیاسەتی پەیوەندییەکانی هەرێمی کوردستان و ئێران.

# ناوەرۆک

## سەروتار

تاریکخانەی پەیوەندییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران | بارام مەجیدخان ........................................ ٤

## توێژینەوە

بە ئاسایشیکردنی هەنگاوەکانی ئێران | مەیسەم مورادی ........................................ ٨
ئێرانی دوای بەشار ئەسەد| پەیرەو ئەنوەر ........................................ ٢١
ستراتیجی دۆناڵد ترەمپ بەرامبەر ڕێککەوتنی ئەتۆمی (٥+١)
فەرید دڵشاد محەمەد / عوسمان عەبدوڵڵا ئەحمەد ........................................ ٣٥
ئێران لە نێوان زۆنە ژێدەری و هەژموونە دژەکان | میران حسێن ........................................ ٥٥
سیاسەتی دەرەوەی ئێران؛ بنەما و ڕەهەندەکانی | بەختیار ئەحمەد ساڵح ........................................ ٧٣

## گفتگۆی ئێرانناسی

دۆخی هەنووکەیی ئێران و ئایندەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا ........................................ ٩٣

## توێژینەوەی وەرگێڕدراو

پرۆژەی ئێران؛ پێکهاتە و ڕەهەندەکانی | عەلی جەبەلی. و: بارام سوبحی ........................................ ١١٠
خۆکوژیی منداڵان لە ئێران | مریەم لوتفی. وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا ڕەسوولی ........................................ ١٥٠

## کەسایەتی

ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری؛ مەرجەعێك کە بە ڕاگیراوی لە ماڵەوە کۆچی دوایی کرد| ئا: د. یاسین عزەم ........ ١٧٨

## کتێبناسی

مێژووی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا | ئامادەکردن: ئێرانناسی ........................................ ١٨٨

## چەمکناسی

نەرمیوناندنی قارەمانانە | ئامادەکردن: هەورامان فەریق ........................................ ١٩٥

سەروتار

بارام
مەجیدخان



# تاریکخانەی پەیوەندییەکانی نێوان
# ئەمریکا و ئێران

نزیکەی نیو سەدەیە ئێران و ئەمریکا لە پەیوەندییەکی تاریکدا دەژین. هەر لە دەستپێکی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئیسلامیی تا ئێستا گرێ کوێرەکانی نێوانیان بە چارەسەر نەکراوی ماوەتەوە، لە مێژووی هاوچەرخ (سەد ساڵ پێش شۆڕشی ئیسلامیی ئێران) ململانێی قوورس لە نێوان ئێران و ڕووس و بەریتانیا هەر بەردەوام بووە. کۆی ئەم سەد و پەنجا ساڵەی مێژووی ئێران بە سەدە و نیوێک «سوکایەتی بە ئێران» ناوزەد دەکرێت. قۆناغ بە قۆناغ، لە شەڕ و پێکدادان لەگەڵ وڵاتە زلهێزەکانی جیهان ئێران ویستویەتی بەرگری لە سنوورەکان و بەرژەوەندییەکانی خۆی بکات، بەڵام دواجار شکستی هێناوە. ئەنجامی هەر شکستێکی سەربازیش سەپاندنی ڕێکەوتنامەیەک بووە بە سەر ئێراندا. کە دواترینییان ڕێکەوتننامەی بەرجام(JACPOA) بوو. خاڵی جەوهەری کێشەی ئێران لە ناو سیستەمی نێودەوڵەتی پەیوەندییە تاریکەکانی بووە لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا. هەردوولا دەرفەتی چارەسەرکردنی کێشانەیان لەدەست

خۆیـان داوە. شۆڕشــی ئیسلامیــی ئێـران لــە ســەدەی ڕابـردوو بەجـێماو و نەگەیشتە ســەدەی بیســت و یـەک، هەلومەرجـی جیهـان گۆڕانـی گەورەی بەسـەردا هـات و ئێران بـە پشتگوێخســتنی گۆڕانکارییــەکان کەوتووەتــە نــاو تەڵەیەکـی جیهانییــەوە. هــەردوو وڵاتــی ئەمریـکا و ئێـران وا نزیـک دەبنــەوە لــە ڕووبەڕووبوونــەوەی چارەنووســی خۆیـان. بـە شـەڕ یـا بـە ئاشـتی!

دوا پەرەســەندنەکانی گرژییەکانــی نێـوان ئێـران و ئەمریـکا و نامــەی دۆناڵــد ترەمـپ بـۆ ڕابـەری کۆمـاری ئیسلامیـی ئێـران، بـۆ هـەردوو وڵات یەکلاکـەرەوە دەبـن. ترەمـپ داوای ڕێکەوتنـی ئاشـتی دەکات. ڕێکەوتنـی ئاشـتی جیـاوازە لــە ڕێکەوتنـی ئەتۆمـی. ئەمریکا ئاشـتی وەک پاکێجێکـی فـراوان دەبینێت. بـە هەر سێ جەمسـەری ئەتۆمــی، ناوچەیــی، و بابەتــی سیســتەمی بەرگــری ئێــران. بانــی داواکارییەکانــی ئەمریـکا هەڵکشـاوە. ئەمـە لـە کاتێکدایـە کـە ئێـران دەستەوەسـتان بەرامبـەر کێشـە ئابوورییەکانــی و شکســتی کەمەرشـکێنی لــە میحــوەری مقاوەمــە و شــکاندنی تابـۆی هێرشــی ئیسرائیـل بـۆ سـەر خاکەکـەی وڕ دامـاوە. لـە هەمانکاتـدا کاتێـک هەڕەشـەی هێرشــی ســەربازی بـۆ ســەر ئێـران دەکات گـوێمان لــە هیـچ ناڕەزایەتییەکـی جیهانـی نەبـوو بەرامبـەر ئـەو وڵاتـە! لـە زاری سـەرۆک کۆمـاری ئێرانـەوە؛ « ئێمـە تەنهـا پشـت بـە خـوای گـەورە دەبەسـتین و ڕێگـە چارەیـەک دەدۆزینـەوە». کۆبوونـەوەی ڕابـەری کۆمــاری ئیسلامیــی ئێــران لەگــەڵ بەرپرســانی حکومــەت و کــۆی سیســتەمەکە و بەرپرسـە باڵانـی سـوپای ئێـران و بە ئەحمـەدی نەژاد و دکتۆر حەسـەنی ڕۆحانیشـەوە، ئامـاژە بـوون بـۆ بڕیـارە قورسـەکەی ئێـران کـە بـە مەرجەکانـی ئەمریکا ڕازی نابـن. ئـەو کۆبوونـەوە گرنگـە ئامـاژەی خـۆ ئامادەکـردن و یەکخسـتنی هەڵوێسـت بـوو، بـۆ ڕوداوێکـی نزیـک کـە لـە ئـان و سـاتی ڕوداندایـە

داوای دانوسـتان و ڕێکەوتننامـەی ئاشـتی لـە لایـەن وڵاتـە یەکگرتـووەکان هێشـتا کۆتـا کارت نابێـت. بـەوەی کـە دەتوانرێـت ئـەو داوایـەی ئەمریـکا بـە ڕێگـەی تـر بـەردەوام بێـت. لەسـەر ئاسـتی ناوبژیوانـی وڵاتانـی ناوچەکە وەک سـەڵتەنەی عوممان و ڕووسـیا، یـا هـەر وڵاتێکـی تـر کـە ئـەم سـیناریۆیە ئەگـەری سـەرگرتنی کەمـە. بـەڵام ئەگـەر پرۆسـەی ئاشـتی سـەرنەگرێت ئـەوا ڕووبەڕووبوونـەوەی سـەربازی ئەگەرێکـی

بەهێزە. لە مێژووی پەیوەندیەکانی ئەمریکا و ئێران تا ئەم چرکە ساتە ئەگەری هەڵگیرسانی شەڕ ئەوەندە بەهێز نەبووە. کە شەڕێکی کورتخایەن دەبێت لە لایەن ئەمریکا و ئیسرائیل و درێژخایەن لە لایەن ئێرانەوە. ستراتیژی ئەوپەڕی فشار لە لایەن ئەمریکاوە، ئەو جەنگە ساردەیە کە ئێران ڕووبەڕووی ئاستەنگی قوورس دەکاتەوە.

هەڵوێستی وڵاتان بەرامبەر ئەم گرژیانە جێگەی سەرنجە. سێکوچکەی وڵاتانی ترۆیکای ئەورووپایی بەرامبەر بە ئێران توندە و میکانیزمی ماشە (Snapback Mechanism) بەرامبەر ئێران دەگیرێتە بەر. لە هەمانکاتدا ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆمی نیگەرانە لە پیتاندنەکانی ئێران کە بە ڕێژەی لە ٦٠٪ و ئەگەری هەیە کە بگاتە ٩٠٪ ئەمەش زەنگی مەترسییە بۆ ئاژانس و ڕاپۆرتی نەرێنی لەسەر ئێران بەرز دەکاتەوە

هەرچی وڵاتی چینە نیگەرانی قووڵی نیشان نەداوە و بە نهێنی دژی ئەو کردە سەربازییە نابێت، بەرامبەر بابەتی تایوان. سەودای ئەمریکا و چین لەسەر بابەتی تایوان بەرژەوەندییەکی گەورەترە لە پشتیوانیکردنی ئێران، ڕووسیا لەگەڵ ئەوەی ڕێکەوتنی ستراتیژی لەگەڵ ئێران هەیە، بەڵام لە ڕێکەوتنەکە بە زیرەکانە ڕووسیا خۆی لە هاوپەیمانی سەربازی لەگەڵ ئێران دزیوەتەوە. هێرش بۆ سەر ئێران بە واتای هێرش بۆ سەر ڕووسیا نییە، بەڵام ڕووسیا پابەندە بەوەی کە هاوکاری وڵاتی هێرشکار نەکات. ئێران لە سەودای ئەمریکا و ڕووس بە ئەگەری زۆرەوە ناوبژیوانی ڕووسیا قبووڵ ناکات.

ئێران لە سەروبەندی خۆ ڕێکخستنەوەیە؛ ڕێکخستنی ڕیزەکانی لە ناوخۆ. یەکدەنگی و یەکڕیزی بەرامبەر ڕووداوە چاوەڕوانکراوەکان. هەموو باڵەکانی ئێران ئێستا لە ژێر چەتری ڕابەردایە. هەوڵەکانی ئێران بۆ پیتاندی ٩٠٪ وەک پەرچەکردار بەرامبەر فشارەکان و لەسەر داوای ڕابەری کۆماری ئیسلامیی باشترکردنی پێکانی موشەکەکانی ئێران. سیستەمی بەرگری خۆی توندوتۆڵ دەکاتەوە. بەڵام ئێران دەستکورتە بەرامبەر چارەسەری ئابووری لەم قۆناغە هەستیارەدا.

# توێژینەوە

ئێرانناسی



# به ئاسایشیکردنی هەنگاوەکانی ئێران

مەیسەم موڕادی

توێژەر و خوێندکاری سیاسەتی نێودەوڵەتی لە زانکۆی ڕۆسکیلدە-دانیمارك



## پوختە

هاتنەوەی دووبارەی دۆناڵد ترەمپ و دەستبەکاربوونی ئیدارە هێرشبەرەکەی، جیاوازتر لە ئیدارەکانی باراک ئۆباما و جۆ بایدن، هەر لە یەکەم ڕۆژی چوونە ژوورەوەیان بۆ کۆشکی سپی، هەڕەشە و فشارەکانیان بۆ سەر ئێران دەستپێکرد. دوای دوو جار هێرشی ڕاستەوخۆی ئێران و ئیسرائیل بۆ سەر یەکتر و ئەگەری دوبارە بەرزبوونەوەی ئاستی بەریەککەوتنی ئەو دوو دەوڵەتە لە کاتێکدا کە دۆناڵد ترەمپ گەڕاوەتەوە کۆشکی سپی، بە لەبەرچاوگرتنی ئەزموونی چوارساڵی یەکەمی وەک سەرۆک کۆماری ئەمریکا، پرسیاری زۆر بەدوای خۆیدا دەهێنێت، ئەوەی دەمێنێتەوە ئەوەیە، کە داهاتووی ئێران و ئیسرائیل، دوای هاتنەوەی دۆناڵد ترەمپ بەرەو چ ئاقارێک دەڕوات، ئایا شەڕ لە بەردەم دەرگای ئێرانە و دەرچوون لەو هەموو قەیرانەی کە بۆ ئێران دروستکراوە، کارێکی ئاسانە؟ دەبێت چاوەڕێ بین کە وەرزێکی نوێ لە ئاستی باڵای بەریەککەوتن لە نێوان ئیسرائیل و ئێران بێتە پێشەوە؟ ئەم وتارە وەڵامی ئەم پرسیارانە لە ڕوانگەی تیۆرییەکانی واقیعگەرایانە و بەئاسایشیکردن دەداتەوە و هەوڵ دەدات لە دوو ڕوانگەی جیاوازەوە باس لە قەیرانە ناوخۆیی و دەرەکییەکانی ئێران بکات، بەتایبەت دۆخی هەنووکەیی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە ئێران تێیدا تووشی پاشەکشەیەکی بێ وێنە بووە.

## بەرایی

لە دوای ڕووداوەکانی حەوتی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣، ئاستی بەریەککەوتن و گرژییەکانی نێوان ئێران و ئیسرائیل، گۆڕانکاریی بنەڕەتی بەخۆیەوە بینی. دووجار هێرشی ڕاستەوخۆ بۆ سەریەکتر و شکاندنی تابۆی بەکارهێنانی هێزی قورس لەپێش یەکتردا، شەڕ و بەریەککەوتنی ئەو دوو دەوڵەتەی لە سێبەر هێنایە دەرەوە بردیە ئاستی بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆی دەوڵەت-دەوڵەت. ئەم بەریەککەوتنانە لە کاتێکدا بوو، کە دەسەڵاتدارانی ئیسرائیلی زۆرجار باسیان لەوە کردبوو کە پرۆگرامی ئەتۆمی، مووشەکی و پرۆکسییەکانی ئێران لە ناوچەکە دەتوانن ببن بە مەترسی بۆ مانەوەی دەوڵەتی ئیسرائیل. لەم ئاڕاستەیەدا دەسەڵاتدارانی ئیسرائیلی هەموو هەنگاوەکانی ئێران وەک مەترسی ئاسایشی

بۆ سەر دەوڵەتەکەیان دەبینن، واتە بە ئاسایشیکردنی هەموو هەوڵێکی ئێران لە بوارەکانی سیاسی، ئابووری، سەربازی و ئاسایشی. پرسی بە ئاسایشیکردنی ئێران پرسێکی نوێیە، ئەم وتارە بە وردی ئەم بابەتە هەڵدەسەنگێنێت و چوارچێوەیەکی نوێی شیکاری بۆ سیاسەتەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا سەبارەت بە ئێران، دەخاتە بەردەستی خوێنەران. بە ئاسایشیکردن بە واتای ئەوە نییە کە ئەو هەوڵانەی ئێران بە مەبەست بە ئاسایشیی بکرێت، یان جووڵەکانی ئێران مەترسیدار نەبن و بە مەبەست وەک مەترسی پیشان بدرێن، بێگومان هەموو ئەو هەوڵانەی ئێران لە چوارچێوەی سەربازی، سیاسی و ئاسایشیدا وەک مەترسییەکی بنەڕەتین بۆ سەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی و قەبارەی ئەو مەترسییانە جیاوازتر لە جاران (ئیدارەکانی باراک ئۆباما و جۆ بایدن)، لەئێستادا وەک خۆی و لە ئاستی گەورەیی خۆیاندا پیشان دەدرێن و چاوپۆشی لە هیچ هەوڵێکی مەترسیداری ئێران ناکرێت

بەئاسایشی کردنی هەوڵەکانی ئێران بەو واتەیە دێت کە پرسەکانی پەیوەست بە ئێران لە دەرەوەی هەڵ و دانیشتن و گفتوگۆی سیاسی چارەسەر دەکرێت، واتە De-politicizing بوونی پرسەکانی ئێران و Securitization کردنی هەموو پرسەکانی ئێران و چارەسەرکردنی ئەم پرسانە لە ڕێگەی هێزەوە دەبێت، بۆیە لە ئێستادا هەوڵەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا زیاتر لە جاران لەو ئاڕاستەیەدایە کە بە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بوترێت چیتر هەڵسووکەوتەکانی ئێران قبووڵکراو نییە، هەروەها بیری گشتی خەڵک ئامادە بکرێت بۆ هەرجۆرە هەڵسووکەوتێکی توند و هێرشبەرانە لە دژی ئێران و هەموو ئەو مەترسییانە بنبڕ بکرێن.

## یەکەم هەنگاوی دۆناڵد ترەمپ لە دژی ئێران: گەڕانەوەی گەمارۆ ئابوورییەکان

دۆناڵد ترەمپ، سەرۆک کۆماری ئەمریکا لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا واژۆی لەسەر(Maximum Pressure) یان گەڕانەوەی فشار و گەمارۆی ئابووری یە قورسەکان بۆ سەر ئێران کرد(١). بەشێکی زۆری ئەو گەمارۆیانەی کە ترەمپ دەیەوێت بەسەر ئێراندا بیسەپێنێت، پەیوەندی بە هەناردەکردنی نەوت هەیە، پرۆگرامی ئەتۆمی و دەستێوەردان و گرووپەکانی سەر بە ئێران لە ڕۆژهەڵاتی

ناوەڕاست. دەرکردنی فەرمانێکی لەم شێوەیە لەلایەن ترەمپەوە، ئاسۆی دانوستان لەگەڵ دەسەڵاتی ئێرانی لێڵ کردووە و بەشێک لە دەسەڵاتدارانی ئێران بە ڕاشکاوی باسیان لەوە کردووە کە بەم جۆرەی ترەمپ گەمارۆ دەخاتە سەر ئێران، پرسی دانوستان زەحمەتە جێبەجێ بکرێت(٢). ئەوەی کە ترەمپ باسی کردووە، بە جۆرێک دەتوانرێت بەم شێوەیە پێناسە بکرێت کە ترەمپ دەیەوێت ئێران بخاتە دۆخێکەوە کە بێجگە لە ملکەچبوون بە ویستەکانی ئەمریکا، هیچ ڕێگەیەکی بۆ نەمێنێتەوە. لەم ئاڕاستەیەشدا ئەگەر ئێران مکوڕ بێت لەوەی کە دانیشتن لەسەر ئەو خاڵانەی کە دۆناڵد ترەمپ دیاری کردووە نەکات، هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران ئەگەرێکی کراوەیە و دەتوانێت لە کاتێکی چاوەڕواننەکراودا ڕووبدات. بە واتایەکی دیکە، دۆناڵد ترەمپ دوو بژاردەی خستووەتە بەردەم ئێران: یان دانوستانێک کە ئەمریکا و ئیسرئیل دیزاینیان کردووە، یان هێرشی ئیسرائیل

دوای هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل لە حەوتی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣، ئێران لە زۆر بەرەدا ناچار بە پاشەکشە بوو. سوپای قودس، باڵی دەرەوەی سوپای پاسدارانی ئێران، بە ئاشکرا لە لوبنان بۆ سووریا، لە سووریا بۆ عێراق پاشەکشەی پێکراوە. لە ئێستاشدا فشارەکان ئەوەندە لەسەر گرووپەکانی سەر بە ئێران لە عێراق زۆرە، کە باس لەوە دەکرێت ئەگەر حەشدی شەعبی هەڵنەوەشێتەوە، ئەگەری هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر ئەو گرووپانە زۆر لەسەرە(٣). لاوازکردنی حەماس لە غەززە، خستنی حیزبوڵڵای لوبنان، پاشەکشەپێکردنی حوسییەکانی یەمەن و لە کۆتاییدا داڕمانی دەسەڵاتی بەشار ئەسەد، هەمووی لە چوارچێوەی پاشەکشەپێکردنی ئێران لە ناوچەکەدا خوێندنەوەی بۆ دەکرێت. ئەم پاشەکشەپێکردنەی ئێران، هاوکات لەگەڵ هێرشەکانی ئیسرائیل بۆ سەر ئێران و لاوازکردنی سیستەمی بەرگری ئێران(٤)، ئەو وڵاتەی خستووەتە دۆخێکەوە کە چیتر ناتوانێت وەک جاران لە ناوچەکە خۆنواندن بکات. لەپاڵ ئەم هەموو لاوازکردنانەی ئێراندا، لە ئێستادا دۆناڵد ترەمپ دەستی خستووەتە سەر یەکێک لە دوا خاڵە بەهێزەکانی ئێران و هەوڵی لەناوبردنی ئەو باڵە ئێرانیش دەدات. پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران لە ئێستادا وەک تاکە کارتی فشاری ئێران دەبینرێت کە بیەوێت لە پرسی دانوستانەکاندا

بەکاری بهێنێت، بەڵام ئەو دەنگۆیانەی کە لە کۆشکی سپییەوە دەبیسترێت، باس لەوە دەکات کە هەوڵێکی جددی هەیە لە نێوان ئەمریکا و ئیسرائیلدا بۆ نەهێشتنی ئەو کارتەی دەستی ئێران لەسەر مێزی دانوستانەکاندا. یەکێک لە بژاردەکانی نەهێشتنی پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران، هێرشی ڕاستەوخۆس بۆ سەر پێگە ئەتۆمییەکانی ئێران، بەڵام پێش ئەوەی کە هەر جۆرە هێرشێک بۆ سەر پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران ڕووبدات، ئەو ئاماژەیەش دەبینرێت کە ترەمپ بیەوێت وەک کۆتا چانس، بە ئێران بڵێت خۆتان وەرن و واژۆی لەناوبردنی پرۆگرامی ئەتۆمییەکەتان بکەن. جیا لەمە، ئەوە ئیسرائیل ئامادەیە هاوشێوەی پرۆگرامە ناوەکییەکانی سەدام حوسێن و بەشار ئەسەد، واژۆی خۆی لەسەر پرۆگرامی ناوەکییەکانی ئێوەش دابنێت و ئەوکات دەچنە دۆخێکەوە کە ڕەنگە کۆتاییەکەی ئەوە بێت کە چاوەڕوانی ناکەن. ئەم چانسەی کە ترەمپ خستوویەتییە بەردەم ئێران، دەتوانێت لەو چوارچێوەیەدا بێت کە یەکێتی دژی ئێرانی ناوەکیی (UANI) باسی کردووە و داوای ئەوەی کردووە کە بۆ ماوەی سێ مانگ(٥) گەمارۆ ئابوورییەکان بخرێنەوە سەر ئێران بۆ ئەوەی کە پاشەکشەیەکی گشتی بە ئێران بکرێت

## چوارچێوەی تیۆری

قوتابخانەی کۆپنهاگن و تیۆری "بە ئاسایشیکردن" و "نیۆ-ڕیالیزم" وەک تیۆری سەرەکی ئەم وتارە

کاتێک باس لە تیۆری "بە ئاسایشیکردن" دەکردرێت، سەرنجەکان دەگەڕێنەوە بۆ "قوتانخانەی کۆپنهاگن" و بیرمەندانی ئەم قوتابخانە کە لەسەر چەمک و تیۆرییەکانی پەیوەندیدار بە ئاسایشەوە کاریان کردووە. لە پەیمانگای توێژینەوەی ئاشتی کۆپنهاگن لە ساڵی ١٩٨٥، قوتابخانەی کۆپنهاگن بونیادنرا. ئەم قوتابخانەیە بە تێکەڵکردنی تایبەتی تیۆرییەکانی واقیعگەرایی و بونیادگەرایی کۆمەڵایەتی، ئاڵنگاری بۆ تێڕوانینە نەریتییەکان دروستکرد. کەسایەتییەکانی وەک بۆزان، ویڤەر و دی وایڵد، بەڵگەیان هێناوە کە ئاسایش چەمکێکی "جێگیر" نییە-بەڵکو هەڵسووکەوتێکە (ئەکت)، کە لە ڕێگەی زمان و کارلێکی کۆمەڵایەتییەوە فۆرم (شکڵ) دەگرێت(٦). بۆزان، ویڤەر و دی وایڵد لە کتێبەکەی خۆیاندا بە ناوی Security: A New Framework For Analysis، باس لەوە دەکەن "ئاسایش

دەبـارەی مانەوەیـە"،(٧) کاتێـک دەوڵەتێـک بـاس لـەوە دەکات کـە ئاسایشـی لـە مەترسـیدایە، بەواتـای ئەوەیـە کـە "مانـەوەی" لە مەترسـیدایە، هـەر لەم ئاڕاسـتەیەدا، ئـەو دەوڵەتـە هەمـوو تواناکانـی خـۆی دەخاتـە کار بـۆ ئـەوەی بتوانێـت پێـش بـەو هەڕەشـە بوونییـەکان (Existential Threats)بگرێـت. کەواتـە ئاسـایش پێوەنـدی بـە "سیاسـەتی هێـزە"وە هەیـە (Power Politics). بیرمەندانـی تیـۆری بـە ئاسایشـیکردن، پێنـج کـەرت (Sector)-یـان بـۆ ئـەم تیۆرییـە دیاری کـردووە: ئابـووری، کۆمەڵایەتـی، سـەربازی، سیاسـی و ژینگەیـی (٨). هەرچەنـدە لـە ئێسـتادا پرسـی ئاسایشـی سـایبێریش لـە چوارچێـوەی تیۆرییەکانـی ئاسایشـیدا خوێندنـەوەی بـۆ دەکرێـت، بـەڵام لێـرەدا زیاتـر مەبەسـت ئەوەیـە کـە چوارچێـوەی تیۆرییەکـە بەشـێوەیەکی گشـتی باسـی بکرێـت. بـۆزان، ویڤـەر و دی وایڵـد، هەروەهـا لەسـەر ئـەو خاڵـە پێداگـری دەکـەن کـە "بـە ئاسایشـیکردنی سـەرکەوتوو لـە سـێ قۆنـاغ یـان هەنـگاو پێکهاتـووە: هەڕەشـە بوونییـەکان، کـرداری لەنـاکاو، و کاریگـەری لەسـەر پەیوەندییەکانـی نێوان یەکـەکان بـە ڕزگاربـوون لـە یاسـاکان"(٩). بـە واتایەکـی دیکـە، بـە ئاسایشـیکردن لـە ڕێگـەی وشـەکانەوە سـەرچاوە دەگرێـت، واتـە پێناسـەیەک بـە بابەتێـک دەکرێـت، هێـزی وشـە لـە بابەتـی بـە ئاسایشـکردندا لەوێـدا خـۆی دەردەخـات کاتێـک بـۆزان، ویڤـەر و دی وایڵـد، دەڵێـن "بـە وتنـی وشـەکان، شـتێک ئەنجـام دەدرێـت"(١٠). ئـەم تیۆرییـە دەتوانێـت چوارچێوەیەکـی ڕوون بـەم وتـارە بـدات بـۆ شـیکاری دۆخـی ئێسـتای نێـوان ئێـران، ئیسرائیـل و ئەمریـکا. لـە ڕاسـتیدا ئـەوەی کـە لـە قسـەی دەسـەڵاتدارانی ئیسرائیـل و ئەمریـکادا سـەبارەت بـە ئێـران دەبینرێـت، هەمـان ڕوانگـەی بـە ئاسایشـیکردنی ئێرانـە وەک هەڕەشـەی بوونەییـەکان بـۆ سـەر ئیسرائیـل، کـە لـە درێـژەی ئـەم نووسـینەدا بـە وردی باسـی دەکرێـت.

## تیۆری نیۆ-ڕیالیزم

ڕیالیسـتەکان پێیـان وایـە هێـز دراوی سیاسـەتی نێودەوڵەتییـە. یـەک لـەو کۆڵەکـە سـەرەکییانەی باسـەکانی سیاسـەتی نێودەوڵەتـی، تیۆرییەکانـی ڕیالیزمـە. ئـەم تیۆرییانـە لـە زۆر بەشـی جیـاواز پێکدێـن، بـەڵام سـەرچاوەی هەموویـان دەگەڕێتـەوە بـۆ تیـۆری ڕیالیزمـی کلاسـیک کـە لـە کات و دوای شـەڕی دووەمـی جیهانـی چوارچێـوە زانسـتییەکەی لـە لایـەن بیرمەندانێـک وەک E.H.Carrو Hans

Morgenthau داڕێـژرا و دواتـر لە لایەن بیرمەندانێکـی دیکەوە وەک Kendt Waltz و John Mearsheimer پەرەیـان پێـدرا و لـە چوارچێـوەی تیـۆری نیۆ-ڕیالیزمـدا تیۆریزە کـراوە. بـە کورتـی، جـان میرشـایمێر لـە باسـی پەیوەسـت بـە تیـۆری نیـۆ-ڕیالیـزم یـان (Structural Realism)، لـە سیسـتەمی ئانارشـی نێودەوڵەتیـدا لەسـەر چەنـد خـاڵ پێداگـری دەکات: یەکـەم، دەوڵـەت ئەکتـەری سـەرەکییە لـە سیسـتەمی ئانارشـی نێودەوڵەتیـدا. دووەم، هەمـوو دەوڵەتێـک تـا ئاسـتێک توانـای سـەربازی هەیـە. سـێیەم، دەوڵەتـەکان قـەت ناتوانـن دڵنیـا بـن لـە مەبەسـتی یـەکتر. چـوارەم، مانــەوە ئامانجــی یەکەمــی هەمــوو دەوڵەتێکــە. پێنجــەم، دەوڵەتــەکان ئەکتــەری عەقڵانیــن(Rational) (١١). کـە واتـە ئـەم تیۆرییـە بـۆ تێگەیـشتن لـە جـۆری هەڵسـووکەوتی دەوڵەتـەکان لـە سیسـتەمی ئانارشـی نێودەوڵەتیـدا پێویسـتیە بـۆ ئـەم باسـە بـۆ ئـەوەی تێگەیشـتنێکی زانسـتی دروسـت بکرێـت لەسـەر ئـەوەی کـە بۆچـی ئێـران و ئیسـرائیـل هەمـووکات هەوڵـی ئـەوە دەدەن هێـزی خۆیـان زیاتـر بکـەن و لـە زۆر قۆناغیشـدا بەریـەک دەکـەون.  میکانیزمـی گەڕانـەوە بـۆ دۆخـی پێشـوو یـان (Snapback Mechanism)

لەپاڵ ئـەم فشـارانەی ئەمریـکا هەوڵـی بـۆ دەدات، ئـەو ئەگـەرەش کراوەیـە کـە «میکانیزمـی گەڕانـەوە بـۆ دۆخـی پێشـوو» (Snapback Mechanism) کارا بکرێتەوە و هەمـوو گەمـارۆ ئابوورییەکانـی پێـش ڕێکەوتـن لەسـەر پرۆگرامـی ناوەکـی ئێـران لـە سـاڵی ٢٠١٥، بگەڕێتـەوە بـۆ سـەر ئێـران. میکانیزمـی گەڕانـەوە بـۆ دۆخی پێشـوو، پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆی هەیـە بـە حـەوت بڕیارنامـە پێشـووەکانی ئەنجومەنـی ئاسایشـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان لـە دژی ئێـران. بەپێـی ڕێکەوتنـی سـاڵی ٢٠١٥، یاسـای ژمـارە ٣٦ و ٣٧ی ڕێکەوتنـی ئەتۆمـی، ئەگـەر هـەر یەکێـک لـە ئەندامانـی بەشـدار لـە ڕێکەوتنـی ئەتۆمـی ئێـران پابەنـدی هەمـوو خاڵەکانـی ڕێکەوتنەکـە نەبێـت، ئـەوە پرسـەکە لـە ئەنجومـەن و کۆمیسـیۆنی ڕێکەوتنـی پرۆگرامـی ئەتۆمـی تاوتـوێ دەکرێـت. بـەڵام ئەگـەر نەگـەن بـە دەرئەنجـام، پرسـەکە دەبرێتـەوە بـۆ ئەنجومەنـی ئاسایشـی نەتـەوە یەکگرتـووەکان و لـەوێ لـە مـاوەی ٣٠ ڕۆژدا بڕیـار لەسـەر درێژەپێدانـی ڕێکەوتنـی ئەتۆمـی دەدرێـت. لە کۆتاییدا ئەگەر لـە ئەنجومەنی ئاسـایش بڕیارێکـی لـەم شـێوەیە دەرنەکرێـت، بەبـێ گەڕانـەوە بـۆ ئەنجومەنـی

ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەموو گەمارۆکانی حەوت بڕیارنامەی پێشووی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەگەڕێتەوە سەر ئێران. هەموو ئەم بابەتانە لە چوارچێوەی بڕیارنامەی ٢٢٣١ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەنگی پێدراوە، بۆیە لە ئەگەری گەڕانەوەی گەمارۆکان بۆ سەر ئێران، چین و ڕووسیا ناتوانن هیچ دەورێک ببینن و کارتی ڤیتۆی ئەو وڵاتانە هیچ یارمەتییەکی ئێران نادات. بە کورتی، میکانیزمی گەڕانەوە بۆ دۆخی پێشوو، لە چوارچێوەی بڕیارنامەی ٢٢٣١ی ئەنجومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکان دەنگی پێدراوە و ماوەی ١٠ ساڵ کاتی بۆ دیاری کراوە، واتە تا کۆتایی بەهاری ٢٠٢٥، ئەم بڕیارنامەیە دەتوانێت بەبێ گەڕانەوە بۆ دەنگی چین و ڕووسیا کاری پێبکرێت. بەڵام لە دوای ئەو ڕێککەوتە، بۆ گەڕانەوەی گەمارۆ ئابوورییەکانی پێشوو (لە چوارچێوەی ڕێکەوتنی ئەتۆمی سڵی ٢٠٢٥) بۆ سەر ئێران، پێویستی بە دەنگی چین و ڕووسیا هەیە. لێرەدایە کە پێناچێت ئەمریکا و ئیسرائیل ڕێگە بدەن چین و ڕووسیا لە ئەنجومەنی ئاسایش فریای ئێران بکەون و پێش کۆتاییهاتنی ڕێکەوتی بڕیارنامەی ٢٢٣١، پێدەچێت هەوڵی کاراکردنی میکانیزمی گەڕانەوە بۆ دۆخی پێشوو بدرێت. هەروەها هەموو گەمارۆ ئێسک شکێنەکان بگەڕێتەوە سەر ئێران و هەوڵی دۆناڵد ترەمپ بۆ واژۆکردنی گەمارۆ خستنەسەر ئێران، لە هەمان چوارچێوەدا بێت

لە قەیرانی پرۆگرامی ناوەکییەوە بۆ قەیرانەکانی ناوچەکە؛ بە ئاسایشیکردنی هەموو هەڵسووکەوتەکانی ئێران

دوای هێرشی حەماس بۆ سەر ئیسرائیل، دەسەڵاتدارانی باڵای ئیسرائیلی لە زۆربەی باسەکانیاندا جەختیان لەسەر خاڵێک کردووە کە لە ڕوانگەی تیۆرییەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتییەوە، بە واتای ئەوەیە کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە چوارچێوەی باڵانسی هێزی خۆیدا دەبێت گۆڕانکاریی بەسەردا بێت. گۆڕینی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، دووبارە داڕشتنەوەی نەخشەی ناوچەکە و هاوکات لەگەڵ باسکردن لەسەر پرۆژەی نەزمی نویێ(١٢)، دەرخەری ئەو بابەتەیە کە ئەو شێوە لە حوکمڕانییەی کە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بوونی هەبووە، لە قازانجی ئیسرائیل نییە و دەبێت بە هەڵتەکاندنی بنچینەیی نەزمی نەریتی پێشووی

ناوچەکە، باڵانسی هێزی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە قازانجی ئیسرائیل بشکێتەوە و چیتر هەڕەشەی ئاسایش بۆ ئیسرائیل دروست نەبێت. لێرەدایە کە دوبارە ئێران پەیوەست دەکرێتەوە بە باسەکەوە و هاوشان لەگەڵ پرۆگرامی ئەتۆمی و مووشەک و درۆنەکانی، پرسی هەڕەشە و هێرشەکانی ئێران لە ئیسرائیل خۆی لە چوارچێوەی ئەم باسەدا بۆ جارێکی دیکە تیۆریزە دەکاتەوە

لە ڕوانگەی تیۆری نیۆ-ڕیالیزمەوە، دەوڵەتەکان لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا هیچکات ناتوانن بڕوا بە یەکتر بکەن و لە «مەبەستی» یەکتر تێناگەن، بۆیە دەوڵەتەکان هەموو هەوڵی خۆیان دەدەن کە هێزی خۆیان زیاتر بکەن و لەم ئاراستەیەدا «مانەوەی خۆیان» مسۆگەرتر دەکەن. ئێرانییەکان لە درێژایی چوار دەیەی ڕابردوودا زۆرجار هەڕەشەی ئەوەیان لە ئیسرائیل کردووە کە ڕۆژێک هێرش دەکەنە سەر ئەو وڵاتە و بۆ هەمیشە ئەو وڵاتە «دەسڕینەوە». ئەم هەڕەشانەی ئێران لە ئیسرائیل لە دوای ڕووداوەکانی حەوتی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣، بەشێوەی کردەیی جێبەجێ کرا و ئێران دوو جار بە مووشەک و درۆن هێرشی ڕاستەوخۆی لە ناوخاکی خۆیەوە کردە سەر ئیسرائیل، هەرچەند کە هێرشەکانی ئێران زیانی زۆری لێنەکەوتەوە و ئیسرائیل بە هێرشی پێچەوانە هەردوو جارەکە وەڵامی ئێرانی دایەوە، بەڵام ئەمە بە واتای ئەوە نییە، کە بەریەککەوتنی ئەو دوو دەوڵەتە لەوێدا کۆتایی پێهاتووە؛ هێرشی ڕاستەوخۆی ئێران و ئیسرائیل بۆ سەر یەکتر، ئاستی بەریەککەوتنەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی بردە ئاستی بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆی دەوڵەت-دەوڵەت، ئەمە بە واتای ئەوەیە کە ئەم دوو دەوڵەتە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو پێشینەیەی کە هەیانە و هێرشی ڕاستەوخۆیان بۆ سەر یەکتر، چیتر قەت ناتوانن لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا هەڵسووکەوتێکی ئاسایی لەپێش یەکتردا بنوێنن

تیۆرییەکانی ڕیالیزم و بەتایبەت نیۆ-ڕیالیزم ئەوە ڕووندەکاتەوە، دۆخی نێوان ئێران و ئیسرائیل ناتوانێت ئارامی بەخۆیەوە ببینێت و جۆری هەڵسووکەوتی ئەو دوو دەوڵەتە لەپێش یەکتردا، ئەوەمان بۆ ڕوون دەکاتەوە کە ئەو دوو دەوڵەتە هەست بە مەترسی «مانەوە» دەکەن و هەموو هەوڵی خۆیان دەدەن بەسەر یەکتردا زاڵ بن. لە مێشکی دەوڵەتی ئیسرائیلدا ڕووداوەکانی

دوای حەوتی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣، هەوڵێکی ئێران بووە بۆ مەترسی دروستکردن بۆ سەر دەوڵەتی ئیسرائیل، لەم ئاڕاستەیەشدا دەوڵەتی ئیسرائیل، ئەو هەڕەشە و هەوڵانەی ئێران، هاوشان لەگەڵ پرۆگرامی ئەتۆمییەکەیدا وەک مەترسییەکی گەورە دەبینێت و هەوڵی بنبڕکردنی هەموو ئەم مەترسییانە دەدات. بە واتایەکی دیکە، هەموو هەڵسووکەوتەکانی ئێران لە چاوی ئەمریکا و ئیسرائیلدا بەئاسایشی کراون، واتە هەر جۆرە هەنگاوێکی ئێران لە بوارەکانی سەربازی، ئەتۆمی و پرسەکانی پەیوەندیدار بە گرووپەکانی ناو «محور مقاومت» وەک مەترسی ئاسایشی بۆ ئیسرائیل دەبینرێت و ڕێگە بە ئێران نادرێت چیتر وەک جاران لەو بوارانەدا هەنگاو بنێت، هەر لەم ئاڕاستەیەشدایە کە بنیامین نتانیاهۆ لە کۆنفرانسێکی ڕۆژنامەوانییدا لەگەڵ وەزیری دەرەوەی ئەمریکا، لە چەند ڕۆژی ڕابردوودا وتبووی کە ئێران لاواز کراوە و بە پاڵپشتی ئەمریکا، «هیچ گومانێکم نییە لەسەر ئەوەی دەتوانین و کارەکە تەواو دەکەین» (١٣). ئەم وتانەی نتانیاهۆ هاوشان لەگەڵ هەموو ئەو مەترسییانەی کە ئێران لە چەند ساڵی ڕابردوودا بۆ ئیسرائیل دروستی کردووە، شایەتی ئەوە دەدات کە ئیسرائیل لەم چەند ساڵەی ڕابردوودا و بەتایبەت دوای ڕووداوەکانی حەوتی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣، لەو ئاڕاستەیەدا هەنگاوی هەڵناوە کە هەموو هەڵسووکەوتێکی ئێران وەک "هەڕەشە بوونییەکان" بۆ سەر ئیسرائیل پێناسە بکەن و پێویستی بە "کرداری لەناکاو" بێت بۆ پێشگرتن لەو هەڕەشانە

بە ئاسایشیکردنی ئێران، واتە وەک خۆی نیشاندانی هەڕەشەکانی ئێران و جیاوازتر لە سیاسەتەکانی ئیدارەکانی باراک ئۆباما و جۆ بایدن، لە ئیدارەی دۆناڵد ترەمپدا هەموو هەنگاوەکانی ئێران وەک مەترسی گەورە دەبینرێن و واتە ڕەوایی دان بە ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ هەرجۆرە هەنگاوێکی کردەوەیی بۆ لاوازکردنی ئێران لە بوارەکانی سەربازی، ئابووری و ئاسایشی و سیاسی. جەواد زەریف وەزیری پێشووی دەرەوە و جێگری سەرۆک کۆماری ئێستای ئێران بۆ کاروباری ستراتیجی، لەسەر پرسی بە ئاسایشیکردنی ئێران، جارێک وتبووی "ئێمە ]ئێران[ کەوتووینە ناو چاڵی بە ئاسایشیکردن"، واتە هەڵسووکەوتەکانی ئێران لە چوارچێوەیەکی مەترسیدار بۆ ئاشتی نێودەوڵەتی

و ئاسایشی ئیسرائیل دەبینرێت کە لە هەرکاتێکدا ئەگەری ئەوە هەیە ئێران تووشی ڕووداوگەلێکی لەناوکاو، لەوانە هێرشی ڕاستەوخۆی ئیسرائیل و ئەمریکا بۆ سەر پرۆگرامی ئەتۆمی، مووشەکی و درۆنییەکانی بکات.

هەموو ئەم بابەتانە دەرخەری ئەو ڕاستییەیە کە چیتر ڕێگە بە ئێران نادرێت وەک پێشووتر لە ناوچەکەدا هەنگاو ببنێت و دەبێت چاوەڕوانی ئەوەی هەبێت کە ئیدارەی نوێی ئەمریکا هاوشانی ئیسرائیل، بیانەوێت فشاری زیاتری ئابووری، سیاسی و ئاسایشی بۆ سەر ئێران دروست بکەن. نەبوونی سەقامگیری ئابووری لە ئێران و هەڵکشانی ڕۆژانەی نرخی هەڵاوسان، هاوشان لەگەڵ فشارە ئابووری و ئاسایشییەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل، دەتوانێت ناسەقامگیری زیاتر لە ناوخۆی ئێران دروست بکات و خەڵکێکی زیاتر پەیوەست بکات بە بەرەی ناڕازییەکانی دەسەڵاتی ئێران. لێرەدایە کە کێشەکانی ئێران دەکرێنە دوو بەشەوە؛ ناوخۆیی و دەرەکی، کە دەربازبوون لەم قەیرانە ناوخۆیی و دەرەکییانە کارێکی ئاسان نییە بۆ دەوڵەتی ئێران. لە ڕوانگەیەکی دیکەوە، ئێران بەرەو ئەو ئاڕاستەیە هەنگاو دەنێت کە ببێت بە دەوڵەتێکی نا-کارکرد، واتە توانای ئەوەی نەبێت خۆی لە قەیرانەکان دەرباز بکات و ڕۆژانە قەیرانی نوێی لە ڕێگەی فشاری ئابووری و ئاسایشییەوە بۆ دروست بکرێت و ئەم قەیرانانە لەسەر یەکتر کەڵەکە بن

## دەرەنجام

قۆناغی نوێی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دوای حەوتی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣، دەتوانرێت لە زۆر ڕوانگەوە باسی بکرێت، بەڵام یەکێک لە گرنگترینەکەیان ئەوە بوو کە تابۆی هێرشی ئێران و ئیسرائیل بۆ سەر یەکتر شکێندرا و ئاستی بەریەککەوتنی ئەو دوو دەوڵەتەی لە سێبەر هێنایە دەرەوە و بردیە قۆناغی بەریەککەوتنی دەوڵەت-دەوڵەت. هەر لەم ئاڕاستەیەشدا ئیسرائیل بە پاڵپشتی بێ مەرجی ئەمریکا، توانی پاشەکشەیەکی گشتی بە ئێران و پرۆکسییەکانی بکات، بەڵام ئەم پاشەکشەپێکردنانە ناتوانێت وەڵامدەرەوەی ویستەکانی دەوڵەتی ئیسرائیل بێت و لەبەرئەوەی کە ئێران لە دۆخێکی لاوازی سیاسی،

ئابووری و ئاسایشیدایە، پێدەچێت کە ئیسرائیل بیەوێت زیاتر فشار بۆ سەر ئێران دروست بکات و هەموو ئەو کێشە و گرفتانەی کە لە ناوچەکە بۆ ئیسرائیلی دروستکردووە، بگوازرێتەوە بۆ ناوخۆی ئێران و ئەوکات لە ناوخۆی ئێران پێش بە مەترسییەکانی ئێران بگرێت، نەک لەسەر سنوورەکانی ئیسرائیل

ئەوەی کە لەم نووسینەدا سەرنجی خرایە سەر، ئەوە بوو کە پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران، یەکێکە لە ویستەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ پاشەکشەپێکردنی ئێران، بەڵام هاوکات پرسگەلێک وەک دەستێوەردانە ناوچەییەکانی، مووشەک و درۆن و هەوڵ بۆ زیندووڕاگرتنی «محور مقاومت»، بابەتگەلێکن کە ئەمریکا و ئیسرائیل بەدوایەوەن بۆ بنبڕکردنیان. لەم ئاڕاستەیەدا دەتوانرێت بگوترێت کە ئەگەر ڕێکەوتنێکیش لەسەر پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران بێتە ئاراوە، هێشتا بە واتای ئەوە نییە کە قەیرانەکان کۆتاییان پێهاتووە، بەڵکو دۆخی ئێستای ناوچەکە، جیاوازتر لە ساڵانی پێشوو، ئەوە دەخوازێت بۆ ئیسرائیل و ئەمریکا، بەردەوامی بدەن بە گوشارەکانیان بۆ سەر ئێران، تا ئەوکاتەی ئێران تەسلیمی هەموو ویستەکانی ئیسرائیل و ئەمریکا دەبێت، بە واتایەکی دیکە، هەموو جووڵە و هەڵسووکەوتەکانی ئێران وەک مەترسی ئاسایشی دەبینرێن و ئەمە بەتەنیا لە چوارچێوەی پرۆگرامی ئەتۆمییدا خۆی نابینێتەوە، بەڵکو زۆربەی بابەتەکانی پێوەندیدار بە ئێران لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاستی جیهانی، وەک مەترسییەک بۆ سەقامگیری ئاشتی و ئاسایشی نێونەتەوەیی و مەترسی بۆ سەر دەوڵەتی ئیسرائیل دەبینرێت، بۆیە وڵاتێک وەک ئیسرائیل هەمووکات جەختی لەسەر ئەو بابەتە کردووە کە ڕێگە بە ئێران نادات ببێتە خاوەن چەکی ئەتۆمی یان درێژە بە سیاسەتەکانی لە دژی ئیسرائیل لە ناوچەکە بدات، و بڕاردەی هێرشی بەرفراوان بۆ سەر ئێران، لەسەر مێزی سیاستەمەدارەکانی ئیسرائیلدایە، بۆیە دەکرێت چاوەڕوانی ئەوە هەبێت کە ئیسرائیل لە چوارچێوەی سیاسەتی واقیعگەراییدا ، بیەوێت واژۆی خۆی لەسەر پرۆگرامی ئەتۆمی ئێران دابنێت و مێژووی عێراق و سووریا، ئەمجارە لە ئێران دووبارە بکاتەوە و هاوکات هەموو شادەمارەکانی «محور مقاومت» لە ناوچەکە، بە یارمەتی ئەمریکا، ببڕێت.

# سەرچاوەکان

1: https://www.reuters.com/ world/us/trump-set -reimpose -maximum -pressure-iran- official-says- 2025-02-04/

٢: www.irdiplomacy.ir/fa/news /http:// ٢٠٣١١٢٩/وزارت-خارجه-ایران-در-واکنش-به-یادداشت-امنیت-ملی-ترامپ-هیچگاه-مذاکره-زیر-بار-فشار-را-نمی-پذیریم

3: https://www.timesofisrael.com/liveblog_entry /israeli-attack-on-iraq-imminent-if-baghdad-fails-to-rein-in-iran-backed-militias-report/

4: https://www.theguardian.com/world/2024/oct/27 /israel-strikes-iran-air-defence-systems-energy-sites

٥: fa-ir/ https://www.dw.com/ اتحاد-علیه-ایران-هستهای-خواهان-برخورد-تهاجمی-ترامپ-با-رژیم-ایران-شد/a-٧١٢٩٣٥٩٢

6: Titilayo Aishat Otukoya: The securitization theory: https://ijsra.net/sites/default/files/IJSRA-2024-0225.pdf

7: Buzan, B., Weaver, O., & De Wilde, J. (2010). Security: A new framework for analysis. Lynne Rienner Publishers: P:21

8 : https://www.e-ir.info/pdf/72393

9: Buzan, B., Weaver, O., & De Wilde, J. (1998). Security: A new framework for analysis. Lynne Rienner Publishers: P:26

10: Buzan, B., Weaver, O., & De Wilde, J. (1998). Security: A new framework for analysis. Lynne Rienner Publishers: P:26

11:John J. Mearsheimer: Structural Realism

١٢: مەیسەم موورادی: نەزمی نوێی ئیسرائیل و ستراتیجی پشتێنەی بەرگری ئێران: ڕێککەوتی ١٦ی مانگی نۆڤەمبری ٢٠٢٥ دوایین سەردانی ئەم ماڵپەڕە کراوە: https://sekokurd.org/?p=6519

١٣: هاوڵاتی: نەتانیاهۆ: بە توندی لە ئێرانمان داوە ئەو کارەش تەواو دەکەین: ڕێککەوتی ١٦ی مانگی نۆڤەمبری ٢٠٢٥ دوایین سەردانی ئەم ماڵپەڕە کراوە: https://hawlati.co/page_detail?smart-id=38009



# ئێرانی دوای بەشار ئەسەد

توێژەر:

پەیڕەو ئەنوەر



## بەرایی

ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد و حزبی بەعس لە سووریا دوای زیاتر لە نیو سەدە حکومڕانی و ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگەی سووری بە ئاگر و ئاسن، ڕۆژی ٨ی دیسێمبەری ٢٠٢٤ دەڕوخێت و لەناو دەچێت. بەشار ئەسەد بە فڕۆکەیەک بۆ مۆسکۆی پایتەختی ڕووسیای فیدڕاڵ ڕادەکات. ئەحمەد شەرع، سەرۆکی دەستەی تەحریری شام دەبێت بە سەرۆکی کاتی ئیدارەی بەڕێوەبردنی سووریای دوای ئەسەد و دواتریش خۆی وەک سەرۆک کۆماری سووریا دەناسێنێت، بەمەش دینامیکیەتی ململانێ و دابەشبوونی ڕەگەزەکانی هێز و سروشتی ململانێکان گۆڕانی بەسەردادێت و ئەکتەرە سیاسی و سەربازییەکان بەشێوەی تر لەگەڵ یەکتر دەکەونە ململانێوە. ئەم قۆناغە تازەیەی سووریا کە هێزە نێودەوڵەتی، هەرێمی و ناوخۆییەکان ڕۆڵی تێدادەبینن لە دیزاین و داڕشتنەوەی سیستەمی سیاسی و دبلۆماسی و ڕێکخستنەوەی کۆمەڵگەکەی و هەریەکەیان بەپێی قەبارەی هێز و هەژموونەکەی بەشداردەبێت لەم دینامیکییە ئیتنۆ-مەزهەبی و سیاسییەی نێو سووریای دوای ئەسەد.

هەژموونی ئێران لەدوای ڕووخانی ئەسەدەوە بەتەواوی پوکاوەتەوە و لاوازبووە! پرسیار و گریمانەی ئەوەش دەکرێت کە ئایا ئێران دەتوانێت بگەڕێتەوە؟ لەدوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران لە ١٩٧٩ ڕژێمەکەی ئەسەد دەبێت بە هاوپەیمان و هاوڕێی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەوپێیەی سێ دوژمنی سەرەکی کۆیان دەکاتەوە، یەکێکیان ئیسرائیل، دووەمیشیان سەدام حوسێن و حزبی بەعس لە عێراق و ئەوەی تریشیان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا.(١) ئەم سێ دوژمنە هاوبەشە هەردوو ئەکتەری ئێران و سووریا دەکات بە هاوپەیمانی ستراتیژی و بەشێک لە سیستەمی هەرێمی ناوچەکەی لەسەر دادەڕێژرێت و بنیاتدەنرێت. ئێران و سووریا ساڵی ١٩٨٠ دەبن بە هاوپەیمانی ستراتیژی یەکتر و پەیماننامەی هاوکاری واژوودەکەن بەتایبەت هاوکاری سەربازی بۆ بەرەنگاربوونەوەی سوپای ئیسرائیل لە لوبنان؛ هاوکات بەرهەڵستی ڕژێمی بەعسی عێراقی. ئەگەرچی حزبی بەعسی سووریا هاوئایدۆلۆژیای حزبی بەعسی عێراقییە، بەڵام ناسنامەی مەزهەبی لەیەکتریان جیادەکاتەوە و زیاتر لە ئێرانی نزیک دەکاتەوە و بەمەش تاوەکو چرکەساتی

ڕووخانی دەسەڵاتەکەی بەشار ئەسەد وەک هاوپەیمان مانەوە و لەپڕۆژەی هیلالی شیعیش سووریا قووڵایی ستراتیژی پڕۆژەکە و ڕێڕەوێکی سەرەکی و شادەمارێکی هەستیاری سیاسەتی جیۆسیاسی، جیۆستراتیژی و جیۆپۆلەتیکی ئێران بوو و تارانی بە بەیروتەوە دەبەستەوە و بەمەش جۆرێک لە قووڵایی ستراتیژی بۆ ئێرانی و هیلالی شیعی و بەرەکە بنیاتنابوو.

## ئێران لەدوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩

لەدوای شۆڕشی ئیسلامیی ئێرانەوە، سیستەمی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی وڵاتەکە دەستکاریکرا و داڕێژرایەوە. پەیوەندییەکی تازە لەنێوان هاوڵاتی و دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران هاتەکایەوە. سیستەمێک لەسەر بنەمای مەزهەبی شیعە و ویلایەفەقی هاتەکایەوە و پیاوانی ئاینی بوون بە سیاسەتوان و بڕیاربەدەست و داڕێژەری سیاسی. ئەگەرچی ئەم شۆڕشەی ئێران نەبووە هۆی دامەزراندنی سیستەمێکی دیموکراسی لەسەر بنەمای مافەکانی مرۆڤ و هاوڵاتی و دەوڵەتی مەدەنی، بەڵکو سیستەمێکی تری دەسەڵاتخوازی بنیاتنایەوە پێچەوانەی وڵاتانی ئەمریکای لاتین، ناوەڕاست و باشووری ئەورووپا و چەند وڵاتێکی ئەفریکی کە بەشێوەیەکی ڕێژەیی ڕووخانی دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکە بووە هۆی سیستەمێکی دیموکراسی و کراوە.(٢) سەرەڕای ئەوەش ئەو دەستەبژێرە سیاسییەی کە ڕژێمی پاشایەتییان ڕووخاند لە ئێران و بنەمای حکومڕانیان گۆڕی لە وڵاتەکە، ستراتیژێکی مەزهەبیان داڕشت بۆ ئاڕاستەکردن و بەڕێوەبردنی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەی ئێران. لەسەر ئەم بنەمایەش بیرۆکە و ستراتیژی هەناردەکردنی شۆڕشیان دیاریکرد و بووە کارنامەی سەرەکی و ڕووکاری بنەڕەتی سیستەمە سیاسییەکە و دواتریش پڕۆژەی هیلالی شیعی لەسەر بنیاتنراوە. ئێران بەشێوەیەکی گشتی لەدوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ەوە بەو دیدە لەئاستی هەرێمی و تەنانەت نێودەوڵەتیش کاریدەکرد کە شیعە وەک هێز، مەزهەب، یاریکەرێکی سیاسی لە قۆناغی هێرشبردن و هەستانەوە و بە ئاگاهاتنەوەدایە و چیتر وەک ڕابردوو ناتوانێت لە قۆناغی بەرگری و بێ جووڵەیی و ماتەم و لەخۆدان بمێنێتەوە و ئێران دەیەوێت ڕابەرایەتی ئەم هەستانەوەیە بکات و خۆی وەک ناوەند و ناوکی پرسەکە دەربخات و مانیفێستۆ بکات.

## پڕۆژەی هیلالی شیعی

هیلالـی شـیعی (بە عەرەبـی: الهلال الشـيعي، بـە ئینگلیـزیShiite Crescent) چەمـک و دەسـتەواژەیەکی جیۆپۆلەتیکییـە و گوزارشـتە لـە کۆمەڵێـک مانـای جیـاواز. بەکورتـی ئـەم زاراوەیـە گوزارشـتە لـەو خواسـتە ئێرانی-مەزهەبییـەی کـە دەیەوێـت لـەڕووی جوگرافیـای سیاسـی و جیۆپۆلەتیکـەوە بکشـێت و بێتـە دەرەوەی خـۆی و ببێـت بـە زلهێزێکـی ناوچەیـی و هەرێمـی و ڕۆڵـی لەنێـو سیسـتەمە هەرێمییەکـەدا هەبێت. یـان بەلایەنـی کەمـەوە بەشـێک لـە بەهاکانـی نێـو سیسـتەمەکە و ڕێسـای یارییەکـە دابڕێژێـت و بەڕێـوەی ببـات. لـەدوای ٢٠٠٣ەوە زیاتـر دەسـتەواژە و پـڕۆژەی هیلالـی شـیعی دێتە سـەرزاران و دروسـت دەبێـت و دەکەوێتـە کار، بـەڵام قۆناغـی دوای ڕووخانـی بەعـس و سـەرهەڵدانی بەهـاری عەرەبـی بەدیاریکـراوی زەمینەسـازی و ڕێگـە خـۆش دەکـەن بـۆ زیاتـر جـووڵان و کارکردنـی پـڕۆژەی هیلالـی شـیعی. ئامانجـی ژمـارە یەکـی پڕۆژەکـە بریتییـە لـە بەسـتانەوەی سـووریا و لوبنـان و بەرزاییەکانـی جـۆلان بـە تارانـەوە لەڕێگـەی هـەردوو ڕێـڕەوی سـووریا و عێراقـەوە.(٣) تـاران دەیەوێـت لەڕێگـەی پـڕۆژەی هیلالـی شـیعییەوە پردێکـی وشـکانی Land Bridge بنیاتبنێـت بـۆ بنیاتنـان و نۆژەنکردنـەوەی یەکەیەکـی جیۆپۆلەتیکـی تـازە بـۆ جیهانـی شـیعە بـە ڕێبەرایەتـی و جەمسـەربەندی ئێـران. ئەگەرچـی ژمـارەی شـیعەکانی جیهان ١٠٪ کـە زۆرینەیـان لـە ئێـران و وڵاتانـی دەوروبـەری وەک عێـراق کۆبوونەتـەوە و کەلەپـورە مەزهەبییەکەیـان لـەو دوو ناوەندەیـە، بـەڵام لـەدوای ١٩٧٩ەوە ئێـران هەوڵیـداوە سـەرکردایەتییەکی تـازە بـۆ کۆمەڵگـەی شـیعی دابڕێژێـت و کۆیـان بکاتـەوە و ڕۆڵـی کۆکـەرەوە ببینێـت بۆئـەوەی بـاشتر بچێتـە قۆناغـی هەسـتانەوە و هەژمـوون و بڕیـار و باڵایـی.

هیلالـی شـیعی وەک زاراوە و دەسـتەواژە یەکەمجـار لەلایـەن شـا عەبـدوڵڵای دووەمـی ئوردنـەوە بەکارهـێنرا وەک ئامـاژە، هـێما و هەژموونـی ئێـران و شـیعە لـە خۆرهەڵاتـی ناوەڕاسـتدا. دواتـر سـاڵی ٢٠٠٥ وەزیـری دەرەوەی ئەوکاتـی سـعودیە بـاس لـە مەترسـییەکانی پـڕۆژەی هیلالـی شـیعی دەکات و هـاوکات حوسـنی موبـارەک، سـەرۆکی ئەوکاتـی میـسر باسـی ئـەوەدەکات کـە شـیعەکانی

وڵاتانی عەرەبی دڵسۆزترن بۆ ئێران تا ئەو وڵاتانەی کە تێیدا دەژین و نموونەی ئەوە دەهێنێتەوە کە ئێران کاریگەری لەسەر شیعەکانی عێراق هەیە کە ٦٥٪ دانیشتووی ئەو وڵاتەن. هەموو ئەو لێدوان و تێگەیشتن و ڕوانگانە ئەوە دەردەخەن کە وڵاتانی سوونە مەزهەب هیلالی شیعی وەک ڕێڕەوێکی جیۆپۆلەتیکی-مەزهەبی مەترسیدار دەبینن بۆسەر پێگە، هەژموون، ئاسایش، سیاسەت و حکومڕانی خۆیان و خودی سیستەمە هەرێمییەکە.

## پێگە و ئامانجی ستراتیژی پرۆژەی هیلالی شیعی بۆ ئێران

کۆماری ئیسلامیی ئێران لەدوای شۆڕشی ساڵی ١٩٧٩ هەوڵدەدات ببێت بە زلهێزێکی ناوچەیی و ڕۆڵی ئیمپراتۆری سەفەوی جاران ببینێت و سوود لە ڕەگەزەکانی هێزی وەک قووڵایی مێژوویی و جوگرافی وەربگرێت و وەک ئەکتەری ژمارە یەکی نێو سیستەمی سیاسی هەرێمی مامەڵەبکات و ڕێسا و بەهاکان دابڕێژێتەوە. بۆ گەیشتن بەم ئامانجەی، هیلالی شیعی دەتوانێت بەمشێوەیە کۆمەکی بکات و سوودی پێ بگەیەنێت

١-ئێران پێویستی بە بریکارە Proxy بۆ ئەوەی جەنگەکەی بۆ بەڕێوەببات و ببێت بە خاوەنی زۆرینەی ڕەگەزەکانی هێز و بەمەش دەبێت لەڕووی جوگرافییەوە ڕێگەیەک بدۆزێتەوە بە گەیاندنی کۆمەک و هاوکارییە سەربازییەکانی، پرۆژەی هیلالی شیعی کە پانتاییەکی وشکانییە دەتوانێت ببێت بە پردی گەیاندنی هاوکارییە سەربازییەکانی تاران وەک ناوەند بۆ بریکارەکانی وەک هێزێکی پەراوێزی، چونکە تێچووی ئەم ڕێگە وشکانییە هەرزانترە لەڕووی ئابوورییەوە بە بەراورد بە ڕێگەی ئاسمانی.

٢-پرۆژەکە لەماوەی ٢٠ ساڵی ڕابردوودا وەک ئاڵنگاری و هەڕەشەیەک بوو بۆ ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی بەوپێیەی کە بەردەوام لە ڕێگەی سزای ئابوورییەوە ڕووبەڕووی ئێران و بریکارەکانی دەبوونەوە.

٣-ئێران هەوڵیدەدا لە ڕێگەی ئەم پرۆژە جیۆسیاسییەوە مەترسی لەبەردەم ڕکابەرە هەرێمییەکانی وەک سعودییە و ئیسرائیل دروستبکات لەڕووی ئاسایش، ئابووری، دبلۆماسی، سیاسەتی دەرەوە و جیۆپۆلەتیک و جوگرافیای سیاسی.

٤-پڕۆژەی هیلالی شیعی ڕاستە ئامانجێکی سەربازی و هێزی ڕەقی هەبوو، بەڵام لەلایەکی ترەوە ئێران هەوڵی دەدا هێزی نەرمی شیعی وڵاتەکەی بەهۆیەوە بڵاوبکاتەوە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی فەرهەنگ و کولتوور و مەزهەبی شیعە و چیرۆک و گێڕانەوە و میراتە مەزهەبییەکەی.

## ئێران و بەرەی موقاوەمە

بەرەی موقاوەمە ئاماژەیە بۆ ئەو تۆڕە چەکدار و میلیشیایەی کە لە ڕێگەی حزبوڵڵا لە لوبنان، حەماس لە کەرتی غەززە، حوسییەکان لە یەمەن و حەشدی شەعبی لە عێراق بەڕێوەدەبرێن و ڕاستەوخۆ لەژێر فەرمان و سیاسەت و ستراتیژی ئێراندان.(٤) ئەم بەرەیە وەک بەربەست و ڕێگرییەکی سەربازی و چەکداری خۆیان ڕێکخستووە لەبەردەم سیاسەت و هەژموونی ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و بەردەوام وەک هێزێکی بەرهەڵستکار ڕۆڵ دەبینن و دەجەنگێن و ململانێکان بەڕێوەدەبەن.

لەدوای ڕووخانی دەسەڵاتی بەعس و سەدامەوە لە عێراق لە ٢٠٠٣، ئێران خێرا پەیوەندییەکی پتەوی لەگەڵ ئەو حکومەتە شیعییەی ئەوکات و دواتریش گرووپە چەکدارە شیعەکان لە عێراق دروستکرد و بەخێرایی کردی بە ئەڵقەیەکی بەستراو بە بەرەی موقاوەمە. لە ٢٠١٤ ئەم بەرەیە ڕۆڵێکی کارای بینی لە تێکشکاندنی داعش و بەتەواوی هەژموونی ئابووری و ئاینی و تەنانەت فەرهەنگی خۆشی لەو وڵاتە پتەوترکرد. لە سووریاش ئێران بەهەمانشێوە سوپای ئەسەدی کرد بە ئەڵقەیەکی تر و دواتریش حزبوڵڵای لوبنانی و حەماسی فەلەستینی و حوسییەکانی یەمەن تا بەرەکە بەتەواوی پتەو و گەشەی کرد و بوو بە بلۆکێکی چەکداری شیعی و ئەکتەرێکی نا-دەوڵەتی بۆ بەرەنگاربوونەوەی ئەکتەرە دەوڵەتییەکان لەسەرووی هەموویانەوە، ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و ئیسرائیل و سعودیە و تەنانەت هەر ئەم بەرەیە چەندینجار هێرشی موشەکیان بۆ هەولێری پایتەختی هەرێمی کوردستان ئەنجامدەدا. ئێران پاڵپشتی لۆجیستی و چەکداری و چەک و تەقەمەنی دەکردن و زیاتر هانیدەدان و دەیبزواندن بۆ بەگژداچوونەوەی نەیارەکانیان و لاوازکردنیان.

## یەمەن؛ پولێکی تری تیۆری دۆمینۆ

یەمەن و پایتەختەکەی و حوسییەکان وەک ئەڵقەیەکی بەرەی موقاوەمە بۆ ماوەیەک لەژێر بۆردومانی ئیسرائیل و هاوپەیمانەکانی بوو، بەڵام کەمتر چاوی لەسەربوو بەهۆی دیمانیکیەتی دۆخی سووریا و ڕووداوە گریمانەییەکانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست. ئەوەی ئیسرائیل ئەنجامی دەدات پچڕانی هەموو ئەڵقەکانی بەرەی موقاوەمە و تێکشکاندنی پرۆژەی هیلالی شیعی و دابڕانیەتی لە یەکتر. بەشێوەیەکی سەرەکی ئیسرائیل سیاسەتی پەرتکە و زاڵبە پەیڕەو دەکات Divide & Rule دیارە پەرتکردن ئاسانتر زاڵت دەکات بەسەر نەیاردا. ئیسرائیل ئەمجارە کار لەسەر ئەوە دەکات ڕەگەزەکانی هێز[گۆڕاو و نەگۆڕ] ی بلۆکی هیلالی شیعی تێکبشکێنێت و لەناوببات.

هێزی نەگۆڕ[مێژوو، جوگرافیا، حەشیمەت، کولتوور] هێزی گۆڕاو [ئابووری، سەرباز و تەکنەلۆژیا] و ڕشتەکانی تری پێکهاتەی هێز. ئەم هەوڵەی ئەمریکا و ئیسرائیل بۆ پوکاندنەوەی قووڵایی ستراتیژی ئێرانە لەدەرەوەی خۆی، ناچارکردنیەتی تەنها لەنێوخۆیدا بمێنێتەوە و چیتر پەل و پۆ نەهاوێت و نەکشێت. دیارە ئەم پرۆژەیە کاردەکات ئێران لە ئەکتەربوون بخات. لە ئەکتەرێکی هەرێمی خاوەن هەژموون و جیۆپۆلەتیکەوە بۆ ئەکتەرێکی پەرژینکراو و باڵکراوی بێ چەکی ئەتۆم، بەڵام بەبێ بیرکردنەوە بۆ ڕووخان یان گۆڕینی ڕژێم Regime Change چونکە ئێران لەناوخۆیدا یەکەیەکی ئیتنیکی-ئاینی و ئایدۆلۆژی ئاڵۆزە لەئەگەری گۆڕینی ڕژێم ئاسان جیاوازییەکانی ناوی بەڕێوەنابرێت. فشار و هێرشەکان بۆ لاوازکردنە لەڕووی جیۆپۆلەتیک، جیۆئابووری و جیۆکولتووری! بەلایەنی کەمەوە نەتوانێت لەدرێژمەدوادا بێتەدەرەوە و ئاسایش و سیستەمی هەرێمی تێکبدات. دوای سەنعا عێراق کێڵگە، پول و ئەڵقەیەکی تری ئەم ستراتیژ و ڕووداوە گریمانەییانە دەبێ و دەرەنجامیش ئێرانی دوای ئەسەد وەک ئێرانی پێش ئەسەد ناتوانێت ڕۆڵ ببینێت.

## ناسنامەی هێز و دەوڵەت لە سووریای دوای ئەسەد

یەکێک لە ڕووکارە سەرەتاییەکانی پەیکەری حکومڕانی ئێستای سووریا ئاماژەیە بۆ هەژموونێکی زاڵ و باڵادەستی کۆماری تورکیا بەسەر دەستەبژێری سیاسی و کۆمەڵگەی سووریادا. گۆڕانی ئەم هێزەش Power Shift گوزارشتە لە هێز و هەژموون لە ناوەندی پرۆژەی ئێرانیزمەوە بۆ هێز و هەژموونی تورکی. سووریا جۆلانێ دەکات لەنێوان دوو هێز و پرۆژەی هەرێمی! پێشتر کەمینەیەکی شیعی ناسنامەی دەوڵەت و کۆمەڵگەی سووریی ئاڕاستەدەکرد، ئەمجارە زۆرینەیەکی سوونی کۆمەڵگە و سیاسەت و حکومڕانی دادەڕێژێتەوە. بەشێک لە کاراکتەرانی نێو حکومەتی ئێستای سووریا لە تورکیا خوێندوویانە و پەروەردەبوونە، لە تورکیا ژیاون و خەریکی سیاسەتبوونە. ئەم گۆڕانە دینامیکییەی هێز، کورد ئاسان سەندویچ دەکات و سنورداری دەکات، پۆتێنشاڵ و ماتەوزەکانی پەرت و دابەش دەکات. هەردوو پرۆژە هەرێمییەکە لە ڕواڵەتدا مەزهەبیین، بەڵام لە ناوەڕۆک و قووڵاییدا، ناسیۆنالیزم و ڕەگ-نەژادیین. زۆرجار لەشێوەی ناسیۆنالیزمی ئاینی دەجووڵێت و کاردەکات

گۆڕانی بنەماکانی سیستەمی هەرێمی لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەتوانێت جیۆپۆلەتیک، هاوسەنگی هێز، ڕۆڵەکان و ناسنامە و پەیکەری دەوڵەتانیش دەستکاری بکات. پێشتر باس لە سیناریۆی دابەشکردنی سووریا، فیدراڵیزم و نا-ناوەندێتی سیاسی دەکرا، ئەمڕۆ باس لە سووریای ناوەندگەرا و دەوڵەتێکی سادە و خاوەن دەسەڵات و سەروەری دەکات. گۆڕانی هێز هەمیشە سیاسەتی ناسنامە و پەیوەندی نێوان دەوڵەت-کۆمەڵگە و دەوڵەت-دەوڵەت بەخێرایی دەگۆڕێت. بەشێوەیەکی گشتی دەکرێت وێنەکە وابخەینەڕوو کە سووریای دوای ئەسەد دینامیکیەتێکی گۆڕاوی سیاسی زۆرلەخۆدەگرێت، بەڵام دوو ئاماژەی جێگیری خەمناکیش بۆ کوردانی ڕۆژئاوا لە قۆناغی دوای ئەسەد زاڵە و دەبینرێت:

**یەکەم**: ستراتیژی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بەتایبەت یەکێتی ئەورووپا و ئەمریکا بۆ ستاتۆی ڕۆژئاوا گۆڕاوە و بەئاشکرا پێیان وایە دەبێت چەک دابنێن و ببن بە بەشێک لە دامەزراوەی سەربازی سووریا بەبێ هیچ پێشمەرج، خواست و داواکارییەک

**دووەم:** دەسەڵاتی سیاسی لە سووریای تازە لەسەر بنەمای ناوەندگەرێتی دادەڕێژرێتەوە و هیچ شێوە و ستاتۆیەکی فیدراڵی یان دابەشکردنی دەسەڵات لەخۆناگرێت. لەبری پەرتکردن، دوبارە دەسەڵاتەکان چڕ و کۆدەکرێنەوە لە ناوەندێکی بەهێزدا بۆ بەڕێوەبردنی هەمووان. دیارە هەردوو ئاماژە ستاتۆی کوردانی ڕۆژئاوا لەڕووی ئاسایش، بوون، ناسنامە، کۆمەڵگە و پەیوەندییەکان دەخاتە مەترسییەوە. زیاتر لە ١٠٠ ساڵە بەم چیرۆک و پاڕادایمە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەڕێوەدەبرێت و ڕێکدەخرێت

دەوڵەتی بەهێز و ناوەندگەرا و کۆمەڵگەی لاواز، ناسنامەی پەیوەندی نێوان دەوڵەت-کۆمەڵگەیە بۆ ئێمە، ئەم مۆدێلە هەم هێزە کۆلۆنیالیزمەکان و هەمیش دەستەبژێری سیاسی لەناوچەکە سوودی لێدەبینن و بەرژەوەندییەکانی خۆیانی پێ دەپارێزن. لەلایکی ترەوە، مۆدێلی دەسەڵاتی سوونی لە سووریا لە ڕێگەی کاراکتەرێکی وەک ئەحمەد شەرعەوە بەتەواوی کۆتایی بە هەژموونی پرۆژەی شیعەگەرایی دەهێنێت، چونکە سووریا ڕۆڵی ئەڵقە و ڕایەڵەی گەیەنەری دەبینی لەم پڕۆژەیەی ئێراندا و دەسەڵاتی شیعەی ئێرانی لە کەنداوی عەرەبییەوە دەگەیاند بە دەریای سپی ناوەڕاست ئەمەش لەڕووی جیۆسیاسی و جیۆپۆلەتیکیەوە بایەخێکی گەورە و سەنگینی هەبوو بۆ هیلالی شیعی.

## قۆناغی دوای ئەسەد و کاریگەرییەکانی

هەرزوو و لەسەرەتای گۆڕانی ڕژێم لە سووریا، شاندێکی باڵای وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا لە دیمەشق لەگەڵ ئەحمەد شەرع ئەبو محەمەد جۆلانی گفتوگۆ و دانوستانیان دەستپێکرد لەبارەی داهاتووی سووریاوە؛ لەکاتێکدا دەستەی ڕزگاری شام و سەرۆکەکەی کە ئەبو محەمەد جۆلانییە لە لیستی تیرۆری ئەمریکادایە و تەنانەت ١٠ ملیۆن دۆلاریش وەک خەڵات دانراوە بۆ لەناوبردنی جۆلانی

دینامیکیەتی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان لەسەر بنەمای بەرژەوەندی باڵا بنیاتنراوە. ئەوەی دوێنێ و ئەمڕۆ تیرۆریستە، دەکرێت بەیانی ببێت بە دۆست ئەگەر خۆی لەگەڵ بەها، نۆردەر و ڕەگەزە سەرەکییەکانی سیستەمەکە بگونجێنێت. کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و بەتایبەت ئەمریکا لە ڕۆژی یەکەمەوە

تیشک دەخاتەسەر چەمکێک بۆ سووریای داهاتوو [پڕۆسەی سیاسی گشتگیر Comprehensive Political Process] بنەمای ئەم چەمکە بریتییە لە فرەیی سیاسی و بەشداری هەمووان لە دارشتنی سیاسەت و یاسادانان و حکومڕانیدا بەتایبەت لە قۆناغی گواستنەوەدا.

سووریا وەک وڵاتێکی دوای-داگیرکاری Post-colonialism و کۆمەڵگەی دوای جەنگ دەرفەتێکی کەمی خودی و بابەتی هەیە بۆ گەیشتن بە پڕۆسەی سیاسی گشتگیر. ئەوەی زیاتر وەک سیناریۆ چاوەڕوانکراوە زیاتر مۆدێلی لیبیا و عێراقە کە دوورە لە وەرچەرخانی دیموکراسی، گەشەپێدانی سیاسی و دەوڵەتی دامەزراوە و هاوڵاتی. سووریا وەک جیۆپۆلەتیک سەرنجێکی زۆری لەسەرە، بەڵام وەک حکومڕانی، بنیاتنانەوەی دەسەڵات، سیاسەتی ناوخۆ و گەشەی دیموکراسی جێگەی ئومێد و هیوا و نمونەیەکی جیاواز نییە و لەگەڵ ئەوەشدا لەڕووی سیاسەتی دەرەوە هیچ ئومێدێک نەماوە بۆ گەڕانەوەی هەژموونی ئێرانی بۆ سووریا و بوونی پەیوەندییەکی دۆستانە لەنێوان سووریای ئێستا و ئێراندا، چونکە لەبنەڕەتدا بەها و سیاسەت و ئایدۆلۆژیا و بنەمای حکومڕانی هەردوو دەوڵەتەکە دژ بەیەکە.

هاوکات کەوتنی ڕژێمی بەعس و هەڵاتنی ئەسەد لە سووریا کەوتنی ڕووسیا و ئێرانیش بوو لەناوچەکە! ڕووسیا لە ٢٠٠٨ ەوە لە جۆرجیا، دواتر لەڕێگەی سووریا و کەیسی ئۆکرایناوە هەوڵیدا بگەڕێتەوە بۆ شانۆی جیهان و سیستەمی سیاسی نێودەوڵەتی. ئێرانیش لەدوای ٢٠٠٣ ەوە هەوڵیدا لەڕێگەی عێراق و سووریاوە پڕۆژەکەی سەربخات و ئەکتەرێکی هەرێمی کاریگەر و خاوەن بڕیاری یەکلاکەرەوە بێت

سووریا نزیک لە ئاو و دەریایە، دینامیکیەتی جیۆپۆلەتیکی سووریا خزمەتێکی گەورەی بە ئێران و سیاسەتی دەرەوەی ڕووسیا و گەڕانەوەی بۆ جیهان دەکرد. کەوتنی سووریا گۆڕانی پاڕادیم و ململانێکانە. بچووکبوونەوە و پاشەکشەی ئێران و ڕووسەکانە. ڕەگەزەکانی هێز لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکاندا هەمیشە لە گۆڕاندایە. ئەمڕۆ ڕەگەزەکانی هێزت نەگۆڕن، بەیانی گۆڕانی بەسەردادێت

و دەکەوێت. ڕەگەزەکانی هێزی ئێرانی دوای ئەسەد لە لاوازی، پاشەکشە و دابەزیندایە.

یەکێک لە درز-بۆشاییەکانی نێو حکومڕانی جیهانی نەبوونی دەستوور و ڕێسایەکی نووسراوە Global governance is shaped by an unwritten constitution ئەم بۆشایی و کەلێنە وایکردووە بەئاسانی هێز و ئەکتەرەکان بەریەک بکەون و پێکدابدەن. هێز سیمای دینامیکیەت وەربگرێت و بەردەوام لە جووڵە و گۆڕاندابێت

کەیسی سووریا باشترین نموونەی حکومڕانانی جیهانە. زیاتر لە دەیەیەکە سووریا پڕە لە ئەکتەری دەوڵەتی و نا-دەوڵەتی. ئەکتەری هەرێمی و نێودەوڵەتی، هەریەک بەپێی دۆخی جیۆپۆلەتیکی و ستراتیژی و بەرژەوەندییەکانی خۆی لە گۆڕەپانی سووریادا خۆی نمایشدەکات و بەهاکانی دەسەپێنێت

ئەسەد و ڕژێمەکەی ئەمڕۆ ئەو دینامیکیەتەی هێزیان لەدەستداوە و سیستەم، بەها و پاڵپشتییە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکەی لە پوکانەوەیە. لێرەوە هێزی تر دێنەپێشەوە، جوگرافیای سیاسی و ئایدۆلۆژیای تازە. سووریا لەڕووی جیۆسیاسییەوە، یەکەمین وڵاتی عەرەبییە لەبەری ڕۆژئاوایەوە کە بەسەر دەریای سپی خۆرهەڵاتی ناوەڕاستدا دەڕوانێت و لەبەری ڕۆژهەڵاتیش دراوسێی عێراقە و ئەویش دەرگای باکووری وڵاتانی عەرەبییە. لەباکوور لەگەڵ تورکیا و لەباشووریش لەگەڵ لوبنان و ئیسرائیل دراوسێیە.

هەریەک لەو دراوسێیانەشی پێگە و ناسنامەی جیاواز و دژبەیەکیان هەیە لەناو سیستەمە هەرێمییەکەدا. ئەم دینامیکیەتەی دابەشبوونی هێز، بەرژەوەندی و ناسنامەکان، سووریا زیاتر بۆ یەکەیەکی ئاڵۆز و پڕ ڕووداو دەگۆڕێت. بەلایەنی کەمەوە چیتر سووریا ناتوانێت بۆ سنوور و سەروەرییەکانی بگەڕێتەوە و دیاردەی دەوڵەت وەک خاوەن دەزگا، پەیوەندی، مۆنۆپۆلی توندوتیژی و زەبروزەنگ ببینین

## بنیاتنانەوەی سووریا; هێز و هەژموونە دژبەیەکەکان

مامەڵـە و هەڵوێسـتە گریمانەییەکانـی کۆمەڵگـەی نێودەوڵەتـی لەگـەڵ سـووریا تاوەکـو ئێسـتا بەشـێوەیەکی تیـۆری، پاراسـتنی سـنوور، سـەروەری، مافـی پێکهاتـەکان، ڕێزگرتـن لـە فرەچەشـنی و فرەیـی و ئاسـایش و یەکخسـتنی سـوپا و دینامیکیەتـی کۆمەڵگـەی سـوورییە. ئـەم دیـدە پڕاگماتییـە ئاسـانە، بـەڵام گواسـتنەوەی بـۆ خـوارەوە و سـەرەوەی کۆمەڵـگە و جێبەجێکردنـی ژینگـە، کولتـوور، کێڵگـە و دامـەزراوە و ماتـەوزەی کۆمەڵگەیـی دەوێـت

لـەڕووی هەرێمییـەوە، دوای گۆڕانـی پاڕادایمـی هێـز و پاشەکشـەی پـڕۆژەی هیلالـی شـیعی، هـەردوو پـڕۆژەی تورکیـا و ئیسرائیـل لـە ململانێـدان بـۆ سـاندویچکردن-قوتدانی سـووریا. هـەردوو هێـزو ئەکتـەر خـاوەن ڕەگـەزە نەگـۆڕ و گۆڕاوەکانـی هێـزن لـە سـووریا و توانـای بزوانـدن و جیۆپۆلەتیـك و جیۆسیاسـی و سـەربازیان هەیـە تورکیـا لـە باکـووری سـووریا و ئیسرائیـل لـە باشـوور.(٥)

پـڕۆژەی تورکیـا لەسـەر بنەمـای عوسمانیزمـی نـوێ و گەڕانـەوە بـۆ سیسـتەمی ویلایـەت و پـڕۆژەی ئیسرائیلیـش زیاتـر بەسـتنەوەی سـوورپایە بـە پـڕۆژەی داود. کەمینەکانـی سـووریا لـەدوو دەرگای جیۆپۆلەتیکی گرنگـی سـووریا ئامـادەن. عەلەوییـەکان لـە ڕۆژئـاوای سـووریا و کەنـاری دەریـای سـپی ناوەڕاسـت وەك شریتێکـی ئـاوی. دروزەکان لـە باشـووری سـووریا و نزیـك لـە ئیسرائیـل. هـەردوو کەمینـەکان لەئەگـەری هەڕەشـە لەلایـەن دەسـەڵاتی ئەحمـەد شـەرعەوە ئاسـان دەکرێـن بـە ئەکتـەری نادەوڵەتـی لەلایـەن هـەردوو پـڕۆژە هەرێمییەکەیەوە[تورکیـا و ئیسرائیـل]

بەشـێوەیەکی گریمانەیـی بەهـۆی فاکتـەری ناوخۆیـی، هەرێمـی و جیهانـی قۆناغـی گواسـتنەوە و وەرچەرخانـی دیمۆکراسـی لـە سـووریا پـڕ ئاڵنگارییـە و لەباشتریـن نمونـەدا لـە کەیسـی عێـراق و لوبنـان بـاشتر نابێـت. هێـز و هەژمـوون لـە سـووریا دابەشـبوو و پەرتـە، ئایدۆلۆژیـای جیـاواز و ململانێـی دژ بەیـەك و ئەکتـەری جیـاواز. چوارچێـوەی ململانـێ و ئاڕاسـتە دژ بەیەکـەکان پۆتێنشـیاڵ و ماتـەوزەی کۆکردنـەوە و یەکخسـتنی هێـز، بنیاتنانـەوەی دەزگا و سـەروەری و

ئاسایش یەکجار سەخت و دژوار دەکەن. سووریا دراوسێ کۆمەڵێک ئاین، مەزهەب و ئیتنیکی جۆراوجۆرە و ئاشتی و ئاسایش و دەوڵەتی بەئاسانی تێدا بنیاتنانرێت ئەگەرچی هەژموونی شیعە لەسووریای تازەدا کۆتایی پێهاتووە و ئێران هیچ ڕۆڵێکی تێدانابینێت و ئاسان نییە پێگەی جارانی بەدەستبهێنێتەوە.

## ئەنجام

کۆماری ئیسلامیی ئێران دوای ڕووخانی ڕژێمەکەی بەشار ئەسەد ڕووبەڕووی کۆمەڵێک ئاڵنگاری و هەڕەشە و بەربەستی جیۆپۆلەتیکی و سیاسی دەبێتەوە لەسەر هەردوو ئاستی سیاسەتی ناوخۆ و دەرەوەیدا. ڕژێمەکەی ئەسەد دوای سەردەمێکی دووردرێژ لە حکومڕانی و بەڕێوەبردن و ستەمکردن بە پاڵشتی هەردوو ئەکتەری ڕووسیای فیدڕاڵ وەک هێزێکی نێودەوڵەتی و ئێران وەک هێزێکی هەرێمی دەڕووخێت و لەناودەچێت، بەڵام ئەم لەناوچوونە کاریگەری لەسەر ئێران و هەژموون و سیاسەتی دەرەوەی و پڕۆژەی هیلالی شیعیش دەبێت کە زیاتر لە ٢٠ ساڵە لەبواری جێبەجێکردندایە و کارایە.

بەکورتی و پوختی، ڕووخانی ئەسەد و هاتنی سوونەکان بۆ دەسەڵات لە سووریا لەڕێگەی کاراکتەرێکی وەک ئەحمەد شەرعەوە هەڵگری چەند پەیام و ئاماژەیەکە بۆ سیاسەت و حکومڕانی و ململانێکان لەناوچەکە. یەکەم: دووبارە داڕشتن-دیزانیکردنەوەی نەخشەی سیاسی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەسەرکردایەتی ئیسرائیل و دۆستەکانی و بەمەش ئیسرائیل بەپلەی یەکەم و تورکیا بەشێوەیەکی ڕێژەیی ڕۆڵیان لەم داڕشتنەوە نوێیەدا دەبێت. دووەم: ئێرانی دوای ئەسەد ئەکتەرێکی بێ ڕۆڵ و کاریگەری دەبێت یان بەلایەنی کەمەوە بڕیار و کاریگەرییەکانی سنوردار دەبێت و لەنێو سیستەمە هەرێمییەکەدا ناتوانێت وەک سەردەمی ئەسەد یاریزانی سەرەکی بێت و پڕۆژە جیۆسیاسی و جیۆپۆلەتیکییەکەی کە هیلالی شیعی بوو درزی تێکەتووە و بەرەی موقاوەمە و بریکارەکانیشی لاوازبوونە و بە بێئامانجگیراون و لەسەرووی هەموشیانەوە ڕووبەری ئاوی بەهۆی سووریاوە لەدەستداوە و بەمەش لەقۆناغی هێرشبردنەوە دەچێتەوە قۆناغی بەرگری و نینۆککردن و کشانەوە بۆ ناوەوەی خۆی و

لەدەستدانی ناسنامە و حکومڕانییە هەرێمییەکەی.

هاوکات مێژووی ئێران لەدوای ئەسەد و ٢٠٢٤دا، مێژووییەکە زیاتر بە ئاریشەکانی ناوخۆی خۆیەوە خەریک دەبێت و لەپرسی سیاسەتی دەرەوە زیاتر چاوی لەسەر پرۆژە ئەتۆمییەکەی دەبێت و وەک کەرەستەی فشار و مانەوە بەکاریدەهێنێت نەک سیاسەتی هەرێمی و ناوچەیی و تۆکمەکردنەوەی بەرەکەی، بەتایبەت دوای گەڕانەوەی دۆناڵد ترەمپ بۆ کۆشکی سپی و بوونی بە سەرۆک بۆ خولی دووەم چونکە سیاسەتی ترەمپ ڕاستەوخۆ و خێرا و یەکلاکەرەوەیە و دژ بە ئێران و بریکارەکانییەتی و ڕیاڵیزمانە و پراگماتیانە مامەڵە لەگەڵ دۆسییەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا دەکات و بڕوای بە دبلۆماسیەتی درێژخایەن و دانوستانی تاقەت پڕوکێن نییە، ئەمەش خزمەت بە سیاسەتی دەرەوەی ئێران ناکات و هەڕەشەیە بۆسەر سیاسەت و پڕۆژەکانی ئێران بەتایبەت لە سووریای دوای ئەسەد

## لیستی سەرچاوەکان:

1-https://moderndiplomacy.eu/2025/01/07/the-future-of-irans-foreign-policy-in-the-complex-geopolitics-of-the-post-assad-middle-east/

2-https://www.nonviolent-conflict.org/iranian-revolution-1977-1979/

3-https://www.washingtoninstitute.org/policy-analysis/middle-east-faqs-volume-1-what-shia-crescent

4-https://www.britannica.com/topic/Axis-of-Resistance

5- https://www.dw.com/en/iran-turkey-ties-tested-by-assads-downfall-in-syria/a-71037109





# ستراتیجی دۆناڵد ترەمپ
# بەرامبەر ڕێککەوتنی ئەتۆمی
# (1+5)

توێژەران: فەرید دڵشاد محمد / عوسمان عبدالله احمد



## بەرایی

پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی کۆماری ئیسلامیی ئێران یەکێکە لەو پرسە سەرەکیانەی کە سەرچاوەی ناکۆکی و ململانێی نێوان ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا و کۆماری ئیسلامیی ئێرانە، لەبەرئەوەی ئەمریکا هەوڵەکانی ئێران بۆ زیادکردنی ڕێژەی پیتاندنی یۆرانیۆم، بە مەترسی بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەی خۆی و دۆستەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، بەتایبەتی ئیسرائیل دەزانێت. لە ساڵی ٢٠١٥دا و لەسەردەمی ئیدارەی (باراک ئۆبامادا) ڕێکەوتنی ئەتۆمی ئێران و گرووپی ٥+١ (ئەمریکا، بەریتانیا، فەڕەنسا، ڕووسیا، چین و ئەڵمانیا) واژۆ کرا. بەڵام لە ساڵی ٢٠١٨دا، (دۆناڵد ترەمپ) سەرۆکی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بڕیاری کشانەوەی لە ڕێکەوتنەکەدا. هەرچەندە لەگەڵ هەڵبژاردنی (جۆ بایدن) وەک سەرۆکی ئەمریکا (٢٠٢١-٢٠٢٥)، بەڵێنیدا کە وڵاتەکەی بگەڕێنێتەوە بۆ ڕێکەوتنەکە، لەو پێناوەشدا چەندین خولی دانوستاندن بەڕێوەچوو، بەڵام تاکو کۆتایهاتنی خولی سەرۆکایەتی بایدن ئەمریکا بڕیاری گەڕانەوەی بۆ نێو ڕێکەوتننامەکە نەداوە، لە هەڵبژاردنی ساڵی (٢٠٢٤)یشدا جارێکی دیکە دۆناڵد ترەمپ بۆ خولی دووەمی سەرۆکایەتی هەڵبژێردرایەوە. ئەم بابەتەدا هەوڵدەدات ستراتیژیەتی ئیدارەی دۆناڵد ترەمپ لە خولی یەکەم و دووەمی سەرۆکایەتی ویلایەکگرتووەکانی ئەمریکادا ڕوونبکاتەوە

## باسی یەکەم/ ناوەڕۆکی ڕێکەوتننامە ئەتۆمییەکەی ئێران و دەوڵەتانی ٥+١

لە نێوان ساڵانی (٢٠٠٧-٢٠١٥) گفتوگۆ و دانوستاندن لە نێوان ئێران و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لەسەر کێشەی ئەتۆمی ئێران بەردەوام بوو، تاکو لە (١٤)ی تەمووزی (٢٠١٥)دا ڕێکەوتنێک لە نێوان (ئێران و دەوڵەتانی ٥+١)، کە پێکهاتبوون لە پێنج ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش (چین، فەڕەنسا، ڕووسیا، بەریتانیا، ئەمریکا+ ئەڵمانیا)، لە (ڤیەننا)ی پایتەختی نەمسا واژۆکرا. ئەم ڕێکەوتنە کە لەسەردەمی (باراك ئۆباما) سەرۆکی ئەمریکا (٢٠٠٩-٢٠١٧) و (حەسەن ڕۆحانی) سەرۆك کۆماری پیشووی ئێران (٢٠١٣-٢٠٢١) ئەنجامدرا، تاکو ماوەیەک کاریگەری باشی لەسەر پەیوەندییەکانی

نێـوان تـاران و واشـنتۆن هەبـوو. ڕێکەوتنەکـە لـە دۆکیۆمێنتێکـی (١٥٩) لاپەڕەیـدا بڵاوکراوەتـەوە، لـە ناوەڕۆکـدا کۆمەڵێـک پابەنـدی بـۆ هـەردوولا دیاریکـردووە کـە بـەم شـێوەیەی خوارەوەیـە

آ- گرنگترین پابەندییەکان ئێران:(١)

یەکـەم: پێویسـتە ئێـران ڕێگـە بـە ئاژانسـی نێودەوڵەتـی وزەی ئەتـۆم بـدات و ئاسـانکاری بـکات بـۆ چاودێریکـردن و پشـکنینی بنکـە ئەتۆمییـەکانی، ئاژانسـەکە بڕیـار دەدات ئێـران پابەنـدی ڕێکەوتنـە ئەتۆمییەکـە بـووە یـان پێشـێلی کـردووە

دووەم: ئێـران لـە سـاڵی (٢٠١٥)ەوە و بـۆ مـاوەی (١٥) سـاڵی داهاتـوو؛ نابێـت بـڕی یۆرانیۆمـی پیتـێنراو لـە (٣,٦٧٪) تێپەڕێنێـت، لەگـەڵ ئـەوەدا تەنهـا (٣٠٠) کیلۆگـرام یۆرانیۆمـی پیتـێنراو لـە بنکـە ئەتۆمییەکانـدا ڕێگـەی پێدراوە، ئـەو ئاستە نزمـەش تەنها بـۆ بـواری ئاشـتی بەکاردێـت

سـێیەم: پێویسـتە ئێـران ژمـارەی (سـێنتەرفیوژ)ەکانی کەمبکاتـەوە بـۆ (٥٠٦٠) دانـە، بـە هیـچ شـێوەیەك بـۆی نییـە ژمارەیـان لـەو ڕێژەیـەی لـە ڕێکەوتنەکـە هاتـووە زیـاد بـکات، واتـە پێویسـتە بـە ڕێـژەی دوو لەسـەر سـێ کەمیانبکاتـەوە

چـوارەم: پێویسـتە لەسـەر ئێـران چالاکـی پیتاندنـی یۆرانیـۆم لـە بنکـەی ئەتۆمی (ئـاراك) بوەسـتێنێت و بنکەکـە بـۆ توێژینـەوە لـە بـواری ئاشـتی بـەکار بهێنێـت، هەروەهـا نابێـت هیـچ بنکەیەکـی تـر بـۆ بەرهەمهێنانـی (ئـاوی قـورس) بنیـات بنێـت

ب- لەبەرامبـەر پابەندبوونـی ئێـران بـە بەندەکانـی ڕێکەوتنەکـە، چەنـد پابەندییەکیـش بـۆ ئەمریکا و دەوڵەتانـی خۆرئـاوا دیاریکـراوە کـە بریتیـن لـە(٢)

یەکـەم: ئەمریـکا و یەکێتـی ئەورووپـا سـزا ئابوورییەکانـی سـەر ئێـران هەڵدەگـرن، لـە نێویانـدا سـەرجەم بڕیارەکانـی ئەنجومەنـی ئاسـایشی نێودەوڵەتـی.

دووەم: ئێـران (١٠٠) بلیـۆن دۆلاری بلۆککـراوی لـە بانکـە نێودەوڵەتییـەکان بـۆ دەگەڕێتـەوە، دەتوانێـت هەناردەکردنـی نـەوت دەسـتپێبکاتەوە، هەروەهـا سـزاکانی سـەر (بانکـەکان، مامەڵـەی دراو، قـەرز، وەبەرهێنانـی دەرەکـی و کەرتـی بازرگانی) ئێـران لادەبرێـن.

کەواتـە لـە ناوەڕۆکـی ڕێکەوتنەکـەوە ئـەوە ڕووندەبێتـەوە، کـە توانـراوە سـنوور

بۆ چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران دابنرێت، ئەوەش لە بەرامبەر هەڵگرتنی سزا ئابورییەکانی ئەمریکا لە سەر ئێران. بەمەش زۆربەی دەوڵەتان پێشوازییان لە ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکە کرد، جگە لە ئیسرائیل کە لە زاری (بنیامین ناتانیاهۆ) سەرۆك وەزیرانی ئیسرائیلەوە ڕایگەیاند:» ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکە هەڵەیەکی مێژووییە کە ئەو دەوڵەتانە ئەنجامیانداوە، لەسەروو هەموویانەوە ئەمریکا». (٣) ئەوەش لەبەرئەوەیە کە ئێران و ئیسرائیل ناکۆکی قووڵ و لەمێژینەیان پێکەوە هەیە، ئیسرائیل پێی وایە دەرئەنجامی ڕێکەوتنەکە و هەڵگرتنی سزا ئابوورییەکانی سەر ئێران، دەرفەتی بووژانەوە و بەهێزبوونی زیاتر بۆ ئێران دەرەخسێنێت، ئەوەش بە مەترسی و هەڕەشە بۆسەر بەرژەوەندییەکانی خۆی دەزانێت

هەرچەندە دوای ماوەیەك لە واژۆکردنی ڕێکەوتنەکە کۆشکی سپی ڕایگەیاند:»ڕێگەی سەربازیی کراوەیە لە بەردەممان‌دا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسییەی ئەتۆمی ئێران»، هەروەها (باراك ئۆباما) ئاماژەی بەوەکرد:» وڵاتەکەی بەردەوام دەبێت لە سزادانی ئێران بەهۆی پاڵپشتیکردنی تاران لە گرووپە تیرۆریستییەکان، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ و پەرەپێدانی بەردەوامی پرۆگرامی مووشەکە دوورمەوداکانی».(٤) هەموو ئەوانەش مانای ئەوە بوون، کە ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکە بەمانای کۆتاییهاتنی کێشەی ئەتۆمی ئێران نایەت

هەر بۆیە لەبەرامبەر ئەو لێدوانانەی کۆشکی سپی دای (عەلی خامنەیی) ڕابەری باڵای شۆڕشی ئیسلامیی ئێران داوای لە (حەسەن ڕۆحانی)کرد، کە متمانەی بە لایەنی بەرامبەر نەبێت و بە وردی چاودێری ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکە بکەن.(٥) ئەوەش مانای ئەوە بوو سەرەڕای ڕێکەوتنی نێوانیان بەڵام ئاستی متمانەی نێوان هەردوولا بەیەکتر لە ئاستێکی زۆر لاوازدا بووە. لەلایەکی دیکەوە دژایەتی پارتی کۆمارییەکانی ئەمریکا بۆ ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکە و کۆتایهاتنی ویلایەتی (باراک ئۆباما) هێندەی دیکە درزی خستە ناو ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکەوە، بە هاتنی (دۆناڵد ترەمپ) بۆ کۆشکی سەرۆکایەتی ئەمریکا (٢٠١٧-٢٠٢١) بەتەواوی پابەندنەبوونی ئەمریکای بە ناوەڕۆکی ڕێکەوتنە ئەتۆمیەکەی ئاشکراکرد(٦). ئەوەش بەو مانایە دێت کە دیدی کۆمارییەکان

و دیموکراتەکانی ئەمریکا بۆ ڕێکەوتن لەگەڵ ئێران پێچەوانەی یەکتر بووە، چونکە کۆمارییەکان دژی ڕێکەوتنەکە بوون

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین، سەرەڕای ڕێکەوتنی ئەمریکا و دەوڵەتانی ڕۆژئاوا لەگەڵ ئێران لە بارەی پڕۆگرامە ئەتۆمییەکەیەوە، بەڵام ڕێکەوتنەکە نەیتوانی کێشەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران چارەسەربکات و کۆتایی بە ناکۆکییەکانیان لەسەر پڕۆگرامی ئەتۆمی بهێنێت. هەر لەبەرئەوەش ناکۆکییەکان بەردەوامی هەبوو پەیوەندییەکانیان گۆڕا و بەرەو ئاڵۆزی و لێدوانی توند دژ بەیەک ڕۆشت. یەکێک لە هۆکارەکان دەگەڕێتەوە بۆ گۆڕانکاری لە سەرۆکایەتی ئەمریکا، چونکە بە نەمانی (باراک ئۆباما) و هاتنی (دۆناڵد ترەمپ)، ئەمریکا تاک لایەنە بڕیاری کشانەوەی لە ڕێکەوتنەکەدا، ئەوەش بوو بە هۆکارێک بۆ پابەند نەبوون بە بەندەکانی ڕێکەوتنەکەوە، لەلایەن ئەمریکا و ئێرانەوە، بەو پێیەی (دۆناڵد ترەمپ) سەر بە پارتی کۆمارییەکان بوو هەڵوێستی جیاوازبوو لە دیموکراتەکان، هەر زوو دژایەتی خۆیان بۆ ڕێکەوتنەکە ئاشکراکرد

## باسی دووەم/ ستراتیژیەتی ئیدارەی (دۆناڵد ترەمپ) دەربارەی ڕێکەوتنەکە لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتیدا (٢٠١٧-٢٠٢١)

هەرچەندە ئەمریکا دەوڵەتێکی دامەزراوەییە، بەگۆڕینی سەرۆك و ئیدارەکەی، سیاسەتی ئەو دەوڵەتە گۆڕانکاری زۆری بەسەردا نایەت، بەڵام بەهۆی ئەوەی سیستەمی ئەمریکا سەرۆکایەتییە؛ هەر سەرۆکێك کە دێتە کۆشکی سەرۆکایەتی، کۆمەڵێک بەرنامەی تایبەت بەخۆی هەیە، بۆ نموونە جیاوازییەکی زۆر لە سیاسەتی کارکردن لە نێوان (دۆناڵد ترەمپ) و (باراك ئۆباما)دا هەبوو، بەتایبەت بەرامبەر ئێران، بەشێك لە جیاوازییەکە دەگەڕێتەوە بۆ جیاوازی لە دید و تێڕوانینی هەردوو پارتە سەرەکیەکە (کۆماری و دیموکراتەکان)، (باراك ئۆباما) سەر بە پارتی دیموکراتەکانن، بەوە ناسراون نەرمترن لە سیاسەت و مامەڵەکردن لەگەڵ کێشەکان لە ئاستی نێودەوڵەتیدا، ئەوەش پاڵنەرێکی بەهێز بوو کەوایکرد لەسەردەمی (باراک ئۆبامادا) ڕیککەوتن لەگەڵ ئێران بکرێت، بەڵام (دۆناڵد ترەمپ) لە پارتی کۆمارییەکانە، بە پێچەوانەی (باراک ئۆباما)

ەوە، هەر زوو نیازی خۆی بۆ هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکەی لەگەڵ ئێراندا ئاشکراکرد.(٧)

لە سەرەتای کەمپینی بانگەشەی هەڵبژادنەکانەوە نیازی (دۆناڵد ترەمپ) لەبارەی پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە دەرکەوت کاتێک ڕایگەیاند:» گەر ببمە سەرۆك ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکە هەڵدەوەشێنمەوە» چونکە (دۆناڵد ترەمپ) ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکەی «بەخراپترین ڕێکەوتن» وەسفکرد، پێی وابوو کێشەی ئەتۆمی دروستدەکات، هەروەها ڕەخنەی ئەوەی دەگرت (١٥٠) ملیار دۆلار بەهۆی ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکەوە گەڕێنراوەتەوە بۆ ئێران، بەڵام ئێران بەردەوامە لە پاڵپشتی تیرۆر و نانەوەی ئاژاوە لە خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و پەرەپێدان بە مووشەکی دوورمەودا، لەبەرئەوە ئێمە ڕێگری لێدەکەین چەکی ئەتۆم بەدەستبهێنێت. (٨)

ئەوەش بەکرداری ڕوویدا کاتێك (دۆناڵد ترەمپ) بە فەرمی لە (٢٠/١/ ٢٠١٧) بوو بە سەرۆك، لە مانگی ئایاری ساڵی ( ٢٠١٨) تاك لایەنە لە ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکە کشایەوە و ستراتیژیەتی «ئەوپەڕی گوشار» یان «زۆرترین فشار»ی جێبەجێکرد و دەستیکرد بە سەپاندنەوەی سزاکان بەسەر ئێراندا، هۆکارەکەشی بۆ ئەوە گەڕاندەوە ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکە تاکو ساڵی (٢٠٢٥)ە، دوای ئەوە هیچ کۆت و بەندێك نامێنێت لە بەردەم ئێران بۆ پەرەپێدانی چەکی ئەتۆم، هەروەها ئێران بەردەوامە لەپەرەپێدانی موشەکی دوورمەودا، جگە لەوە (دۆناڵد ترەمپ) ئێرانی بە هاوکاری تیرۆر تۆمەتبارکرد، بەو پێیەی کە یارمەتی چەندین گرووپی تیرۆریستی وەك (حزبوڵای لوبنانی، قاعیدە و حەماس) لە ناوچەکەدا دەدات. یەکێکی دیکە لە هۆکارەکانی کشانەوەی (دۆناڵد ترەمپ) لە ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکە پەیوەندی بە (ئیسرائیل)ەوە هەبوو، چونکە ئیسرائیل دژی ڕێکەوتنەکە بوو (دۆناڵد ترەمپ)یش مەبەستی بوو لە ڕێگەی کشانەوە لە ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکە دڵنیایی بە ئیسرائیل ببەخشێت، ئەوەش وایکرد ئیسرائیل هەرزوو پێشوازی لەم کشانەوەیە بکات و بە هەنگاوێکی دروست و بوێرانە وەسفی بکات، هەروەک (بنیامین ناتانیاهۆ) کشانەوەکەی بە هەنگاوێك بۆ چاکسازی دانا، ئەگەر نەکرێت ئەوا ئێران دەبێتە خاوەنی چەکی ئەتۆم.(٩)

جگە لەوە (دۆناڵد ترەمپ) بۆ دژایەتیکردنی ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکە لە کۆنگرێس پاڵپشتییەکی زۆری هەبوو(١٠). ئەو بڕیاری کشانەوەیە بوو بە سەرەتاییەک بۆ دوبارە سەرهەڵدانەوەی ململانێ نێوان ئەمریکا و ئێران و تاڕادەیەکیش هۆکارێک بوو بۆ سڕکردنی ڕێکەوتنامەکە

لەبەرامبەر کشانەوەی ئەمریکا، ئێران لە (٢٠١٨/٧/١٦) دژی ئەمریکا سکاڵای لە (دادگای دادی نێودەوڵەتی) تۆمارکرد، تۆمەتباریکرد بەوەی سزای ئابووری خستۆتەسەر وڵاتەکەی و پێشێلی یاسا نێودەوڵەتییەکانی کردووە. (محەمەد جەواد زەریف) وەزیری پێشووی دەرەوەی ئێران گەڕانەوەی سزاکانی بە تاك لایەنە وەسف کرد. (الجزیرة نت، ٢٠١٨). (دادگای دادی نێودەوڵەتی) چاوخشاندنەوەی بە سکاڵاکەی ئێراندا کرد و لە (٢٠١٨/١٢/٣) فەرمانی دەرکرد بەوەی پێویستە ئەمریکا سزا ئابوورییەکانی سەر ئێران هەڵبگرێت، کە پەیوەندی بەو کاڵایانەوە هەیە کە کاریگەری دەکاتە سەر ژیانی مرۆڤەکان، وەك خۆراك و پێداویستییەکان، هەروەك دادگاکە فەرمانی کرد بە ئەمریکا کە گەمارۆی هاوکارییە مرۆییەکان و پاراستنی فڕۆکەوانی مەدەنی سەر ئێران هەڵبگرێت.(١١)

ئەگەر چی بەکشانەوەی تەنها ئەمریکا، ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکە کۆتایی نەهات، چونکە ئەو ڕێکەوتنە ڕێکەوتنی نێوان ئێران و (٥) ئەندامە هەمیشەییەکەی ئەنجومەنی ئاسایش بوو، لەبەرئەوە ڕێکەوتنەکە ڕەهەندی نێودەوڵەتی هەبوو، لەبەرئەوە سەرەڕای کشانەوەی ئەمریکا، وڵاتانی تری بەشداربوو پابەندبوونی خۆیان بە ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکەوە ڕاگەیاند. (فیدریکا مۆگرینی) وتەبێژی کاروباری سیاسەتی دەرەوەی یەکێتی ئەورووپا ڕایگەیاند:» نیگەرانین لە کشانەوەی ئەمریکا، بەڵام یەکێتی ئەورووپا پابەندە بە ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکەوە، ئەگەر ئێران بەردەوامی پێبدات» وڵاتانی (یەکێتی ئەورووپا) پێیان وابوو کشانەوەی ئەمریکا مەترسیدارە بۆ ئەوەی ئێران چەکی ئەتۆم بەدەستبهێنێت، لەم ڕووەوەوە هەوڵەکانی خۆیان بۆ مانەوەی ئەمریکا لە ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکە خستەگەڕ.(١٢) ئەوەش مانای وایە بە پێچەوانەی سیاسەتی ئیدارەی (دۆناڵد ترەمپ)ەوە، یەکێتی ئەورووپا لەگەڵ مانەوە و بەردەوامی ڕێکەوتنەکەیان بوون لەگەڵ ئێران

لە دوای کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکە، ئێران بەردەوامبوو لە پڕۆگرامی ئەتۆمی خۆی، بۆ ئەو مەبەستە ئێران لە مانگی ئایاری ساڵی (٢٠١٩) پرۆسەی کەمکردنەوەی پابەندبوونی خۆی بە ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکە دەستپێکرد و بە پێشێلکردنی چەندین بەندی ڕێکەوتنەکە وەڵامی ئەمریکای دایەوە، بەتایبەت پیتاندنی یۆرانیۆم بە پلەیەکی بەرزتر نزیك لەو پلەیەی کە بۆ دروستکردنی چەکی ئەتۆمی بەکاردێت. لەبەرامبەر سیاسەتی ئەوپەڕی گوشار یاخود زۆرترین فشار کە بەسەریدا سەپێنرابوو، ئێران هەوڵی زۆرترین بەرگری دەدا، تەنانەت وایلێهات لەسەر ئاستی هەرێمی ڕووبەڕووبوونەوەکانی ئەمریکا و ئێران گەیشتبووە لوتکە، بەتایبەت خستنە خوارەوەی فڕۆکەیەکی بێفرۆکەوانی ئەمریکا لە لایەن ئێران و کوشتنی (قاسم سولەیمانی) فەرماندەی پێشووی فەیلەقی قودسی سەر بە سوپای پاسدارانی ئێران لە ساڵی (٢٠٢٠) لە لایەن ئەمریکا، بەجۆرێک هەردوولا لە ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆی سەربازی نزیکبوونەوە(١٣)

پشت بەست بەو زانیاریانەی لەسەرەوە خرایەڕوو، دەتوانین گرنگترین ستراتیژیەت و هەنگاوەکانی ئیدارەی (دۆناڵد ترەمپ) بەرامبەر ڕێکەوتنە ئەتۆمیەکەی نێوان ئێران و دەوڵەتانی ٥+١ لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتیدا لەم خاڵانەی خوارەوەدا پوخت بکەینەوە :

١- کشانەوەی ئەمریکا لە ڕێکەوتنامەکە: لە ساڵی ٢٠١٨، ترەمپ بە فەرمی ئەمریکای لە ڕێکەوتننامەکە کشاندەوە و بە «خراپترین ڕێکەوتننامە» وەسفی کرد. ئەم کشانەوەیەش بەشێک بوو لە ستراتیژییەکی گشتی ترەمپ بۆ دروستکردنی «ئەوپەڕی فشار» بۆ سەر ئێران

٢- جێبەجێکردنی ستراتیژیەتی «ئەوپەڕی گوشار»: ئەمریکا سزای ئابووریی زۆری بەسەر ئێراندا سەپاند، بە تایبەت لە بواری نەوت و دارایی. ئەم سزایانە مەبەستی لاوازکردنی ئابووری ئێران و ناچارکردنی بۆ گۆڕینی ڕەفتارەکەی بوو

٣- ڕەخنەگرتن لە ڕێکەوتننامەکە: ترەمپ و تیمەکەی بەبەردەوامی ڕەخنەی زۆریان لە ڕێکەوتننامەکە دەگرت و بە خراپترین ڕێکەوتننامە ناویان دەهێنا، بەوەی کە سنووردارکردنی چالاکییە ئەتۆمیەکانی ئێران کاتییە و ڕێگە بە ئێران

دەدات لە ماوەی درێژخایەندا تەکنەلۆژیای ئەتۆمی بەدەستبهێنێت

٤- هەوڵدان بۆ گۆڕینی ڕەفتاری ئێران: ستراتیژییەکەی ترەمپ بە مەبەستی گۆڕینی ڕەفتاری ئێران بوو، نەک تەنها لە بواری ئەتۆمی، بەڵکو لە بواری ڕەفتارە ناوخۆیی و ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکانیش. کە ئێران بووە مایەی بێزارییەکی زۆر بۆ ئەمریکا و هاوپەیمانەکانی لە ڕێگەی گرووپە چەکدارە نزیکەکانی لە ناوچەکەدا.

کەواتە (دۆناڵد ترەمپ) بەهۆی هەڵوێستی جیاوازی خۆی و پارتی کۆمارییەکان بەرامبەر بە ئێران، کە پێچەوانەی هەڵوێستی (باراک ئۆباما) و پارتی دیموکراتەکان بوون، بە هەڵبژاردنی وەک سەرۆکی ئەمریکا لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتیەکەیدا، تاک لایەنە بڕیاری کشانەوەی لە ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکەدا، ئەوەش دوبارە ململانێکانی نێوان ئەمریکا و ئێرانی لەسەر پرۆگرامە ئەتۆمییەکەی ئێران قووڵترکردەوە و پەیوەندیەکانی نێوان هەردوو دەوڵەتی ئاڵۆزترکرد. ئەگەر چی دەوڵەتانی ئەورووپا بەتایبەت فەرەنسا و بەریتانیا لەلایەك، هەروەها چین و ڕووسیا لەلایەکی دیکەوە، دژی کشانەوەی ئەمریکا بوون، بەڵام (دۆناڵد ترەمپ) تاک لایەنە بڕیاری کشانەوەی دا، لەبەرامبەردا ئێرانیش دەستکردەوە بە پەرەپێدان بە پرۆگرامە ئەتۆمیەکەی و گوێنەدان بە ناوەڕۆکی ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکە.

لە کۆتایدا دەتوانین بڵێین دۆناڵد ترەمپ لە ماوەی خولی یەکەمی سەرۆکایەتی خۆیدا هەڵوێستێکی توندی دژ بە ڕێکەوتنامەی ناوکی ئێران هەبوو، پەیڕەوی لە ستراتیژیەتی «ئەوپەڕی گوشار» بۆ سەر ئێران کرد، لەبەرئەوەی پێی وابوو ڕێکەوتنامەکە لاوازە و ڕێگە بە ئێران دەدات درێژە بە چالاکیە ئەتۆمییەکانی بدات، هەروەها باوەڕی وابوو کە ڕێکەوتنامەکە سنوردارکردنی پێویستی بۆ بەرنامە مووشەکیەکانی ئێران تێدا نییە. لەهەمانکاتیشدا، ئازادکردنی پارە بلۆککراوەکانی ئێرانی بە هۆکارێک بۆ بەهێزکردنی پێگەی ئێران لە ناوچەکەدا دەزانی. بەو هۆیەوە لە ٨ی مایسی ٢٠١٨، بڕیاری کشانەوەی ئەمریکای لە ڕێکەوتنامەکە ڕاگەیاند و دوبارە سزای ئابووری توندی بەسەر ئێراندا سەپاند. ئەم سیاسەتەی ترەمپ بەردەوام بوو تاکو کۆتایهاتنی ماوەی

خولی یەکەمی سەرۆکایەتیەکەی کە کانونی دووەمی ٢٠٢١بوو، لەو ڕێکەوتە بەدواوە ئیدارەی جۆ بایدن دەستبەکاربوو، بەهۆی ئەوەی ترەمپ نەیتوانی لە هەڵبژاردنی ساڵی ٢٠٢٠دا، بۆ خولی دووەمی سەرۆکایەتییەکەی سەرکەوتن بەدەستبهێنێت.

## باسی سێیەم/ ستراتیژیەتی ئیدارەی (جۆ بایدن) دەربارەی ڕێکەوتنەکە (٢٠٢١-٢٠٢٥)

لە مانگی کانوونی دووەمی ساڵی ٢٠٢١دا، جۆ بایدن بوو بە سەرۆکی ئەمریکا و قۆناغێکی نوێی لە سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەستپێکرد. یەکێک لە چاوەڕوانییەکانی ئەم قۆناغە نوێیە گەڕانەوەی ئەمریکا بۆ ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکەی ئێران بوو. جۆ بایدن لە کاتی هەڵمەتی هەڵبژاردنەکەی خۆیدا بە ڕوونی ئاماژەی بەوەدا کە ئامادەی «گەڕانەوە»یە بۆ ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکە، بەڵام بە کارێکی ئاسانیشی دانەنا. هەرچەندە دیموکراتەکان بە سەرۆکایەتی جۆ بایدن خواستی گەڕانەوەیان بۆ ڕێکەوتنەکە هەبوو، بەڵام ئەم خواستە بەدەر نەبوو لە ئاستەنگ و ڕێگری، بە تایبەت لەلایەن کۆمارییەکان و هاوپەیمانە ستراتیژیەکەی ئەمریکا کە ئیسرائیلە

لە سەرەتادا، یەکێتی ئەورووپا پەیوەندی لەگەڵ ئێران بەست بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستانەکان. ئەمریکا خواستی ڕێگریکردن لە پێشێلکردنی زیاتری ڕێکەوتنەکە و کەمکردنەوەی پیتاندنی یۆرانیۆمی زیاتر لەلایەن ئێرانەوە هەبوو، لەکاتێکدا ئێران خواستی لابردنی سزاکانی سەر وڵاتەکەی هەبوو، کە لەسەردەمی ئیدارەی ترەمپدا بەسەریدا سەپێنرابوو. ئەم دوو خواستە بوونە هۆی دەستپێکردنەوەی دانوستانەکان، لە مانگی نیسانی ساڵی ٢٠٢١دا، دانوستانەکان لە شاری ڤییەنای پایتەختی نەمسا دەستپێکردەوە. شەش خولی دانوستان بەڕێوەچوو، بەڵام بەهۆی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئێران لە ساڵی ٢٠٢١دا و ململانێی موحافیزکاران و ڕیفۆرمخوازان، دانوستانەکان ڕاوەستێنران. دوای پێنج مانگ، خولی حەوتەمی دانوستانەکان لە تشرینی دووەمی ٢٠٢١ دەستپێکردەوە، بەڵام بەهۆی پێشمەرجەکانی ئێران (ئێران داوای لابردنی

سـزاكان و دەرهێنانـی سـوپای پاسـدارانی لـە لیسـتی تیـرۆردا دەكـرد وەک پێـش مەرجـی دانوسـتاندن) و فشـاری ئیسرائیـل بـۆ سـەر ئەمریـكادا، دانوسـتانەكان بەبـێ ڕێكەوتـن كۆتایـی هـات ). لـە كۆتایـی سـاڵی ٢٠٢١دا، خولـی هەشـتەمی دانوسـتانەكان دەسـتپێكردەوە. ئێـران داواكاری لابردنـی سـزاكانی سـەر وڵاتەكـەی كـرد، لەكاتێكـدا ئەمریـكا داواكاری ڕێگریكـردن لـە پەرەپێدانـی مووشـەكی دوورمـەودا و پاڵپشـتینەكردنی گرووپـە چەكدارەكانـی ناوچەكـەی كـرد. بەهـۆی ئـەم پێشـمەرجانەوە، دانوسـتانەكان نەیتوانیـان بـە ئەنجـام بگـەن(١٤)

لـە سـاڵی ٢٠٢٢دا، هەڵگیرسـاندنی جەنگـی نێـوان ڕووسـیا و ئۆكرانیـا كاریگـەری لەسـەر دانوسـتانەكانی ئێـران و ئەمریـكا هەبـوو. جەنگەكـە سـەرنجی ئەمریـكا و ئەورووپـای لەسـەر ڕێكەوتنامەكـە و پرسـی ئێـران كەمكـردەوە و وایكـرد دانوسـتانەكان دوابخرێـن. هەروەهـا خۆپیشـاندانەكانی ناوخـۆی ئێـران لـە سـاڵی ٢٠٢٢ و سـزاكانی ئەمریـكا بەسـەر ئێرانـدا، زیاتـر ئاڵۆزییـان بـۆ دانوسـتانەكان دروسـتكرد(١٥).

لـە سـاڵی ٢٠٢٣دا، دانوسـتانەكان بـەردەوام بوون، بـەڵام بەهۆی هەڵگیرسـاندنی جەنگـی نێـوان حەمـاس و ئیسرائیـل لـە تشرینـی یەكەمـی ٢٠٢٣دا، دانوسـتانەكان جارێكـی دیكـە ڕاوەسـتێنران. ئەمریـكا و ئەورووپـا زیاتـر سـەرنجیان لەسـەر جەنگەكـە بـوو و پرسـی ئێـران لـە پێشـینەی كارەكانیـان نەمـا

كەواتـە دەتوانیـن بڵێیـن لـە سـەردەمی ئیـدارەی جـۆ بایدنـدا، هەوڵەكانـی گەڕانـەوەی ئەمریـكا بـۆ ڕێكەوتنـە ئەتۆمییەكـەی ئێـران بەهـۆی چەندیـن هـۆكار و ڕێگرییـەوە نەیتوانـی بـە ئەنجـام بـگات، كـە گرنگترینیـان بریتیبـوون لـە:

یەكـەم/ پێشـمەرجەكانی ئێـران و ئەمریـكا، وەک داواكاری ئێـران بـۆ لابردنـی سـزاكان و دەرهێنانـی سـوپای پاسـداران لـە لیسـتی تیـرۆری ئەمریـكا، و داواكاری ئەمریـكا بـۆ ڕێگریكـردن لـە پەرەپێدانـی مووشـەكی دوورمـەودا و پاڵپشـتنەكردنی گرووپـە چەكدارەكانـی ناوچەكـە، بوونـە هـۆی ڕێگـری لـە دانوسـتانەكان.(١٦)

دووەم/ هەڵگیرسـاندنی جەنگـی نێـوان ڕووسـیا و ئۆكرانیـا لـە سـاڵی ٢٠٢٢دا، سـەرنجی ئەمریـكا و ئەورووپـای لەسـەر پرسـی ئێـران كەمكـردەوە و وایكـرد دانوسـتانەكان دوور بخرێنـەوە.(١٧)

سێیەم/ خۆپیشاندانەکانی ناوخۆی ئێران لە ساڵی ٢٠٢٢ و سزاکانی ئەمریکا بەسەر ئێراندا، زیاتر ئاڵۆزییان بۆ دانوستانەکان دروستکرد(١٨)

چوارەم/ هەڵگیرساندنی جەنگی نێوان حەماس و ئیسرائیل لە تشرینی یەکەمی ٢٠٢٣دا، جارێکی دیکە دانوستانەکانی ڕاگرت.(١٩)

پێنجەم/ نزیکبوونەوەی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی ئەمریکا لە ساڵی ٢٠٢٤دا، وای لە ئیدارەی جۆ بایدن کرد کە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ هەنگاوەکانی گەڕانەوە بۆ ڕێکەوتنەکە بکات و پەلە لە بڕیاری گەڕانەوە نەکات. (٢٠)

کەواتە دەتوانین بڵێین لە سەردەمی ئیدارەی جۆ بایدندا، ئەمریکا هەوڵیدا ستراتیژییەکی جیاواز بەکاربهێنێت، کە زیاتر لە» گفتوگۆ و دیپلۆماسی» پێکهاتبوو. ئەم ستراتیژییەش لەم خاڵانەدا خۆی دەبینییەوە

١- گەڕانەوە بۆ ڕێکەوتنەکە: بایدن لە کاتی هەڵبژاردندا ڕایگەیاند کە ئەمریکا دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکەوتنامەکە، بە مەرجێک ئێرانیش پابەندییەکانی بە ڕێکەوتنامەکە جێبەجێبکاتەوە. ئەمەش بەشێک بوو لە هەوڵەکانی بایدن بۆ گەڕاندنەوەی ئەمریکا بۆ دیپلۆماسی نێودەوڵەتی

٢- بەشداریکردن لە گفتوگۆ نێودەوڵەتییەکان دەربارەی ڕێکەوتنەکە: ئەمریکا لە سەردەمی بایدندا بەشداری کرد لە گفتوگۆی نێودەوڵەتی لەگەڵ ئێران و دەوڵەتانی ٥+١، بە مەبەستی گەڕاندنەوەی هەردوولا بۆ ڕێکەوتنامەکە

٣-کەمکردنەوەی فشارەکان: بایدن هەوڵیدا هەندێک لەو سزایانەی کە ترەمپ سەپاندبووی بەسەر ئێراندا کەمبکاتەوە

٤- تەرکیز لەسەر سنووردارکردنی چالاکییەتی ئەتۆمی: ستراتیژییەکەی بایدن زیاتر بەئامانجی سنووردارکردنی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران بوو، بەڵام لەگەڵ هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانی تر وەک هێرشە موشەکییەکانی ئێران لە ناوچەکە

سەرەڕای ئەوەی کە ئیدارەی جۆ بایدن هەوڵی زۆری بۆ گەڕانەوە بۆ ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکە دا، بەڵام کۆمەڵێک هۆکار وەک پێشمەرجەکانی ئێران، جەنگی ڕووسیا و ئۆکرانیا، خۆپیشاندانەکانی ناوخۆی ئێران، و جەنگی حەماس و ئیسرائیل، بوونە هۆی ڕێگری لە گەیشتن بە ڕێکەوتنێکی نوێ. ئەم هۆکارانە

وایان لە ئیدارەی جۆ بایدن کرد کە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ هەنگاوەکانی گەڕانەوە بۆ ڕێکەوتنەکە بکات و پەلە لە بڕیاری گەڕانەوە نەکات، تاکو کۆتایی هاتنی خولی سەرۆکایەتی جۆ بایدن و دەستپێکردنی خولی دووەمی سەرۆکایەتی ترەمپ لە کانونی دووەمی ٢٠٢٥ دانوستاندنەکان هیچ ئەنجامێکی لێنەکەوتەوە و ئەمریکا بڕیاری گەڕانەوەی بۆ ڕێکەوتنامەکە نەدا

لە کۆتاییدا، دەتوانین بڵێین سیاسەتی هەریەکە لە ئیدارەی ترەمپ و بایدن بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ پرسی ئەتۆمی ئێران ورێککەتنەمەی ئەتۆمی جیاوازبووە، بە شێوەیەک ترەمپ لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتیدا کاری لەسەر هەڵوەشاندنەوەی ڕێکەوتنەکە و گرتنە بەری سیاسەتی «ئەوپەڕی گوشار» یان «زۆرترین فشار» کردووە بۆ سەر ئێران. لەکاتێکدا بایدن ستراتیژیەتی «گفتوگۆ و گەڕانەوە بۆ ڕێکەوتننامەکە»ی پەیڕەوکردووە.

## باسی چوارەم/ چارەنووسی ڕێکەوتننامە ئەتۆمیەکە لە خولی دووەمی سەرۆکایەتی (دۆناڵد ترەمپ)دا

لە کانوونی دووەمی ساڵی (٢٠٢٥) جارێکی دیکە دۆناڵد ترەمپ وەک سەرۆکی ئەمریکا دەستبەکاربوو و خولی دووەمی سەرۆکایەتییەکەی دەستپێکرد. ئەگەر چی تاکو ئێستا ماوەیەکی زۆر تێنەپەڕیوە بەسەر دەستبەکاربوونیدا، بەڵام دۆناڵد ترەمپ لە ٤ی شوبات فەرمانێکی واژۆکرد بۆ گەڕاندنەوەی سیاسەتی «زۆرترین فشاری ئابووری» بۆ سەر ئێران بە ئامانجی زیانگەیاندن بە هەناردەکردنی نەوتی وڵاتەکەی و خاوکردنەوەی بەرنامە ئەتۆمیەکەی. پێش کۆبوونەوەیەک لە کۆشکی سپی لەگەڵ بنیامین ناتانیاهۆ، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، ترەمپ یاداشتێکی سەرۆکایەتی واژۆکرد کە سیاسەتێک بۆ گەڕاندنەوەی سیاسەتێک کە ترەمپ لە یەکەم ئیدارەی خۆیدا سەپاندبووی. یاداشتەکەی ترەمپ فەرمانی بە وەزارەتی خەزێنەی ئەمەریکا کردووە، «زۆرترین فشاری ئابووری» بەسەر ئێراندا بسەپێنێت لە ڕێگەی سزا و میکانیزمی جێبەجێکردن بەسەر ئەو کەس و لایەنانەی کە سزاکانی ئێستا پێشێل دەکەن(٢١)

ترەمپ داوا دەکات «ڕێکەوتنی ئاشتیی ئەتۆم» لەگەڵ ئێران واژۆ بکرێت،

دەشـڵێت «دەمەوێـت ئێـران سـەرکەوتوو بێـت، بـەڵام چەکـی ئەتۆمـی نەبێـت.» ترەمـپ ئـەو دەنگۆیانـەی ڕەتکـردەوە، گوایـە ئەمریـکا و ئیسرائیـل پێکـەوە کاردەکـەن بـۆ ئەوەی ئێـران ورد و خـاش بکـەن، گوتیشـی «ئەمـە، زێدەڕۆیـی زۆری تێـدا کـراوە»(٢٢) ئەمەش مانـای وایـە ترەمـپ لەگـەڵ ڕێکەوتنێکـی نوێیـە لەگـەڵ ئێـران؛ بەجۆرێـک بەتـەواوی ئێـران دووربخاتـەوە لـە ئەگـەری بەدەسـتهێنانی چەکـی ئەتـۆم. بـۆ ئەمـەش ترەمـپ دەیەوێـت درێـژە بـە ستراتیژیەتـی «ئەوپـەڕی گوشـار» بـۆ سـەر ئێـران بـدات، کـە لـە خولـی یەکەمـی سـەرۆکایەتیدا پەیـڕەوی دەکـرد. بـەو ئامانجـەی ئێـران ناچـار بـە دانیـشتن بـۆ ڕێکەوتنێکـی نـوێ لەگـەڵ ئیـدارەی ترەمپـدا بـکات. هەرچەنـدە عەبـاس عێراقچـی، وەزیـری دەرەوەی ئێـران لەبـارەی «سیاسـەتی ئەوپـەڕی گوشـار لەسـەر ئێـران» گوتـی: «ئەمـە تاقیکردنەوەیەکـی شکسـتخواردووە و ئەگـەر دوبـارەی بکەنـەوە، دەبێتـە شکسـتێکی دیکـە. ئەگـەر تەنیـا پرسـەکە ئەوەیـە ئێـران چەکـی ئەتۆمـی نەبێـت، ئـەوە شـتێکە ئاسـانە و نابێتـە کێشـەیەکی گەورە.ئـەوەش ئـەوە دەگەیەنێـت کـە ئێرانیـش ئامـادەی دانوسـتانە، بـەڵام هێشـتا زووەو بـۆ کارێکـی لـەو شـێوەیە و پێویسـی بـە زەمینەسـازی گونجـاوە. لـە چاوپێکەوتنێکـی تایبەتـدا لەگـەڵ ڕۆژنامـەی «نیویـۆرک پۆسـت» ترەمـپ ڕایگەیانـدووە: «پێـم خۆشـە ڕێکەوتنێـک لەگـەڵ ئێـران ببینـم کـە لـە بارودۆخێکـی نائەتۆمیدابێـت، ئـەوەم بـەلاوە بـاشترە لـە بۆردومانکردنیـان بەشـێوەیەکی جەهەنەمیانـە، ئـەوان نایانەوێـت بمـرن، کەسـیش نایەوێـت بمرێـت. «(٢٣)

ئـەوەش ئـەو واتایـە دەگەیەنێـت کـە ترەمـپ لـەم قۆناغـەدا لەگـەڵ هیرشـی ڕاسـتەوخۆ بـۆ سـەر ئێـران نییـە و دەیەوێـت لـە ڕێگـەی سیاسـەتی «ئەوپـەڕی گوشـار»ەوە ئێـران ناچـار بـە «ڕێکەوتنێکـی بـاش» بـکات وەک ئیدارەکـەی باسـی دەکـەن. هـەروەک لەدوایـن چاوپێکەوتنیـدا دۆناڵـد ترەمـپ دەڵێـت «پێـم باشـە لەبـری هێرشـێکی سـەربازی گـەورەی ئیسرائیـل بـۆ سـەر دامـەزراوە ئەتۆمییەکانـی ئێـران، لەگـەڵ تـاران بگەینـە ڕێکەوتنێـک کـە لـەو ڕێگەیـەوە واشـنتن بتوانێـت چاودێـری چالاکییـە ئەتۆمییەکانـی ئێـران بـکات و لێکۆڵینـەوە یـان پشـکنینیان بـۆ بـکات و دواتـر لەناویـان ببـات»، ئـەوەش بـەو مانایـە دێـت لـە ئەگـەری ملنـەدان بـە داواکارییەکانـی ئەمریـکا دوور نییـە ئیسرائیـل هێرشـی سـەربازی بکاتـە سـەر بنکـە ئەتۆمیەکانـی ئیـران و ئەمریـکاش پشـتیوانی بـکات. (٢٤)

بـە شـێوەیەکی گشـتی دەتوانیـن بڵێیـن چارەنووسـی ڕێکەوتنەکـە لـە خولـی دووەمـی سـەرۆکایەتی ترەمپـدا لەبـەردەم سـێ سـیناریۆدایە کەئەوانیـش بریتیـن لـە

**یەکـەم: درێـژەدان بـە سیاسـەتی «ئەوپـەڕی گوشـار» لـە پێنـاو ڕێکەوتنێکـی گشـتگیر**

لـە ئێسـتا ئیـدارەی ترەمـپ پێیوایـە بـە زیادکردنـی گوشـارەکان بـۆ سـەر ئێـران، دەتوانـن بگەنـە «ڕێکەوتنێکـی بـاش». (مارکـۆ ڕوبیـۆ)، وەزیـری دەرەوەی ئەمریکا بەڕاشـکاوی ڕایگەیانـدووە، چالاککردنـی میکانیزمـی «ئەوپـەڕی گوشـار» دەتوانێـت لـە بەرژەوەنـدی ئاسایشـی نیشـتمانی ئەمریـکادا بێـت. لـە تیمـی ئاسایشـی نیشـتمانی و سیاسـەتی دەرەوەی ئیـدارەی ترەمـپ چەندیـن بەرپرسـی بـاڵا هـەن کـە نەیـاری ئێرانـن و بۆچوونـی زۆر توندیـان بەرامبـەر بـە ئێـران و بەرنامـە ئەتۆمیەکـەی هەیـە. بۆیـە یەکێـک لـە ستراتیژیـە سـەرەکییەکانی ترەمـپ و ئیدارەکـەی، زیادکردنـی گوشـارە ئابـووری و ئەمنییـەکان دەبێـت لـە پێنـاو بەدەسـتهێنانی زۆرتریـن دەسـتکەوتی کرداریـی لـە مامەڵەکـردن لەگـەڵ ئێرانـدا. ئامانجـی لـەم سیاسـەتەش بـۆ ناچارکردنـی ئێرانـە بـە ڕێکەوتنێکـی نـوێ و گشـتگیر؛ کـە ترەمـپ و ئیدارەکـەی بە»ڕێکەوتنێکـی بـاش» بـۆ ئەمریـکا وەسـفی دەکـەن. بەدیهاتنـی ئـەم سـیناریۆیە ئەگەرێکـی بەهێـزە ئەویش بەهـۆی لاوازبوونـی هەژموونـی ئێـران لـە ناوچەکـەدا، بەتایبەت لـە دوای ڕوخانـی ڕژێمی ئەسـەد و لاوازکردنـی حیزبـوڵڵا و حەمـاس، هەروەهـا بەردەوامـی تەحـەددای ئابـووری ئێـران و دابەزینـی زیاتـری بەهـای تمـەن، ئـەم هۆکارانـە وایـان لـە تـاران کـردووە چیتر کارتـی فشـاری بەهێـزی بـۆ یاریکـردن بەدەسـتەوە نەمێنێت. هەروەهـا سـووربوونی ترەمـپ و ئیدارەکەی لە جێبەجێکردنی سـزاکانی سـەرئێران لەلایـەک، ترسـی هێرشـی ئیسرائـی بـۆ سـەر بنکـە ئەتۆمییەکانـی ئێـران لەلایەکـی دیکـەوە، ناچارکردنـی تـاران بـە ملـدان بـۆ ڕێکەوتنێکـی نـوێ لەگـەڵ ئیـدارەی ترەمپـدا دەکاتـە ئەمـری واقـع. بـەڵام لەگـەڵ ئەوەشـدا، هێشـتا بێمتمانـەی نیـوان هـەردوولا و نارەزایـی گرووپـی موحافیـزکاران لـە ناوخـۆی ئێرانـدا بەتایبـەت خـودی (عەلـی خامنـەی) و فشـارەکانی ئیسرائیـل لەسـەر ئەمریـکا، ڕێگـری سـەرەکین لەبـەردەم بەدیهاتنـی ئـەم سـیناریۆیە.(٢٥)

دووەم: دەستپێکردنەوەی دیپلۆماسی نهێنی:

هەندێک لە شارەزایانی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان پێیان وایە کە دیپلۆماسی نهێنی هێشتا لە چوارچێوەی هاوکێشە نێودەوڵەتییەکاندا گرنگییەکی زۆری هەیە، بە تایبەت لە پرسی ئەتۆمی ئێراندا. ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە ئیسرائیل زۆر هەستیارە بەرامبەر بە هەر جۆرە نزیکبونەوەیەکی نێوان ئێران و ڕۆژئاوا، بۆیە دیپلۆماسی نهێنی دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ خێراکردنی چارەسەرکردنی هەندێک لە کێشەکان. بەشێک لە چاودێران پێیان وایە سەردانەکەی ئەم دواییەی (محەمەد جەواد زەریف) بۆ داڤۆسی سویسرا بۆ بەشداریکردن لە کۆڕبەندی ئابووری جیهانی لەم چوارچێوەیەدا بووە.(٢٦)

پێویستە ئاماژە بەوە بکەین کە جگە لە ئیسرائیل لە ئێران و ئەمریکاشدا کەسانی توندڕەو زۆرهەن کە ئەگەری ئەوەی هەیە ببنە کێشە و بەربەست لەبەردەم هەر گفتوگۆیەکی ئاشکرا و ڕاستەوخۆی ئەتۆمی نێوان ئێران و ئەمریکا. گەورەترین بەربەست لەبەردەم دەستپێکردنەوەی دانوستانە ئەتۆمییەکانی نێوان ئەمریکا و ئێران، قەیرانی قووڵی متمانەی نێوان هەردوو لایەنە؛ ئێران ئەزموونی باشی لە خولی یەکەمی ترەمپ نییە، چونکە نەک هەر لەو ڕێکەوتنە ئەتۆمییە کشایەوە کە لە سەردەمی ئۆبامادا ئەنجامدرا، بەڵکو لە ساڵی ٢٠١٩دا سوپای پاسدارانی ئێرانی وەک ڕێکخراوێکی تیرۆریستی خستە لیستی تیرۆرەوە و فەرمانی تیرۆرکردنی قاسم سولەیمانی فەرماندەی سوپای قودسی سوپای پاسدارانی دەرکرد.

سێیەم: ئەگەری هێرشی سەربازی سنوردار بۆ سەر ئێران

ملنەدانی ئێران بۆ گوشارەکانی ئیدارەی ترەمپ و شکستهێنانی هەوڵە دیپلۆماسییەکان ئەگەر بەکاربخرێت، ئەوا گرتنەبەری هەنگاوی سەربازیی سنوردار لەلایەن ئیسرائیل بە هەڵکردنی گڵۆپی سەوزی ئەمریکا لەدژی دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران زیاتر بێت. چونکە ئامانجی ئەمریکا کۆتاییهێنانە بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێران بە تەواوی بەهەر ڕێگەیەک

بێت، لەبەرئەوە دوور نییە ئیدارەی ترەمپ هێرشێکی سەربازی سنووردار بەکاربهێنێت بۆ لەناوبردنی دامەزراوە ئەتۆمییەکان، ئەگەر سزاکان نەتوانن ئامانجەکە بەدەستبهێنن. چونکە ترەمپ پێشتر بەر لەدەستبەکاربوونی وەک سەرۆک پاڵپشتی خۆی بۆ ئیسرائیل دەربڕی کە دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران بکاتە ئامانج، بەڵام لە ماوەی سەرۆکایەتییەکەیدا چەند جارێک ئەوەی ڕایگەیاندووە کە ئەو ئەمەی ناوێت و لەگەڵ «ڕێکەتنێکی ئاشتی ئەتۆم»ە(٢٧). هەرچەندە جێبەجێکردنی ئەم سیناریۆیە ئاسان نییە، چونکە هێرشی ئیسرائیل بۆ سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران، دەکرێت وەڵامدانەوەی بەرفراوانی لە تارانەوە بەدوادابێت، ڕووداوێکی لەم شێوەیە جگەلەوەی بازاڕەکانی وزەی جیهانی ناسەقامگیر دەکات، هێندەی دیکە ئاسایشی ناوچەکەش ئاڵۆزدەکات. بەڵام هێشتا لە ئەگەری دەستبەردار نەبوونی ئێران لە پیتاندنی یۆرانیۆم و گوێنەدان بە سیاسەتی «ئەوپەڕی گوشار» ئەگەری ڕوودانی هێرشی سنوردار بۆسەر ئێران وەک ئەگەرێکی بەهێز دەهێڵێتەوە

لەکۆتاییدا دەتوانین بڵێین سیناریۆی یەکەم زیاتر ئەگەری ڕوودانی هەیە، بەڵام دەکرێت لەگەڵ سیناریۆی دووەم تێکەڵ بکرێت. واتە بەکارهێنانی سیاسەتی «ئەوپەڕی گوشار» لەگەڵ کردنەوەی کەناڵە دیپلۆماسییە نهێنییەکان بۆ گەیشتن بە ڕێکەوتنێک لە نیوان هەردوولادا، ئەگەری ڕوودانی زیاترە. هەرچی سیناریۆی سێیەمە، ئەگەری ڕوودانی کەمترە، چونکە لەم قۆناغەدا هەردوولا خۆیان لە کارێکی لەو جۆرە بەدووردەگرن، بەو پێیەی هێرشی سەربازی؛ کاریگەریی و لێکەوتەی زۆری لەسەر هەردوولا و ناوچەکەش دەبێت

## ئەنجام:

پەیوەندی نێوان ئێران و ئەمریکا بەهۆی پرسی بەرنامە ئەتۆمییەکەی ئێرانەوە لە قۆناغێکی ئاڵۆزدایە، سیاسەتی « ئەوپەڕی گوشار»ی ترەمپ و هەوڵە «دیپلۆماسییەکانی» بایدن بۆ گەڕانەوە بۆ ڕیککەوتننامەکە ئەتۆمیەکە، هەردووکیان نەیتوانی کێشەی نیوانیان چارەسەر بکەن. ترەمپ لە سەردەمی خولی یەکەمی سەرۆکایەتی خۆیدا بە فەرمی لە ساڵی ٢٠١٨ ئەمریکای لە ڕێکەوتنە ئەتۆمییەکە کشاندەوە و سزای ئابووریی توندی بەسەر ئێراندا سەپاند، هەروەها ستراتیژی «ئەوپەڕی گوشار»ی بەکارهێنا بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ ئێران. ئامانجی ئەم ستراتیژییەش ناچارکردنی ئێران بوو بۆ گۆڕینی ڕەفتارەکانی، بەتایبەت لە بواری پڕۆگرامە ئەتۆمی و هێرشە مووشەکییەکانی لە ناوچەکە. لە خولی دووەمی سەرۆکایەتی ترەمپدا، کە لە کانوونی دووەمی ٢٠٢٥ دەستپێکردووە، ئاماژەکان ئەوە نیشاندەدەن کە ئیدارەی ترەمپ سوورە لەسەر درێژەدان بە دوبارە جێبەجێکردنی سیاسەتی «ئەوپەڕی گوشار » بە ئامانجی ناچارکردنی ئێران بۆ ئەنجامدانی دانوستانێکی نوێ. لەئەگەری ملنەدانی ئێران بە فشارەکان و سووربوون لەسەر بەردەوامیدان بە بەرنامە ئەتۆمییەکەی، دوور نییە ئێران ڕووبەڕووی هێرشی سەربازی سنوردار بۆ سەر بنکە ئەتۆمییەکانی لەلایەن ئیسرائیلەوە بە ڕەزامەندی ئەمریکا بکاتەوە، بەوەش پەیوەندییەکانی نیوان ئەمریکا و ئێران دەچێتە قۆناغێکی ئاڵۆزترەوە و چارەنووسی ڕێکەوتنامە ئەتۆمیەکەی نێوان ئێران و دەوڵەتانی ٥+١ تا ئاستی مردن و هەڵوەشاندنەوە دەبات

# لیستی سەرچاوەکان:

1-Iran deal – an historical day, Europa Union Website, 14/7/2015, Available: - https://bit.ly/3dJW0RB

٢-بێستون حسێن عارف ، کشانەوەی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە ڕێکەوتنامەی ناوەکی ئێران: هۆکار و لێکەوتەکان، گۆڤاری لێکۆڵینەوەی سیاسی و ئەمنی، ژمارە(٣)، سلێمانی، ٢٠١٩،ل٧٥.

٣-نورة الحفيان، مسارات الموقف الامريكي من الملف النووي الإيراني، المعهد المصري للدراسات، تركيا، ٢٠١٩، ص٢

٤-الجزيرة نت، أوباما يواصل تسويق اتفاق نووي إيران، ٢٠١٥/٧/٢٢، تأريخ الزيارة ٢٥ /٢٠٢١/٢، متاح علي الرابط الاتي: https://bit.ly/.2NwEztr

٥-كوسرت خدر، المفاوضات الدولية حول البرنامج النووي الأيراني وأفاقها المستقبلية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٨،ص١٣٤.

٦-كوسرت خدر، المفاوضات الدولية حول البرنامج النووي الأيراني وأفاقها المستقبلية، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجية، السليمانية، ٢٠١٨،ص١٣٥.

٧-دەزگای ستاندەر، سروشتی پەیوەندیەکانی (ئەمریکا و تورکیا و ئێران) کاریگەری بەسەر کوردستان، ناوەندی توێژینەوەی دەزگای ستاندەر، هەولێر، ٢٠١٨،ل١٤-١٦.

٨-منصور ابو كريم، ، اتجاهات السياسية الخارجية الأمريكية تجاه منطقة الشرق الأوسط في ظل حكم ترامب، مركز حرمون للدراسات المعاصرة، قطر، ٢٠١٨،ص٢٤-٢٥.

٩-مركز الفكر الاستراتيجي للدراسات، استراتيجيه ترامب تجاه إيران.. الدوافع والاتجاهات، تركيا، ٢٠١٧،ص٥.

١٠-بێستوون حسێن عارف،، ستراتیجی نوێی ئەمریکا بۆ ئیحتواکردنی ئێران لەرۆژهەڵاتی ناوەراست: لەئیدارەی ئۆباماوە بۆ ترەمپ، گۆڤاری جۆرناڵ، ناوەندی کوردستان بۆ توێژینەوە لە ململانێ و قەیرانەکان، سلێمانی، ٢٠١٨،ل٩.

١١-وكالة انباء فارس، محكمة العدل الدولية ترفض طعون اميركا بشأن شكوي ايران ضدها، ، ايران، ٢٠١٨/١٢/٣، تأريخ الزيارة ٢٧ /٢٠٢١/٢، متاح علي الرابط الاتي https://bit.ly/.37W0gdk

١٢-هالة حمود، سياسية الأمريكية تجاه الملف النووي الإيراني ٢٠٠٠-٢٠١٩،مجلة مدارات إيرانية، العدد(٠٤)، برلين، ٢٠١٩،ص١٦١-١٦٢.

١٣-حسن احمديان، ، مفاوضات فيينا واالتفاق النووي اإليراني: إلي أين؟ مركز الجزيرة للدر اسات، قطر.٢٠٢٢، ص٢.

١٤-حسن احمديان، ، مفاوضات فيينا واالتفاق النووي اإليراني: إلي أين؟ مركز الجزيرة للدر اسات، قطر.٢٠٢٢، ص٢.

١٥-حسن احمديان، ، مفاوضات فيينا واالتفاق النووي اإليراني: إلي أين؟ مركز الجزيرة للدر اسات، قطر.٢٠٢٢، ص٣.

١٦-وحدة الدراسات الإيرانية، الاقتراب من يوم النهاية مصير الاتفاق النووي الإيراني وفق نصوصه، مركز الامارات للسياسات، الامارات، ٢٠٢٣/١٠/١٧، تأريخ الزيارة ٢٦ /٢٠٢٣/١٢، متاح علي الرابط الاتي: https://rb.gy/lu١gf٠

17-Crisis Group. 2022. Is Restoring the Iran Nuclear Deal Still Possible? Crisis Group. 12. September.p6.

١٨-الجزيرة نت، هل تؤثر احتجاجات إيران علي موقف واشنطن من مفاوضات الاتفاق النووي؟، ٢٠٢٢/١١/٢٤، تأريخ الزيارة ٤ /٢٠٢٣/١، متاح علي الرابط الاتي https://rb.gy/fj٦٢١y

١٩-الشرق الأوسط،حرب غزة تغطي علي «تصعيد نووي» إيراني، ٢٠٢٣/١١/٢٤، تأريخ الزيارة ١٨ /٢٠٢٣/١، متاح علي الرابط الاتي: https://rb.gy/g١bz٣s

٢٠-الجزيرة نت ، هل أدت حرب غزة إلي تهميش الملف النووي الإيراني؟، ٢٠٢٣/١٢/٤، تأريخ الزيارة ١٨ /٢٠٢٣/١، متاح علي الرابط الاتي: https://rb.gy/tlaxdr

21-RadioFardaTrump Signs Memo Reinstating ‹Maximum Pressure› Campaign Against Iran, 5/2/2025, Available:
http://bit.ly/3QjUMi9

22-Maziar motamade, Where does Trump's renewed 'maximum pressure' leave any Iran-US deal?, 6/2/2025, Available:
https://bit.ly/4k23ob2

23-Mchael D. sheal, Trump Torpedoed the Iran Nuclear Deal. Now He's Calling for Another One, 5/2/2025, Availble:
https://nyti.ms/413XvkG

٢٤-دەنگی ئەمریکا، ترەمپ: ئێران ترساوە و ئامادەیە دانوستان بکات، من پێم باشە لەبری هێرش، ڕێکەوتن بکەین،٢٠٢٥/٢/١١، بەردەستە لەم پیگەیەی خوارەوە
https://bit.ly/4kbyop4

٢٥-ميدل ئيست نيوز، من الصحافة الإيرانية: ولاية ترامب الثانية وفصول المواجهة النووية بين إيران والولايات المتحدة، ٢٠٢٥/١/٢٥، متاح على الرابط الاتي
https://bit.ly/42WLhgg

٢٦-رمضان بورصة، إيران وأميركا في الولاية الثانية لترامب: عقوبات أم مسار جديد؟، الجزيرة، ٢٠٢٥/٢/٤، متاح على الرابط الاتي: https://bit.ly/42Zpqoy

٢٧-سكاى نيوز، هل تنهي إدارة ترامب الجديدة الحلم النووي الإيراني؟، ٢٠٢٥/٢/١٧، متاح على الرابط الاتي: https://bit.ly/4aYUhDR



# ئێران لە نێوان زۆنە ژێدەری و هەژموونە دژەکان


**توێژەر: میران حسێن**

**مامۆستا لە زانکۆی سلێمانی**




## بەرایی

زۆنـی ژێـدەری چەمکێکـە لـە بوارەکانـی سیاسـەت و جوگرافیا بەکاردەهێنرێت و مەبەسـت لێـی ئاماژەکردنـە بـۆ ڕووبـەر و ناوچـەکان و دەوڵەتـەکان کـە دەوڵەتەکانـی دیکـە بەنیازن وهـەوڵ دەدەن بـۆ کۆنترۆڵکردنـی لـە ڕووی سیاسـی و سـەربازی و ئابوورییـەوە، پەیوەسـتە بـە ئاسـتی هێـزی دەوڵەتەکـە بـۆ نمونـە هەندێـك دەوڵـەت وەکـو ئەمریـکا پێـی وایـە هەمـوو جیهانـی زۆنـی ژێـدەری و جیـگای هەژموونـی خۆیەتـی لەبەرامبـەردا هەندێـك وڵاتـی دیکـە هیـچ کاریگـەری نییـە لەسـەر وڵاتانـی دراوسـێ بەهـۆی لاوازی دەوڵەتەکـەوە یـان توانـای بەکارهێنانـی تواناکانـی نییـە وەکـو عێـراق

ناوچەکانـی زۆنـی ژێـدەری ئـەو ناوچانـەن کـە دەوڵەتـەکان پێیـان وایـە دەبێـت کـۆنترۆڵ بکرێـت لـە ڕووی سـەربازی یـان سـەپاندنی هەژمـوون بەمەبەسـتی پاراسـتنی بەرژەونـدی بـاڵای نیشـتمانی دەوڵەتـەکان یـان ڕێگـری کـردن لـەوەی ببێـت بـە سـەرچاوەیەك بـۆ هەڕەشـەی دوژمنـان و نەیارەکانیـان ئەگـەر کۆنترۆڵـی ئـەو ناوچانـە بکـەن. سـەرەرای ئـەوەی لـە ڕابـردوودا زۆنـی ژێـدەری واتـە ئـەو ناوچانـە بـوون کـە دەبوایـە دەوڵەتەکانـی کۆنترۆڵـی بـکات، بـەڵام لـە ئێسـتادا زیاتـر بـاس لـە هەژموونـی سیاسـی و ئابـووری و کەلتـووری دەکرێـت کـە لـە لایـەن دەوڵەتەکانـەوە نـەك داگیـرکاری سـەربازی

ناوچەکانـی زۆنـی ژێـدەری چەندیـن جۆریـان هەیـە وەکـو جوگرافـی، مێژوویـی، دراوسـێتی، بەرژەوەنـدی، نەتەوەیـی، ئایینـی و ئایینزایـی.. هتـد

هەندێـك جـار چەنـد وڵاتـەکان کێشمەکێشـمیان دەبێـت لەسـەر ناوچەیـەك یـان لەسـەر دەوڵەتێـك کـە هەمـووان پێیـان وایـە ئـەو ناوچەیـە بەشـێکە لـە زۆنـی ژێـدەری خـۆی، ئەمـەش دەبێتـە هـۆی دروسـتبوونی کێشمەکێشـم لەسـەر ناوچەکانـی دەرەوەی سـنووری دەوڵەتـەکان و کۆتایـی دێـت بـە بردنـەوەی لایەنێـك و شکسـتی لایەنێکـی دیکـە، چونکـە یەکلاکردنـەوەی چارەنووسـی ئـەو ناوچانـە لـە نێـوان هێـزە هەرێمایەتیـەکان و زلهێـزەکان بـە شکسـتی لایەنێـك تـەواو دەبێـت.

سـەرکەوتنی جەنگـی هەژموونـەکان پەیوەسـتە بـە هێـزی و توانـای وڵاتـەکان لـە ڕووی سـەربازی و ستراتیجـی و ئابـووری و سیاسـی و تـا چەنـد ئامـادەن

بەرگری لەبەرژەوندییەکانیان بکەن لەو ناوچانە، جگە لە باڵانسی هێز لە ناوچەی زۆنە ژێدەرییەکان کە گۆڕانکاری بەسەردا دێت بەپێی بارودۆخ و کات و سروشتی پەیوەندیە دیبلۆماسییەکان و سیستەمی حوکمڕانی و ئایین و ئابووری وهەڵکەوتەی جوگرافی.. هتد، بەهەمان شێوە پەیوەستە بە تواناکانی دەوڵەت لە بەکارهێنانی هەژموونی خۆی بەمەبەستی سوود وەرکرتن لە تواناکانی لە سەپاندنی هەژموونی و کاریگەری لەسەر وڵاتانی دیکە

کۆماری ئیسلامیی ئێران وەکو هێزێکی ئیقلیمی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست خاوەن ناوچەیەکی نفوزی خۆی هەیە، کە پێی وایە بەشێکە لە بەرژەوندی باڵای کۆماری ئیسلامیی ئێران و بەشێکە لە ستراتیجیای هەژموونی ئێران لە جیهان و ناوچەکە، کە تیایدا دەبێت ئێران ڕۆڵی باڵا دەبینێت لە ئاڕاستەکردنی سیاسەت و ئابووری و پرۆژە ستراتیجیەکان لەو ناوچانە، بەهۆی ئەمەش ئێران بەریەککەوتنی هەیە لەگەڵ چەندین وڵاتی ئیقلیمی و زلهێزی جیهانی لەسەر چەندین ناوچە لە جیهاندا کەچەندین وڵات پێیان وایە ئەم ناوچانە بەشێکن لە زۆنی ژێدەری خۆیان لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاست و باکووری ئەفریقا و تەنانەت ئەورووپاش.

## چەمکی زۆنی ژێدەری

یەکێکە لە چەمکە بەکارهاتووەکان لە جیهانی سیاسەت و جوگرافیا کە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات ئەو ناوچانەیە کە لە دەرەوەی وڵاتن بەڵام دەوڵەتەکانی هەژموونیان هەیە لەسەری لەبەر چەندین هۆکاری جیاواز وەکو ئایین و ئایینزا و نەتەوە و زمان و دراوسێتی.. هتد.

زۆنی ژێدەری ڕووبەرێکی پێویستە بە مەبەستی گەشەکردنی دەوڵەت هاوشێوەیەی مرۆڤ لەکاتێکدا دەوڵەتەکان وەکو مرۆڤێکی زیندوو دەبێت گەشە بکەن و سنوورەکانی بەپێی دەسەڵات و ئابووری دیاری دەکرێت، ئەو چەمکە دەتوانرێت پێناسە بکرێت وەکو تیۆرێکی سیاسی کە ئاماژە بە پێویستی دەوڵەت دەکات بۆ ڕووبەرێکی دیکە لە زەوی هەرچەند گەشەکردن بە واتایەکی دیکە پاساو هێنانەوەیە بۆ گەشەکردنی دەوڵەتەکان لەسەر خاکی دەوڵەتەکانی دیکە بەمەبەستی دابینکردنی پێداویستی گەلەکان بۆ

ڕچاوکردنـــی بەرژەونـــدی گەلانـــی ئـــەو وڵاتانـــە بەشـــێوەیەکی بگونجێـــت لەگـــەڵ بەرژەوەنـــدی ئـــەو دەوڵەتـــە (١)

فەرهەنگـــی و بســـتەر چەمکـــی (space raum living)، بەکارهێنـــاوە بەمەبەســـتی ئامـاژە کردنـی بـۆ زۆنـی ژێـدەری و اتـا بەرفراوانـی خـودی ئابـووری بـۆ زەوی دەوڵەت یـان زۆنـی پێویسـت بـۆ کۆمەڵـگا یـان دامەزراوەیـەك یـان ڕێکخراوێـك بەمەبەسـتی دابینکردنـــی ژیـــان بـــۆی، شـــارەزایانی ستراتیجـــی و پەیوەندیـــە نێودەوڵەتییـــەکان چەمکـــی (lebensraum ) بەکاردەهێنـــن واتـــە ناوچـــەی زیندەگـــی و ناوچـــەی ژیـان و مانـەوە(٢)، پـیتر تایلـۆر پێـی وایـە بیرۆکـەی (lebensraum) لـە لای زانـای ئەڵمانـی ڕاتـزل دروسـتبووە واتـە بیرۆکـەی مانـەوە کـە شـیکردنەوەی یەکسـانە بـە کێشـەکانی ئەڵمانیـا سـەبارەت بـە سـنوورە نـا دادپـەورەرەکان و چارەسـەر بـۆ ئـەوە بەرفراوانبوونـە(٣)، لـە لای خۆیـەوە سـەیار کەوکـەب جەمیـل پێـی وایـە چەمکـی زۆنـی ژێـدەری لـەڕووی فەلسـەفەوە وەکـو واتـا و نـاوەڕۆك واتـای ئـەوە دەگەیەنێـت زۆنێکـی ستراتیژیـە یـان بوارێکـی جوگرافـی بەپیتـە بۆیـە هێـزە نێودەوڵەتییـەکان هەوڵـی بـۆ دەدەن(٤)، فەرهەنگـی سیاسـی پێـی وایـە زۆنـی ژێـدەری تیۆرێکـی سیاسـییە کـە دەگەڕێتـەوە بـۆ زانـا ئەڵمانـەکان واتـە زۆنێکـی هەرێمایەتییـە کـە پەیویسـتە بـۆ مانـەوەی دەوڵەتێـك دانیشـتوانی زۆرە و خـاوەن چالاکـی ئابـووری و کۆمەلایەتـی گەورەیـە، لەکاتێکـدا کـە سـنوورە سیاسـییەکان پەیوەسـت دەبێـت بـە ڕێکەوتننامـەی نێودەوڵەتـی ئەمـەش ڕێگـەی بـە دەوڵەتـە گـەورەکان دەدات سـەرپێچی سـێ یاسـای نێودەوڵەتـی بکـەن لەسـەر دەوڵەتەکانـی دیکـە(٥)

لـەڕووی مێژوویـەوە زانـا ئەڵمانـەکان یەکـەم کـەس بـوون کـە ئـەم بیرۆکەیـان بـاس کـرد بەمەبەسـتی پاسـاوهێنانەوە بـۆ داگیرکردنـی وڵاتەکانـی دیکـە و بەهێزکردنـی ئەڵمانیـا ئەمـەش کاریگـەری هەبـوو لەسـەر ئـەوەی ئەڵمانیـا کـە لایەنێکـی سـەرەکی جەنگـی جیهانـی یەکـەم و دووهـەم بێـت (٦) و پـاش جەنگـی جیهانـی دووهـەم جەنگـی سـارد دروسـتبوو لـە نێـوان هەریـەك ئەمریـکا و یەکێتـی سـۆڤێت و هەمـوو جیهانـی دابەشـی دوو ناوچـەی هەژموونـی و زۆنـی ژێـدەری بـوون لـە نێـوان هـەردوو وڵات کـرد، لـەم قۆناغـەدا زۆنـی ژیـدەری گـۆڕدرا بـۆ هەژمـوون(٧).

چەمکی زۆنی ژێدەری بەرەوپێشچوونی بەخۆیەوە بینی و ئامرازەکانی جێبەجێکردنی گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە وەکو مرۆڤایەتی و دیموکراسی و مافی مرۆڤ... هتد، بەڵام ئامانجەکان وەکو خۆیان ماوەنەتەوە و گۆڕانکاری بەسەردا نەهاتووە و چەمکی زۆنی ژێدەری گۆڕا بە زۆنی کێشمەکێشم لە نێوان دەوڵەتەکان، کە بەهۆی ئەم چەمکەوە دەیان جەنگ و ئاژاوە و کۆدەتا و پشێوی لەسەر ئاستی جیهان دروستکرد

بەشێوەیەکی گشتی دوو جۆر ئامراز هەیە بۆ جێبەجێکردنی زۆنی ژێدەری هێزی نەرم، وەکو ئابووری، ئایین، ئایینزا، نەتەوە، ڕۆشنبیری، سیاسەت، دیبلۆماسیەت و هێزی ڕەق کە هێزی سەربازی و کۆدەتا و دەستتێوەردانی سەربازییە (٨)

## زۆنە ژێدەرییەکانی ئێران

لە ڕووی سیاسی و ئابووری و دیبلۆماسی و سەربازییەوە، ئێران یەکێکە لە گرنگترین وڵاتانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، چەندین فاکتەر هەبووە کە یارمەتیدەر بووە بۆ ئێران کە وەکو وڵاتێکی بەهێز دەربکەوێت، وەکو هەڵکەوتەی جوگرافی کە بۆتە هۆی ئەوەی کە کاریگەری هەبێت لەسەر بارودۆخی جیۆستراتیجی ناوچەکە و ڕووبەری و ژمارەی دانیشتوانی و هەڵکەوتەی لەسەر چەندین دەریا وەکو دەریای قەزوین و کەنداو و ئۆقیانوسی هیندی (٩) و یەکێکە لە گەورەترین بەرهەمهێنەرەکانی نەوت و غاز لە جیهاندا، خاوەن ئابووریەکی بەهێز و هەمە جۆر و خاوەن هێزێکی سەربازی گەورە و کاریگەرە و ئێران خاوەن شارستانیەتێکی دێرینە، کە هەموو ئەم فاکتەرانە کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی زۆر جار ئێران سەرکەوتوو بێت لە جێبەجێکردنی ستراتیجەکانی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان، ئەمەش هاندەر بوو بۆ ئەوەی بتوانێت ببێتە خاوەن چەندین زۆنی ژێدەری و هەژموون لە هەموو کێشوەرەکانی جیهان و دەستتێوەردان لە کاروباری وڵاتانی دیکە ئەنجامبدات بەمەبەستی دەرکەوتنی ئێران وەکو هێزێکی باڵادەست و خزمەت بە ستراتیج و ئاسایشی ئێران بکات لە هەموو جیهان

## کۆماری ئیسلامیی ئێران خاوەن چەندین زۆنی ژێدەرییە، وەکو:

- زۆنی ئیسلامیی: کۆماری ئیسلامیی ئێران بەپێی دەستووری شۆڕشی ئیسلامیی ئێران مافی بەخۆی داوە دەستێوەردان بۆ بەهاناوەچوونی هەموو مسوڵمانان جیهان ئەنجام بدات (١٠)، هەمیشە ئێران لە هەوڵی ئەوەدایە بە جۆرێك خۆی نیشان بدات ڕابەرایەتی هەموو مسوڵمانانی جیهان بکات، بەپێی تیۆری ئوم قورا و تیۆری مەهدەوەی پڕۆژەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستی ئیسلامیی ئێرانی لە هەوڵی ئەوە دایە هەموو جیهانی ئیسلامیی کۆنترۆڵ بکات و ئێران ببیتە ولاتێکی سەرەکی لە سەر ئاستی هەموو جیهانی ئیسلامی، بۆیە هەموو جیهانی ئیسلامی بە بەشێك لە زۆنی ژێدەری و ناوچەی هەژموونی خۆی دەزانێت، پێی وایە ئێران دەبێت ڕابەرایەتیان بکات(١١)، لە پرسی دژایەتیکردنی ئیسرائیل و هەڵویستی بەرامبەر بە فەلەستین وەکو بەرگریکارێك لە جیهانی ئیسلامی خۆی نیشاندەدات

- زۆنی شیعی: کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ڕێگەی ئەنجامدانی هاوپەیمانێتی لەگەڵ چەندین پارت و دەوڵەت و بزووتنەوەی چەکداری لە هەوڵی دروستکردنی هاوپەیمانێتی شیعەیە لەسەر ئاستی هەموو ولاتانی جیهان، بەمەش کۆماری ئیسلامیی ئێران لەهەوڵی کۆنترۆڵکردنی هەموو ناوچە شیعە نیشینەکانی جیهان دەدات، دروستکردنی ناوچەیەکی هەژموونی جوگرافی و سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی و ڕۆشنبیری و سەپاندنی هەژموونی لەسەر ناوچەی شیعەنشینەکان لە جیهانی ئیسلامی وەکو سەرەتایەك بۆ بەدەستهێنانی هەژموون و حوکمکردنیان و سود وەرگرتن لە هەلەکان بۆ کۆنترۆڵکردنی جوگرافیای ئیسلامی و، سوود وەرگرتن لە سەرچاوە ئابووری و دانیشتوانی ئێران و باکگراوندی مێژوویی و شارستانیەیەتی ئەو ولاتە، تا ببێتە ولاتی سەنتەر لە جیهانی شیعی، بۆیە ستراتیژیەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران کاردەکات لەسەر ئەوەی باوەڕێکی ستراتیژی دروستبکات کە تاکە هێزی شیعەیە لە جیهانی ئیسلامی، دەبێت هێزە ئیسلامییەکانی دیکە وەکو فاکت مامەڵە لەگەڵ ئەم بارودۆخە ستراتیژیە بکەن، بەرگری لە ئاسایشی نیشتمانی ئێران لە ڕێگەی دروستکردنی فاکتەری هزری جیۆپۆلتیکی

لە دەرەوەی سنووری ئێران کە ئەم وڵاتانە وەکو بازنەیەکی ناوخۆیی تەماشا دەکرێت، ئێران دەبەستێتەوە بە بازنەیەکی دەرەکی کە خاڵێکی سەرەکیە لە پرۆسەی بەرفراوانبوونی ئایینزایی ئێران کە کۆتا ئامانجێتی بە گەیشتن بە جیۆپۆڵتیکی شیعەیە و سەپاندنی هەژموونی ئێران لەسەر ئاستی جیهان و دەرەکەوتن وەکو هێزێکی جیهانی کە کۆتا ئامانجی ئێرانە و ئێران پێی وایە ناوچەی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست زۆنی ژێدەری هەرێمایەتی یەکەم و سەرەکی بۆ ئێران کە لە ڕێگەی ئەو زۆنە هەوڵی بەدەستهێنانی ڕۆڵێکی هەرێمایەتی دەدات و گەیشتن بە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی(١٢).

- زۆنی وڵاتانی دراوسێ: کۆماری ئیسلامیی لە هەوڵی ئەوە دایە هەژموونی ئابووری و سیاسی و ستراتیجی هەبێت بەسەر هەموو وڵاتانی دراوسێ، پێی وایە پاراستنی بەرژەوەندیەکانی لە ناوچەکە پەیوەستە بە مانەوەی هەژموونی خۆی بەسەر وڵاتانی دراوسێ ئێران، دژایەتیکردنی بەرژەوەندییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لەو وڵاتانە زیان بەستراتیجیەتی ئێران دەگەیەنێت

وڵاتانی دراوسێ ئێران هەریەك لە عێراق و تورکیا و ئازەربایجان و ئەرمینیا و تورکمانستان و ئەفغانستان و پاکستان و وڵاتانی دەریای قەزوین و کەنداوی فارس و سەرجەم ئەو وڵاتانە پەیوەندی بازرگانی و ئابووری و سیاسی و دیبلۆماسییان هەیە لەگەڵ ئێران، ئێران بە مافی خۆی دەزانێت کە ئەو وڵاتانە لە ژێر کۆنترۆڵی هەژموونی ئێراندا بن، هەر وڵاتێك هەوڵبدات هەژموونی خۆی بسەپێنیت لەو وڵاتانە ئەوا ئێران بە هەڕەشەی دەزانێت بۆ سەر خۆی (١٣)

- زۆنی فارسی زمان: جگە لە ئایین و ئایینزا کۆماری ئیسلامیی ئێران لە هەوڵی ئەوەدایە هەژموونی هەبێت بەسەر ئەو وڵاتانەی کە فارسی زمانن یان بە شێوەزارێك نزیك لە زمانی فارسییەوە ئاخاوتن دەکەن، وەکو ئەفغانستان و کۆمارەکانی ئاسیای ناوەڕاست و ڕەوەندی فارسی و ئێرانی لە وڵاتانی کەنداو کە سەدان ساڵە کۆچیان کردووە بۆ ئەو وڵاتانە، ئێران ئەم نزیکایەتییە لە زمان و کولتوور بەکاردەهێنێت بەمەبەستی سەپاندنی

هەژموونـــی خـــۆی بەســـەر ئـــەو وڵاتانـــە (١٤)

لـە لایەکـی دیکـەوە کۆمـاری ئیسلامیـی ئێـران لەهەوڵـی ئەوەدایـە هەژموونـی خـۆی بەسـەر چەندیـن نەتـەوەی دراوسـێ ئێـران بسـەپێنێت لـە ژێـر ناونیشـانی ئێرانشـەهری وەکـو کـورد و ئەفغـان بەنـاوی نەتـەوە ئارياييـەکان(١٥)

- زۆنـی مێژوویـی: ئێـران لـە هەوڵـی ئەوەدایـە کـە هەژموونـی هەبێـت بەسـەر ئـەو ناوچانـە کـە پێـشتر بەشـێك بـوون لـە ئیمپراتۆریەتـە فارسـییەکان، کـە کۆنترۆڵـی بەشـێکی بەرفروانـی لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کـردووە(١٦)

زۆنە ژێدەرییە دژەکانی ئێران

لـە بەرامبـەر زۆنـە ژێدەرییـەکان ئێـران ژمارەیـەك دەوڵەتـی زلهێـز و هەرێمایەتـی هـەن کـە هاوهەژموونـن لەگـەڵ ئێـران لـە ژمارەیـەك ناوچـە و دەوڵـەت، ئـەم وڵاتانـە کێبرکـێ دەکـەن لەگـەڵ ئێـران لـە سـەپاندنی هەژموونیـان لەسـەر ئـەو ناوچانـە، هەمـووان ڕکابەرێتـی یـەکتری دەکـەن لـە هەژموونیـان لەسـەر ئـەو ناوچانـە بەهـۆی ئـەوەش کێشـەی بـەردەوام هەیـە لـە نێـوان کۆمـاری ئیسلامیـی ئێـران لەگـەڵ ئـەو وڵاتانـە.

**یەکەم: زۆنی ژێدەری عەرەبی:**

ژمارەیـەك وڵاتـی عەرەبـی هاوهەژموونـن لەگـەڵ ئێـران، ڕکابەرێتـی ئێـران دەکـەن لەسـەر کـۆنترۆڵ کردنـی هەندێـك ناوچـە کـە هـەردوولا لـە هەوڵـی کۆنترۆڵ کردنیـن، سـنووری هەژموونیـان وڵاتـە عەرەبـی و ئیسلامـی و ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت دەگرێتـەوە.

١- زۆنـی ژێـدەری سـعودی: عەرەبسـتانی سـعودی وەکـو وڵاتیکـی ئیسلامـی و عەرەبـی و کەنـداو چەندیـن بازنـەی زۆنـی ژێـدەری هەیـە: -

- زۆنـی ژێـدەری ئیسلامـی: عەرەبسـتانی سـعودی بەهـۆی بوونـی شـوێنە پیـرۆزەکان وەکـو مەککـە و مەدینـە و سـازکردنی ڕێوڕەسـمی حەجـی مسـوڵمانان، بۆتـە خـاوەن پێگەیەکـی گـەورە لـە نـاو مسـوڵمانان و خـاوەن هەژموونێکـی گـەورە هەیـە لەسـەر هەمـوو وڵاتـە ئیسلامییـەکان و هەمـوو مسـوڵمانانی جیهـان.

- زۆنـی ژێـدەری سـوونی: عەرەبسـتانی سـعودی بەهـۆی بوونـی ڕێبـازی سـەلەفی - سـوونی کـە دەسـەڵاتدارە لـە عەرەبسـتانی سـعودی ئـەو وڵاتـە بـووە

بە یەکێك لە سەنتەرەکانی مسوڵمانی سوونە لە جیهاندا و هەژموونی هەیە بەسەر هەموو وڵاتە سوونەکان لە هەموو جیهاندا(١٧)

- زۆنی ژێدەری عەرەبی: پاش پاشەکشێ عێراق لە ساڵی ١٩٩٠ و میسر لە دوای ڕێکەوتننامەی کامپ دیڤید لە ساڵی ١٩٧٨ عەرەبستانی سعودی وەکو دەوڵەمەندترین وڵاتی عەرەبی لە ڕووی ئابوورییەوە بوو بە بەهێزترین وڵاتی عەرەبی و خاوەنی هەژموونێکی گەورەیە بەسەر هەموو وڵاتە عەرەبییەکان(١٨).

- زۆنی ژێدەری کەنداو: عەرەبستانی سعودی گەورەترین وڵاتی کەنداوە لە ڕووی ڕووبەر و لە ڕووی دانیشتوان و لە ڕووی ئابوورییەوە، بۆیە هەژموونی هەیە بەسەر سەرجەم وڵاتانی کەنداو (١٩)

٢- زۆنی ژێدەری قەتەری: سەرەڕای ئەوەی قەتەر یەکێکە لە وڵاتە بچووکەکان، بەڵام خاوەن ئابوورییەکی بەهێزە ئەمەش دەرەفەتی بەقەتەر بەخشیوە کە ڕۆڵێکی بەرچاو ببینێت لەسەر ئاستی وڵاتانی ناوچەکە و کاریگەری زۆر بەهێزی هەبێت لەسەر ئاستی ناوچەکە و خاوەن چەندین زۆنی ژێدەرییە: -

- زۆنی ژێدەری عەرەبی: وڵاتی قەتەر هەژموونی هەیە بەسەر سەرجەم وڵاتە عەرەبییەکان بێ جیاوازی و ئەمەش بە ڕوونی دەرکەوت لە کاتی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی کە قەتەرە کاریگەری ڕاستەوخۆی هەبوو لەسەر هەڵگیرسانی زۆربەی شۆڕشەکانی بەهاری عەرەبی(٢٠)

- زۆنی ژێدەری ئیسلامی: وڵاتی قەتەر خاوەن هەژموونێکی گەورەیە لەسەر وڵاتە ئیسلامییەکان و ڕۆڵی گەورەی هەیە، بەتایبەتی لە پرسەکانی تایبەت بە قاعیدە و بزووتنەوەی تاڵیبان و نێوەندگیری لەگەڵ بزووتنەوەی چەکدارە ئیسلامییەکان لە جیهاندا، لە لایەکی دیکەوە بەهۆی باکگراوندی ئیخوانی قەتەر جیاواز لە وڵاتانی کەنداو قەتەڕ هەژموونی هەیە بەسەر سەرجەم وڵات و پارتە ئیخوانییەکان لەسەر ئاستی جیهان (٢١)

- زۆنی ژێدەری عێراقی: عێراق لەگەڵ هاتنی حیزبی بەعسەوە بۆ دەسەڵات لە ساڵی ١٩٦٨ و تا ساڵی ١٩٩٠ خاوەن هەژموونێکی زۆر گەورە بوو

لەسەر سەرجەم وڵاتە عەرەبییەکان و یەکێك بوو لە وڵاتە عەرەبییەکان کە هەژموونی هەبوو بەسەر سەرجەم وڵاتە عەرەبییەکان، بەڵام پاش داگیر کردنی کوێت لە ساڵی ١٩٩٠ و ڕووخانی ڕژێمی بەعس لە ٢٠٠٣ عێراق پێگەی خۆی لەدەستدا وەکو وڵاتێکی خاوەن هەژموون سەرەڕای ئەوەی خاوەن پێگەیەکی بەهێزە و توانای ئەوەی هەیە ببێتە وڵاتێکی خاوەن هەژموون و زۆنی ژێدەری جۆراو و جۆر، بەڵام عێراق دەوڵەتێکی جیۆپۆلتیکی نێگەتیڤە واتە دەوڵەتێکە خاوەن توانایەکی جیۆپۆلتیکین، بەڵام نەیانتوانیوە سوود لە تواناکانیان وەربگرن (٢٢).

٣-زۆنی ژێدەری میسری: میسر یەکێکە لە گەورەترین وڵاتانی عەرەبی لە ڕووی دانیشتوانەوە و ڕۆڵی سەرەکی هەیە لە جیهانی عەرەبی و خاوەن چەندین زۆنی ژێدەرییە:

- زۆنی ژێدەری عەرەبی: میسر یەکێکە لە وڵاتە عەرەبیەکان کە زۆرترین کاریگەری هەیە لەسەر ڕێکخراوی کۆمکاری عەرەبی هەیە، لەپەنجاکان و شەستەکانی سەدەی ڕابردوو ڕابەرایەتی هەموو جیهانی عەرەبی دەکرد، لە ئێستاشدا بەهۆی پێگەی ستراتیژی میسر بەهێزە و هێزە سەربازییەکانی هەژموونێکی سنوورداری هەیە بەسەر وڵاتە عەرەبییەکان بەتایبەتی وڵاتانی دراوسێی میسر و وڵاتانی کەنداو

- زۆنی ژێدەری ئەفریقی: میسر یەکێکە لە وڵاتە عەرەبییەکانی کە هەژموونێکی سنوورداری هەیە بەسەر وڵاتە ئەفریقییەکان.

-زۆنی ژێدەری دەریای ناوەڕاست: میسر هەژموونی هەیە بەسەر وڵاتانی دەریای سپی ناوەڕاست بەهۆی کۆنترۆڵ کردنی نۆکەندنی سویس کە کاریگەری هەیە بەسەر ئەو وڵاتانی کە لەسەر دەریای سپی ناوەڕاستن.(٢٣)

٤-زۆنی ژێدەری ئیماراتی: بەهۆی بوونی وەکو وڵاتێکی خاوەن ئابوورییەکی بەهێز و بوونی وەکو سەنتەرێکی بازرگانی نێودەوڵەتی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ئیماراتی عەرەبی یەکگرتوو یەکێکە لە وڵاتە عەرەبییەکانی کە خاوەن هەژموونێکی گەورەیە لە ناوچەکە و لە جیهاندا، وخاوەن چەندین زۆنی ژێدەرییە: -

-زۆنـی ژێـدەری عەرەبـی: ئـیمارات خـاوەن هەژموونێکـی زۆر گەورەیـە لەسـەر هەمـوو وڵاتـە عەرەبییـەکان

- زۆنـی ژێـدەری کەنـداو: پـاش عەرەبسـتانی سـعودی ئیماراتـی عەرەبـی یەکگرتـوو دووهـەم بەهێزتریـن وڵاتـە لـە وڵاتانـی کەنـداو و کاریگـەری زۆر بەهێـزی هەیـە لەسـەر وڵاتانـی کەنـداو

- زۆنـی ژێـدەری ئیسلامـی: بـە هەماهەنگـی لەگـەڵ عەرەبسـتانی سـعودی ئیماراتـی عەرەبـی یەکگرتـووە ڕۆڵێکـی گەورەیـان هەیـە لـە ڕووبەرووبوونـەوەی هەژموونـی شـیعە و ئیخـوان لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت، بۆیـە هەژموونێکـی گـەورەی هەیـە لەسـەر هەمـوو وڵاتـە ئیسلامییـەکان و مسـوڵمانان (٢٤)

دووهەم: زۆنی ژێدەری تورکی:

تورکیـا یەکێکـە لـە وڵاتـە گـەورەکان لـە ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کـە خـاوەن توانایـکـی ئابـووری و سـەربازی و تەکنەلـۆژی و دیبلۆماسـی و سیاسیە، کاریگـەری زۆری هەیـە لەسـەر چەندیـن ناوچـە لـە جیهانـدا، چەندیـن زۆنـی ژێدەریـی هەیـە:

-زۆنـی ژێدەری ئیسلامـی: کۆمـاری تورکیـا خـاوەن هەژموونێکـی زۆر گەورەیە لەسـەر وڵاتـە سـوونەکان، یەکێکـە لـە جەمسـەرە سـەرەکییەکانی مسـوڵمانە سـوونەکان لـە جیهانـدا، بەهاوبەشـی لەگـەڵ عەرەبسـتانی سـعودی ڕابەرایەتـی مسـوڵمانانی سـوونە دەکـەن لـە جیهانـدا(٢٥)، بەهەمـان شـێوە کاریگـەری هەیـە لەسـەر سـەرجەم پارتـە ئیخوانییـەکان لـە جیهانـدا بەهـۆی دەسـەڵاتی پارتـی داد و گەشـەپێدان لـە تورکیـا کـە لـە ئێسـتادا ڕابەرایەتـی ئیخوانیـزم دەکات لـە جیهانـدا، ڕۆڵـی بەرچـاوی هەبـوو لـە شۆڕشـەکانی بەهـاری عەرەبـی و سەرخسـتنی ئیخوانـەکان لەسـەرجەم وڵاتـە عەرەبییـەکان(٢٦).

٢-زۆنـی ژێـدەری تـورك زمـان: تورکیـا خـاوەن زۆنێکـی ژێـدەری تورکیـە و سـەرجەم وڵات و ناوچـەکان دەگرێتـەوە کـە بەزمانـی تورکـی یـان شـێوازە تورکییـەکان ئاخاوتـن دەکـەن، کـە هەمـوو وڵاتانـی ئاسـیای ناوەڕاسـت و ئازەربەیجـان و هەرێمـی سـنگیانگی چینـی دەگرێتـەوە، هەژموونـی هەیـە بەسـەر کەمایەتـی تـورك زمانـەکان لـە هەریـەك لـە ئێـران و عێـراق و سـووریا

و ئەفغانستان و قوبرس و بولگاریا... هتد (٢٧)

٣- زۆنی ژێدەری دراوسێ: تورکیا خاوەن هەژموونە بەسەر هەموو وڵاتانی دراوسێ بەهۆی ئەوەی بەهێزترین وڵاتە لە ئاستی وڵاتانی دراوسێ، جگە لەوەی هەژموونی هەیە بەسەر وڵاتانی لەسەر دەریای ڕەش بەهۆی ئەوەی تورکیا کۆنترۆڵی دەرچەی دەریای ڕەش دەکات بەرەو ڕووی هەموو جیهان، هەژموونی هەیە بەسەر وڵاتانی دەریای سپی ناوەڕاست وەکو یەکێکە لە وڵاتە بەهێزەکانی سەر دەریای سپی، هەروەها هەژموونی هەیە لەسەر دەریای سپی بەتایبەتی خۆرهەڵاتی دەریای سپی(٢٨)

٤- هەژموونی مێژوویی: تورکیا هەژموونی هەیە بەسەر سەرجەم ئەو وڵاتانەی کە پێشتر لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی عوسمانی بوون لە هەرسێ کیشوەری ئاسیا و ئەفریقا و ئەوروپا، تورکیا کە خۆی بەمیراتگەری دەوڵەتی عوسمانی دەزانێت پێی وایە مافی هەیە دەستێوەردان ئەنجامبدات لەسەرجەم ئەو ناوچانەی کە پێشتر لە ژێر کۆنترۆڵی دەوڵەتی عوسمانیدا بوون (٢٩)

## سێ: زۆنی ژێدەری ڕووسی

پاش ڕووخانی یەکێتی سۆڤیێتی پێشوو و سەربەخۆ بوونی کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیێت لە ساڵی ١٩٩١ کۆمەڵێك لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیێت سەربەخۆبوونی خۆیان ڕاگەیاند،، کۆماری ڕووسیای فیدراڵ یەکێك بوو لەو دەوڵەتانە. بەڵام لەگەڵ گەیشتنی ڤلادیمیر پۆتین بۆ سەرۆکایەتی ڕووسیا و بەهێزبوونەوەی ڕووسیا لە ڕووی سەربازی و ئابووری و سیاسی قۆناغی هەڵسانەوەی ڕووسیا دەستپێکرد، کە قۆناغێکی نوێ بوو و تیایدا پۆتین لە ژێر کاریگەری تیوەرەکانی بیرمەندی ڕووسی ئەلیکسەندر دۆگین دەستیکردەوە بە دووبارە بونیادنانی ستراتیجیایەکی نوێ بۆ ڕووسیا بەمەبەستی دووبارە دروستکردنی هەژموونی ڕووسیا بەسەر کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیێتی پێشوو و ڕۆژهەڵاتی ئەورووپا لەژێر ناوی ئۆراسیای نوێ لە ژێر چەتری ستراتیجیای ڕووسیا(٣٠)، زۆر بە توندی دژی هەر هەوڵێك دەوەستێتەوە کە هەر یەکێك لەو وڵاتانە دژی سیاسیەتی ڕووسیا بێت وەکو

ئـەوەی ڕوویـدا لـە جۆرجیـا و ئۆکرانیـا، بەپێـی سیسـتەمی (دراوسـێی نزیـك) کـە ڕووسـیا بەکاریدەهێنێـت بـۆ ئـەو وڵاتانـە (٣١)

لـە لایەکـی دیکـەوە بەمەبەسـتی گەیشـتنی ڕووسـیا بەخەونـە مێژووییەکـەی بـە گەیشـتنی بـە دەریـا گەرمەکـەکان، ڕووسـیا هەژموونـی خـۆی سـەپاند بـە سـەر وڵاتانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت و باشـووری ئاسـیا کـە پێـی وایـە بەشـێکن لەبەرژەونـدی بـاڵای ڕووسـیا

## چوارەم: زۆنی ژێدەری ئەمریکا:

ئەمریـکا وەکـو وڵاتێکـی سـوپەر پـاوەر هەمـوو جیهـان بـە زۆنـی ژێـدەری خـۆی دەزانێـت، بەهـۆی ئـەوەی ئەمریـکا خـاوەن هێزێکـی گەورەیـە لـە هەمـوو بوارەکانـی سیاسـی و دیبلۆماسـی و ئابـووری و سـەربازی.. هتد، بۆیە دەسـتێوەردان لەهەمـوو جیهـان ئەنجـام دەدات و هەژموونـی هەیـە بەسـەر هەمـوو جیهانـدا، بەتایبەتـی پـاش ڕووخانـی یەکێتـی سـۆڤێتی پێشـوو لەسـاڵی ١٩٩١(٣٢). بـەڵام سـەرەڕای ئـەوەش هەندێـك ناوچـە هەیـە بـۆ ئەمریـکا گرنگـی تایبەتـی هەیـە وەکـو هـەردوو کیشـوەری ئەمریـکای باکـوور و باشـوور، بەپێـی بنەمـای مۆنـرۆ (٣٣)، ناوچـەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت بەهـۆی ئـەوەی سـەرچاوەی وزەی جیهانـە و بوونـی ئیسرائیـل و ڕێڕەوییـە بازرگانییـە جیهانییـەکان، کیشـوەری ئەورووپـا کـە پشـتێنەی پاراسـتنی ئۆقیانوسـی ئەتڵەسـیە و ژاپـۆن و کۆریـای باشـوور و تایـوان و فلیپیـن و ئوسترالیـا کـە پشـتێنەی پاراسـتنی زەریـای ئارامـن

## بەریەککەوتنی زۆنە ژێدەرییەکان

سـەرجەم کێشمەکێشـمەکان لـە جیهانـدا لـە ئەنجامـی بەریەککەوتنـی زۆنـە ژێدەرییەکانـە، کاتێـك دوو یـان زیاتـر زۆنـی ژێـدەری هەبێـت لـە یـەك ناوچـە یـان دەوڵەتێـك ئـەوا کێبڕکـێ دروسـت دەبێـت لـە نێوانیـان لەسـەر کـۆنترۆڵ کردنـی ئـەو ناوچەیـە و لایەنێـك سـەرکەوتوو دەبێـت لـە کـۆنترۆڵ کردنـی ئـەو ناوچەیـە

کۆمـاری ئیسلامیـی ئێـران تووشـی بەریەککەوتـن بـوو لەگـەڵ وڵاتانـی زلهێـز و هەرێمایەتییـەکان لـە سـەرجەم ناوچەکانـی هەژموونـی ئێـران

لە ئاسیای ناوەڕاست بەریەککەوتنی بۆ دروستبوو لەگەڵ زۆنی ژێدەری تورکیا - ڕووسیا -ئەمریکا، لە کەنداو بەریەککەوتنی بۆ دروستبوو لەگەڵ زۆنی ژێدەری ئەمریکی -سعودی - ئیماراتی، لە کەرتی غەززە بەریەککەوتنی بۆ دروستبوو لەگەڵ زۆنی ژێدەری تورکی - میسری - سعودی - قەتەری، لە ئەفغانستان بەریەککەوتنی بۆ دروستبوو لەگەڵ زۆنی ژێدەری ئەمریکی - قەتەری - تورکی- سعودی، لە پاکستان لەگەڵ زۆنی ژێدەری سعودی - ئەمریکی- چینی، لە لوبنان تووشی بەریەککەوتن بوو لەگەڵ زۆنی ژێدەری سعودی - فەرەنسی - ئەمریکی، لە سووریا تووشی بەریەککەوتن بووە لەگەڵ زۆنی ژێدەری تورکی - ئەمریکی - ڕووسی- سعودی - ئیماراتی - قەتەری، لە عێراق بەریەککەوتنی بۆ دروستبووە لەگەڵ زۆنی ژێدەری ئەمریکی - تورکی - سعودی - ئیماراتی - قەتەری، لە ئەرمینیا تووشی بەریەککەوتنی بوو لەگەڵ زۆنی ژێدەری ڕووسی- فەرەنسی، لە یەمەن تووشی بەریەککەوتن بوو لەگەڵ زۆنی ژێدەری ئەمریکی - میسری- سعودی - ئیماراتی، لە ئازەربایجان تووشی بەریەککەوتن بووە لەگەڵ زۆنی ژێدەری تورکی- ڕووسی، لەهەرێمی کوردستان تووشی بەریەککەوتن بوو لەگەڵ زۆنی ژێدەری ئەمریکی - تورکی - ئەورووپی

بۆیە ئابلۆقەی زۆنە ژێدەرییەکان بۆتە هۆی تووشی شکست یان پاشەکشێ زۆر گەورە بێتەوە لە زۆربەی زۆنە ژێدەرییەکانی ئێران، ئەمەش بەهۆی ئەوەی سەرجەم زۆنە ژێدەرییەکانی ئێران زۆنی ژێدەری وڵاتی دیکەیە کە هەندێکیان زۆر بەهێزترین لە ئێران، تەنها ئێران لەزۆنی ژێدەری شیعەدا سەرکەوتوو بووە، لەکاتێکدا شیعە تەنها لە چوار وڵاتدا زۆرینەی دانیشتوانە (ئێران - عێراق - ئازەربایجان - بەحرین)، لە وڵاتەکانی دیکەدا شیعە کەمینەن، بەهۆی زاڵ بوونی شیعەگەرایەتی بەسەر سیاسەتی ئێران نەیتوانیوە وەکو پێویست سوود لە زۆنی ژێدەری فارسی و ئیسلامی و ئێرانشەهری و مێژوویی وەربگرێت

ئەو ئابلۆقەیەی کە لەسەر ئێران دراوە لە لایەنی هێزە جیهانییەکان وەکو ئەمریکا و ڕووسیا و تورکیا و عەرەبستانی سعودی و جیهانی عەرەبی،

کاردەکەن لەسەر ڕێگریکردن لە پرۆژەکانی ئێران لە ناوچەکە و جیهان، بۆ نمونە بنکە سەربازییەکانی ئەمریکا لە هەریەك لە عێراق و سووریا و کەنداو و قەرغیزستان و پاکستان و ئۆزبەکستان و تورکیا، شکاندنی هەژموونی ڕووسیا نوێ لەسەردەمی ڤلادیمیر پۆتین و شکاندنی هەژموونی تورکی لە کۆمارەکانی یەکێتی سۆڤیێتی پێشوو لە باشووری ڕووسیا و قەوقاز و ئاسیا ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، پشتێنەی عەرەبی - کەنداو - سوونە کە زۆر پابەندن بە ئایینزای سوونەوە، ژمارەیەك دەوڵەت لە خۆدەگرێت کە هێزێکی سەنتەراڵی و گەورەن لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەکو شورایەك وان لەبەردەم پرۆژەی کۆماری ئیسلامیی ئێران وەکو وڵاتانی کەنداو و ئوردون و میسر(٣٤)

## نمونەکانی بەریەککەوتنی زۆنی ژێدەری ئێرانی لەگەڵ وڵاتانی دیکە

چەندین نمونەی زیندوو هەیە لەسەر بەریەککەوتنی زۆنە ژێدەرییەکانی ئێران و وڵاتانی دیکە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا هەیە، بۆنمونە جەنگی ئەرمینیا و ئازەربایجان لە نێوان زۆنی ژێدەری تورکی و ئێرانی، ڕووخانی ڕژێمی بەشار ئەسەد و هەڵهاتنی و سەرکەوتنی هەژموونی تورکیا لە سووریا(٣٥)، سەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکانی بەحرین لە لایەن وڵاتانی کەنداو بەسەرۆکایەتی عەرەبستانی سعودی و ئیماراتەوە کە بەریەککەوتنی ئێران بوو لەگەڵ عەرەبستانی سعودی و ئیمارات(٣٦)، کردنەوەی کۆریدۆری زەنگەزور کە ڕێکەوتنی هەردوو تورکیا و ڕووسیا بوو دژی هەژموونی ئێران لە ئاسیای ناوەڕاست و قەوقاز (٣٧) و جەنگی عاسفە حەزم لە لایەن عەرەبستانی سعودی و ئیمارات و میسر و وڵاتە عەرەبییەکان دژی حووسیەکانی یەمەن(٣٨)، پاڵپشتی عەرەبستانی سعودی و فەرەنسا و ئەمریکا لە نەیارەکانی حزبوڵڵای لوبنانی(٣٩)، ڕۆڵی میسری - قەتەری لە کەرتی غەززە لە میانی جەنگی ئیسرائیل و کەرتی غەززە(٤٠)، ناکۆکییەکانی نێوان حکومەتی عێراقی و هەرێمی کوردستان لە نێوان زۆنی ژێدەری ئێرانی لەگەڵ زۆنی ژێدەری ئەمریکی - تورکی- ئەورووپی

## ئەنجام

کۆماری ئیسلامیی ئێران سەرەڕای ئەوەی خاوەن هەژموونێکی بەرفراوانە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهاندا، خاوەن ستراتیژیایەکی گەورەیە بەمەبەستی دەرکەوتن وەکو دەوڵەتێکی زلهێز لە ناوچەکە و جیهان، پاراستنی بەرژەوندییە باڵاکانی ئێران و خزمەتکردنی سیاسەتەکانی بەڵام ڕووبەڕووی هەژموونی و زۆنی ژێدەری وڵاتانی دیکە دەبێتەوە ئەمەش تواناکانی ئێران بۆ بەرفراوانبوونی هەژموونی سنووردار دەکات و تووشی بەریەککەوتنی بەردەوامی دەکات لەگەڵ دۆست و دوژمنەکانی.

## لیستی پەراوێز و سەرچاوەکان

(1) Holocaust Encyclopedia

(٢) سموحي فوق العادة، معجم الدبلوماسية و الشؤون الدولية، مكتبة لبنان، بيروت , ,١٩٧٤ص٤.

(٣) بيتر تايلور و كولن فلنت، الجغرافية السياسية لعالمنا المعاصر، ترجمة: عبد السالم رضوان، ج١، ط٢، المجلس الوطني للثقافة و الفنون و آلداب، الكويت,١٩٧٨,ص١٠٤_١٠٥.

(٤) سيار كوكب جميل، المجال الحيوي للخليج العربي، دراسة جيوسياسية، مركز الامارات للدراسات و البحوث الاستراتيجية، سلسلة دراسات استراتيجية، العدد )٨٥(، ,٢٠٠٣ص٥٢.

(٥) احمد عطية الله، القاموس السياسي، دار النهضة العربية، القاهرة ,١٩٦٨، ص١٢٢٦.

(6) Stephen J. Lee. Europe, 1890-1945. P. 237.

(7) Murray Low; Kevin R Cox; Jennifer Robinson (27 December 2007). The SAGE Handbook of Political Geography. SAGE. pp. 462–463.

(٨) د.عبد السميع رمضان حسين عبد الوهاب، المجال الحيوي لدولة إيران
دول الجوار الجغرافي نموذجا(«دراسة جيوبوليتيكية)، العدد( ٢٦) ٢٠٢٢،ص ١١٠٩-١١١١

(٩) د.عبد السميع رمضان حسين عبد الوهاب، المجال الحيوي لدولة إيران
دول الجوار الجغرافي نموذجا(«دراسة جيوبوليتيكية)، العدد( ٢٦) ٢٠٢٢،ص ١٠٧٩.

(١٠) الدستور الايراني

(١١) عمار مرعي الحسن، التنافس التركي الايراني علي العراق بعد ٢٠٠٣، بغداد دار

الكتب العلمية، ط ١، ٢٠١٤،ص٢٩
(١٢) عبدالرؤوف الغنيمي، فراس الياس، المشروع الجيوسياسي الايراني و الامن الاقليمي، الرصانة، ٢٠٢٢، ص٤٢-٤٣
(١٣) د.عبد السميع رمضان حسين عبد الوهاب، المجال الحيوي لدولة إيران
دول الجوار الجغرافي نموذجا(«دراسة جيوبوليتيكية)، العدد( ٢٦) ٢٠٢٢،ص ١١١٧-١١٣٦
(١٤) د.عبد السميع رمضان حسين عبد الوهاب، المجال الحيوي لدولة إيران
دول الجوار الجغرافي نموذجا(«دراسة جيوبوليتيكية)، العدد( ٢٦) ٢٠٢٢،ص ١١٣٠
(١٥) هەورامان فەریق، چەمکناسی: ئێرانشەهری،گۆڤاری ئێرانناسی، ژمارە٤ تەمووزی ٢٠٢٢،ل١٤٢
(16) Shapour Ghasemi, History of Iran, Safavid Empire 1502 – 1736
(17) Kepel, Gilles (2002). Jihad: The Trail of Political Islam. trans. Anthony F. Roberts, p.72
(١٨) خالد الدخيل بروز الدور السعودي في إطار النظام العربي الراهن، مجلة الدراسات الفلسطينية، المجلد، ١٨ العدد ٧٢، ٢٠٠٧، ص ٥
(١٩) لينا الخطيب، معهد كارنيغي، الدور السعودي النافذ في الخليج و الشرق الأوسط، ٢٠١٥.
(٢٠) عدنان كاظم جبار الشيباوي، سارة جباركريم الغزالي، محفزات و محددات الدورالاقليمي لدولة قطرفي الشرق الاوسط دراسة في الجغرافية السياسية، مجلة اوروك - المجلد التاسع - العدد الرابع، ص١٥٠-١٥٨
(٢١) رانج علاء الدين، تانر مانلي، قطر تبني على دورها كوسيط في الصراعات لتوسيع نفوذها الجيوسياسي،مجلس الشرق الاوسط للشؤون الدولية، ٢٠٢٣
(٢٢) مجموعة مؤلفين، الحواف الحادة في جيوبولتيك العراق مع الممرات البرية،مركز دانة لتحليل السياسات و الاستشارات، ٢٠٢٤، ص٥٧
(٢٣) محمد هادي النجداوي، الدور الإقليمي لمصر (سيناريوهات ما بعد الثورة) منشورات مؤسسة خالد الحسن مركز الدراسات و الأبحاث،٢٠١٣.
(٢٤)د. كرار البديري، الدور الاماراتي في صراعات الشرق الاوسط، مركز المستقبل للدراسات الاستراتيجية، ٢٠١٦.
(٢٥) غراهام فولر، الجمهورية التركية الجديدة، تركيا كدولة محورية في العالم الاسلامي، مركز الامارات للدراسات و البحوث الاستراتيجية،٢٠٠٩
(٢٦) العلاقة التركية الإخوانية.. الواقع و المستقبل /https: //www.skynewsarabia.com ١٤٢٩٠٨١/blog

(٢٧) غـــدى حســن قنديــل، التنافــس التركــى-الايرانــى فــى آسيــا الوسطــى،مجله الدراســات الايرانيه،السنه السادسه - العــدد الخامس عشر - أبريـل ٢٠٢٢،ص٨٠

(٢٨) احمـد سـليمان سـالم الرحاحلـة، الـدور التركي الجديـد في منطقـة الشرق الأوسـط «الفـرص و التحديـات، رسـالة ماجسـتير، جامعـة الشرق الأوسـط، ٢٠١٤.

(٢٩) أحمـد علي جلال، عبدالعـال عبـد الرحمـن الديـربي، محمـد شـاكر محمـد، أثـر التدخـل التركي في المنطقـة العربيـة على ألمـن القومـي العـربي: دراسـة حالـة الـفترة مـن ٢٠٢١-٢٠١١، مجلـة كليـة السياسـة و الاقتصـاد - العـدد الثـاني و الـعشرون - أبريـل ٢٠٢٤، ص٢٧

(٣٠) میـران حسـێن، کۆریـدۆری زنگـزور؛ گورزێکـی ستراتیجیـی لـە ئێـران، وەرزنامـەی ئێرانناسـی ژمـارە (١٣)، سـاڵی چـوارەم، کانونـی یەکـەم ٢٠٢٤

(٣١) زهراءكريـم حسـين، المجـال الحيـوى لروسـيا الاتحاديـه بعـد ٢٠١٢ الفـرص و التحديـات - رسـالة ماجسـتير - جامعـة الكوفـه - ٢٠٢٣، ص٦٩.

(٣٢) بلعريـف رشي، اسـتاراتيجية الهيمنـة الامريكيـة العالميـة: الادوات و التداعيـات، مجلـة الاكاديميـة للدراسـات الاجتماعيـة و الانسـانية، المجلـد ١٤، العـدد، ٠١، ٢٠٢٢.

(٣٣) زيـنـب حسـن عبـد اسـود، التوسـع الامـريكي في القـارة اللاتينيـة و فـق مبـدأ مونـرو و سياسـة العصـا الغليظـة و سياسـة دبلوماسـية الـدولار، ١٨٣٣-١٩١٣، مـجلــــة العلـــوم الانسـانية /كليـة التربيـة للعلـوم الانسـانية / المجلـد /٢٢العـدد الرابـع كانـون اول ٢٠٢٠

(٣٤) سـعيد رفعـت، حسـابات السياسـه العربيـه و علاقاتهـا بالتطـورات الجاريـه بالمنطقـه، مجلـة الشـؤون العربيـة العـدد ١٣٢، امانـة الجامعـة العربيـة، ص ٧

(٣٥) تركيا و مهمة ملء الفراغ العسكري الإيراني في سوريا
/www.aljazeera.net/politics/2025/2/11

(٣٦) د. عبدالسـتار الـراوي، جمهوريـة البعـد الواحـد، التـدخلات الايرانيـة في البحريـن، ٢٠١٦

(٣٧) میـران حسـێن، کۆریـدۆری زنگـزور؛ گورزێکـی ستراتیجیـی لـە ئێـران، وەرزنامـەی ئێرانناسـی ژمـارە (١٣)، سـاڵی چـوارەم، کانونـی یەکـەم ٢٠٢٤

(٣٨) عبـد الباقي شمسـان،اليمن مـا بعـد عاصفـة الحـزم، مجلـة دراسـات عربيـة، العـدد ١٤، أيـار ٢٠١٥.

(٣٩) دوافع الدعم العسكري الغربي للجيش اللبناني
، futureuae.com/tar/Mainpage/Item/4095

(٤٠) ملامح الدور المصري لإنهاء الحرب على غزة



# سیاسەتی دەرەوەی ئێران؛
# بنەما و ڕەهەندەکانی

توێژەر: بەختیار ئەحمەد ساڵح



## پوختە

ئاڵۆزییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران زۆرجار لە هۆکارە مێژوویی، ئایدیۆلۆژی و جیۆپۆلەتیکییەکانەوە سەرچاوە دەگرێت و لە سیاسەتەکانی لە ناوچەکەدا ڕەنگ دەداتەوە. شیکردنەوەی ئەم ئاڵۆزییانە پێویستی بە ڕێبازێکی فرەلایەن هەیە، بە لەبەرچاوگرتنی نەک تەنیا گێڕانەوەی شۆڕشگێڕانەی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەڵکو پێویستە کاریگەریی کارەکتەرە دەرەکییەکان و دینامیکی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانیش لەبەرچاو بگیرێت. تێگەیشتنێکی ورد لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران بۆ داڕێژەرانی سیاسەت زۆر گرنگە، چونکە هەم سەقامگیری ناوچەکە و هەم چوارچێوەی ئاسایشی جیهانی لە قاڵب دەدات. لێکدانەوەی هەڵە دەتوانێت لەبری پەرەپێدانی گفتوگۆیەکی بنیاتنەرانە، ببێتە هۆی سیاسەتی هەڵە و پەرەپێدانی گرژییەکان. لە چوارچێوەی گۆڕانی خێرای ڕووداوە سیاسییەکانی جیهاندا، پێویستی شیکردنەوەی ئامانجە ستراتیژییەکانی ئێران لە هەموو کاتێک پێویستترە.

## بەرایی

عەلی خامنەیی ڕابەری باڵای ئێران لە وتارێکدا لە ٢٠ی ئایاری ٢٠٢٣ سیاسەتی نوێی دەرەوەی ئێرانی خستەڕوو کە جەخت لەسەر دوو ئاڕاستەی سەرەکی دەکاتەوە: یەکەم، کەمکردنەوەی فشارە نێودەوڵەتییەکان، دووەم، بەردەوامبوونی کاریگەریی ناوچەیی و فراوانکردنی قووڵایی ستراتیژی(١). بە لێکۆڵینەوە لەم وتارە دەتوانین گۆڕانکاری و بەردەوامیی سیاسەتەکانی دەرەوەی ئێران شیبکەینەوە و لێکەوتەکانی لە سەر ئاستی ناوچەیی و نێودەوڵەتیدا بەدیبکەین

وتارەکەی خامنەیی ئەوە دەردەخات کە ئێران بەردەوامە لە جەختکردنەوە لەسەر بنەما ئایدیۆلۆژییەکانی، بەڵام لە هەمانکاتدا سیاسەتی پراگماتیکیش بۆ کەمکردنەوەی فشارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان پەیڕەو دەکات. ئەم ئاڵوگۆڕانە زۆرتر تاکتیکین و نوێنەرایەتی گۆڕانێکی بنەڕەتی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا ناکەن. درێژەدان بە سیاسەتی دەستێوەردان لە ناوچەکە، پتەوکردنی

پەیوەندییەکان لەگەڵ چین و ڕووسیا و گرتنەبەری هەڵوێستی دوژمنکارانە لە دژی ئەمریکا، ئاماژەن بۆ ئەوەی کە سیاسەتی دەرەوەی ئێران وەک پێشتر بەردەوام دەبێت، هەرچەندە لە هەندێک حاڵەتدا ڕەنگە لە تارانەوە نەرمییەکی سنووردار بەدی بکرێت

خامنەیی لە ساڵی ٢٠٢١ەوە بە ڕاشکاوی ڕایگەیاندووە کە سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەلایەن دەزگا باڵاکانەوە دیاری دەکرێت نەک وەزارەتی دەرەوە. لە ئەنجامدا ڕۆڵی وەزارەتی دەرەوە لە دانوستانە گرنگەکانی وەک ڕێکەوتنی ٢٥ ساڵەی لەگەڵ چین و ڕێکەوتنی ئێران و سعودیە لە ساڵی ٢٠٢٣دا زۆر سنووردار بوو. ئەم دانوستانانە ڕاستەوخۆ لەلایەن دەزگا ئەمنییەکان و ڕاوێژکارانی خامنەیی وەک عەلی شەمخانی و عەلی لاریجانی بەڕێوەدەبرا(٢)

خامنەیی لە ساڵانی ڕابردوودا وەزارەتی دەرەوەی ئێرانی پەراوێز خستووە و کۆنترۆڵی سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی خستۆتە دەست دەزگاکانی ژێر چاودێری خۆی. ئەم ڕەوتە لە سەردەمی سەرۆکایەتی ئیبراهیم ڕەئیسیدا چڕتر بووەوە و دوای کۆچی دوایی ناوبراویش هەر بەردەوام بوو

لە ماوەی چەند ساڵی ڕابردوودا خامنەیی بە بەهێزکردنی دەزگاکانی ژێر دەسەڵاتی خۆی و پەراوێزخستنی وەزارەتی دەرەوە، کۆنترۆڵی تەواوەتی بەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا بەدەستهێنا. سیاسەتی بێمتمانەیی بە ڕۆژئاوا بەردەوامە لە ڕێنماییکردنی دیپلۆماسیەتی ئێران و گۆڕانکاری لە سەرۆک کۆماریشدا ئەم ڕێبازە ناگۆڕێت

## بنەما جێگیرەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران

سیاسەتی دەرەوەی کۆماری ئیسلامیی ئێران هەمیشە لە سەر سێ بنەمای سەرەکی بووە

١. ئایدۆلۆژیا و شوناسی نەتەوەیی: سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەسەر بنەمای تیۆری ویلایەتی فەقێ و شوناسی شیعەیە کە لە دەستووری وڵاتیشدا بەدامەزراوەیی کراوە. ئەم سیاسەتە جەخت لە بڵاوبووکردنەوەی ئایدۆلۆژیای شۆڕشی ئیسلامیی و پشتیوانی لە گرووپ و هێزە هاودیدەکانی لەناوچەکە دەکات.

٢. پشتیوانی لە بەرەی موقاوەمە: ئێران لە سیاسەتی دەرەوەی خۆیدا جەخت لەسەر پشتیوانی لە هێز و پارتەکانی وەک حیزبوڵڵا، حوسییەکان و حەماس دەکاتەوە و وەک بەشێک لە ستراتیجی تاران بۆ فراوانکردنی هەژموونی ناوچەیی خۆی

٣. پراگماتیزم شانبەشانی ئایدۆلۆژیا: لە کاتێکدا ئێران پێداگری لەسەر بنەما ئایدیۆلۆژییەکانی خۆی دەکات، لە کاتی قەیرانیشدا سیاسەتی پراگماتیک بەکاردەهێنێت. نموونەی ئەم ڕێبازە بریتین لە دانوستانی ئەتۆمی، پەیوەندی ئابووری لەگەڵ چین و ڕووسیا و تەنانەت پەیوەندی تاکتیکی لەگەڵ هەندێک وڵاتی ناوچەکە

## تێڕوانینێکی گشتی بۆ سیاسەتی دەرەوەی ئێران

ئاڵۆزییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران نەک هەر ڕەنگدانەوەی ڕەگ و ڕیشە مێژوویی و ئایدیۆلۆژییەکەیەتی بەڵکو وەڵامیشە بۆ ئەوەی لە دەوروبەری دەگوزەرێت. ستراتیژی ئێران خۆناساندنییەتی وەک زلهێزێکی ناوچەیی، کە هەوڵدەدات لە ڕێگەی فۆرمی جۆراوجۆری دیپلۆماسی و هێزە لە بریەکانییەوە لە سەرانسەری ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا جەختی لەسەر بکاتەوە. ئەم ڕەفتارە لەگەڵ چەمکی بەڕێوەبردنی هێزدا هاوتەریبە، کە تێیدا دەوڵەتەکان هەوڵدەدەن کایەی کاریگەری دروست بکەن و هاوسەنگی هێز بپارێزن. ئێران لە ژینگەیەکی جیۆپۆلەتیکی پڕ لە ئاڵنگاریدا دەژی، کە نەیارەکانی کار لەسەر گەمارۆدان و گۆشەگیرکردنی دەکەن، ئێرانیش لە بەرامبەردا ستراتیژییەکی فرەلایەنە پەیڕەو دەکات کە ئامانجی تێکدانی هەژموونی ڕۆژئاوا و بەهێزکردنی هێزە لەبرییەکانییەتی لەناوچەکە کە بە بەرەی موقاوەمە ناسراوە. بە گشتی تێکەڵەیەک لە فاکتەرەکانی وەک جوگرافیا، ئایین، نیگەرانییەکان لە یەکپارچەیی خاک، ئەزموونەکانی ڕابردوو، خواستی باڵادەستی ناوچەیی، دەستێوەردانی زلهێزەکانی جیهان و سیاسەتی ناوخۆیی ڕۆڵێکی یەکلاکەرەوەیان لە دارشتنی سیاسەتی دەرەوەی ئێراندا بینیوە (٣)

ئێران هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە پشتی بە زیاتر لە ڕەگەزێک

بەستووە تا مۆدێلە سیاسییەکەی سەرنجڕاکێشتر بکات بە شێوەیەک کە وا بکات قابلی قبووڵبێت، لەوانە قسەکردن بە ناوی ئیسلامی شۆڕشگێڕ، پشتیوانی لە بەرەی موقامەوە لە ناوچەکە و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ نەیارەکانی ئەمریکا. ئێران بە کەڵک وەرگرتن لە ئامرازە ئایدیۆلۆژی، ئابووری، کلتوری و بازرگانییەکانی کاری بۆ گەیشتن بەو ئامانجانە کردووە. ئەو ڕێکەوتنانەی کە لە نێوان ئێران، چین، ڕووسیا و ڤەنزوێلا ئەنجامدراون، ئاماژەن بۆ ئەوەی کە ئێران لەگەڵ ئەم وڵاتانە بەشداری دەکات لە دروستکردنی هاوپەیمانی بە ئامانجی داڕشتنەوەی نەزمی نوێی جیهانی(٤).

تا بەر لە ٧ی ئۆکتۆبەر، ڕۆژئاوا و ناوچەکە تەنها نیگەرانی پڕۆگرامە ناوەکییەکەی ئێران بوون، بەڵام لە دوای ئەو بەروارەوە دەرکەوت کە هێزە لەبرییەکانی ئێران دەتوانن هەڕەشەی جدی دروست بکەن. لەدوای شۆڕشی ئێرانەوە لە ساڵی ١٩٧٩ ئایەتوڵڵا خومەینی گەڕایەوە بۆ وڵات، ئێران هەوڵی چەسپاندنی هەژموونی خۆی داوە لە سەرانسەری ناوچەکەدا بۆ ئەم مەبەستەش ئێران پشتی بە تۆڕێک لە هێزە لەبرییەکان بەستووە کە لە هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە لە حیزبوڵڵای لوبنانەوە دەستی پێکرد، دواتر عێراق (لە ساڵی ٢٠٠٣) و یەمەن (لە ساڵی ٢٠١٤) زەمینەیەکی لە باری بۆ ئێران فەراهەم کرد بۆ دروستکردنی بەرەیەک بەناوی بەرەی موقاوەمەوە، ئەمە بەرەیە کە تۆڕێکە لە هێزە لە برییەکانی ئێران، پێکهێنەرێکی سەرەکی ستراتیژی ناوچەیی و ئامرازێکی سەرەکی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بوو بەر لە کەوتنی ئەسەد. بە شێوەیەکی چارەنووسساز، بەرەی موقاوەمە ڕێگەی بە ئێران دەدا کە دەسەڵات و کاریگەری لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی دروست بکات و لە هەمانکاتدا مەترسی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ نەیارە سەرەکییەکانی وەک ئەمریکا و ئیسرائیل کەم بکاتەوە. تێوەگلانی ئەم دواییەی هێزەکانی سەر بە ئێران، واتە حیزبوڵڵا و حوسییەکان لە شەڕی بەردەوامی نێوان حەماس و ئیسرائیل لە غەززە، زیاتر پێگەی ستراتیژی تاران لە چوارچێوەی بەرفراوانی ناوچەکەدا نیشان دا (٥)

## تێڕوانینە باوەکان سەبارەت بە ستراتیژ و پاڵنەرە جیۆپۆلیتیکییەکانی ئێران

زۆرجار تێنەگەیشتنەکان سەبارەت بە ئێران لە دیدی زۆر سادەوە سەرچاوە دەگرێت و کردەوەکانی تەنیا بەهۆی خواستی هەژموونی ناوچەییەوە لێکدەدرێتەوە. ئەم جۆرە تێڕوانینانە زۆرجار ئەو زەمینە مێژوویی، کۆمەڵایەتی و سیاسییە ئاڵۆزانە پشتگوێ دەخەن کە سیاسەتی دەرەوەی ئەو وڵاتە لە قاڵب دەدەن. بۆ نموونە، پاشهاتەکانی لەشکرکێشی ئەمریکا بۆ سەر عێراق لە ٢٠٠٣ دەریخست کە چۆن دەستێوەردانەکانی ئەمریکا دەتوانێت هەوڵەکانی نەتەوەیەک بۆ دابینکردنی ئاسایش نەتەوەیی و دروستکردنی کاریگەری خێراتر بکات. کاردانەوەکانی ئێران تەنیا کردەوەی شەڕانگێزی نین، بەڵکو زۆرجار وەڵامێکن بۆ هەڕەشەکان، ئەمەش ئەوە دەردەخات کە پاڵنەرەکانی ئێران ئەوەندەی پەیوەندی بە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەییەوە هەیە، ئەوەندەش پەیوەندییان بە پابەندبوونی ئایدیۆلۆژییەوە هەیە. بەم پێیە تێگەیشتن لەم دینامیکیانە بۆ تێگەیشتن لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران و پێگەی ناوچەیی ئێران زۆر گرنگە

ئاڵۆزییەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران بەبێ دانان بە پاشخانی مێژوویی ئێران، بەتایبەتی ئەو ڕووداوانەی کە ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕانەی ئێرانیان لە قاڵب داوە، تێگەیشتن لێی ئەستمە. دوابەدوای شۆڕشی ئیسلامیی لە ساڵی ١٩٧٩، ئێران دەستوورێکی پەسەند کرد کە جەختی لەسەر دژایەتی ئیمپریالیزم و سەربەخۆیی ناوچەیی دەکردەوە، ئەمەش کاریگەرییەکی بەرچاوی لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی دروستکرد. ئەم گۆڕانکارییە ئایدیۆلۆژییە ئامانجی بەرپەرچدانەوەی هەژموونی هەستپێکراوی ڕۆژئاوا بوو، بەتایبەتی هەژموونی ئەمریکا کە ئێران وەک نەیاری سەرەکی لێی دەڕوانی. شرۆڤەکاران پێیان وایە کە کردەوەکانی ئێران- بە تایبەتی سەبارەت بە پڕۆگرامە ناوەکییەکەی و پەیوەندییەکانی لەگەڵ هێزەکانی بەرەی موقاوەمەدا، لە نێوان دەستوور و ئایدۆلۆژیای شۆڕشگێڕیدا لە جوڵدایە. تێگەیشتن لەم ڕەهەندە مێژووییانە زۆر گرنگە، چونکە بەرچاوڕوونی دەدات لە سەر چۆنیەتی پرۆسەی بڕیاردان لە ئێران، هەر لەبەرئەوەشە کە ئێران ئاسایشی نەتەوەیی لەسەر بنەمای پشتیوانیکردنی لەو هێزە لەبریانە دادەڕێژێت کە لەڕووی ئایدیۆلۆژییەوە هاوپەیمانن لەگەڵیدا و دوژمنایەتی بەرژەوەندی نەیارەکانی دەکەن لەناوچەکە بە تایبەت ئەمریکا و ئیسرائیل.

## هێزە لەبرییەکان یاخود بەرەی موقاوەمە

هێـزە لەبرییـەکان خزمـەت بـە چەندیـن ئامانجـی ئێـران دەکـەن، لەوانـە کۆکردنـەوەی زانیـاری هەواڵگری لەبـارەی نەیاران و دروسـتکردنی بەربەسـت بـۆ پاراسـتنی بەرژەوەندییەکانـی ئێـران و دواجـار دروسـتکردنی کاریگـەری لەسـەر ئاراسـتەی سیاسـی وڵاتانـی دراوسـێ. لـە ڕێگـەی ئـەم هێزانـەوە ئێـران دڵنیادەبێت لـەوەی وڵاتانـی دراوسـێ خۆیـان بـەدوور دەگـرن لـەوەی کـە ڕاسـتەوخۆ لەگـەڵ بەرژەوەندییـە ستراتیژییەکانـی تاراندا ناکۆکییـان هەبێت، سـەرباری ئـەوەش ئێران بـە پێدانی ئەرکـە سـەربازییەکان بەهێـزە لەبرییـەکانی مەترسـییەکانی کاردانـەوەی ناوخۆیـی کـە بـە شـێوەیەکی گشـتی پەیـوەستن بـە زیانـە گیانییەکانـەوە، کـەمتر دەکاتـەوە (٦).

تـەواوی ئـەو وڵاتانـەی کـە بـە شـێوەی ڕاسـتەوخۆ یاخـود ناڕاسـتەوخۆ ئێـران بـوونی هەیـە تیایانـدا، سـەرجەمیان گۆڕەپـانی ململانـێ و ڕووبەڕووبوونـەوەن بەڵام ئەرکەکانیـان جیـاوازە، بـۆ نمونـە لـە لوبنـان بـۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی ئیسرائیـل، لـە سـووریا بـەر لـە کەوتنـی ئەسـەد بۆ ڕووبەڕووبوونـەوەی جیهادییـەکان و ئیسرائیـل، لـە عێـراق بـۆ دەرکـردنی ئەمریکییـەکان و لـە یەمـەن بـۆ پاراسـتنی حوسـییەکان و دروسـتکردنی گوشـار لەسـەر وڵاتـانی کەنـداو، پشـتیوانی لـە حەمـاس و جیهـادی ئیسلامیش هـەر لـە چوارچێـوەی ڕووبەڕووبوونـەوەی ئیسرائیـل دا لێکدەدرێتـەوە

ئـەو پشـتیوانییەی کـە ئێـران لـە هێـزە لەبرییـەکانی دەیـکات لـە نـاو وڵاتـانی ناوچەکـە بەشـێوەی هەنـگاو بەهەنـگاو پـەرەی سـەندووە تـا ئـەو جێگەیـەی کـە ئـەو هێزانـە تێکـەڵ بوونەتـەوە لەگـەڵ دەزگا ئەمنـی و سـەربازییەکان و بـوون بـە بەشـێک لـە دام و دەزگا فەرمییـەکانی وڵاتەکـە و دواتـر فەرمانـدە و ئەندامەکانیـان دزە پێکراونەتـە نـاو سیسـتەمی سیاسـی وڵات و بـوون بـە نوێنـەر لـە پەرلەمـان و دەچێنرێـن لەنـاو نێوەنـدەکانی دروسـتکردنی بڕیـاری سیاسـی وڵاتەکـە تـا ڕێگـری بکـەن لـە دەرکـردنی هـەر بڕیارێـک کـە بەشـێوەیەک لەشـێوەکان هەڕەشـە لەسـەر ئاسایشـی ئێـران دروسـت بـکات

ئـەم تێکەڵبوونـەی نێـوان بەرژەوەنـدی و ئایدۆلۆژیـا لـە قۆناغـی داهاتـوودا بـە چەندیـن هـۆکار وەک تایبەتمەندییەکـی سـەرەکی سیاسـەتی دەرەوەی ئێـران

دەمێنێتەوە، یەکەم، نوێنەرایەتی یەکێک لەو بناغانە دەکات کە کۆماری ئیسلامیی لەسەر بنیات نراوە. دووەم: ئەم ئاڵۆزییە لە هەندێک کاتدا یارمەتیدەرە، بۆ فراوانکردنی پەراوێزی بژاردەکانی بەردەستی بڕیاردەری ئێرانی و سێیەم پەیوەندی بە پەرۆشی دەسەڵاتەوە هەیە، کە ڕێگە نادات جووڵانەوەیەکی سیاسی بە تەنیا دامەزراوەکانی بڕیاردان کۆنترۆڵ بکات، بە شێوەیەک کە ببێتە مایەی هەڕەشە بۆ سەر سەرکردایەتی باڵا (٧). بە گشتی ئەم داینامیکییە پەرەسەندووانە ئەوە دەردەخەن کە سیاسەتی دەرەوەی ئێران تەنیا بەرهەمی ڕیاڵ پۆلیتیک نییە، بەڵکو ڕەنگدانەوەی ناسنامەی نەتەوەیی و بنیاتە کۆمەڵایەتییە ڕەگ داکوتاوەکانیشە کە پەیوەندییەکانی لەگەڵ جیهاندا پێناسە دەکەن.

## تێنەگەیشتن لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران

تێنەگەیشتن لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەتوانێت کاردانەوەی بەرچاو لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و دیپلۆماسیدا بەدوای خۆیدا بهێنێت و تێڕوانین بۆ پاڵنەر و کردارەکانی چەواشە بکات. دانان بە چوارچێوەی مێژوویی ئێران، بە تایبەتی ئایدیۆلۆژیای دوای شۆڕش و خواستە ناوچەییەکانی، بۆ بەشداریکردنێکی کاریگەر زۆر گرنگە. تێنەگەیشتن لەم ڕەگەزانە دەتوانێت ببێتە هۆی سیاسەتی چەواشەکارانە کە گرژییەکان زیاتر دەکەن، وەک لە وەڵامەکانی پرۆگرامە ناوەکییەکەی و پشتگیریکردنی لە هێزە لەبرییەکان دەبینرێت. سەرەڕای ئەوەش، لێکدانەوەی هەڵە دەتوانێت ببێتە هۆی ئەوەی زلهێزەکانی ڕۆژئاوا چاوپۆشی لە دانوستان و سازان بکەن کە لە کۆتاییدا دەبێتە هۆی پەرەسەندنی ململانێکان، بۆیە تێگەیشتن لە ئامانجە ستراتیژییەکانی ئێران کە بە هەردوو کاریگەری ناوخۆیی و ناوچەیی لە قاڵب دراوە، شتێکی بنەڕەتییە.

کرۆکی پرۆژەی ئێران لە پەرەپێدانی هەژموونی نەتەوەییدا کورت دەکرێتەوە، کە سوود وەردەگرێت لەبەرگپۆشێکی ئایینی وەک دروشمێک بۆ کۆنترۆڵکردن و دزەکردنە ناو وڵاتە عەرەبییەکانی ناوچەکە. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی

سیستەمی سیاسی لە ئێران ئەوەیە کە ئاینی ئیسلام وەک گرنگترین پێکهاتە لە سیاسەتدا بەکاردەهێنرێت. لە دوای شۆڕشی ئیسلامیی لە ساڵی ١٩٧٩ەوە، سەرکردەکانی ئێران هەوڵیان داوە ئامانجە ئاینییەکان لە سیاسەتی دەرەوەدا بەکاربهێنن و سەرنجیان لەسەر پرسی ستەمکردن بووە لە شیعەکان لە ناوچەکە ئەگەر چی دواتر تاران پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوە جۆربەجۆرە جیهادییەکان دامەزراندووە و ئایینزای شیعە ڕێگر نەبووە لەوەی کە ئێران پەیوەندی لەگەڵ بزووتنەوەی حەماس یاخود قاعیدە دروست بکات.

ئێران خۆی وەک درێژکراوەی سروشتی شارستانیەتێکی کۆن دەبینێتەوە و پێی وایە ئەم شارستانییەتە وەک پێویست ڕێزی لێ نەگیراوە، بە تایبەت لە لایەن وڵاتە عەرەبیەکانەوە، هەر بۆیە ئێران زۆر جار وەکو دۆست مامەڵە لەگەڵ دراوسێ عەرەبەکانی ناکات، بەڵکو بە پاساوی ئایینی خۆی وەک نێوەندێک دەبینێتەوە لەناوچەکە، کە خەمی هەناردەکردنی شۆڕش و پاڵپشتیکردنی ئاینزای شیعە و پاراستنی ستەملێکراوەکانی جیهانی هەیە(٨)

سیاسەتی دەرەوەی ئێران لەسەر بنەمای ئامانجە نەتەوەییە جێگیرەکان دامەزراوە ئەگەر چی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە شێوەیەکی سەرەکی پشت بە ستراتیژێکی هاوسەنگی نابەستێت، بەڵکو بەئاشکرا ڕووبەڕووی سیاسەتی زلهێزەکان، بەتایبەتی وڵاتانی ڕۆژئاوایی دەبێتەوە (٩). ئێران سیاسەتی دەرەوەی لەسەر بنەمای پۆلێنکردنێکی تایبەت دادەڕێژێت بەم شێوەیەی لای خوارەوە

١. دوژمنەکان: وەک ئیسرائیل، ئەمریکا و سعودییە: ئێران کاردەکات لەسەر تێکدانی سیاسەتی ناوچەیی وڵاتانی دوژمن

٢. هاوپەیمانەکان: ڕووسیا، عێراق: ئێران کاردەکات لەسەر قووڵکردنەوەی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان بەپێی ئاستەکانیان

٣. گرێدراوەکان: وەک یەمەن، لوبنان، سەڵتەنەتی عومان: ئێران کاردەکات لەسەر بەهێزکردنی کاریگەری لەسەر ئەو وڵاتانەی وابەستەن بە ئێرانەوە

٤. گرێدراوی دوژمن: ئوردون، میسر، ئیمارات، کوێت: ئێران کاردەکات لەسەر بێلایەنکردنی ئەو وڵاتانی کەگرێدراوی دوژمنن.

## سیماکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران

١. بەرەی موقاوەمە کە تۆڕێکە لە کاراکتەرە نادەوڵەتییەکان و لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێن، ڕەگەزێکی گرنگی ستراتیژی ناوچەیی ئێرانە. ئەم بەرەیە نوێنەرایەتی ئامرازێکی سەرەکی لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەکات. لە هەمووی گرنگتر، بەرەی موقاوەمە ڕێگە بە ئێران دەدات دەسەڵات و هەژموونی خۆی لە دەرەوەی سنوورەکانی خۆی نیشان بدات و مەترسی ڕووبەڕووبوونەوەی ڕاستەوخۆ لەگەڵ نەیارە سەرەکییەکانی وەک ئەمریکا و ئیسرائیل کەم بکاتەوە (١٠)

٢. پرۆژەی ئێران لە ناوچەکەدا پشت بە هێزی ڕەق و نەرم دەبەستێت و سوود لە نەبوونی پرۆژەی عەرەبی وەردەگرێت و بوونی ئیسرائیل دەقۆزێتەوە. بوونی ئێران لەعێراق دوای داگیرکردنی لە لایەن ئەمریکاوە لە ساڵی ٢٠٠٣ و لە لوبنان دوای کشانەوەی ئیسرائیل لێی لە ساڵی ٢٠٠٦، فراوانتر بوو و لە ڕێگەی شەڕی ناوخۆیی سووریاشەوە بوونی ڕاستەوخۆی خۆی لە گۆڕەپانی سووریا سەپاند و چەکداری لە پاکستان و ئەفغانستانەوە هێنا و ململانێی یەمەنی لەگەڵ حوسییەکان قۆستەوە بۆ پشتگیریکردن و دەست وەردان لەو وڵاتە (١١).

٣. شرۆڤەکارانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران زۆرجار سەرنج دەخەنە سەر لایەنە ناوچەیی و نێودەوڵەتییەکان بەڵام چاوپۆشی دەکەن لەوەی لەناوەوەی ئێران دەگوزەرێت. پێشهاتە ناوخۆییەکان، وەک زیادبوونی ناوەندگەرایی دەسەڵات، بەئەمنیەتیکردنی سیستەمی سیاسی و پتەوکردنی دەستە پاوانخوازانەی نوخبەی دەسەڵاتدار، بە قووڵی سیاسەتی دەرەوە و پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی ئێران لە قاڵب دەدەن. تێگەیشتن لەم گۆڕانکارییە پێویستە بۆ پەرەپێدانی تێڕوانینێکی هەمەلایەنە سەبارەت بەوەی کە چۆن کاریگەرییان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران هەیە (١٢).

٤. سیاسەتی دەرەوەی ئێران پەیڕەوی لە کۆمەڵێک دیاریکەر دەکات، بەشێوەیەک کە دیاریکەری ئاسایش پەیوەندییەکانی دەرەوەی ڕێکدەخات بەتایبەت لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا، ئێران هەر لە سەرەتاوە بە گومانەوە

لە ڕۆژئاواى ڕوانيوە و گيربووە لە مامەڵەكردنى لەگەڵ كۆمەڵگەى نێودەوڵەتيدا و هەوڵى داوە سەربەخۆتر دەربكەوێت، بەڵام ئەم سياسەتە دەسەڵاتى ئێرانى زۆر ماندوو كردووە و سەرەڕاى هەوڵدان بۆ هاوسەنگكردنى، بەڵام جارجارە شكست دەهێنێت.

٥. ئێران بەدواى سەربەخۆيى ئابووريدا دەگەڕێت وەک مەرجێک بۆ دەرچوون لە چەكى گەمارۆ ئابوورييەكان تا وەک هێزێكى باڵادەست دەربكەوێت و پەرە بە لايەنە سەربازييەكانى بدات.

٦. بەپێى دەستوورى ئێران، سياسەتى دەرەوەى ئێران شەرعيەتى داوە بەدەستێوەردانى ناوچەيى بە بيانووى داكۆكى لە مافى موسڵمانان. بەشێوەيەک كە كار دەكات بۆ ڕەتكردنەوەى هەموو جۆرەكانى خۆسەپاندن، پاراستنى سەربەخۆيى و يەكپارچەيى خاكى وڵات، داكۆكى كردن لە مافى مسوڵمانەكان، لايەنگرى نەكردن لە هێزە ستمەكارەكان و پاراستنى پەيوەندى دروست لەگەڵ تەواوى ئەو وڵاتانەى كە دوژمن نين

٧. لە مادەى ١٥٤ دەستورى ئێراندا هاتووە كە :»كۆمارى ئيسلاميى ئێران بەختەوەرى مرۆڤ لە هەموو كۆمەڵگاى مرۆڤايەتيدا بە بەرزترين بەهاى خۆى دەزانێت و سەربەخۆيى، ئازادى، سەروەرى ياسا بە مافى هەموو گەلانى جيهان دەزانێت و بەو پێيەش پشتگيرى لەخەباتى ڕەواى ستەملێكراوان دەكات لە دژى ستەمكارەكان لە هەموو بەشەكانى جيهاندا، بەڵام خۆى لە هەموو جۆرە دەستوەردانێک لە كاروبارى ناوخۆيى گەلانى ديكە بەدوور دەگرێت» (١٣)

## گۆڕانى سياسەتى دەرەوەى ئێران بەرەو ناوەندگەرايى

لە سەردەمى سەرۆكايەتى ئيبراهيم ڕەئيسى (٢٠٢١-٢٠٢٤) بەڕوونى هەست بەكەمبوونەوەى كاريگەرييەكانى وەزارەتى دەرەوە و زيادبوونى ڕۆڵى ئەنجوومەنى باڵاى ئاسايشى نيشتمانى و سوپاى پاسداران كراو كە بووە هۆى لادان لە كەناڵە ديپلۆماسييەكان بە ئاڕاستەى سياسەتێكى دەرەكى زياتر سەربازيى(١٤)، لە چاوپێكەوتنێكى دزەپێكراوى حەسەن ڕۆحانى سەرۆک كۆمار لەگەڵ محەمەد جەواد زەريف وەزيرى پێشووى دەرەوەى ئێران، زەريف ئاماژەى بەوە داوە كە وەزارەتى دەرەوە هيچ كاريگەرييەكى بەرچاوى لەسەر چالاكييە مەيدانييەكانى

سوپای پاسداران نەبووە، بەڵکو بە ناچاری لە کۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان داکۆکی لە کارەکانی قاسم سولەیمانی و سەرکردەکانی دیکە کردووە (١٥). سیاسەتی دەرەوەی ئێران گۆڕانکاری بەرچاوی بەخۆیەوە بینی، لەوانە زیادبوونی ناوەندگەرایی دەسەڵات، بەهێزبوونی مەیلی دژە ڕۆژئاوایی، میلیتاریزم و کۆنترۆڵی تاکڕەوانەی نوخبەی دەسەڵاتدار. ئەم ڕەوتانە دوای مردنی ڕەئیسی بەردەوام بوون و ڕۆڵی وەزارەتی دەرەوە پەراوێزخرا و دامودەزگاکانی وەک ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نەتەوەیی و سوپای پاسدارانی کاریگەری زیاتریان لە سیاسەتی دەرەوە دروستکرد، هەروەها ئێران پەیوەندییەکانی لەگەڵ زلهێزەکانی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی ڕووسیا و چین بەهێزتر کرد و خۆی لە پەیوەندی دیپلۆماسی لەگەڵ ڕۆژئاوا دوور خستووەتەوە (١٦). بە گشتی گۆڕانکارییەکان دەکرێت لەم خاڵانەدا کورت بکرێتەوە

١. گۆڕینی میکانیزمە فەرمییەکان بە پرۆسەی نافەرمی: سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە ڕێگەی یاسایی و دیپلۆماسی دوورکەوتووەتەوە و بەرەو پرۆسەی نافەرمی و ئەمنی هەنگاوی ناوە. بە چڕبوونەوەی دەسەڵاتی زیاتر لە دەستی ڕابەری باڵادا، ڕۆڵی وەزارەتی دەرەوە لاواز بووە و لە بەرامبەردا ڕۆڵدراوە بە دامەزراوە ئەمنی و سەربازییەکان

٢. دوورخستنەوەی وەزارەتی دەرەوە لە پرۆسەی بڕیاردان: لەم ساڵانەی دواییدا وەزارەتی دەرەوەی ئێران ڕۆڵێکی بچووکتری لە سیاسەتی دەرەوەدا گێڕاوە و دامەزراوەکانی وەک سوپای پاسداران و ئەنجومەنی باڵای ئاسایشی نیشتمانی بەبێ هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی دەرەوە هەنگاوی دیپلۆماسییان گرتووەتەبەر. ڕێکەوتنی ٢٥ ساڵەی ئێران و چین (٢٠٢١) و ڕێکەوتنی ئێران و سعودیە (٢٠٢٣) نموونەی ئەم پرۆسەیەن کە وەزارەتی دەرەوە ڕۆڵی پەراوێزی تێدا گێڕاوە

٣. هەنگاو بەرەو ڕۆژهەڵات و زیادبوونی دژایەتی بەرامبەر ڕۆژئاوا: ئێران لەبری دروستکردنی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکا و ئەورووپا، پەیوەندییەکانی لەگەڵ ڕووسیا و چین پتەوتر کردووە. ئەم گۆڕانکارییە لە ستراتیژیدا لە وەڵامی چڕبوونەوەی سزاکان بوو، هەروەها ئێران پەیوەندی بە ڕێکخراوی

هاوکاریی شەنگەهای و گرووپی بریکس کردووە

٤. زیادبوونی میلیتاریزم لە سیاسەتی دەرەوەدا: ڕۆڵی سوپای پاسداران لە سیاسەتی دەرەوەدا زیاتر بەرچاو کەوتووە. بەکارهێنانی هێرشی مووشەکی و فڕۆکەی بێفڕۆکەوان وەک ئامرازی دیپلۆماسی، وەک هێرشەکانی ئێران بۆ سەر ئیسرائیل، هەرێمی کوردستان لە ساڵی ٢٠٢٤، نموونەی ئەم گۆڕانکارییە لە ڕێبازدا. ئەم سیاسەتە گرژی و ئەگەری سزای زیاتری بەسەر ئێراندا زیاتر کردووە

٥. سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکان: زیادبوونی کۆنترۆڵی حکومەت بەسەر کۆمەڵگە و سەرکوتکردنی ناڕەزایەتییەکان، سیاسەتی دەرەوەی ئێرانی بەرەو هاوکاری زیاتر لەگەڵ چین و ڕووسیا بردووە. ئەم وڵاتانە بەبێ گوێدانە پرسەکانی مافی مرۆڤ پشتیوانی لە ئێران دەکەن و هاوکارییەکانیان لە بوارەکانی وەک ئاسایشی ئەلیکترۆنی و هەواڵگریدا فراوانتر کردووە

لە داهاتوودا ئێران چ سیاسەتێک پەیڕەو دەکات؟

ئێران پابەندبوونی خۆی ناشارێتەوە بۆ هەوڵدان بۆ لەناوبردنی ئیسرائیل، ستراتیژەکەشی ئەوەیە کە ئیسرائیل لەژێر فشاری بەردەوامدا بمێنێتەوە و لەسەر سنوورەکانی بیخاتە ناو ململانێی بەردەوامەوە. ئێران پێی وایە ئیسرائیلییەکان وڵاتەکەیان بەجێدەهێڵن ئەگەر هەست بکەن لەژێر فشاری بەردەوام و هەڕەشە سەربازییدان لەبەرئەوەی ئیسرائیلییەکان ڕەگ و ڕیشەیان لەو خاکەدا نییە و لە ژێر فشاردا لێی هەڵدێن و کۆچی پێچەوانەش بە مانای کۆتایی هاتنی ئیسرائیل دێت. کرۆکی ستراتیجی ئێران ئەوەیە کە ئیسرائیل شەکەت بکات لە ڕووی سەربازییەوە و لە ڕووی سیاسییشەوە لەسەر شانۆی جیهانی گۆشەگیری بکات تا بەدەست قەیرانی بەردەوامەوە بناڵێنێت (١٧)، بەڵام بە لاوازبوونی بەرەی موقاوەمە و هاتنەوە سەرکاری ترامپ، کارەکە هەروا ئاسان ناچێتە سەر. ئێران لە سەردەمی سەرۆکایەتی ترامپ-دا ڕووبەڕووی چوار ساڵی زۆر سەخت و ئاڵۆز دەبێتەوە. بژاردەی لەبار بۆ ئێران زۆر نییە و بۆ مانەوەی پێویستە بە وریاییەوە سیاسەتەکانی پەیڕەو بکات نەوەک بە دروشم.

ئابووری ئێران لاوازە، ئەگەر سیاسەتی زۆرترین فشاری ترامپ چڕتر

بکرێتەوە، ئێران ڕووبەڕووی کێشەی بێشومار دەبێتەوە. بۆیە پێدەچێت ئێران بە دوای ڕێگەیەکدا بگەڕێت بۆ دانوستان لەگەڵ ئەمریکا بەو پێیەی ئێران ناتوانێت لەسەر سیاسەت و شێوازەکانی پێشوو بەردەوام بێت. ئێران نابێت هیوای زۆر لەسەر فرۆشتنی نەوت بە چین هەڵچنێت، چونکە ئەگەری زۆر هەیە چین لەژێر فشاری ئەمریکا بڕی ئەو نەوتەی لە ئێران دەیکڕێت کەم بکاتەوە و لەم حاڵەتەشدا دۆخەکە زۆر قورس دەبێت بۆ ئێران.

یەکێک لەو ڕێوشوێنانەی لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەی ترامپدا گیرایە بەر، هاودەنگ کردنی وڵاتە عەرەبییەکان بووە دژ بە ئێران بۆ پیادەکردنی سیاسەتێکی دژە ئێرانی، هەر بۆیە پێشبینی دەکرێت ئێران پەیوەندییەکانی لەگەڵ وڵاتانی عەرەبی ئاسایی بکاتەوە تا ئەو وڵاتانە بەرەو ئەمریکا هەنگاو نەنێن. لەسەر ئاستی نێودەوڵەتیش، ئەگەر هەیە ئێران کاربکات تا گرژییەکانی لەگەڵ ئەورووپادا کەم بکاتەوە بەو پێیەی کە ئەورووپا لە ئێستادا لە زۆر ڕووەوە ناکۆکە لەگەڵ سیاسەتەکانی ترامپ

کێشەی سەرەکی ترامپ لەگەڵ ئێران، پرسی ئەتۆمی و دەستوەردانەکانییەتی لە ناوچەکە، ئەمەش بەو مانایەیە کە بابەتەکە دەکرێت دەرفەتێکی باش بێت بۆ دانوستان، بەتایبەتی کە پلانی هەمەلایەنەی هاوبەش لە ڕووی کردارییەوە بوونی نەماوە و هەردوولا دەتوانن بگەنە ڕێکەوتنێکی نوێ. ئێستا بارودۆخی دانوستانی ئێران لەچاو ڕابردوو سەختترە هەر بۆیە پێشبینی دەکرێت گرنگترین کاری ئێران ڕێگریکردن بێت لە چڕبوونەوەی گوشارەکان

ئێران لەسەر ئاستی ناوخۆ بەرەو هاوپشتی نەتەوەیی هەنگاو دەنێت و دووردەکەوێتەوە لە هەر کارێک کە درز لە نێوان گەل و حکومەتدا دروست بکات، هاوپشتی نەتەوەیی توانای بەرگەگرتنی ئێران لە گۆڕەپانی دەرەکیدا زیاد دەکات

حکومەتی نوێی ئێران بە سەرۆکایەتیی مەسعوود پزیشکیان هەوڵیداوە سیاسەتێکی جیاواز پەیڕەو بکات، بەڵام قەیرانەکانی ئەم دواییە ڕێگریان لە جێبەجێکردنی ئەو پلانانە کردووە. بۆ تێپەڕاندنی ئەم قەیرانە، پێویستە ئێران خۆی لە کردەوەی وروژێنەر و قسەکردن بەدوور بگرێت و دانوستان لەگەڵ

ئەمریکا و یەکێتیی ئەورووپا دەست پێبکات. تەنیا بەم شێوەیە دەتوانێت پێگەی خۆی لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا بەهێزتر بکات و ڕێگری لە بڵاوبوونەوەی شەڕ بکات و سەقامگیری ئابووری و سیاسی نێوخۆی بپارێزێت. ئێران دەبێ لە یەک کاتدا پەیڕەوی لە دوو ڕێگا بکات: بەهێزکردنی دیپلۆماسی ناوچەیی و دانوستان لەگەڵ زلهێزەکانی ڕۆژئاوا.

## سیاسەتی دروستکردنی ئەوپەڕی فشار

ئایا پێشبینی دەکرێت کە ترامپ هەروەک خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەی پەیڕەوی لە سیاسەتی دروستکردنی ئەوپەڕی فشار بکات دژ بە ئێران و پێی وابێت کە بەو شێوەیە دەتوانێت ئێران ملکەچ بکات؟ ئەگەر چی ئەستەمە پێشبینی ئەوە بکرێت کە ئەو سیاسەتە دەتوانێت سەرکەوتن بەدەست بهێنێت، بەڵام دەبێت ئەوەش لە یاد نەکرێت کە لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکی ترامپ ئەو گوشارانەی کە خرایە سەر ئێران ئەو وڵاتەی زیاتر بە ئاراستەی توندڕەوی برد و لەسەر ئاستی ناوخۆش توندڕەوەکانی زیاتر باڵادەست کرد و لە بەرامبەردا میان ڕەوەکان پاشەکشێی زیاتریان کرد، ئەگەر چی سیاسەتی نەرمی ئۆباما لەگەڵ ئێران چارەسەر نەبوو لەجڵەوکردنی ئێران لەبەرئەوەی ئەو وڵاتە زیاتر پەلی کێشا لەناوچەکەدا و زۆرترین هێرشی هێزە لە بریکانی ئێران ئەو کاتانە ڕوویان دا کە ئەمریکا پابەند بوو بەڕێکەوتنی پلانی کاری هاوبەشی نێوان ئەمریکاو ئێران. دوای توندکردنەوەی سزاکانیش لە خولی یەکەمی سەرۆکایەتییەکەی ترامپ، ئێران دەستوەردانەکانی لە ناوچەکە کەمتر نەکردەوە و بە هاتنی بایدن-یش دۆخەکە نەگۆڕا بەو پێیەی زۆرینەی تیمەکەی بایدن لە هەمان ئەو تیمە بوون کە پێشتر لەگەڵ ئۆبامادا کاریان کردبوو هەر بۆیە بینیمان کە ئێران لە جاران بەهێزتر بوو(١٨)، بەڵام بە لاوازبوونی توانای هێزە لەبریکانی ئێران، لە ئەنجامی بەرفراوانی و کاریگەری هێرشە سەربازییەکانی ئیسرائیل، ئاڵنگارییەکی نوێ بۆ ئێران دروست دەکەن. توانا سەربازییەکانی حەماس بە تایبەتی لە غەززە لە دوای ٧ی ئۆکتۆبەری ٢٠٢٣ەوە زۆر لاواز بووە، پێشبینیش ناکرێت حیزبوڵڵا بەم توانایەی ئێستاوە بتوانێت

بەردەوام بێت و ڕووبەڕووی دابەزینێکی هاوشێوە دەبێتەوە، بە هۆی هێرشە ئاسمانییەکانی ئەمریکا و هاوپەیانەکانی بۆ سەر حوسییەکان لە یەمەن و ئەگەری کردنەئامانجی هێزەکانی حەشدی شەعبی لە عێراق، ئەو دوو هێزەش کەم کاریگەر دەکەن و ئەمەش لە توانای دانوستانی ئێران کەمتر دەکاتەوە، لە لایەکی دیکەشەوە باشتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان مۆسکۆ و واشنتۆن کاریگەری لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەبێت، بەو پێیەی کە گەرمبوونی پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو وڵاتە، پاڵنەرەکانی مۆسکۆ بۆ بەهێزبوونی پەیوەندییەکانی لەگەڵ تاران کەمتر دەکاتەوە(١٩)

پێشبینی دەکرێت لە بەرامبەر سیاسەتی ئەوپەڕی فشاری ئەمریکادا، ئێران لە بواری ئابووری، سیاسی، سەربازی و دیپلۆماسیدا چەندین ستراتیژی جۆراوجۆری بگرێتەبەر، ئەوەی لە خوارەوە دێت گرنگترین ئەو ستراتیژانەن کە ئەگەر هەیە ئێران بیگرێتە بەر بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی سیاسەتی ئەوپەڕی فشاری ترامپ

١. ئابوری موقاوەمە: بە کەمکردنەوەی پشتبەستن بە دۆلار، ئێران هەوڵی دەدات دراوی جێگرەوە وەک یوانی چینی و ڕوبڵی ڕووسی و ڕوپیەی هیندستان لە بازرگانی دەرەکیدا بەکاربهێنێت

٢. پەرەپێدانی پەیوەندییەکان لەگەڵ وڵاتانی ڕۆژهەڵات: بە بەرفراوانکردنی هاوکارییە ئابوورییەکان لەگەڵ وڵاتانی وەک چین، ڕووسیا، هیندستان و هاوپەیمانە ناوچەییەکانی وەک ڤەنزوێلا و عێراق وەک بەشێک لە ستراتیژی ئێران بۆ بەرەنگاربوونەوەی سزاکان

٣. پەرەپێدانی پیشەسازییە ناوخۆییەکان: بە گرنگیدانی ئێران بە زیادکردنی بەرهەمی ناوخۆیی و خۆبژێوی لە کەرتە هەستیارەکانی وەک وزە، دەرمان و کشتوکاڵ

٤. دیپلۆماسی ناوچەیی و جیهانی: بەپتەوکردنی پەیوەندی لەگەڵ زلهێزەکانی ڕۆژهەڵات، ئێران هەوڵی داوە پێگەی خۆی لە سیستەمی نێودەوڵەتیدا بەهێزتر بکات بە ئەندامبوون لە ڕێکخراوەکانی وەک ڕێکخراوی هاریکاری شەنگەهای و گرووپی بریکس

٥. ستراتیژی سەربازی و ئەمنی: بەپەرەپێدانی تواناکانی بەرگری و ڕێگری، لەڕێگەی پەرەدان بە بەرهەمهێنانی مووشەکی بالیستیک، فڕۆکەی بێفڕۆکەوانی پێشکەوتوو و سیستەمی بەرگری ئاسمانی

٦. ئاسایشی ئەلیکترۆنی: وەبەرهێنان لە شەڕی ئەلیکترۆنیدا توانای بەرەنگاربوونەوەی هێرشە ئەلیکترۆنییەکانی بە ئێران داوە و تەنانەت دەشتوانێت هێرشی بەرپەرچدانەوەی ئەنجام بدات

٧. سوود وەرگرتن لە فشارە ناوخۆییەکان لە ئەمریکا: ئێران بە بەهێزکردنی هەژموونی خۆی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست تێچووی بوونی ئەمریکای لە ناوچەکەدا زیاد دەکات و ناکۆکی ناوخۆیی لە داڕشتنی سیاسەتی ئەمریکادا دروست دەکات، هەروەها ئێران جیاوازییەکانی نێوان دیموکرات و کۆمارییەکان لەسەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکا دەقۆزێتەوە بۆ گۆڕینی کەش و هەوای سیاسی بە قازانجی خۆی

## دەرەنجام

١. سیاسەتی دەرەوەی ئێران کاردانەوەیە بەرامبەر بەوەی لە دەوری دەگوزەرێت و لە هەمانکاتدا پشت بە زیاتر لە ڕەگەزێک دەبەستێت بۆ سەپاندنی هەژموونی خۆی لەوانە پشتیوانی لە بەرەی موقاوەمە لە ناوچەکە و پتەوکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ نەیارى نەیارەکانی.

٢. تێنەگەیشتن لە سیاسەتی دەرەوەی ئێران دەتوانێت لێکەوتەی نەرێنی هەبێت لەسەر پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان و پاڵنەر بێت بۆ سیاسەتی چەواشەکارانە و زیاترکردنی گرژییەکان.

٣. دیاریکەری ئاسایش پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئێران ڕێکدەخات بەتایبەت لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا و هەر لە سەرەتاوە ئەو وڵاتە بە گومانەوە لە ڕۆژئاوای ڕوانیوە

٤. سوپای پاسداران بەردەوام دەبێت لە هەماهەنگی چالاکییە مەیدانییەکانی لە یەمەن، عێراق، سوریا و لوبنان و ئاڕاستەکردنی سیاسەتی دەرەوە ئەگەرچی

بەهۆی ئەگەری لاوازبوونی بەرەی موقاوەمە و گەڕانەوەی ترامپ وەک سەرۆک کۆمار، پێشبینی دەکرێت ئێران لەسەر ئاستی ناوچەکە سیاسەتی دەرەوەی خۆی بگۆڕێت تا بەدوور بێت لە ئەگەری بەریەککەوتنی سەربازی و توندبوونەوەی سزا ئابوورییەکان.

٥. ئێران لە ڕێگەی بەکارهێنانی زنجیرەیەک ستراتیژ لە موقاوەمەی ئابووری، دیپلۆماسی کارا، بەهێزکردنی تواناکانی بەرگری و کەڵک وەرگرتن لە دەرفەتە جیۆپۆلەتیکییەکانی ئەمریکا هەوڵدەدات بەرگەی سیاسەتی ئەوپەڕی فشاری ئەمریکا بگرێت

## سەرچاوەکان


١. معالم السياسة الخارجية الإيرانية.. قراءة في خطاب خامنئي.. (https://u.٢pw/ulYz٢٧ps)

2. Saeid Jafari Why will Iran's Foreign Policy not Change even after Raisi's Death? (https://carnegieendowment.org /sada/2024/07/why-will-irans -foreign-policy- not-change-even-after-raisis-death?lang=en)

٣. هدى رؤوف: هل تتجه السياسة الخارجية الإيرانية نحو مزيد من التشدد أم الانفتاح؟ (https://٢u.pw/FL٤ecUot)

4. Shahram Akbarzadeh: Iran in the Middle East: Introduction (https://mecouncil.org/publication_chapters/iran-in-the-middle-east-introduction/(

5. https://2u.pw/nNOS0NDk

6. https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/al-taml-m-alamn-alsybrany-walmraqbt-astratyjyt-ayran-almzdwjt-lla-mn-alqwmy

٧. شروق صابر: ٤٠ عامًا على الثورة الإيرانية: السياسة الخارجية بين الإيديولوجيا والمصلحة» (https://acpss.ahram.org.eg/News/١٦٨٣٤.aspx)

٨. عبد الكريم بدرخان: كيف ينظر الفُرس إلى العرب؟ (https://www.syria.tv/%D9%83%D9%8A%D9%81-%D9%8A%D9%86%D8%B8%D8%B1-%D8

%A7%D9%84%D9%81%D9%8F%D8%B1%D8%B3-%D8%A5%D9%84%
%89-%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A8%D8%9F )

9. https://www.noonpost.com/13172/

١٠. شهرام أكبر زاده: إيران في الشرق الأوسط /https://mecouncil.org/ar
publication_chapters/%D8%A7%D9%84%D9%85%D9%82%D8%AF%D9%91
/%D9%85%D8%A9)

11. https://n9.cl/g1p4l

١٢. حميد رضا عزيزي: بنية سياسة إيران الخارجية المتغيرة: الانعكاسات على العلاقات الخارجية (https://n٩.cl/cvd٧٣)

١٣. إيران ١٩٧٩ (المعدل ١٩٨٩): (https://www.constituteproject.org/Iran_constitution/١٩٨٩?lang=ar)

١٤. حميد رضا عزيزي: بنية سياسة إيران الخارجية المتغيرة: الانعكاسات على العلاقات الخارجية(https://n٩.cl/cvd٧٣)

١٥. رمضان بورصة: الحرب أم الدبلوماسية.. ما هي أولويات إيران الآن؟(https://n٩.cl/٥xv١a)

16. Hamidreza Azizi: Iran's Evolving Foreign Policy Structure: Implications on Foreign Relations(https://mecouncil.org/publication/irans-evolving-foreign-policy-structure-implications-on-foreign-relations/).

١٧. دينس روسنت: نياهو يتصرّف بطريقة تعود بالفائدة على خامنئي (https://www.washingtoninstitute.org/ar/policy-analysis/ntnyahw-ytsrwf-btryqt-twd-balfaydt-ly-khamnyy)

18. https://www.institutmontaigne.org/en/expressions/what-does-iran-really-want

١٩. مستقبل السياسة الخارجية الإيرانية في عهد حكومة بزشكيان الجديدة (https://www.iranintl.com/ar/٢٠٢٤٠٧٠٩٠٣٦٣)

# گفتوگۆی

# ئێرانناسی



# گفتوگۆی ئێراننناسی

# (٢)



د. پەروێز
شارەزای سیاسەتی ئێران



د. هیوا مەجید
شارەزای سیاسەتی ئێران



د. ئەژی ئازاد
شارەزای کاروباری ئێران



بارام مەجیدخان
شارەزای کاروباری ئێران



هەورامان فایەق
بەڕێوەبەری گفتوگۆ

## دۆخی هەنووکەیی ئێران و ئایندەی

## پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەمریکا

## بەرایی

ساڵانێك لەمەوبەر هارۆڵد ویلسنی سەرۆك وەزیرانی بەریتانیا گوتی: هەفتەیەك لە سیاسەتدا کاتێکی زۆرە. هەفتەکان بۆ ئێران زۆر بەخێرایی تێدەپەڕن. بەڕادەیەك کە پێشبینیکردنی ڕووداوەکان هەفتە بە هەفتە گۆڕانکاری بەسەردا دێت. گفتوگۆی ئەمجارەی ئێراناسی سەرنجی لەسەر چوار تەوەر چڕ کردووەتەوە. یەکەم دۆخی ناوخۆی ئێران لە دوای هاتنەسەرکاری مەسعود پزیشکیان، ئایندەی پەیوەندییەکانی ئەو وڵاتە و ئەمریکا لە دوای دەستبەکاربوونی ترەمپ، دەنگۆی مامەڵەیەکی ژێر بەژێری ڕووسیا و ئەمریکا لەسەر ئۆکراینا و ئێران؛ دواتەوەر، ڕۆڵی نەرمەبڕ و کاریگەری سعودیە لە گەمە نێودەوڵەتییەکاندا کە ڕەنگە لەسەر حسابی ئێران بێت. گفتوگۆی وەرزنامەی ئێراناسی ئەم ژمارەیەیە، میوانداری بەڕێزان (د. هیوا مەجید، د. پەرویز ڕەحیم، مامۆستا بارام مەجیدخان و د. ئەژی ئازاد) کردووە. پرسیارەکان بە دۆخی ناوخۆی ئێران بەتایبەت لەڕووی ئابووری و سیاسیی ناوخۆوە دەستپێدەکەین

ئێراناسی: لە دوو هەفتەی ڕابردوودا دوو پێشهاتی ناوخۆیی گرنگ، دۆخی هەنووکەیی کابینەی پزیشکیانیان ڕوون کردەوە؛ لە کاتێکدا تەنیا شەش مانگ بەسەر دەستبەکاربوونی کابینەی پزیشکیان تێدەپەڕێت، فشاری ئوسوڵگەرایانی بەرهەڵستکاری کابینە گەیشتووەتە ئەو ڕادەیەی کە لە ڕێگەی پەرلەمان و فشار خستنەسەر دەسەڵاتی دادوەری، ڕووبەڕووی بەشێك لە وەزیر و کەسایەتییە نزیك و متمانەپێکراوەکانی پزیشکیان ببنەوە. پەرلەمانی زۆرینە ئوسوڵگەرا، متمانەیان لە وەزیری ئابووری سەندەوە و محەمەد جەواد زەریفیش دوای فشاری و ناڕەزایەتییەکی زۆری ئوسوڵگەراکان بەناچاری کابینەی پزیشکیانی بەجێهێشت. سێیەم ڕووداوی گرنگ، کۆتاییهاتن بە ڕاگیرکردنی مەهدی کەڕوبی یەکێك لە کاندیدە ناڕازییەکانی هەڵبژاردنی سەرۆکایەتی کۆماری ٢٠٠٩ بوو.

دوو پێشهاتەی یەکەم، هەڵگری پەیامگەلێکی ڕوون لە لایەن ئوسوڵگەڕا توندهاژووەکانی بەرهەڵستکاری کابینەی حکومەت بوون. پێتوایە، هۆکار و ئامازەکانی متمانەسەندنەوە لە وەزیری ئابووری کابینەی پزیشکیان چین؟

د. ئەژی ئازاد: یەکەمین ئاماژەی بەریەککەوتنی ڕاستەوخۆی پەرلەمان و

کابینـەی پزشـیکان، لێسـەندنەوەی متمانـە لـە وەزیـری ئابـووری (عەبدولنـاسر هیممەتـی) بـوو؛ بەرزبوونـەوەی خێـرای نرخـی دۆلار و کۆنترۆڵنەکردنـی نرخـی شـتومەك و خواردەمەنییـەکان، گرنگتریـن هۆکارەکانـی پەلکێشـکردنی وەزیـری ئابووری بـۆ پەرلەمـان بـوو. لەگـەڵ دەسـتبەکاربوونی پزیشـکیان چاوەڕێ دەکـرا پەرلەمانـی زۆرینـە ئوسـوڵگرا لەمپەرێکـی سـەرەکیی بەردەمـی هەنگاوەکانـی کابینـە بێـت، بەتایبەتـی کـە بەشـێکی پەرلەمـان لـە ئوسـوڵگەراکانی لایەنگـری سـەعید جەلیلـی و نـاسراو بـە «جەلیلییـەکان» و بەشـێکی دیکەیـان لـە گرووپـی نـاسراو بـە «جبهـە پایـداری» پێـك دەهاتـن، کـە هـەر لـە سـەرەتای ناسـاندنی کابینـەوە، بـە ئاشـکرا دژایەتـی خۆیـان بـۆ بەشـێك لـە کەسـایەتی و هەنگاوەکانـی کابینـە پیشـان دابـوو. لەگـەڵ ئەمەشـدا، دەنگهێنانـی تێکـڕای کابینـەی پزیشـکیان لـە سـەرەتای ناسـاندنی کابینـە بـە پەرلەمـان، ئـەو هیوایـەی لـە لای کابینـە و بەشـێك لـە چاودێـران دروسـتکردبوو، کـە لـە ڕێگـەی سـەرۆکی پەرلەمـان، محەمـەد باقـر قالیبـاف، وەك نوێنـەری بەشـێکی بەرچـاوی ئوسـوڵگەرا میانەڕەوەکانـەوە، هاوسـەنگی پەرلەمـان بـە قازانجـی کابینـە بشـکێتەوە، بـەڵام لـە دوو مانگـی ڕابـردوودا و لـە بابەتەکانـی وەك پرۆژەیاسـای «حیجـاب» و پشـتیوانی قالیبـاف بـۆ پرۆژەیاسـاکە -کـە بـە پێچەوانـەی ویسـتی پزیشـکیان بـوو- دەرکـەوت ئـەم پشـتیوانییە هەمیشـەیی نییـە و گەمـە سیاسـییەکانی نێـو پەرلەمـان و دەرەوەی پەرلەمـان مـەرج نییـە بـە قازانجـی پزیشـکیان بشـکێتەوە. بانگهێشـتکردنی هیمەتـی بـۆ پەرلەمـان و لێسـەندنەوەی متمانـە تەنیـا پـاش شـەش مانـگ ڕوونتریـن ئامـاژە بـوو. ڕەخنەیەکـی سـەرەکی ئوسـوڵگەراکان لـە هیممەتـی ئـەوە بـوو کـە هـەر لـە سـەرەتای هاتنەسـەر دەسـەڵاتی ترەمـپ، چارەسـەری دۆخـی ئابـووری و نرخـی دۆلاری بـە ڕێکەوتـن لەگـەڵ ئەمریـکا و چوونـە نێـو دامـەزراوەی FATF-ەوە بەسـتبوو و ئەمـەش ئاماژەیەکـی نەرێنـی بـە بـازار دابـوو، کـە دواتـر لـە بەرزبوونـەوەی خێـرای نرخـی دۆلار ڕەنگـی دابوویـەوە. لەگـەڵ ئەمەشـدا، ئـەوەی ڕوون بـوو، بەشـێکی ئـەم هەوڵـی متمانـە لێسـەندنەوە بـۆ پێشـینەی هیممەتـی وەك کەسـایەتی نزیـك لـە ئایەتـوڵڵا ڕەفسـەنجانی و کابینـەی ڕۆحانـی دەگەڕایـەوە و بەشـێکی دیکەشـی ناردنـی پەیامێکـی ڕوون بـۆ پزیشـکیان بـوو، کـە لـە توانایـان

دایە هەر وەزیرێکی تر -کە لە دیدی ئەوان لادەر و خاوەن پێشینەیەکی کێشەدار بێت- ڕاکێشی پەرلەمانی بکەن. ئەمەش بە ئاشکرا لە لێداونی یەکێك لە پەرلەمانتارە ئوسوڵگەراکانی سەر بە بەرەی پایەداری ڕەنگی دایەوە کە وتبووی: ئێمە دەزانین بە لابردنی هیمەتی دۆخی ئابووری باشتر نابێت، بەڵام دەمانەوێت لێپرسینەوە لە «کەسایەتی»ی هیمەتی بکەین! ئەمە جگە لەوە بەشێکی بەرچاوی ئوسوڵگەرا میانەڕەوەکانیش دەنگیان بە لابردنی هیمەتی دابوو، کە پێیان وابووە هیمەتی لە ئاست بەرپرسیارێتییەکەی نەبووە، جگە لەوەی ئەو پەیامەشیان بۆ کۆمەڵگە هەبووە کە هۆکارێکی خراپیی دۆخی ئابووری وڵاتیان لەسەر کارەکەی لا داوە.

**ئێراناسی: لە هەمان ڕۆژی متمانە سەندنەوە لە وەزیری ئابووری، محەمەد جەواد زەریف وەکو ڕاوێژکاری سەرۆك کۆمار بە پرسە ستراتیژییەکان و یەکێك لە کەسایەتییە کاریگەرییەکانی ماوەی بانگەشەی هەڵبژادن، دەستی لەکارکێشایەوە؛ هۆکارەکانی ئەم دەستلەکارکێشانەوە چی بوو؟**

د. ئەژی ئازاد: بابەتێکی تر کە لە هەمان ڕۆژی لێسەندنەوەی متمانە لە هیمەتی دەنگدانەوەی هەبوو، دەستلەکارکێشانەوەی محەمەد جەواد زەریف، لە پۆستی یاریدەدەری ستراتیژیی سەرۆك کۆمار بوو. زەریف لە پەیامی دەستلەکارکێشانەوەکەی ڕایگەیاند، کە ئەم کارەی بە پێشنیاری سەرۆکی دەزگای دادوەری و لەپێناو بیانووبڕکردنی ئەو کەسانەی کە بە هۆی ئەوەوە کێشەیان بۆ کابینەی پزیشکیان دروستکردبوو، ئەنجامداوە. هەر لەو کاتەوەی کە زەریف وەك بانگەشەکارێکی پزیشکیان لە ماوەی بانگەشەی هەڵبژاردن دەرکەوت، هێرشی ئوسوڵگەراکانی لایەنگری جەلیلی و بەرەی پایەداری دەستی پێکرد تا ئەو ڕادەیەی کە توندترین و قوورسترین دەربڕینەکانی وەك (خائین، خۆفرۆش، ئەڵقە لەگوێ، داردەستی بێگانە و...) بۆ لێدان لە کەسایەتی زەریف بەکارهێنا. پێداگریی پزیشکیان لە سوود وەرگرتن لە زەریف لە کابینەکەیدا و تەنانەت داتاشینی پۆستێکی تازە لە کۆماری ئیسلامیی ئێران بۆ ئەوەی لە بابەتە ستراتیژییەکاندا ڕاوێژکارێکی سەرەکی کابینە بێت، هێرشەکانی سەر

زەریفی توندتر کرد و بەشێك لە دانیشتنەکانی پەرلەمان بە هێرشکردنە سەر زەریف تایبەت کرابوو. لە ڕووکەشدا، بیانووی دژبەرەکانی زەریف بۆ بوونی لە کابینەدا، یاسای قەدەغەکردنی «دوو ڕەگەزنامەیی» بۆ بەرپرسانی وڵات و هاوسەر و منداڵەکانی بووە، ئەم یاسایەش زەریفی دەگرتەوە بەو پێیەی دوو کوڕی جگە لە ڕەگەزنامەی ئێرانی، ڕەگەزنامەی وڵاتی ئەمریکاشیان هەیە. هەوڵەکانی پزیشکیان بۆ هەموارکردنی ئەم یاسایە سەرکەوتوو نەبوو و دەزگای دادوەریش تووشی ئیحراجییەکی گەورە بوو، کە دژی ئەم هەنگاوەی کابینە نەوەستابوویەوە. بەڵام ئەگەر ئەم بابەتەش نەبوایە، بوونی زەریف، کێشەیەکی بەردەوامی کابینەی پزیشکیان بوو؛ لەگەڵ هاتنەسەر دەسەڵاتی حەسەن ڕۆحانی و ناساندنی زەریف وەك وەزیری دەرەوە و دواتر واژۆکردنی ڕێکەوتننامەی وزەی ناوەکی لە ساڵی ٢٠١٥، زەریف لە لایەن ئوسوڵگەڕا توندهاژووەکانەوە وەك سیمبوڵی دانوستان لەگەڵ ئەمریکا و ئاڕاستەی سیاسەتی دەرەوە «بەرەو ڕۆژئاوا» وێنا کرا و بەشێکی گەورەی شکستی ڕێکەوتننامەکەیان خستە ئەستۆی زەریف. ئەمە جگە لەوەی زەریفیش هیچ کاتێك ئامادەی نەرمینواندن نەبووە و لە نمونەی کاتی بانگەشەی هەڵبژاردنی سەرۆك کماریدا، سەرسەختانە و بە توندترین شێوە بەرگری لە سیاسەت و دەستکەوتەکانی خۆی کرد. لەگەڵ ئەمەشدا، دواجار چۆکدانانی زەریف، بردنەوەیەکی تری ئوسوڵگەراکان بوو و لە هەمانکاتدا هۆشدارییەك بوو کە کەسێکی وەکو زەریف کە متمانە پێکراوی ڕێبەری ئێرانە و کابینەی پزیشکیان بۆ پرسە هەستیارە ستراتیژییەکان پشتی پێدەبەست، دواجار لە ژێر فشارەکاندا ناچار خۆی بەدەستەوە دا. زەریف لە دواین چاوپێکەوتنیدا، ئاماژەی بەوە داوە کە بە وەزیری دادوەری وتووە لە کابینەدا زۆر هەستی بە دڵخۆشی نەکردووە و بە توندترین شێوە سنووردار کرابوو. ئەم وتە پڕ لە توانجانەی زەریف، بەشێك لەو دەنگۆیانەش پشتڕاست دەکاتەوە کە تەنانەت لە نێو کابینەی پزشکیان، ناکۆکییەکی نیمچەئاشکرا لەسەر سنووری دەسەڵات و پێگەی یاریدەدەر و ڕاوێژکارەکانی سەرۆککۆمار هەیە و کێشەکە تەنیا پەیوەست بە ئوسوڵگەراکانی نەیاری کابینە نییە

**ئێرانناس: پەیامەکانی ئەم دوو پێشهاتە بۆ کابینەی پزیشکیان چین؟**

د. ئەژی ئازاد: گرنگی ئەم دوو پێشهاتە لەوەدایە کە بیرۆکەی یەکدەنگیی نیشتمانی (وفاق ملی) کە پزیشکیان هەوڵی دابوو بەتایبەتی لە دانانی وەزیرەکانی کابینەی جێبەجێی بکات، گومانی گەورەی کەوتۆتە سەر؛ لە ئێستادا جگە لە شەقام، بەشێك لە ڕیفۆڕمخوازەکانیش پێیان وایە کە ویفاقەکەی پزیشکیان نەك تەنیا نەیتوانیوە هاودەنگی و پشتگیری زۆرینەی ئوسوڵگەرا بە دوای خۆیدا بهێنێت، بەڵکو زیاتر لە «باجدان» بۆ لایەنی بەرامبەر خوێندنەوەی بۆ دەکرێت، ئەویش لە پێناوی ئەوەی لەمپەر بۆ کابینە دروست نەکرێت، لە کاتێکدا ئەم دوو پێشهاتە دەریانخست، باجدان و دانبەخۆداگرتنی پزیشکیان لە باسکردنی کێشە و گرفتەکان، دۆخی ڕاستەقینەی کابینەکەی بەتایبەتی و وڵات بە گشتی، ئوسوڵگەراگانی بۆ لێدانی کابینەکە و هەنگاوەکانی زیاتر ملهوڕ کردووە. هەر ئەم هۆکارەش بوو کە دواجار پزیشکیان لە وتارەکەی لە پەرلەماندا بۆ بەرگری لە کارنامەی هیممەتی، بۆ یەکەم جار بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ و ڕاشکاوانە ڕایگەیاند کە کابینەکەی میراتگری کابینەیەکی قەرزار و مایەپووچی پێش خۆی بووە و دۆخی هەنووکەیی بەرهەمی سیاسەتەکانی پێش خۆیەتی. زیاتر لەمەش پزیشکیان ڕاشکاوانەتر ڕایگەیاند کە ئەو لایەنگری دانوستان لەگەڵ ئەمریکایە، بەڵام بەو پێیەی کە ڕێبەری ئێران دانوستانی قەدەغەی کردووە، ئەویش ملکەچی بڕیارەکەیە. لەگەڵ ئەمەشدا، ئەگەرچی بەشێکی دەنگدەرانی پزیشکیان و بەشێکی لە کۆمەڵگەی ئێرانی لە دۆخی پزیشکیان و سنووردارییی دەسەڵاتەکانی تێ دەگەن، بەڵام ئەگەر پزیشکیان لە ماوەی شەش مانگی داهاتوودا نەتوانێت گۆڕانکاری یان لانیکەم جووڵەیەك لە دۆخی ئابووری وڵات و نرخی دۆلار بکات، هیچ گەرەنتییەك لە ئارادا نییە کە جارێکی تر نارەزایەتییەکانی شەقام سەرهەڵنەداتەوە. ئەمە لە کاتێکدایە کە کابینەی پزیشکیان لە ئاستی ناوخۆ و بەم دۆخەی ئێستای سزاکان، فشارە بەردەوامەکانی ئەمریکا و کەمبوونەوەی ڕێژەی فرۆشی نەوت و

کارەبا و غاز، تەنیا چاوی لەوەیە کە لە ئاستی باڵای دەسەڵات، ڕێگە بە کابینە بۆ دەستپێکردنەوەی دانوستانەکان بدرێت و ئێران لەم گۆشەگیرییە سیاسی و ئابوورییە ڕزگاری ببێت، بە پێچەوانەوە ئەزموونی شەش مانگی سەرەتای کابینەی پزیشکیان دەریخستووە کە هیچ بیرۆکەیەکی کردەیی بۆ ڕزگارکردنی ئابووریی داڕوخاوی ئێران، جگە لە کرانەوەیەك لە ئاستی هەرێمی و نێودەوڵەتیدا لە ئارادا نییە. ئەمە جگە لەوەی کە بەشێك لە ئوسوڵگەراکانیش ئەوەیان پیشانداوە کە لە پێناو کەوتن و شکستی کابینەی پزیشکیان سڵیان لە هیچ دۆخێکی وەك خۆپیشاندانەکانی هاوشێوەی ئەزموونی ساڵانی ڕابردوو نییە.

**ئێراناسی: کۆتاییهاتن بە ڕاگیرکردنی مەهدی کەڕوبی پاش ١٤ ساڵ، دەکرێت بە مانای کرانەوەی سیاسیی ناوخۆ بە ڕووی ڕەخنەگرانی نیزام بێت؟**

د. ئەژی ئازاد: بابەتی چارەنووسی ڕاگیرکراوەکانی هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ٢٠٠٩، یەکێکە لە گرێکوێرەکانی نیزام کە تەنانەت نارەزایەتی بەشێك لە ئوسوڵگەراکانی بەدوای خۆیدا هێناوە، زیاتر لە ١٤ ساڵە سێ کەسایەتی نارازیی هەڵبژاردنەکەی ٢٠٠٩، بەبێ دادگاییکردنی ئاشکرا، لە ماڵەوە ڕاگیر کراون و نیزام نە توانای ئازاکردنیانی هەبووە نە ئامادەش بووە دادگاییان بکات، ن ڕاگیرکراوەکانیش ئامادەی سازشکردن لە داواکانیان یا پەشیمانبوونەوە بوون. لەگەڵ ئەمەشدا، هەر لە سەرەتای دەستبەکاربوونی پزشکیان دەنگۆی ئەوە هەبوو کە لە پێناو دروشمی هاودەنگیی نیشتمانی، هەوڵی کۆتاییهێنان بە بابەتی ڕاگیرکراوەکان بدرێت. لەم ڕووەوە، کۆتاییهاتن بە ڕاگیرکردنی مەهدی کەڕوبی ڕووداوێکی چاوەڕوانکرابوو؛ بەتایبەتی کە کەڕوبی بە پێچەوانەی میرحوسێن موسەوی، پەیامەکانی بەرەو ڕادیکاڵبون نەچووبوو و لە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ئەم دواییەدا بەشداری لە پرۆسەی دەنگدان کردبوو. ئەم هەنگاوە ئەگەرچی بە بڕیاری سەرۆکی دەزگای دادوەری بووە، بەڵام باس لە هەوڵە نێوەندگیرییەکانی کۆمەڵێك کەسایەتیی ناسراو لە هەر دوو بەرەی ئوسوڵگەرا و ڕیفۆرمخواز کراوە لە پێناو ئەوەی بە ئازادبوونیان متمانەیەکی کۆمەڵایەتی بۆ نیزام

بگەڕێتەوە. ئەگەرچی ئەم هەنگاوە پێشوازییەکی گەرمی ڕیفۆڕمخوازەکانی بەدوای خۆیدا هێنا، بەڵام چاوەڕوانییەکان زیاتر بۆ ئازادکردنی موسەوی و ژمارەیەکی تری بەندکراوە سیاسییەکانە بۆ ئەوەی ئەو پەیامە بە خەڵك بگات کە نیزام ئامادەی کرانەوەی سیاسی زیاترە. هەرچەندە ئەم هەنگاوە بۆ موسەوی وەك ئەوەی کەڕوبی ئاسان نییە؛ لە دوایین پەیامی موسەوی، هەست بەوە دەکرا کە چیتر هیوای بە چاکسازیی نیزام نەماوە و پێی وابووە کە دەبێت ئەم نیزامە تێپەڕێندرێت. جگە لەمە موسەوی پێشتر لە پەیامێکی تردا بە ئاشکرا ڕەخنەی لە ئایەتوڵا خامنەیی گرتبوو کە دەیەوێت بە زەمینەخۆشکردن بۆ جێنشینی کوڕەکەی (موجتەبا)، دەسەڵاتی پشتاوپشتی هاوشێوەی پەهلەوی بگەڕێنێتەوە. ئەمە جگە لەوەی ژمارەی نەیارەکانی موسەوی و ئاستی دژایەتیان بۆ ئەوە زۆر لە کەڕوبی زیاترە و پێویستی بە زەمینەسازییەکی زیاتر هەیە.

سەرباری ئەمانەش، کێشەی سەرەکی خەڵك لە ئێستادا دۆخی ئابووری وڵاتە کە هیچ ئاسۆیەکی هیوابەخشی بۆ نابینرێت؛ نە کابینەی پزشکیان چارەسەرێکی یەکلاییکەرەوەی پێیە و نە لە ئاستی نیزامدا، بڕیارە قورسەکان بۆ کێشە ناوخۆیی و پرسە دەرەکییەکان دەدرێت، بەتایبەتی کە ئاستی هەڕەشەکانی ئەمریکا زۆر زیاتر لە ڕابردووە و ئەمەش دۆخێکی دەروونی ناجێگیری لە نێو خەڵکدا دروستکردووە. لە دۆخێکی وەهادا ئەم جۆرە هەنگاوانە ناتوانێت کاریگەرییەکی ماوەدرێژ و گەورەی هەبێت، تا ئەو کاتەی هاوتەریب لەگەڵ کرانەوەی ناوخۆیی، پرسی ئابووری و سیاسەتی دەرەوە چارەسەرێکی بۆ نەدۆزرێتەوە

**ئێرانناسی: دکتۆر پەروێز، ڕۆڵی سعودیە لە گۆڕانکارییەکانی ناوچەکەدا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە. هەندێك لە چاودێرانی ناوخۆی ئێران بە بەراوردکردنی وڵاتەکەیان لەگەڵ سعودیە، ڕەخنەی ئەوە دەگرن کە چیتر سعودیە ئەو کارەکتەرە لاوازەی جاران نییە و ئێستا ڕۆڵی نێوەندگیر دەبینێت تەنانەت لە ئاشتکردنەوەی ڕووسیا و ئەمریکادا، لە کاتێکدا کە ئێران بۆ ئەوەی گفتوگۆ لەگەڵ ئەمریکا بکات، بەنیازە دەست بە دامێنی ڕووسیا**

**ببێت. ئەو ڕۆڵەی سعودیە و پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێراندا چۆن دەبینیت؟ چی دەست دەکەوێت؟ ئایا دەستکەوتەکانی سعودییە لەسەر حسابی لاوازکردنی ئێران و بەرەی خۆڕاگرییە؟ لە لایەکی ترەوە، باس لە هەوڵی قەتەر دەکرێت بۆ لەیەك نزیککردنەوەی ئەمریکا و ئێران. بە لەبەرچاوگرتنی پەیوەندیی لە مێژینەی ئێران ـ قەتەر، ئایا دەتوانین پێشبینی هەستانەوە یان بەهێزبوونەوەی ئێران بکەین؟**

د. پەروێز ڕەحیم: سعودیە لەپاش ئاساییکردنەوەی پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئێران بەپێچەوانەی ڕابردوو هەوڵدەدات کە ڕاستەوخۆ دژایەتی ئێران نەکات و نەبوونی ململانێی توند و تەنانەت دوورخستنەوەی ئەگەری پێکدادان و جەنگ لە ناوچەکە، هەروەها لەگەڵ ئێران و پرۆکسییەکانی لە ناوچەکەدا بە قازانج و لە بەرژەوەنی خۆیدا دەبینێت. ئەمەش لەلایەک بەهۆی گۆڕانکارییەکانی ناوچەکە و لەلایەکی دیکەشەوە پەیوەندی بە سیاسەتی خودی محەمەد بن سلمان شازادەی جێنشینی سعودیەوە هەیە، سەبارەت بە گەشەی ئابووری و بەرنامەکانی کە بە ڕوانگەی ٢٠٣٠ (Saudi Vision 2030) ناسراوە.

جگە لەمانەش سعودیە لە ئێستادا نایەوێت بارگرژییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکا ببێتە هۆکاری تێکچوونی پەیوەندییەکانی خۆی و ئێران، چونکە لە بارودۆخێکی لەم شێوەیەدا ئێران بە ڕێگەی هێزە پرۆکسییەکان و لەوانەیە ڕاستەوخۆ هەوڵ بدات کە هێرش بکاتە سەر ناوەندە سەربازییەکان و بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەکەدا، ئەمەش دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە سعودیە تێوەبگلێت، چونکە لەلایەک حوسییەکان تاوەکو ئێستا لەپاڵ حەشدی شەعبی بەهێزترین پرۆکسی ئێرانن و دەتوان ئاسایشی سعودیە و دەریای سوور و بابەلمەندەب بخەنە مەترسییەوە و لەلایکی دیکەشەوە سعودیە ناتوانێت لە پێکدادانێکی لەم شێوەدا بێلایەن بێت، بۆیە ئەمەش بەزیانی خۆی دەبینێت و دەکەوێتە ناو جەنگێک کە بەپێچەوانەی ڕابردوو کە ئێرانی بە مەترسی سەرەکی دەزانێت، ئەوە ئێستا بە جەنگی خۆی نازانێت، چونکە لە ڕابردوو ئەمریکای سەردەمی ئیدارەی یەکەمی ترەمپ لەساڵی ٢٠١٩ ئامادە نەبوو بەرگری لە سعودیە بکات لە بەرامبەر هێرشی پرۆکسییەکانی ئێران بۆ

سەر دامەزراوە نەوتییەکانی ئەو وڵاتە

دەتوانین بڵێین کە نێوەندگیری سعودیە پێگەی ئەو وڵاتە لە ناوچەکە و لەئاستی نێودەوڵەتیش بەرز دەکاتەوە، چونکە لە ئێستادا لە نێوان ڕووسیا و ئەمریکا نێوەندگیری دەکات و ئەمەش بە قازانجی بن سەلمانە بۆ ئەوەی کە سیمای سیاسیی ڕابردووی خۆی بەهۆی کوشتنی خاشقچییەوە بە باشی وێنا بکاتەوە و لەلایەکی دیکەشەوە نەبێتە بەشێک لە ململانێیەکانی ئەو دوو وڵاتە و هاوسەنگییەکی ئەرێنی لەنێوان جەمسەرە هەرێمایەتی و نێودەوڵەتییەکان دروست بکات. لە ئێستاشدا سعودیە دەیەوێت لە سەردەمی ترەمپ ببێتە هاوپەیمان و هاوبەشێکی گرنگ کە ترەمپ حەزی لێدەکات و لە هەمانکاتیشدا بەرنامەکانی خۆی گەرەنتی بکات و پێگەی خۆی بەرز بکاتەوە. سعودیە بە وانەوەرگرتن لە سەردەمی یەکەمی ترەمپ دەیەوێت هاوسەنگییەک لە نێوان ئەو و وڵاتانەی دیکە دروست بکات و وابکات ئەمریکا پێویستی بە سعودیە هەبێت لە ناوچەکە و تەنانەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی

لەلایەکی تریشەوە، سعودیە هەست دەکات کە بە نێوەندگیری لە نێوان ئەمریکا و ئێران مەترسی بە ئەتۆمیبوونی ئێران کەم دەکاتەوە، چونکە لە بارودۆخێکی لەم شێوەدا ئێران و ئەمریکا ململانێ و بارگرژیان هەبێت، ئەوە چونکە ئێران لاواز بووە لەپاس ڕووداوەکانی ٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٣ەوە، لەوانەیە پەنا بباتە بەر بە ئەتۆمیبوون و لەم حاڵەتەشدا سعودیە هەست بە دڵەراوکێی ئاسایشی بکات و هاوسەنگییەکە لە زیانی سعودیە بێت، بۆیە لە ڕێگەی نێوەندگیرییەوە دەیەوێت ئەمە ڕوونەدات و ئێران بۆ پاراستنی خۆی بەرەو ئەوە نەچێت. جگە لەمانەش نزیکبوونەوەی ئێران و ئەمریکا وادەکات لە سەردەمی ترەمپدا کە پرسە ناوچەیی و مووشەکییەکانیش بکەوێتە بەر باس، ئەمەش لە بەرژەوەندیی ئاسایشی و هەرێمایەتیی سعودیەیە کە لە ڕێگەی ئەمریکا و بە نێوەندگیری سعودیە مەترسییەکانی ئێران کۆنترۆڵ بکات

سەبارەت بە قەتەر، بەردەوامی سیاسەتی قەتەرە کە دەیەوێت بەم ڕۆڵە هەڵبستێت و پێگەی خۆی لە نێوان ئەمریکا و ئێران بەرز بکاتەوە، بەڵام لە

ڕاستیدا سعودیە دەیەوێت ئەم ڕۆڵەی قەتەر وەربگرێت و سعودیە بۆ ئێران گرنگترە. ئەوەی کە ئایا ئێران بەهێز دەبێتەوە پەیوەستە بەبڕیاری ڕابەری باڵای شۆرشی ئیسلامیی، سەبارەت بە دانوستان و قەبارەی ئەم دانوستان و ڕێکەوتنە لەگەڵ ترەمپ یان بەردەوامیدان بە ناکۆکییەکان و تەنانەت خۆئامادەکردن بۆ پێکدادان و هەڕەشەکردنە سەر دامەزراوە ئەتۆمییەکانی ئێران لەلایەن ئیسرائیلەوە. چونکە ترەمپ و ئیسرائیل وەکو سەردەمی ئۆباما ڕازی نابن ئێران بەرنامەی ئەتۆمی و مووشەکی و ناوچەییەکانی بەردەوام بێت و لە ئێستاد ئێران لە دۆخێکی نەخوازراو و لاوازی ناوخۆیی و دەرەکیدایە، هەر بۆیە دەیانەوێت لە ڕێگەی سەپاندنی سیاسەتی ئەوپەڕی گوشاری کۆتایی بە بەرنامە ئەتۆمییەکانی بهێنن. ئێرانیش ئەم ڕاستییە دەزانێت و هەوڵدەدات بە کەڵکوەرگرتن لە ناکۆکی ئەورووپییەکان و ترەمپ دەرفەتێک بدۆزێتەوە کە تاوەکو ١٨ی ئۆکتۆبەری ساڵی ٢٠٢٥ کە بڕیاری ٢٢٣١ی ئەنجومەنی ئاسایش سەبارەت بە ڕێکەوتنی ساڵی ٢٠١٥ و گەڕانەوەی سزاکان بەپێی میکانزیمی(snapback mechanism) کۆتایی پێدێت

**ئێرانناسی: دکتۆر هیوا، گەڕانەوەی ترەمپ بۆ سەرۆك کۆماری ویلایەتە یەکگرتووەکان، گۆڕانکارییەکانی خێراتر کردووە و پێشبینییەکانی ئەستەمتر کردووە، پێتوایە بەم گۆڕانکارییە لە دەسەڵات، ئایندەی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا بە کوێ دەگات؟**

بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستە سەرەتا ئاوڕێک لە کەسایەتی خودی ترەمپ بدەینەوە. ترەمپ کەسێکی بازرگانە، بازرگان زۆرتر هزر لە سەرکەوتنی خۆی دەکاتەوە. هەربۆیەش ترەمپ بە بەردەوامی دروشمی «ئەمریکای بەهێز» و «گەڕانەوەی شکۆی ئەمریکا» دوبارە دەکاتەوە؛ بەڵام لەگەڵ ئەمەشدا ترەمپ ئەزموونێکی چوار ساڵی سەرۆکایەتی هەیە، بۆیە دەکرێ بڵێین ئەمجارە ترەمپ بە شارەزاتر حوکم دەکات، هێنانی کۆمەڵێک بازرگان و ئەفسەریی سەربازیی بە ئەزموون، بۆ پۆستە وەزارییەکان دەرخەری ئەوەیە کە ترەمپ ئامادە نابێ یارمەتی دارایی وڵاتانی تر بدات. ئەمەش بەو واتایە دێت کە ترەمپ هەوڵی ڕاگرتنی جەنگی ڕووسیا-

ئۆكراین و ئیسرائیل-حەماس و ئیسرائیل-حزبوڵڵا دەدات. ئەم هەوڵانەش ڕاست دەرچوون و لە دوای سەركەوتنی ترەمپ لە هەڵبژاردنەكان ئەم هەوڵانە دەستیان پێكرد. هەروەها هێنانی ئەفسەری بە ئەزموون ئەو مانایە دەدات ترەمپ حەز لە جەنگ ناكات، بەڵام سیاسەتی گوشارخستنەسەر بەكاردێنێتەوە. ترەمپ هەم خاوەن كەسایەتییەكی هێرشبەرە و پێشوەختە هەنگاو دەنێت، هەمیش خاوەن كەسایەتییەكی مامەڵەكارە. بۆ ترەمپ هاوكێشە سیاسیی و نێودەوڵەتییەكان واتە مامەڵەی بازرگانی. بۆ ترەمپ پرسیار ئەوەیە لە هەموو هاوكێشە نێودەوڵەتییەكانی، ئەمریكا تا چەند سوودمەند دەبێت بە تایبەتیش لە ڕووی داراییەوە، لەم گۆشەنیگایەوە ترەمپ هەنگاو دەنێت.

لەم گۆشەنیگاییەوە ئەگەر سەیری داهاتووی پەیوەندییەكانی نێوان ئەمریكا و ئێران بكەین پێویستە سەرەتا ئاماژە بەوە بدەین كە هەم ترەمپ و هەمیش نوخبەی سیاسیی ئێران لە زمانی یەكتر تێدەگەن، واتە هەم ترەمپ كەسێكی پراگماتە هەمیش نوخبەی دەسەڵاتداری ئێران، بۆیە هەر دوو لایەن هاوكێشەكانی ناوچەكە دەخوێننەوە. سیاسەتی ئەم جارەی ئیدارەی ترەمپ لەگەڵ ئێران دەكرێ گۆڕانی بەسەردابێت و بەرەو لێكتێگەیشتن بڕوات ئەویش بە چەند هۆكارێك

یەكەم، ترەمپ ئەزموونێكی چوار ساڵەی حوكمڕانی هەیە، واتە ترەمپی ئیستا هەمان ترەمپی خولی یەكەمی سەرۆكایەتی نییە و باشتر لە هاوكێشە سیاسییەكان و پرسە نێودەوڵەتییەكان تێدەگات

دووەم، ئێران هەمان پێگەی جارانی نییە. بەرەوی موقاوەمە لەو پەڕی لاوازیدایە، حزبوڵڵا و حەماس وەك جاران نین، ڕژێمی بەشار ئەسەد ڕووخاوە، ئیسرائیل بەهێز بووە و هێرشی كردۆتە سەر سیستەمی بەرگری ئێران. حوسییەكانی یەمەن بە تایبەتیش لە بەندەری حودەیدە بنكە سەربازییە سەرەكییەكانیان لە دەستداوە. ئەمە سەرەڕای دۆخی ئابووریی نالەباری ئێران و دابەزینی بەهای تمەنی ئەم دەوڵەتە

سێیەم، بەهۆی گفتوگۆی نێوان ڕووسیا و ئەمریكا لەسەر كۆتایهێنان بە جەنگی ڕووسیا-ئۆكراین، ئەگەر هەیە ڕووسیا وەك جاران هاوتەریب نەبێت

لەگەڵ سیاسەتی ئێران و پرسی بەرنامەی ئەتۆمی ئەم دەوڵەتە. هەر بۆیەش لە سەردانی وەزیری دەرەوەی ڕووسیا بۆ ئێران لە ڕێکەوتی ٢٠٢٥/٢/٢٤ ئەم سەردانە تەنیا ١٦ خولەک دانوستاندنی لەخۆ گرت

چوارەم، خودی بەرەی موقاومە بە وریاییەوە مامەڵە لەگەڵ ئەم دۆخە نەخوازراوە دەکات. لە ناوخۆی عێراقیش چوارچێوەی هەماهەنگی کە پێکهێنەری سەرەکی حکومەتە و خۆی بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمانی عێراق ئامادە دەکات خوازیار نییە عێراق بچێتە ناو هەر جۆرە ناکۆکییەکی نێوان ئێران-ئەمریکا و ئێران-ئیسرائیلەوە، چونکە ئەمە دەبێتە هۆی داتەپینی بەهای دیناری عێراقی و تەنانەت بلۆککردنی پارەکانی عێراق لە ئەمریکا یاخود ڕێگەنەدان بە عێراق کە چیتر گاز بۆ وێستگەکانی بەرهەمهێنانی کارەبا لە عێراق لە ئێران هاوردە بکات، بۆیە ئەگەر دۆخی عێراق لێکدبدەینەوە بەم دەرەنجامە دەگەین کە سەختە بەغدا بچێتە ناو جەنگی داهاتووی بە وەکالەتی ئێران لە ناوچەکە، کەچی لە ئێستادا تەنیا عێراق وەک ناوچەی دەستڕۆیی تاران ماوەتەوە

پێنجەم، ترەمپ لەدوای دەستبەکاربوونی کۆمەڵێک گوشاری ئابووری خستۆتە سەر وڵاتانی هاوپەیمانی و لە کۆمەڵێک ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتی کشاوەتەوە، بە واتایەکی تر ئەوەی کە ترەمپ دەڵێت ئەگەری جێبەجێکردنی هەیە. ئەمە خاڵی لاوازی ئێرانە

بە ڕەچاوکردنی ئەم خاڵانەی سەرەوە، ئێران ئامادەگی خۆی دەربڕیوە بۆ دانوستاندن، ئەگەرچی خامنەیی ڕەتیکردەوە کە دانوستاندن بکات، بەڵام ئەمە زمانی «بەرزکردنەوەی ئاستی بارگرژییەکان»ە، بۆ دەستپێکردنی دانوستاندن. ترەمپ دووپاتیکردوەتەوە کە حەزی لە چارەسەرکردنی کێشەکانە لەگەڵ ئێران، چونکە خودی ترەمپ نایەوێت بکەوێتە ژێر گوشارەکانی ئیسرائیل بۆ هێرشکردنە سەر تاران بە بیانوی لێدان لە بنکە ئەتۆمی و سەربازییەکانی ئەم وڵاتە. چونکە ترەمپ وەک کەسێکی بازرگان حەزی لە شەڕ نییە. خودی تارانیش لەم ڕاستییە تێدەگات و هەست بە گوشارەکانی ئیسرائیل لەسەر خۆی و لەسەر ترەمپ دەکات، هەر بۆیەش دواجار ئەویش

ناچارە بێتە سەر مێزی گفتوگۆ. لە ئیدارەی پێشووی ترەمپ، بە دەرچوونی ئەمریکا لە ڕێکەوتننامەی ٥+١ کە دواتر بوو بە ٤+١، وڵاتانی ئەورووپی نەیانتوانی هیچ بەرەوپێشچوونێک لەسەر بەرنامەی ئەتۆمی ئێران بەدەست بێنن و سیاسەتی ترەمپ بووە بە «ئەوپەڕی گوشار» لەسەر ئێران. ئەگەرچی جۆبایدن هەوڵی دەستپێکردنەوەی گفتوگۆکانی لەگەڵ تاراندا هەبوو، بەڵام گەمارۆ ئابوورییەکان هەر وەک خۆیان مانەوە و تەنانەت پارە بلۆککراوەکانی ئێران لە کۆریای باشوور و بە ناوەندگیری قەتەر ئازاد نەکران. ئەمە کاریگەری خراپی لەسەر ئێران دروستکرد و دۆخی خراپی ئابووریی بووە هۆی سەرهەڵدانی ناڕەزایەتی و خۆپیشاندانەکان لە ئێران. بۆیە تاران ناخوازێت دووبارە ئەم ئەزموونە دوبارە بکاتەوە. بە کورتی، ئەگەری هەیە سیاسەتی ترەمپ لەهەمبەر تاران لەم خولەی سەرۆکایەتیدا نەرمتر بێت و خودی تارانیش ناچار بێ ملکەچی بەشێک لە داواکارییەکانی ترەمپ بێت

**ئێرانناسی: مامۆستا بارام، یەکێك لە خوێندنەوەکان سەبارەت بە هاوکێشە نێودەوڵەتییەکان و سیاسەتی نوێی ئەمریکا لە هەمبەر ڕووسیا بریتییە لە مامەڵەکردنی ئەمریکا و ڕووسیا لەسەر ئێران و ئۆکراینا، ئەم خوێندنەوەیە تا چەند لەگەڵ واقیعدا یەك دەگرێتەوە؟**

«ئەلکساندر دوگین» بیرمەندی ڕووس؛ ترەمپیزم بە «دیاردەیەکی جیۆپۆلەتیکی و ئایدۆلۆژی» ناوزەد دەکات. گەڕانەوەی دوبارەی ترەمپ بۆ ناو کایەی سیاسی نێودەوڵەتی، شۆکێکی گەورە بوو بۆ هەموو وڵاتان. ترەمپیسم لە سەر سێ بنەمای سەرەکی خەت و خاڵی دەرکەوتوون

یەکەمیان: پشت کردنە بەها قبوڵکراوەکانی سیاسەتی نێودەوڵەتی و ئەو بنەما قبووڵکراوانەی کە زیاتر لە حەفتا ساڵە پەیرەو دەکرێت

دووەم: ڕووبەڕووبوونەوەی «چین» لە سیاسەتی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا. ئەمریکا بە ڕابەرایەتی ترەمپ، یەک نەیار و ڕکابەری جیهانی هەیە ئەویش چینە. هەموو ئاڕاستە و جووڵەکانی ئەمریکا بۆ کۆنترۆڵکردنی چینە لە سەر شانۆی نێودەوڵەتی

سێیەم: ڕێکەوتن لە گەڵ ڕووسیا و بە هاوپەیمانکردنی ڕووس بە ئامانجی

گوشـار خسـتنە سـەر چیـن. ڕووس لـە جیهانبینـی ترەمپـدا نابێـت هاوپەیمانـی چینیـەکان بێـت. بـۆ گەیشتن بـەم ئامانجـە، ئامـادەی سازشـە، بەنرخـی پشتگوێ خسـتنی ئەورووپـا و مامەڵـە و سـەوداکردن بـە ئێـران و ئۆکرانیـا

چـوارەم: ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت لـە جیهانبینـی ترەمپـدا ئاڵۆزتـر و ناواقعـی تـر لـە خولـی پێشـوتری سـەرۆکایەتی ئەمریکا دەرکەوتـووە. سیاسـەتی کۆنترۆڵکردنـی ئێـران و خزاندنـی ئـەو وڵاتـە بـۆ نـاو سـنوورەکانی خـۆی و چـەک داماڵینـی ئێـران و گوشـاری ئابـووری، بـە ئامانجـی گەیـشتن بـە ڕێکەوتننامـەی مێژوویـی. (کـە بـە جەژنـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت نـاوزەدی کـرد). لـە لایەکـی تـرەوە گوشـار خستنەسـەر جیهانـی عەرەبـی بـە پـڕۆژەی دوور لـە لۆجیکی ڕاگواسـتنی دانیشـتوانی غـەززە لـە زێـدی خۆیـان.

**ئێرانناسـی: لەگـەڵ ئـەم پێشـەکییە بچوکـە خوازیـارم کـە وەڵامێکـی گـەورە وەربگـرم بـەوەی کـە ئایـا بەرژەوەندییەکانـی ئێـران هاوشـێوەی ئۆکرانیـا بـە بـێ بوونـی خۆیـان سـەودای پێـوە دەکرێـت؟**

ئـەو کەرەسـتەیەی کـە بەردەسـتە هەڵوێسـتی فەرمـی و ئـەو زانیارییانـەن کـە دزەی کردووەتـە نـاو میدیـاکان. بـەڵام لـە پشـتی پـەردەوە چـی دەگوزەرێـت ئـەوا ئێمـە ئـاگادار نیـن. وەکـو ئـەوەی کـە لـە کاتێکـی وا ئاڵـۆزدا چـی لـە نێـوان ئەمیـری قەتـەر و ڕابـەری کۆمـاری ئیسلامیـی گـوزەراوە نازانیـن! بـەڵام سـیناریۆی زۆر نزیـک بـە ئەقـل ئەوەیـە کـە ترەمپـی نـوێ داواکانـی لـە ئێـران لـە کێشـەی ئەتۆمـی بچـوک دەبێتـەوە و ئێـران لـە کۆتاییـدا لـە گـەڵ ئـەم سـیناریۆیە کێشـەی بونیـادی نییـە. «ئێـران دەسـتی نەگاتـە چەکـی ئەتـۆم». ئەگەر سـەودایەک لـە نێـوان ئەمریـکا و ڕووسـیا سـەبارەت بـە ئێـران لـە ئـارادا بێـت، کۆتایـی چیرۆکەکـە دەبێـت لـە مۆسـکۆ بخوێنییـەوە. واتـە ئەگـەر پۆتیـن پابەنـد بێـت بـە ڕێکەوتننامەکـەی لەگـەڵ تـاران (کـە تـا ئێسـتا جەوهەرەکـەی وشـک نەبووەتـەوە) دەبێـت بڵێـت: تـاران لەسـەر خـۆم! ئەگـەر لەکاتـی دیـداری سـەرانی دوو وڵات ئێرانیـش لـە پشـتی پـەردەوە ئـاگای لێیـان بێـت. شانسـی ئەوەیـان دەبێـت کـە ئەوانیـش بتوانـن تەوقەیـەک لەگـەڵ ترەمـپ بکـەن. ئـەوکات ترەمپـی ئاشـتیخواز! دەتوانێـت بـەر بـە هێرشـی دۆسـتە ئەورووپایـی و جیهانییەکانـی بگرێـت و

بڵێت: وا شەڕی ئۆکرانیام ڕاگرت و نەمهێشت ئێرانیش دەستی بگاتە چەکی ئەتۆم! ستراتیژی درێژخایەن بۆ ئەمریکا ڕاگرتنی چین و گەمارۆدانییەتی. بەڵام ئەگەر ئەم سیناریۆیە سەر نەگرێت و دەسەڵاتدانی ئێران لەم ڕێچەکە سیاسییەی کە گرتوویانتەبەر نەرمی نیشان نەدەن ئەوا ناوچەکە کێشەکانی ئاڵۆزتر دەبن و ئیسرائیل دەستکراوە تر دەبێت، کە ببێتە یاریکەری سەرەکی لە ناوچەکە و کارلێکەکانی جووڵەی سەربازی ئیسرائیل، دۆخێکی نادیار لە ناوچەکە دروست بکات.

ئێرانناسی: بەڕێزان د. هیوا مەجید ڕاگری کۆلێژی زانستە سیاسییەکان / زانکۆی سەلاحەدین، پ. ی. د. پەرویز ڕەحیم، مامۆستا لە کۆلێژی زانستە سیاسییەکان/ زانکۆی سەلاحەدین، مامۆستا بارام، شارەزا لە کاروباری ئێران و د. ئەژی شارەزا لە کاروباری ئێران. سوپاس بۆ بەشداریتان و ئەوکاتەی بە ئێمەتان بەخشی

**تێبینی**: ئەم چاوپێکەوتنە بۆ بەرێزان دکتۆر هیوا و دکتۆر پەرویز لە کۆتایی مانگی (٢) دا ئەنجام دراوە و سەبارەت بە د. ئەژی لە ٢٠٢٥/٣/١٩ و م بارام لە ٢٠٢٥/٣/٧ ئەنجام دراوە.

توێژینەوەی وەرگێڕدراو

ئێرانناسی

# پرۆژەی ئێران

## پێکهاتە و ڕەهەندەکانی[١]

**عەلی جەبەلی**

**و: بارام سوبحی**



(١) سەرچاوەکە بە عەرەبی. علی جبلی: المشروع الایرانی المقومات و الابعاد، مرکز الفکر الاستراتیجی للدراسات، لاپەڕەکانی (٦ – ٢٤) و (٣٤ - ٤١)

## بەرایی

شۆڕشی ئێران لە ساڵی (١٩٧٩) بە یەکێک لە گرنگترین ڕووداوەکان دادەنرێت کە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەخۆیەوە بینیویەتی، بەدەر لەو گۆڕانکارییە ڕیشەییەی کە لە پێکهاتەی سیاسی و کولتووری ئێراندا هێنایە ئاراوە، ڕەنگدانەوەی جەوهەری عەرەبی و ئیسلامیی هەبوو، تەنانەت تا ئێستاش لێکەوتەکانی لە هەموو ئاستەکانی سیاسی، فەرهەنگی و کۆمەڵایەتی بەردەوامن

بە سەرنجدان لەوەی کە شۆڕش لە سروشتی خۆیدا هەڵگری ڕەهەندێکی فراوانخوازانەیە، هەربۆیە بەبێ تێگەیشتن لەو بناغە فیکریانەی کە لەدوای ئەو شۆڕشەوە ڕژێمەکەی لەسەر بنیات نراوە، تێگەیشتن لە دۆخی ئێران ئەستەمە.

یەکێک لە گرنگترین ئەو تیۆرییانەی کە ڕژێمی ئێرانی بەڕێوەدەبات، تیۆری ئیمامەتی سیاسیی و ویلایەتی فەقیهە لەلای شیعەی دوانزە ئیمامی، بۆیە بەبێ تێگەیشتن لەو تیۆریانە، وێناکردنی بارودۆخی سیاسی ئێران زەحمەتە و ناتوانرێت، چونکە ناکرێت تەنها وەکو مەزهەبێکی فیقهی وێنای مەزهەبی جەعفەری بکرێت، لەبەرئەوەی لەبنەڕەتدا مەزهەبێکی سیاسییە، بەجۆرێک ئیمامەت بە تەنیا لە خانەدانێکی دیاریکراودا دەبینێت، مەزهەبەکەش وەکو ئامرازێک بۆ هێنانەدی ئەو دیدگایە دەبینێت. بەم شێوەیە بیرۆکەی ستەملێکراوی باڵ بەسەر هزری مرۆڤی شیعەدا دەکێشێت، چونکە پێیوایە ئوممەت لە ڕابردوو و ئێستادا لە وەرگرتن و ڕادەستکردنی کاروباری دەسەڵاتی خۆیدا شکستی هێناوە

تێگەیشتن لە ڕەهەندی جوگرافیی ئێران، گرنگیی ناوچەیی ئێران ڕووندەکاتەوە. چونکە ئێران دەکەوێتە نێوان دوو ناوچەی گرنگەوە: وڵاتانی قەفقاز و دەریای خەزەر و ئاسیای ناوەڕاست لە باکوورەوە، وڵاتانی کەنداوی عەرەبی لە باشوورەوە. ئێران ئاسیا و ئەورووپا بەیەکەوە دەبەستێتەوە، بەسەر چەندین ڕووبەری ئاویدا درێژ دەبێتەوە. ئەم شوێنە دەرفەتی بۆ ڕەخساندووە کاریگەری لەسەر هەناردەکردنی نەوت ببێت و بنکەی دەریایی دروست بکات. هەروەها هانیداوە بۆ پەلهاویشتنی دەرەکی و وەرگرتنی ڕۆڵی گەورەی هەرێمیی

لەئێستاشدا ڕەهەندێکی نەتەوەیی هەیە کە گرنگیەکەی لە ڕەهەندی جوگرافی و مەزهەبی کەمتر نییە. ئێران یەکێک لە گەورەترین ئیمپراتۆریەتەکانی جیهان بوو، کە ئامادەییەکی گەورەی مێژوویی هەبوو، ئەو بابەتەش ڕەنگدانەوەی لەسەر ستراتیژییەتی ئێران لە ناوچەکەدا هەیە. بەم شێوەیە ئێران هەوڵدەدات ڕایەکی گشتی ناوخۆیی دروست بکات، بەجۆرێک کۆمەڵگەی فارسی ئاڕاستە بکات بۆ قبوولکردنی ئارەزوە فراوانخوازییەکانی ڕژێمەکە، لە هەمانکاتدا هەوڵی گەڕاندنەوەی ڕۆڵە مێژووییەکەی دەدات

ئەم توێژینەوەیە هەوڵی نزیکبوونەوە لە پرۆژەی ئێرانی دەدات، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە توانا ناوخۆییەکان و ئامرازە دەرەکییەکان کە پرۆژەی ئێرانی لەسایەیدا دەجووڵێتەوە، لە هەر سێ ڕەهەندی: شوێنی ستراتیژی، دیمۆگرافیای مرۆیی و پاشخانی فیکرییەوە باس لە تواناکانی ئێران دەکات، چونکە ئەم ڕەهەندە گرنگانە، قوورسایی دەوڵەت و پایەکانی لە بنیاتنانی پرۆژە ناوچەییەکەیدا دیاری دەکەن

## یەکەم: پرۆژەی ئێران... پێکهاتە دیمۆگرافی و فیکرییەکانی

هەر وڵاتێکی جیهان بە کۆمەڵێک توانا و خەسڵەت دەناسرێتەوە، کە دەیکاتە قەوارەیەکی ناوازە و لە وڵاتانی دیکەی جیادەکاتەوە، جا پێگەکە جیۆستراتیژی بێت یاخود ئەو تایبەتمەندیانە بێت کە پەیوەندییان بە دانیشتوانەوە هەیە، یان سروشتی خودی سیستەمەکە و توانا سیاسی و ئابوورییە جۆراوجۆرەکانی بێت، لەگەڵ ئاستی لەخۆگرتنی پێکهاتە و هێزە سیاسی و فیکرییە نەیارەکانی لەناوخۆدا، ئەم توانایانە دۆخێکی سەقامگیری ناوخۆیی بە دەوڵەتەکە دەبەخشن کە ڕێگەی پێدەدات لە ناوخۆدا بجووڵێت و پاشانیش توانای ئەوەی پێدەدات ڕۆڵی دەرەکی بگێڕێت، ئەمەش ڕەنگە بیکاتە هێزێکی چالاکی هەرێمی، لە سایەی ئەوەشدا دەتوانێت پەیوەندییەکی سیاسی کاریگەر دابڕێژێت

### ١. شوێنی وڵات و تایبەتمەندییە جیۆستراتیژییەکان

ژینگەی جیۆپۆلەتیکی و جیۆستراتیژی ڕەفتاری سیاسی وڵاتان دەسازێنێت، قەبارەی وڵات لەڕووی ڕووبەرەوە کاریگەری ڕاستەوخۆی لەسەر فرەیی دەرفەتی

سامانی سروشتی هەیە. هێزی دەریایی کلیلی کۆنترۆڵکردنی زەوییە، هەروەها هەڵکەوتەی جوگرافی و سروشتی تۆپۆگرافیای زەویش کاریگەری لەسەر دەسەڵاتی دەوڵەت هەیە. بەم پێیە هەڵکەوتەی جوگرافیی هەر دەوڵەتێک بنەما و دیاریکەری یەکەمی سیاسەتی دەرەوە و هەرێمی و نێودەوڵەتییەتی، لەسایەی ئەو هۆکارانەشدا پەیوەندی و ڕۆڵی دەرەوەی وڵاتان بە بەهێزی یان لاوازی بنیات دەنرێت، چونکە پەیوەندی نێودەوڵەتی ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی پێگەی دەوڵەت و سروشتی سیاسی و ئابووریی دەوڵەتە، ئەمەش لە هەمانکاتدا دەرفەت و ئاڵنگاریی پێ دەبەخشێت. لەم ڕوانگەیەوە گرنگیی جیۆستراتیژی ئێران لە گرنگی پێگە جوگرافیەکەیدایە

ئێران دەکەوێتە نێوان هێڵی پانی (٢٥. ٤٠) باکووری هێڵی ئیستوائی، هێڵی درێژی (٦٣. ٤٤) لە ڕۆژهەڵاتی هێڵی گرینچ، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی ئێران دەکەوێتە ناوچەیەکی خولگەیی گەرمەوە، ئەم شوێنە کاریگەرییەکی زۆری لەسەر هەمەجۆریی ناوچەکانی کەشوهەوا و هەمەجۆریی ڕووەکی سروشتی هەیە، هەروەها کاریگەری لەسەر جیاوازی دابەشبوونی دانیشتوان و چالاکیی ئابوورییان هەیە، دانیشتوانەکەی لە ناوچەکانی باکوور و ڕۆژئاوا چڕبوونەتەوە کە کەش و هەواکەی مامناوەند و دەشتەکانیشی بەپیتە، هاوکات دانیشتوانەکەی لە ناوچە وشک و نارێکەکانی ناوەوە و ڕۆژهەڵات پەرش و بڵاوبوونەتەوە، بەجۆرێک چالاکی سەرەکی ئابووری دانیشتوانەکەی چالاکیی کشتوکاڵییە، بەهەردوو جۆری ڕووەکی و ئاژەڵییەوە [١]

کۆی ڕووبەری ئێران نزیکەی (١٦٤٨) ملیۆن کیلۆمەتر دووجایە، ئەم ڕووبەرەش یەکسانە بە ڕووبەری فەرەنسا، ئەڵمانیا، هۆڵەندا، بەلجیکا و پورتوگال بەیەکەوە، لە ئاستی نێودەوڵەتیشدا لە پلەی هەژدەهەمدایە. ئێران لە باکوورەوە هاوسنوورە لەگەڵ ئازەربایجان، ئەرمینیا و تورکمانستان، لە ڕۆژئاواوە لەگەڵ عێراق و تورکیا، لە ڕۆژهەڵاتەوە لەگەڵ ئەفغانستان و پاکستان، لە باشوورەوە لەگەڵ کەنداوی عەرەبی و کەنداوی عومان و دەریای عەرەبی [٢]

ئێران دەکەوێتە سەر بانێکی بەرز کە بەرز دەبێتەوە لەنێوان دەشتەکانی دیجلە و فورات لە ڕۆژئاوا و دەشتەکانی سەنەد و چیای هیندکوش لە

ڕۆژهەڵات، لەنێوان دەشتەکانی تورکستان و دەریای خەزەر لە باکوور، کەنارەکانی کەنداوی عەرەبی و دەریای عەرەبی لە باشوور، ئەم بانە لە هەموو لایەکەوە بە شاخ دەورە دراوە. لە ڕۆژئاواوە چیای زاگرۆس درێژ دەبێتەوە، لە باکوورەوە چیای ئەلبورز درێژ دەبێتەوە. لە باکووری ڕۆژهەڵات و تەنانەت باشووری ڕۆژهەڵاتیش زنجیرەیەکی پچڕپچڕ هەیە کە زۆر بەرز نییە و لە ناوچە دراوسێکانی جیای دەکاتەوە، بەناوبانگترینیان چیای کۆپێتە [٣]

ئێران لە باکوورەوە دەچێتە سەر دەریای قەزوین کە دەریایەکی دەوڵەمەندە بە نەوت و گاز، بڕی پشتڕاستکراوەی لە سێ ملیار بەرمیل کەمتر نییە، پێشبینیش دەکرێت لەگەڵ دەستپێکردنی پرۆسەی هەڵکەندن بگاتە (٢٠٠) ملیار بەرمیل. هەروەها دراوسێی ئۆزبەکستانە کە گەورەترین کانگای بەرهەمهێنانی زێڕە، تاجیکستانیش خاوەنی گەورەترین کانگای بەرهەمهێنانی زیوە، یەدەگی نەوت لە کازاخستان دەگاتە (٢٥) ملیار بەرمیل، لە ئەنجامدا خواستێکی نێودەوڵەتی لەسەر ئەم ناوچەیە هەیە. وڵاتانی دراوسێ لەم ناوچەیەدا سەرقاڵی کێبڕکێیەکی توندن بۆ دابینکردنی ئەو ڕێگەیانەی کە لە ڕێگەیانەوە هێڵەکانی گواستنەوەی نەوت و گاز بەرەو بازاڕەکانی جیهان تێدەپەڕن. ئەوەی ئێران نیگەران دەکات، هاتنی ئەمریکایە بۆ نێو کێبڕکێیەکان، لەکاتێکدا ئەمریکا دژایەتی هەر پرۆژەیەکی گواستنەوەی بۆری نەوت لە ڕێگەی ئێرانەوە بەرەو ئەورووپا و جیهان دەکات، چونکە ئەوە هەژموونی ناوچەیی و داهاتی دارایی ئێران بەرز دەکاتەوە، هەروەها دەبێتە هۆی ئەوەی سەرباری نەیارێتی ئاشکرای ئەمریکا، جیهان زیاتر مکوڕ بێت لەسەر پاراستنی سەقامگیری ئێران، چونکە کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە ئێران کورتترین و ئاسانترین ڕێگەیە [٤]

ئێران لە ڕێگەی ئەم پێگەیەوە سەرپەرشتی سەرچاوە نەوتییەکانی کەنداوی عەرەبی، ئاسیای ناوەڕاست، دەریای قەزوین و قەفقاز دەکات، ئەمەش وایکردووە ببێتە زلهێزێکی نەوتی، جگە لەوەی کە لەسەر ڕێگەی ئاوریشمی نێوان ئاسیا و ئەورووپا هەڵکەوتووە، زەریای ئەتڵەسی بە زەریای هندییەوە دەبەستێتەوە، ئەم هۆکارانە و هۆکارگەلی دیکەش وایکردوە ئێران لە کۆمەڵێک ئاوی سەرەکیدا باڵادەست بێت، ئەوانیش: کەنداوی عەرەبی، کەنداوی عومان، دەریای عەرەبی

و زەریای هیندییە، ئەوەش دەرفەتی بۆ ڕەخساندوە تاوەکو هەژموونی لەسەر هەناردەکردنی نەوت هەبێت و بنکەی دەریایی دروست بکات

هەر بۆیە ئەو پێگەیە بایەخێکی گەورەی لای دانەرانی تیۆرە ستراتیژییەکان هەیە، ئێرانیش لەنێو کۆمەڵێک لەو تیۆرانەدایە، دیارترینیان تیۆری "پشتێنی زەوی"یە، کە دەڵێت هەر کەسێک ناوچەی پەراوێزی کۆنترۆڵ بکات؛ واتە ناوچە کەنار دەریاکان ئەوا حوکمڕانی ئۆراسیا دەکات، هەرکەسێکیش فەرمانڕەوایی ئۆراسیا بکات، ئەوا فەرمانڕەوایی چارەنووسی جیهان دەکات. هەروەها لە تیۆری «دڵی زەوی»دا دەکەوێتە ناوچەی هیلالی ناوەوە، ئەمەش بەو مانایەیە کە هەرکەسێک هیلالی ناوەوە کۆنترۆڵ بکات، ئەوا دەتوانێت دڵی زەوی کۆنترۆڵ بکات [٥]

بەگوێرەی ئەو تیۆرانە، پێگەی ئێران دەبێتە دەرفەتێک تاوەکو ڕژێمی ئێران بتوانێت ڕۆڵێکی دیاری ناوچەیی بگێڕێت، بە ئامانجی پاراستنی گرنگترین لایەنە ئەرێنییەکانی ئەم پێگەیە. ئێران لەناو جەرگەی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و لەسەر ڕێگەی ئاوریشمی هەڵکەوتووە، کە ئاسانترین و نزیکترین ڕێڕەوی نەوتی نێودەوڵەتییە، هەروەها دەڕوانێتە سەر وڵاتانی کەنداو کە بە شادەماری نەوتی جیهان دادەنرێت. جگە لەوەش دەڕوانێتە سەر دەریای قەزوین، سەرباری بوونی بۆشایی عەرەبی، وای لێدەکات توانای پەلهاویشتنی بۆ ڕووبەرە نەرمەکان هەبێت، هاوکات بوونی کەمینە شیعەکان لە ژمارەیەک ناوچەی عەرەبی و ئیسلامیدا، وایلێدەکات وەک پێکهاتەی سیاسی بیانی بەلای خۆیدا ڕایانبکێشێت کە هەموویان خاڵی هاوبەشیان لەگەڵ ڕژێمی ئێراندا هەیە، وەکو پێشتر باسمانکرد لە بەهێزی و لاوازی وڵاتاندا پێدراوە جوگرافییەکان گەورەترین ڕۆڵ دەگێڕن

هەرچەندە ئەو پێگەیە دەرفەتێک بۆ ڕژێمی ئێران دەسازێنێت، بەڵام لەهەمانکاتدا دەبێتە ئاڵنگاری و بارگرانی، چونکە ئێران نەیتوانیوە ڕۆڵێکی ناوچەیی ئەوتۆ بگرێتە ئەستۆ کە هانی وڵاتانی دراوسێی بدات پەیوەندی ستراتیجی لەگەڵدا دروستبکەن، جگە لەوەی بەکارهێنانی نەرێنیانەی چەکی نەوت و هەڕەشەی داخستنی گەرووی هورمز، وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوتی

ناچارکـردووە بـەدوای هێڵـی دەریایـی و وشـکانی پارێزراوتـردا بگەڕێـن. ئـەوەش وادەکات کارتەکـەی لـە بـازاڕی جیهانـی نەوتـدا کـەمتر کاریگـەر بێـت، جگـە لەوەی پەلهاویشـتنی ئێـران زیانـی بـە ناوبانگـی لە ناوچەکـە و جیهانـدا گەیانـدووە، چونکە نەیتوانیـوە مۆدێلێکـی گـەش بنیاتبنێت، سـەرباری ئـەوەی هەوڵـە فراوانخوازییەکانی ئابـووری وڵاتەکـەی تـووشی داخـوران کـردووە، بەڕادەیـەک ڕەنگدانـەوەی لەسـەر دۆخـی ئابـووری ناوخـۆی وڵاتەکـەشی هەبـووە

**٢. دیمۆگرافیای ئێران**

فاکتـەری مرۆیـی یەکێکـە لـە گرنگتریـن دیاریکەرەکانـی سیاسـەتی ناوخۆیـی و دەرەکـی وڵاتـان، لـە بنیاتنانـی دەسـەڵاتی سـەربازی و بەڕێوەبردنـی قەیرانەکانـی جەنگـدا گرنگتریـن توخمـە، لـە دابینکـردنی دەسـتی کار و وەبەرهێنـانی سـامانی دەوڵەتـدا گرنگتریـن فاکتـەرە.

سـەرەڕای ڕۆڵـی تەکنەلۆجیـا لـە سـنووردارکردنی گرنگـی فاکتـەری مرۆییـدا، بـەڵام لـە هێـزی پلاندانـان و بەڕێوەبـردن و چاودێـری و بەدواداچوونـدا، هـەر بـە کاریگـەر دەمێنێتـەوە، لەبەرامبـەردا تەقینـەوەی دانیشـتوان و زیادبوونـی ڕێـژەی گەشـەی دانیشـتوان لـە سـەرووی گەشـەی ئابوورییـەوە، یەکێکـە لـە بەربەسـتەکانی بـەردەم گەشـەی ئابـووری، ئەمـەش دەوڵـەت ناچـار دەکات پشـت بـە قـەرزی دەرەکـی ببەسـتێت، قـەرزی دەرەکیـش کار دەکاتـە سـەر سیاسـەتی دەرەوەی دەوڵـەت و سـەربەخۆییەکەی لاواز دەکات

أ. تایبەتمەندییە کۆمەڵایەتی و ئایینیەکانی کۆمەڵگەی ئێران:

ئێـران بـە تونـدی هانـی منداڵبـوون دەدات، لەوبارەیـەوە عەلـی خامنەیـی ڕێبـەری ئێـران داوای زیادکردنـی ژمـارەی دانیشـتووانی ئێران دەکات، هۆشـداریش لـە پیربوونـی میللەتەکـەی دەدات، لـە ئێسـتادا  ژمـارەی دانیشـتووانی ئێـران (٨٣) ملیـۆن کەسـە، بـەڵام ڕێبـەری ئێـران داوای زیادکردنـی ژمـارەی دانیشـتووانی ئێران بـۆ (١٥٠) ملیـۆن کـەس دەکات، تەنانـەت بانگەشـەی ئـەوەش دەکات کـە ڕێگـری لـە لەدایکبـوون یەکێکـە لـە سیاسـەتەکانی ڕۆژئـاوا [٦]

لەسـەر ئاسـتی نەتەوەیـی و ئاینـی، ئێـران بـە یەکێـک لـە هەمەچەشـنترین وڵاتـەکان دادەنرێـت، چونکـە لـەڕووی نەتەوەیـی و زمانەوانییـەوە کۆمەڵگـەی

ئێرانی بەسەر شەش گرووپدا دابەشبووە: فارسی زمان ٥٠٪، تورکە ئازەرییەکان ٢٣٪، کورد ١١٪، عەرەب ٥٪، تورکمان ٣٪، بەلوچ ٣٪ [٧]

ئەم ڕێژەیە لە لێکۆڵینەوەیەکەوە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی دیکە زیاد یان کەم دەکات، بەڵام لەیەکەوە نزیکن، لە هەمانکاتیشدا بۆ لێکۆڵینەوە لە تایبەتمەندییەکانی کۆمەڵگەی ئێران، هەروەها بۆ تێگەیشتن لە قەبارەی جەماوەری مرۆیی و جیاوازییە ناوخۆییەکانی گرنگە. نیشاندەری ڕادەی سەقامگیری ناوخۆییە، کە هاندەرێکە بۆ پەلهاویشتنی دەرەکی

گەورەترین ڕێژەی دانیشتوان لەنێو ئێرانییەکاندا فارسەکانن، کە زۆرینەی ڕەهای شار و گوندەکانی بانی ناوەڕاست پێکدەهێنن، لە دەیەکانی یەکەمی سەدەی بیستەمدا فارسەکان لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بڵاوبوونەوە. لەوپەڕی باکوور و باکووری ڕۆژئاوا ئازەرییە تورکەکان هەن، بە شێوەزارێکی نزیک لە زمانی فەرمی تورکی قسە دەکەن، دراوسێی ئەوان لە کەنارەکانی دەریای قەزویندا کەمینەی مازەندەری و گەیلانی و ئەرمەنیین، بەرزاییەکانی ڕۆژئاوا ناوەندی دانیشتوانی کوردە، لە ئازەربایجانی ڕۆژئاواش دراوسێ ئازەربایجانییەکانن، لەکاتێکدا عەرەبەکان بەدرێژایی کەنارەکانی باکووری کەنداو هەن، لەگەڵ ژمارەیەک گوندی باکووری ڕۆژهەڵاتی (خۆراسان)، بەلووچ لە نزماییەکانی سیستان هەن کە گۆشەی باشووری ڕۆژهەڵاتی ئێرانی داگیرکردووە، تورکمانیش لە باشووری ڕۆژهەڵاتی قەزوین هەن

زۆربەی ئێرانییەکان مسوڵمانن و پەیڕەوکاری مەزهەبی شیعەی دوازدە ئیمامین، ئەوان (٩٠٪)ی دانیشتوان پێکدەهێنن و زۆربەیان فارس و ئازەرین، دواتر مسوڵمانانی سوننە دێن کە دەگەنە (٨٪) و هەندێکیش دەیگەنن بە (١٥٪)، زۆرینەی هەرە زۆریان عەرەب و کورد و تورکمانن. هەروەها کەمینەی بچووکی زەردەشتی، مەسیحی، سریانی، ئەرمەنی، جوولەکە، بەهایی، مەندایی و ئێزیدی هەن و ڕێژەیان دەگاتە (٢٪) [٨]

زانای سیاسی و کۆمەڵناسی ئێرانی حسێن بەشیریە، پێیوایە زۆر هۆکار هەن کە ڕۆڵیان لە دروستبوونی ڕەوتە سیاسییەکان و بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان لە ئێراندا هەیە، لە پێشەنگی ئەو هۆکارانەشدا ئاستی گۆڕانکاری و گواستنەوە لە

کۆمەڵگەیەکی تەقلیدییەوە بەرەو کۆمەڵگەیەکی مۆدێرن دێت، هەروەها ڕێژەی مۆدێرنبوون و گەشەسەندنی ئابووری، تەرازووی بەدیموکراسیکردنی کۆمەڵگە، کاریگەرییەکی ڕوونیان لەسەر دروستکردن و بنیاتنانی دامەزراوەکانی چینی خوارەوە و ڕایەڵ و کۆمەڵەکانیان هەیە. بەشێرییە پێیوایە کە کۆی کەلێنە مێژوویی و پێکهاتەییەکان بووەتە هۆکارێک بۆ دروستبوونی پێکهاتەیەکی ئاڵۆزی هێز و ڕەوتە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان [٩]

**ب. پێکهاتە سیاسییەکانی ئێران**

زۆرێک لە توێژەران پارتە سیاسییەکانی ئێران بەسەر دوو ڕەوتی دیاردا دابەش دەکەن: بناژۆخوازان و چاکسازیخوازان (اصولی و اصلاحی)، هەندێکیش پراگماتیستەکان وەک ڕەوتی سێیەم زیاد دەکەن، بەڵام دکتۆر فاتیمە سەمادی، لە کتێبەکەیدا "ڕەوتە سیاسییەکان لە ئێران"، بۆچوونێکی دیکەی هەیە کە بۆ لەخۆگرتنی ڕەوتە سیاسییە فەرمییە جۆراوجۆرەکانی ئێران گشتگیرتر و فراوانترە. ئەو ڕەتیدەکاتەوە بۆ ئاماژەکردن بە بزووتنەوەی بناژۆخوازان زاراوەی «پارێزگاران» بەکاربهێنێت. بەڵکو ڕەوتە سیاسییە چالاکەکانی ناوخۆ بەسەر چوار بەشی سەرەکیدا دابەش دەکات، ئەمەش بەو مانایە نییە کە لە چوارچێوەی هەر یەکێک لەو بەشانەدا جیاوازی زۆر نییە، بەڵکو ئەم دابەشکارییە پۆلێنکردنی پێکهاتە سیاسییەکانە بە ئاڕاستە جۆراوجۆرەکانیانەوە

**یەکەم: ڕەوتی بناژۆخواز (اصولی):**

ڕەوتی دەسەڵاتدارە، ئەم ڕەوتە پێیوایە پەیوەندییەکی ئۆرگانی لەنێوان ویلایەتی فەقیە و بوون و مانەوەی کۆماردا هەیە، داوای پاراستنی ڕێبەرایەتی زانایان دەکات، بەو پێیەی مەرجەعی شەرعین بۆ حوکمڕانی و زامنی یەکڕیزی و سەقامگیرین، - بەدیدی ئەوان - لە بابەتی ئازادییەکاندا بوونەتە پاسەوانی ئایین، ناوەندێتی ویلایەتی فەقیە بەسەر ئەم ڕەوتەدا زاڵە [١٠]

ئەم ڕەوتە پێیوایە کە ویلایەتی فەقیە پرسی هەڵبژاردن نییە کە مرۆڤەکان ڕۆڵ و کاریگەرییان تێدا هەبێت، بەڵکو پرسی دەستنیشانکردنە، پێیوایە کە وەلی فەقیە دەدۆزرێتەوە؛ واتە لە کۆمەڵگەدا بوونی هەیە و دۆزینەوەیشی لە ئەستۆی کەسانی شارەزادایە. ئەم ڕەوتە بە جۆرێک لە پیرۆزی دەڕوانێتە وەلی

فەقیە، پێیوایە سەرکردەی شۆڕش بە پشتیوانییەکی خودایی ئاشکرا دەبێت، هەموو دامودەزگاکانیش شەرعیەتی خۆیان لە وەلی فەقیهەوە وەردەگرن. هەروەها ئەم ڕەوتە پێیوایە مۆدێلی حوکمڕانی ئیسلامی سەرەتا لەسەر بناغەی بنەما ئایدیۆلۆژییە ئیسلامییەکان دامەزراوە، هەر حکومەتێکیش کە لەلایەن خوداوە دیاری بکرێت و دابنرێت، حکومەتێکی یاساییە، تەنانەت ئەگەر هەموو خەڵکیش قبووڵی نەکەن [١١]

ئەم ڕەوتە ماف بە وەلی فەقیە دەبەخشێت کە هەموو پرسەکانی کۆمەڵگە بەڕێوەببات، بەو پێیەی میراتگری ئیمامی مەعسومە، کە ئەویش میراتگری پێغەمبەرە (درودی خوای لێ بێت)

لە ناودارترین ڕێبەرەکانی ئەم بزووتنەوەیە، عەلی لاریجانی، عەلی ئەکبەر ویلایەتی، محەمەد باقر قالیباف، عەلی شەمخانی، موحسین ڕەزایی. کۆمەڵێک حزب و کۆمەڵەش لەخۆدەگرێت، لەوانە

- پارتی کۆماری ئیسلامیی (حزب جمهوری اسلامی).
- کۆمەڵگەی جەنگاوەرانی ڕۆحانی / تاران (جامعە روحانیت مبارز تهران).
- کۆمەڵەی مامۆستایانی حەوزەی زانستی قوم (جامعە مدرسین حوزە علمیە قم)
- ئیسلامی پێکەوەلکاو (مؤتلفە اسلامی).
- کۆمەڵەی چالاکانی شۆڕشی ئیسلامیی (جمعیە ایثار کران انقلاب اسلامی)
- **ئاوەدانکاران (اباد کران).**

دووەم: ڕەوتی ڕیفۆرمخواز

ڕیفۆرمخوازان، بە پلەی جیاواز گومانیان لەسەر دامەزراوەی ویلایەتی فەقیە و دەسەڵاتەکانی وەلی فەقیە هەیە، چ لە ڕوانگەیەکی تەواو لیبراڵەوە بێت، یاخود لە ڕێگەی دوبارە خوێندنەوە بۆ میراتی ئیسلامییەوە بێت. ئەوان خوازیاری بنیاتنانی کۆمارن لەسەر بنەمای دیموکراسی و ئازادی زیاتر، هەروەها سنووردارکردنی یاسایی و دەستووری دەسەڵاتەکانی دامودەزگاکانی دەوڵەت و حوکمڕانی. زۆرێک لە ڕیفۆرمخوازان لە ڕێگەی ئاساییکردنەوەی

پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکاوە، دەیانەوێت ئێران پەیوەندییەکی نزیکتری لەگەڵ ڕۆژئاوادا هەبێت. [١٢]

ئەم دیدگایانە لە سەردەمی شۆڕشی ئێرانەوە لە کۆمەڵگەی ئێراندا زاڵبووە، لەدوای کۆچی دوایی خومەینی لە ساڵی (١٩٨٩)، بە تایبەتی لە کۆتایی ویلایەتی هاشمی ڕەفسەنجانی، دەستی بە دەرکەوتن کرد، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو فەزا ئازادییەی کە ڕەفسەنجانی ڕەخساندی و دەرفەتی کردەوە بۆ پێکهاتنی کۆمەڵێک دیدگا سەبارەت بە ئازادی و دادپەروەری و بەرەنگاربوونەوەی سەرمایەداری

لەسەرەتاوە خەسڵەتی ئەم ڕەوتە وابوو، بەبێ بەکارهێنانی چەمکەکانی ڕاست یان چەپ، لایەنگر لەنێو حیزبەکان و لەناو کۆمەڵێک لە پیاوانی ئاییندا پەیدابکات، کەسایەتییە بەناوبانگەکانی ڕیفۆرمخوازان بریتین لە: محەمەد ڕەزا خاتەمی، سەعید حەجاریان، عەباس عەبدی و موحسین ئەمینزادە

ئەم ڕەوتە بەسەر چوار ئاڕاستەدا دابەشدەبێت:

١- ڕیفۆرمخوازانی نەریتی: ئەم ئاڕاستەیە لە چوارچێوەی دەستووردا لێکدانەوەیەکی دیموکراسیانەی بۆ ویلایەتی فەقیە هەیە، بە تایبەتی لە چوارچێوەی دەسەڵاتی ئەنجومەنی شارەزایان (مجلس خبرگان)دا، ئەو پارتانەی لایەنگری ئەم ئاڕاستەیەن: متمانەی نیشتمانی (اعتماد ملی)، ئەنجومەنی جەنگاوەرانی ڕۆحانیی (مجمع روحانیون مبارز)، ئەنجومەنی ئیسلامیی بۆ ژنان (مجمع إسلامي بانوان)، پارتی هاوپشتی (حزب همبستکی).

٢. ڕیفۆرمخوازە میانڕەوەکان: ئەم ئاڕاستەیە حوکمڕانی دەستووری و ڕۆڵی نوخبە لە دروستکردنی بڕیاردا بە پێویست دەزانن، تێکەڵەیەکە لە بیری لیبڕاڵ و پراگماتیزم، ڕێبازێک پەیڕەو دەکات کە لیبرالیزم و عەلمانیەت تێکەڵاو دەکات

٣- ڕیفۆرمخوازە ڕادیکاڵەکان: ئاڕاستەیەکی چەپی تەقلیدین، دواتر بوون بە گردبوونەوەیەکی ڕۆشنبیرانی سیاسی، بیری سیاسیشیان لە سنووری داواکردنی کۆمارداییە، داوای جۆرێک لە عەلمانیەت دەکەن کە فۆرمێک لە سەربەخۆیی بە دامەزراوەکان دەبەخشێت. لایەنەکانی بریتین لە فەرمانگەی یەکگرتووی ناوبژیوانی (دفتر تحکیم وحدت) و پارتی بەشداری (حزب مشارکت)

٤. ڕیفۆرمخوازانی ئۆپۆزسیۆن: ڕیفۆرمخوازە نەیارەکان و ناسیۆنالیستە ئایینییەکان لە ڕاست و چەپ لەخۆدەگرێت، پشتیوانی لە دەستورێکی لیبراڵ و کۆمارێکی پوخت دەکات، لەنێو پارتەکانیدا تەڤگەری ئازادی (نهضت آزادي)، هاوپەیمانی نیشتمانی ئایینی (ائتلاف ملي مذهبي) و بازنەی ئێرانی سبەینێ (حلقة إيران فردا) هەیە [١٣]

**سێیەم: بزووتنەوەی سەوز**

بەپێی ئەو پێناسانەی کە بۆ بزووتنەوەکە کراوە، حیزبێکی سیاسی نییە کە دامەزراوە و سەرکردایەتییەکی یەکگرتووی هەبێت، بزووتنەوەیەکی فراوانیش نییە کە چەندین نوێنەرایەتی سیاسیی هەبێت، بەڵکو تەنها گوزارشتە لە نەیارانی سەرکەوتنی ئەحمەدی نەژاد وەک سەرۆک کۆماری ئێران لە بەرامبەر حوسێن موسەوی و کاندیدەکانی دیکەدا، لە هەڵبژاردنەکانی ساڵی (٢٠٠٩)دا، ژمارەیەک لە ئۆپۆزسیۆنی ئێرانی ئەو ئەنجامەیان ڕەتکردەوە، گومانیان لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکان هەبوو، هەزاران لایەنگری موسەوی ڕژانە سەر شەقامەکان و دروشمی (کوا دەنگەکەم)یان بەرزکردەوە، ئەمەش بووە هۆی پێکدادان لەنێوان پۆلیس و خۆپیشاندەراندا، ئەو نارەزایەتیانەش ناوی بزووتنەوەی سەوزیان لێنرا، دواتر لایەنگر و هەوادارانی ئەم بزووتنەوەیە پشتیوانییان لە خۆپیشاندانی ئاشتیانە دەکرد و توندوتیژییان ڕەتدەکردەوە، داوای نوێکردنەوە و چاوخشاندنەوەیان بە دەسەڵاتە ڕەهاکانی وەلی فەقیهدا دەکرد

موسەوی سەلماندی کە توانای دانانی کاریگەری لەسەر ئەو جەماوەرە هەیە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ توانا سیاسییەکانی وەک سەرۆک وەزیرانی پێشوو، پێش ئەوەی ئەو پۆستە هەڵبوەشێنرێتەوە، هەروەها لە ساڵی (١٩٨١) لە حکومەتی محەمەد عەلی ڕەجایی وەزیری دەرەوە بووە، هەر ئەوەش وایلێکرد کە بتوانێت دیدگای سیاسی ئەم ڕەوتە نوێیە بخاتەڕوو. دوبارە هەڵسەنگاندنی ئامادەیی ئێرانی لە دەرەوەی وڵات کردە پێشینەی کارەکانی، بەڵام ئەم بزووتنەوەیە نەیتوانی ببێتە ڕەوتێک یان حزبێکی سیاسی؛ بەهۆی ئامادەنەبوونی هەریەکە لە حوسێن موسەوی ڕێبەری و مەهدی کەڕوبی پیاوی دووەمی ناو بزووتنەوەکە، جگەلەوەی بەشێک لە چالاکانی ئەم بزووتنەوەیە ئێرانیان بەجێهێشت

چوارەم: بزووتنەوەی نەژادی

ئـەم بزووتنەوەیـە دەگەڕێتـەوە بـۆ ئەحمـەدی نـەژاد و کەسـە نزیکەکانـی، بـەو پێیـەی خـۆی و لایەنگرانـی بەتایبەتـی لـە خولـی دووەمـی سـەرۆکایەتیدا توانیـان بزووتنـەوەی بناژۆخـوازەکان لـەت و پـەرت بکـەن و بزووتنەوەیەکـی نوێیـان دروسـتکرد کـە بـە بزووتنـەوەی نـەژادی نـاسرا، هەندێکیش ناویان لێنا "بزووتنـەوەی لادەران". سـەرەڕای مەیلـی بناژۆخـوازی، ئـەو سیاسـەتانەی کـە ئەحمـەدی نـەژاد پەیـڕەوی کـرد، بەتایبەتـی سیاسـەتە ئابوورییـەکانی، هەروەهـا پشـتیوانییە بەردەوامەکانـی بـۆ زاواکـەی و بەڕێوەبـەری ئۆفیسـەکەی ئەسـفەندیار ڕەحیـم مەشـاعی، سـەرەڕای هەمـوو ئـەو تێبینیانـەی کـە لەسـەری هەبـوو، بـەس بـوو بـۆ ئـەوەی ئەحمـەدی نـەژاد پشـتگیری ژمارەیەکـی بەرچـاو لـە خەڵکـی لەدەسـتبدات [١٤]

توێـژەر فاتیمـە سـەمادی پێیوایـە بزووتنـەوەی نـەژادی بزووتنەوەیەکـە خاوەنـی تایبەتمەنـدی و خەسـڵەتی خۆیەتـی، پۆلێنکردنـیشی بـە بزووتنـەوەی بناژۆخـوازی هەڵەیـە، ئەگەرچـی ئەحمـەدی نـەژاد لەگـەڵ بناژۆخـوازان هاوڕایـە لەبـارەی باوەڕبوون بـە ویلایـەتی ڕەهـای فەقیـە لەسـەر بنەمـای دانـان، بـەڵام سـەبارەت بـە ڕۆڵـی پیاوانـی ئایینـی لـە بەڕێوەبردنـی کاروبـاری دەوڵەتـدا جیـاوازی لەگەڵیانـدا هەیـە، هـەوڵ بـۆ حکومەتێکـی دوور لـە پیاوانـی ئایینـی و کاریگەرییـان دەدات، لـە پەیوەندییەکانیشـی لەگـەڵ ئەمریـکادا، گوتارێـک پەیـڕەودەکات کـە تێکەڵەیەکـە لـە چـەپ و ڕاسـتی تەقلیدی و لـە ڕیفۆرمخوازەکانیشـەوە سـەرچاوە دەگرێـت، کـە هیـچ نەنگیـەک لـە گفتوگۆکـردن لەگەڵیانـدا و هەوڵـدان بـۆ دانوسـتان لەگەڵیانـدا نابینێـت [١٥]

٣. ئاڕاستە مەزهەبیەکانی سیستەمی سیاسی ئێران

ڕژێمـی ئێـران یەکێکـە لـەو ڕژێمـە سیاسـیانەی کـە لەسـەر بنەمـای ئاییـن وەک بیرۆکـەی حوکمڕانـی دامـەزراوە، کـە تیایـدا پیـاوی ئایینـی ئەرکەکانـی دەوڵـەت ڕادەپەڕێنـن، بیرۆکـەی جیاکردنـەوەی ئاییـن و سیاسـەت یـان تەنانـەت جیاکاری لەنێوانیانـدا ڕەتدەکاتـەوە. تەنانـەت بـە پێویسـتیشی دەزانـن ئـەم بیرۆکەیـە بـۆ هەمـوو وڵاتـانی ئیسلامـی هەنـاردە بکرێـت، بیرۆکـەی بـان نەتەوەیـی (ئوممیـەت) یەکێکـە لـەو بیرۆکـە گرنگانـەی کـە دەوڵـەتی لەسـەر بنیـاتنراوە، هـەر بۆیـە جیهـان

بەسەر خۆبەزلزان و ستەملێکراودا دابەش دەکەن، پێشیانوایە یەکێک لە ئەرکە هەرە گرنگەکانیان پاڵپشتیکردنی ستەملێکراوانە، تەنانەت ئەگەر لە دەرەوەی سنوورەکانیشیان بێت

ڕژێمی ئێران لەسەر مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامی دامەزراوە، شوێنکەوتووانیشی لە ئێراندا بوونەتە زۆرینە. لە مەزهەبی شیعەی دوانزە ئیمامیدا دەوڵەت پێگەیەکی بەرزی هەیە، بەو پێیەی بە لقێکی ئیمامەت دادەنرێت، کە دەوڵەت یەکێکە لە نمایندە هاوچەرخەکانی، یەکێکیشە لە بنەچەکانی ئایینەکە، شیعەکانیش یەکەم کەس بوون کە گرنگیان بە تیۆری ئیمامەت و ڕوونکردنەوەی تایبەتمەندییە ئایینی و دونیاییەکانی داوە

دکتۆر محەمەد زیائەدین ڕەیس لە کتێبەکەیدا (تیۆرییە سیاسییەکانی ئیسلام)، باس لەوە دەکات کە شیعەکان یەکەم کەس بوون کە بەشێوەیەکی زانستی لەسەر ئیمامیان نووسیوە، یەکەم کەسیش بوون هەوڵی سەلماندنی مەزهەبەکەیان داوە بە بەڵگەی لۆژیکی، جا بەڵگەکان لەسەر بنەمای ئایینی یان بنەمای عەقڵانی بووبێت. شیعەکان ئەم جۆرە زانستەیان دروستکردووە، هەر ئەوانیش بوون دۆزیویانەتەوە و لەنێو بابەتەکانی زانستی کەلامدا پێگەیەکی تایبەتیان پێبەخشیوە، وەک دەزانرێت زانستی کەلام تایبەتە بە بیروباوەڕی ئاینی، لە ئەنجامی گفتوگۆ و مشتومڕی نێوان شیعە و موعتەزیلی و ئەهلی فەرمووده سەریهەڵداوە، پرسەکانی تایبەت بە ئیمامەت لە ئەنجامی گفتوگۆی نێوان شیعەکان و نەیارەکانیان لەوانە خەواریجەکان و موعتەزیلییەکان و سوننەکان سەریهەڵداوە. ئەم ڕاستییە بووەتە هۆی ئەوەی کە شیعەکان ئەم زانستە بە سیمای خۆیانەوە بچەسپێنن، بەو شێوەیەش فۆرمولەیان کردووە کە جێگەی ڕەزامەندی خۆیان بێت، هەر ئەوانیش بوون کە زاراوە تەکنیکیەکانیان بۆ ئیمامەت هەڵبژارد و ئەم ناوەشیان بۆ داتاشی، هەر ئەوانیش بوون کە زانستەکەیان دابەشکرد و بابەتەکانیان پۆلێنکرد، مەودا و سنوورەکانی زانستەکەشیان دیاریکرد [١٦]

بۆ تێگەیشتن لە بارودۆخی زۆرێک لەو ململانێیانەی کە هەن، یەکێک لە فاکتەرە یارمەتیدەرەکان تێگەیشتنە لە سەرەتا یەکەمینەکانی بابەتەکە و ئەو

یاسایانەی کە لەسایەیدا دامەزرا، کە وەکو دۆخی ئێران ڕەهەندی ئایینیان هەبوو، بەو پێیەی پرسی ئایینی یەکێکە لەو بابەتانەی کە هەر لە سەرەتاوە بەتوندی خۆی بەسەر واقیعی کولتووری و سیاسیدا سەپاندووە

بۆ تێگەیشتن لە ئاڕاستە فیکری و سیاسییەکانی ڕژێمی ئێران، کە دەگوترێت لەسەر دوو پایەی بنەڕەتی دامەزراوە و بەیەکەوە گرێدراون، کە یەکەمیان پەیوەندی بە تیۆری ئیمامەتەوە هەیە لەلای شیعەی دوانزە ئیمامی، دووهەمیشیان تێگەیشتنە لە ویلایەتی فەقیە کە ناوەند و بنەمای دەسەڵاتە لە مامەڵەی ناوخۆیی و دەرەکیەکاندا و لقێکە لە تیۆری ئیمام

أ: دامەزراندنی تیۆری ئیمامەت

پرسی ئیمامەت یەکێکە لە یەکەم و گەورەترین و ئاڵۆزترین بابەتە مشتومڕاوییەکان لە مێژووی ئیسلامدا. سەرچاوەی دروستبوونی زۆربەی گرووپە ئیسلامییەکان لە بنەڕەتدا ناکۆکییەکی سیاسی بووە، پاشان گواستراوەتەوە بۆ باقی بابەتەکانی پەیوەست بە عەقیدە.

سەرەتای سەرهەڵدانی خەواریجەکان ڕەتکردنەوەی شێوازی حوکمڕانی باو و هەوڵدان بوو بۆ گۆڕینی، پاشان گرووپی شیعە هاتە ئاراوە کە لە سەرەتای دەرکەوتنیدا بانگەشەی خۆشەویستی عەلی کوڕی ئەبو تالیبی دەکرد، دواتر شیعەگەری وەک کاردانەوەیەک بەرامبەر بە گرووپە نەیارەکانی عەلی پەرەی سەند، جا چ دژایەتیکردنی خەواریجەکان بێت یان ڕەتکردنەوەی بەیعەتدان بە موعاویەی کوڕی ئەبی سوفیان بێت

لەگەڵ گواستنەوەی سیستەمی حوکمڕانی لە خەلافەتەوە بۆ حوکمڕانی بۆماوەیی، شۆڕشەکانی ڕەتکردنەوەی ئەم گۆڕانکارییە دەرکەوتن، لەگەڵیدا تیۆری تەکفیری فەرمانڕەواکان سەریهەڵدا، بەم شێوەیە بیرۆکەی قەرەبووکردنەوە وەک پاساوێک بۆ واقیعی نوێ سەریهەڵدا

شیعەکان پێیانوایە کە ئەوان یەکەمین و بەتەمەنترین گرووپە دەرکەوتووەکانن، ئەوان لەدوای کۆچی دوایی پێغەمبەر (د.خ) سەریانهەڵدا، چونکە یەکەمین ناکۆکی لەسەر پرسی خەلافەت لە سەقیفەی بەنی ساعیدە دەرکەوت، کە بەپێی بۆچوونی شیعەکان کۆمەڵگەی ئەوکاتە بەسەر سێ گرووپدا دابەشبوون:

گرووپێکیـان پێیاندەگوترا شـیعەکان کـە گرووپـی عەلـی کـوڕی ئەبـو تالیـب بـوون، لـەوەوە هەمـوو جۆرەکانـی شـیعە بڵاوبوونەتـەوە" [١٧]، گرووپـی ئەنسـار بـە سـەرۆکایەتی سـەعدی کـوڕی عوبـادە، گرووپـی موهاجیریـن بـە سـەرۆکایەتی ئەبوبەکـری سـدیق، هەندێـک لـە زانایانـی ڕۆژهەڵاتنـاس لـەم بۆچوونـەدا لەگـەڵ شـیعەکاندا هـاوڕان [١٨]

هەندێـک لـە شـیعەکان خۆیـان لـەو مێـژووە بـە کـۆنتر دەبینـن، ئـەم گرووپـە جیـاوازی لەنێـوان شـیعەی ئایینـی و شـیعەگەری سیاسـیدا ناکـەن، بەڵکـو وەک یـەک دەیانبینـن، یەکێـک لـەو کەسـانەی ئـەم بۆچوونـەی هەیـە، بیرمەنـدی شیعە محەمـەد باقـر سـەدرە، کـە دەڵێـت: شـیعەگەری لەسـەرهەڵدانیەوە، هیـچ ڕۆژێـک تەنهـا ڕەوتێکـی ڕۆحـی پوخـت نەبـووە، بەڵکـو شـیعەگەری لـە باوەشـی ئیسلامـدا لەدایکبـووە، بـەو پێیـەی تێـزی ئـیمام عەلـی (سـەلامی خـوای لەسـەر بێـت) بـۆ سـەرکردایەتیکردن، لـەدوای پێغەمبـەر (د.خ)، بەیـەک ئاسـت لـەڕووی هـزری و کۆمەڵایەتـی و سیاسـییەوە، بەردەوامـە لـە پێشـەنگایەتیکردن». [١٩]

سـەدر بـەم بۆچوونـەی پێیوایە کە ئاڕاسـتەی شـیعەگەری پێش مردنـی پێغەمبەر (د.خ) دروسـتبووە. بۆچوونێـک هەیـە پێیوایـە شـیعەگەری سیاسـی لـە شـیعەگەری ئایینـی یـان عەقیدەیـی یـان ڕۆحـی کـۆنترە، ئـەم بۆچوونـەش لەلایـەن بیرمەنـدی عێراقـی ئەحمـەد ئەلکاتـب لـە کتێبەکەیـدا "شـیعەگەری سیاسـی و شـیعەگەری ئایینـی"دا پشـتیوانی لێدەکرێـت [٢٠]

لەڕاسـتیدا شـیعەگەری لـە سـەرەتادا هەڵوێسـتێکی سیاسـی بـوو. پشـتگیریکردن بـوو لـە یەکێـک لـەو بـەرە سیاسـیانەی کـە لەوکاتـەدا هەبـوو، بـە بەڵگـەی ئـەوەی کـە شـیعەکانی عـوسمان و شـیعەکانی موعاویـە هەبـوون، ئـەوەش هەڵوێسـتێکی سیاسـیی بـوو، شـیعەگەریش بریتییـە لـە پرۆسـەی وەسـفکردنی چەنـد گرووپێکـی سیاسـی بـە وەلائی جۆراوجـۆرەوە، لـە سـەرەتا یەکەمینەکانـدا لە دەوری کەسـایەتییە ئایینـی و سـیمبولە سیاسـییە جۆراوجـۆرەکان گردبوونـەوە، کـە لـە گۆڕەپانەکـەدا نـاو و ناوبانگیـان هەبـوو، هیـچ ئامرازێکـی فیکـری و تیـۆری سیاسـی تایبەتیـان نەبـوو، ڕەنگـە شـیعەگەرایی عەلـی یەکێـک بووبێـت لـەو فۆرمانـە.

دەکـرێ بڵێیـن شـیعەگەرایی وەک بەرهەمێکـی مێژووکـرد لـە دروسـتبوونیدا بـە

چەنـد قۆناغێکدا ڕۆیشـتووە، کـە تیایـدا سیاسـەت و ئاییـن لـە قۆناغـە جیاجیـاکان و بـە ڕێژەیەکـی جیـاواز تێکـەڵ بـوون. شـیعەکان وەک هـەر گرووپێکـی ئایینـی و سیاسـی دیکـە، چەندیـن قۆناغیـان تێپەڕانـدووە، هەتـا گەیشـتونەتە فۆرمـی کۆتایـی بـە چەندیـن قۆناغـی جیـاوازدا تێپەڕبـوون

**قۆناغی یەکەم:**

دوای کۆچـی دوایـی پێغەمبـەر (د.خ) و دەرکەوتنـی لایەنگرانـی عەلـی بـوو، کـە بۆچوونیـان وابـوو دەبێـت لـەدوای پێغەمبـەر (د.خ) عـەلی ببێـت بـە خەلیفە، لەسـەر بنەمـای وەسـیەت یـان دەقێـک نـا، بەڵکـو لـە خۆشەویسـتییەوە بـۆی، لەنێویانـدا هـاوەڵان و شـوێنکەوتووان هەبـوون. ئـەم قۆناغـە تـا دوای کۆچـی دوایـی عوسمانی کـوڕی عەفـان و بەیعەتـدان بـە عـەلی وەکـو خەلیفـە بـەردەوام بـوو، بـەڵام بیرێکـی تایبـەت بەخـۆی بەرهـەم نەهێنـا

ئـەم پشـتگیرییە بـۆ عەلـی پێـش خەلافەتەکـەی لەسـەر ئاسـتی تـاک و کەسـایەتیەکاندا مایـەوە، نەبـووە حزبێـک یـان گرووپێکـی تایبـەت کـە هەڵوێسـتێکی سیاسـی یەکگرتوویـان هەبێـت و ڕایەڵێکـی ڕێکخسـتنی ناوخۆیـی پێکـەوە کۆیـان بکاتـەوە. تاوەکـو لـەم ڕێگەیـەوە دروسـت بێـت وشـەی شـیعە بەسـەر لایەنگـران و پشـتیوانانی عەلیـدا ببڕێـت.

بوونـی شـوێنکەوتووانی عەلـی کـە وایاندەبینـی عـەلی لەپێـشترە بـۆ خەلافـەت کارێکـی ئاساییە، بـە لەبەرچاوگرتنـی ئـەوەی کـە عەلـی لـە یـادەوەری ئیسلامیـدا کەسـایەتییەکی ناوازەیـە، لەبـەر پێشـینەی مسـوڵمانبوونی و پێگـەی بـەرزی لـەلای پێغەمبـەر (د.خ)، هەروەهـا خودانـی عەقڵێکـی بـەرز و هزرێکـی بەتوانـا بـوو. بـەڵام لایەنگـران و هاوسـۆزەکانی لـە سـەردەمی هـەر سـێ خەلیفەکـەی پێشـیدا، دۆخێکـی سیاسـی یـان گرووپێکـی خـاوەن خواسـتی سیاسـی تایبـەت و دیـدگای ئایدیۆلۆژییـان پێکنەهێنـا، ڕەنگـە هۆکارەکـەی دوودڵـی عەلـی بووبێـت لـە ڕووبەڕووبوونـەوەی دەسـەڵات یـان لـە داواکردنـی دەسـەڵات، چونکـە بـە باشتر زانینـی بەشـداریکردنی لـە دەوڵەتـی تـازە پێکهاتـوودا، مـەودای مشـتومڕ و کێبڕکـێ بـۆ دەسـەڵات لـە خـوارەوە بەرتەسـکتر کـردەوە، هەروەهـا دەرفەتـی سـەرهەڵدانی هاوپشـتی سیاسـی کەمکـردەوە، کـە هەتـا ماوەیەکـی کـەم پێـش کوژرانـی عوسـمان

بەرچاو نەکەوت. ئیدی ئەو کاتە دابەشبوونی کۆمەڵایەتی و کێبڕکێی سیاسی سەریهەڵدا، گرووپە خاوەن بەرژەوەندییە ناکۆکەکان دەرکەوتن، کە لە سروشتی دەسەڵات و بزووتنەوەی بڕیاردان لەناو ئەو دەسەڵاتەدا نیگەران بوون [٢١]

**قۆناغی دووەم:**

سەرەتا بە بەیعەتدان بە عەلی بۆ خەلافەت دەستی پێکرد، بەتایبەتی دوای سەرهەڵدانی دژایەتی و بزووتنەوەی ناڕەزایەتی بەرامبەری، لانیکەم لە سێ بەرەوە، یەکەمیان ئەو بەرەیە بوو کە تەڵحە و زوبێر سەرۆکایەتیان دەکرد، هۆکاری سەرەکی دژایەتیان لەگەڵ عەلی داواکردنی خوێنی عوسمان بوو، بەرەی موعاویەی کوڕی ئەبو سوفیان لە شام، بەرەی خەواریج، لەبەرامبەر ئەم سێ بەرەیەدا هەر کەسێک پشتگیری و پشتیوانی لە عەلی بکردایە بە شیعەی عەلی ناودەبرا. پاشان بەشێکیان لەدوای عەلی، پشتگیرییان لە نەوەکانی کرد و دژایەتی حوکمڕانی (ئومەوی و عەباسی)یان کرد

شیعە ئۆپۆزسیۆنەکان لەسەرەتاوە لەسەر بنەمای بیروباوەڕێکی تایبەت نەبوون، بەڵکو لەسەر هەڵوێستێکی سیاسی جیاواز بوو، بۆیە دەبینین بزووتنەوەی شیعە لە سەردەمی سەرەتای خۆیدا، پێش ئەوەی گەشە بکات بۆ مەزهەب و تایەفە، کە لە ئیمامی جەعفەری سادق و هیشامی کوڕی حەکەمی خوێندکارییەوە دەست پێدەکات، لەسەر ئاڕاستەی فیقهی سوننی دەژمێردران، تەنانەت هەندێک لە پایەکانی ئەم ئاڕاستەیە نموونەی وەکو ئیمام ئەبو حەنیفەی لەخۆگرتبوو، کە دامەزرێنەری یەکەم قوتابخانەی فیقهی سوننە بوو [٢٢].

**قۆناغی سێیەم**

قۆناغی سەرهەڵدانی بیرۆکەی دەق و وەسیەت و دەرکەوتنی مەزهەبی شیعەیە بە مانا وردەکەی

لەم قۆناغانە و دواتردا، دوای دەرکەوتنی شیعە وەک مەزهەبێک، شیعەکان لەبارەی ئیمامەتەوە یەک بۆچوونیان نەبوو، ناکۆکییان لەبارەی دەقەکان هەبوو، کە ئایا ڕوونە یان شاراوەیە، پاشان لە پەسندانی عەلیدا جیاوازییان هەبوو، ئایا حوکم و چاکەی کەسانی پێشووی هەڵدەوەشێنێتەوە، یان ئەم باشترە لەگەڵ مانەوەی دەسەڵاتی کەسانی پێش خۆی، دروستە لە بوونی ئەودا ئیمامەت

بکـەن؟ پاشـان کـێ شـایەنی ئیمامەتـە و مەرجـەکانی تێدایـە، بەمجـۆرە گرووپـە شـیعەکان زۆر بـوون

ڕاسـتییەکە ئەوەیـە دیـاردەی شـیعەگەرایی لەنـاکاو دروسـتنەبووە و بـە یەکجاریـش دەرنەکەوتـووە، تەنانـەت لەسـەر یـەک شـێوەش جێگیرنەبـووە، بەڵکـو دوای زنجیرەیـەک ململانێـی ئاڵـۆز قۆناغـی جیـاوازی گرتەبـەر، لـەو ڕێگەیـەوە چەندیـن کۆمەڵـە و گرووپـی جۆراوجـۆری لێکەوتـەوە

دوای شـەهیدکردنی حوسـێنی کـوڕی عـەلی کـوڕی ئەبـو تالیـب، عـەلی (زەینلعابدیـن)ی کـوڕی خـۆی بـۆ عیبـادەت و فێرکـردن تەرخانکـرد، لەنێـو لایەنگرانـی باپیریـدا پێگەیەکـی هەبـوو، دواتـر محەمـەد (باقـر)ی کـوڕی ئـەو پێگەیـەی بـە میـراتی بۆمایـەوە، زەیـد لـەکاتی مـردنی باوکیـدا منـداڵ بـوو، بۆیـە (باقـر)ی بـرای ئەرکـی پەروەردەکـردن و فێرکـردنی لـە ئەسـتۆ گـرت

زۆرێـک لـە بیرۆکەکانـی ئیمامـەت دەگەڕێنرێنـەوە بـۆ باقـر، سـەرەتا یەکەمینەکانی تیۆری ئیمامەت لای شیعەکان لە سـەردەمی ئەوەوە دەسـتپێدەکات، یـان بـۆ ئـەو دەگەڕێنرێتـەوە، سـەرەتای یەکەمـی بـە بەرتەسـککردنەوەی زانسـت و تێگەیـشتن لێـی پێکهـات، ئـەم گۆڕانکارییـەش تێگەیشـتنی ئاینـی بـۆ ئیمامەکانی ئەهلـی بەیـت سـنووردارکرد، بـەم شـێوەیە زۆرێـک لـەو فەرموودانـەی کـە دەگەڕێندرێنـەوە بـۆ باقـر دەرکەوتـن

پاشـان دوای مردنـی باقـر ناکۆکـی لەنێـوان شـیعەکاندا لەسـەر ئیمامـەت دروسـتبوو، هەندێکیـان بـە مـافی جەعفـەری کـوڕی محەمـەد (جەعفـەر سـادق) یـان دەزانـی، هەندێکیشـیان بـە مافـی (زەیـدی کـوڕی عەلی)یـان دەزانی. لەسـەر ئیمامـەت جیـاوازی لـە هەڵوێسـتی جەعفـەر و زەیـددا هەبـوو، زەیـد پێویسـتی دەرچـوون و ڕووبەڕووبوونـەوەی سـتەمی بـە ئـەرک دەزانـی، جەعفـەر پێیوابـوو کـە ئیمامـەت تەنهـا بـە وەسـفکردن بەدەسـت دێـت، مـەرج نییـە خـروج لـە ئاسـتیدا ڕووبـدات، جەعفـەر مامەڵـەی لەگـەڵ ئـەو شۆڕشـانەدا نەکـرد کـە سـەریانهەڵدا، خۆشـی بـۆ ئـەوە تەرخـان نەکـرد. لێـرەوە ناکۆکـی لەنێـوان شـیعەکاندا دەسـتی پێکـرد، دوای ئەوانیـش لەنێـو لایەنگرانیانـدا توندتـر بوویـەوە. ئەوانـەی باوەڕیـان بـە ئیمامەتـی جەعفـەری کـوڕی محەمـەد هەبـوو پێیـان دەگوتـرا جەعفەرییـەکان،

ئەوانەی باوەڕیان بە ئیمامەتی زەیدی کوڕی عەلی لەدوای محەمەدی کوڕی عەلی هەبوو پێیان دەگوترا زەیدییەکان، دیدگای هەریەکەیان کاریگەریی لەسەر بیرۆکەی حکومڕانی لەلای شوێنکەوتوانیان هەبوو

سەبارەت بە ناکۆکی لەبارەی شایستەیی ئیمامەت بەگشتی، گەورەترین ناکۆکی لەوبارەیەوە پەیوەندی بە سەلماندنییەوە هەیە، ئایا بە دەقێکی ئایینی پشتڕاست کراوەتەوە یان بە هەڵبژاردنی میللەت دەبێت؟ بەم پێیە بۆچوونەکان لەسەر ئەم بابەتە بەسەر چەند گرووپێکدا دابەشبوون، کە بەناوبانگترینیان چوار گرووپن

گرووپی یەکەم: پێیانوایە ڕێگەی ئیمامەت بەهۆی دەقە، جا دەقەکە لە خوداوە بێت یان لە پێغەمبەرەکەیەوە (د.خ)، ئەم کەسانە جیاواز بوون سەبارەت بەوەی کێ ئەو کەسەی باسکردوە، بۆیە سێ بۆچوونیان هەیە [٢٣]

بۆچوونی یەکەم: ئەو کەسەی دادەنرێت عەلی کوڕی ئەبو تالیب و هەردوو کوڕەکەی حەسەن و حوسێنە، ئەمەش بۆچوونی زەیدییەکان و دوانزە ئیمامیەکانە؛ زەیدییەکان دەقەکە بە شاراوەیی دەبینن، بەڵام دوانزەییەکان دەقەکە بە ئاشکرا دەزانن

بۆچوونی دووەم: ئەو کەسەی دادەنرێت ئەبوبەکری سدیقە، بەڵام جیاوازییەکە ئەوەیە ئایا دەقەکە ئاشکرایە یان نادیارە، هەندێک لە ئەهلی فەرمودە بە ئاشکرای دەزانن، لەکاتێکدا دەڵێن ئەبو حەسەنی بەسری وتویەتی دەقەکە لەبارەی ئەبوبەکرەوە نادیارە

بۆچوونی سێیەم: ئەو کەسەی باسکراوە عەباسە، بەڵام بەڵگەیەکی ئاشکرایان نییە.

گرووپی دووەم: پێیانوایە ڕێگەی ئیمامەت بەهۆی دەقەوە نییە، بەڵکو بانگەواز و دەرکەوتنە (خروج)، ئەمە بیروباوەڕی زەیدییەکانە جگەلە سێ کەسیان: عەلی و حەسەن و حوسێن، بیروباوەڕی ئەبو عەلی جەبائیە (لە ٣٠٣ کۆچی مردوە)، سالحیە لەم وتەیەدا لەگەڵ زەیدییەکان ناکۆکە

گرووپی سێیەم: پێیانوایە ڕێگەی ئیمامەت گرێبەست و هەڵبژاردنە، ئەمەش عەقیدەی سالحییە لە زەیدییەکان و موعتەزیلە و زۆربەی زانایانی ئەشعەری و خەواریج و مورجیئەکانە

کۆمەڵـەی چـوارەم: پێیانوایـە ڕێگـەی ئیمامـەت میراتـە، کـە عەقیـدەی عەباسـییەکانە، ئـەوان بانگەشـەی ئـەوە دەکـەن کـە ئیمامـەت بـە میـرات لـە باوکیانـەوە عەبـاسی کـوڕی عەبدولموتەلیـب بـۆ ئەوانـە، بەڵگەکەشـیان ئەوەیـە کـە هیـچ میراتێـک بـۆ کچـەزا نییـە هەتـا مـام لـە ژیانـدا بێـت

## تیۆری شیعەی جەعفەری بەم شێوەیە پوخت دەکرێتەوە:

* ئیمامـەت یەکێکـە لـە بناغەکانـی دیـن: دوانـزە ئیمامیـەکان پێیانوایـە ئیمامـەت یەکێکـە لـە بناغەکانـی ئاییـن، ئیمانیـش تـەواو نییـە تەنهـا بـە باوەڕبـوون پێـی نەبێت، ئیمامـەت میهرەبانییەکـە لەلایـەن خـوداوە، واتـە هەمـوو سـەردەمێک دەبێـت ئیمامێکی ڕێنوێنـی هەبێـت کـە درێژەپێـدەری پێغەمبەرایەتییـە، دروسـت نییـە سـەردەمێک بەبـێ ئـیمام بێـت. ئیمامـەت بەشـێکی بنچینەییـە لە کتێبـە عەقیدەییـەکانی مەزهـەبی دوانزە ئیمامـی. بـەو پێیـەی شـیعەکان لـەم بـوارەدا پێشـەنگ بـوون، زۆرێـک لـە گرووپـەکان شـوێنیان کەوتـن، بەتایبەتـی لـەکاتی دانـانی ئیمامـەت لـە بابەتەکانـی بنەماکانـی ئاییندا، تەنانـەت ئەگـەر هـاوڕای شـیعەکانیش نەبـن، بەنموونـە وەک سـوننەکان کـە ئیمامـەت وەک یەکێـک لـە بنەماکانـی ئاییـن نابینـن

- **ئیمامی بێ هەڵە (مەعسوم)**

شـیعە دوانـزە ئیمامیـەکان مەرجـی بـێ هەڵەیـی ئیمامیـان دانـاوە. بـە بـڕوای ئـەوان، ئـیمام دەبێـت لـە هەمـوو هەڵـە و پەڵەیـەک، جـا چ ئاشکرا بێـت یان شـاراوە، لـە منداڵییـەوە تـا مـردن، بـە ئەنقەسـت بێـت یـان بـە هەڵـە، پارێـزراو بێـت [٢٤]

دوانـزە ئیمامیەکان کۆمەڵێک پاسـاو بۆ سـەلماندنی ئەم بانگەشـەیەیان دەهێننەوە، لەوانـە: شـەریعەتی ئیسلامـی نەمـرە، تـا ڕوودانی قیامـەت بەرژەوەندییەکـەی نەمـر و بەردەوامـە، پێغەمبەرەکـەی (محەمـەد د.خ) کۆتـا پەیامبـەرە، بۆیـە ئـەم شـەریعەتە هـەر دەبێـت پارێزەرێکـی هەبێـت، ئـەو پارێـزەرەش نابێـت هەمـوو یـان بەشـێکی ئوممـەت بێـت، چونکـە ئوممـەت تـووشی هەڵـە و لەبیرچوونـەوە دەبێـت، خراپـکاری دەکات و دەسـتبەرداری ئـەو شـتانە دەبێـت کـە فێـری بـووە [٢٥].

سـەبارەت بـەم بابەتـە ئەبـو جەعفـەر محەمـەد بـن یەعقـوب بـن ئیسـحاق کولەینـی دەڵێـت: ئـیمام ئـەو کەسـەیە کـە هەڵبژێـردراوە و پەسـەندکراوە، ڕێنمایـی

کـراوە و ڕێنمایـی کارە، ئـەو کەسـەیە کـە لەمێـژە چاوەڕوان کـراوە، خـودا بـۆ ئەو کارە دروسـتیکردووە و هەڵیبـژاردووە، لـە زانسـتی غەیبـی خـۆی بەهرەمەنـدی کـردووە، لـە باقـی پـاشماوەکانی ئـادەم پاڵفتـەی کـردووە، لـە باشتریـن نـەوەکانی نـوح و مسـتەفایە لـە بنەماڵـەی ئیبراهیـم، نـەوەی ئیسماعیـل و دەسـتەبژێری پێغەمبـەرە (د.خ)، لەژێـر چاودێـری خودایـە، دەیپارێزێـت و بـە پاراسـتنی خـۆی دایدەپۆشـێت، لـە تەڵـەکانی شـەیتان و سـەربازەکانی دوورخراوەتـەوە، لـە وەسوەسـەی خراپـەکاران و هەناسـەی هەمـوو گوناهبارێـک دوورخراوەتـەوە، لـە کاریگەرییەکانـی خراپـە دوورخراوەتـەوە، لـە نەنگـی و کەموکـوڕی ڕزگارکـراوە، بـەدەرە لـە هەڵـە و سـەرپێچی، لـە هەمـوو بەدڕەفتارییـەک پارێـزراوە، لـە گەنجیـدا بـە لێبوردەیـی و ڕاسـت و دروسـتی نـاسراوە، لەگـەڵ تەواوبوونیـدا دەگەڕێتـەوە بۆ پاکیزەیـی و زانسـت و فەزیلـەت".[٢٦]

*** ئیمامەت دەقێکە لە خوداوە:**

دوانـزە ئیمامیـەکان ئیمامـەت بـە پێگەیەکـی خودایـی دەبینـن، ئیمامیـش لەلایەن خـوداوە بەهـۆی پێشناسـینی خۆیـەوە هەڵبژێـردراوە، پێغەمبەریـش فەرمـان دەکات کـە بـە دەقێکـی ڕوون ئامـاژەی پێبدرێت، ئـەو دوانـزە ئیمامـەش بریتیـن لـە: عەلی کـوڕی ئەبـو تالیـب، هـەردوو کوڕەکـەی حەسـەن و حسـێن، عەلـی کـوڕی حسـێن کـوڕی زەینلعابیدیـن، محەمـەد کـوڕی عەلـی باقـر، جەعفـەر کـوڕی محەمـەد سـادق، موسـا کـوڕی جەعفـەر کازم، عەلـی کـوڕی موسـا ڕەزا، محەمـەد کـوڕی عەلـی جـەواد، عەلـی کـوڕی محەمـەد هـادی، حەسـەن کـوڕی عەلـی، محەمـەد کـوڕی حەسـەن عەسـکەری

شـیعەکان پێیانوایـە ئیمامـی دوانزەهـەم محەمـەدی کوڕی حەسـەنی عەسـکەری دیارنەمـاوە، بیرۆکـەی چاوەڕوانـی ئیمامـی دوانزەهـەم بیرۆکەیەکـی قبووڵکـراوە و تـا ئەمـڕۆش کەسـانێک هـەن کـە باوەڕیـان پێـی هەیـە، بـەڵام فەقیهـەکان جگـە لـە پەرەپێدانـی تیۆرەکەیـان هیـچ بژاردەیەکـی دیکەیـان نەبـوو، بۆیـە بەرمەبنـای هەوڵـەکانی پێـش خـۆی و بـۆ چارەسـەرکردنی ئـەم کێشـە سـەرهەڵداوە، خومەینـی دەسـتیکرد بـە پەرەپێدانـی تیـۆری ویلایـەتی فەقیـە

بیرۆکـەی ویلایـەتی فەقیـە لەسـەر گواسـتنەوەی بیرۆکـەی ئیمامـەت لـە

چاوەڕوانییــەوە بــۆ چالاکبــوون دامــەزراوە، هەوڵەکانــی خومەینــی تەواوکــەری هەوڵەکانــی پیاوانــی ئایینــی شــیعەی پێش خــۆی بــوو، کــە پێیانوابــوو پێویســتە لــەو دۆخــە دەربچــن و ئیجتهیــاد بــۆ ئــەو قۆناغــە بکــەن کــە بەبــڕوای شــیعەی جەعفــەری، ئیمامــی دوانزەهــەم نادیــارە، ئــەوان تیــۆری ویلایــەتی فەقیهیــان وەک چارەســەرێک بــۆ ئــەو دۆخــە هێنایــە ئــاراوە.

لــە ســەرچاوە شــیعیەکاندا ســەبارەت بــە لەدایکبوونــی بیرۆکــەی ویلایــەتی فەقیــە جیــاوازی هەیــە، خومەینــی یەکــەم کــەس نەبــووە کــە ئــەوەی وتــووە، بــەڵام بەدڵنیاییــەوە ئــەو کەســە بــوو کــە پــەرەی پێــدا و جێبەجێــی کــرد، کەســانێک هــەن پێیانوایــە باوکــی شــەرعی ئــەو بیرۆکەیــە شــێخ محەمــەد کــوڕی مەکــی حوزەینیــە کــە لــە ســاڵی (٧٦٨ کۆچــی/١٣٦٦ی زایینــی) کۆچــی دوایــی کــردووە، هەندێکــی تریش پێیانوایــە دەگەڕێتــەوە بــۆ ئەحمــەد نەراقــی کــە لــە ســاڵی (١٢٤٥ کۆچــی / ١٨٢٠ زاینــی) کۆچــی دوایــی کــردووە، بەدووریــش نازانرێــت کــە نەراقــی ئیلهامــی ئــەم بیرۆکەیــەی لــە کتێبــی "اللمعــە الدمشــقیە" لــە نووســینی ئــیبن مەکــی وەرگرتبێــت، پاشــان دایڕشــتۆتەوە و پــەرەی پێــداوە، ئــەم بیرۆکەیــە لــەلای خومەینــی دەنگــی دایــەوە، کاری لەســەر پەرەپێــدان و جێبەجێکــردنی کــرد [٢٧]

ب. خومەینی و خومەینیزم...پێکهاتنی ئایینی و سیاسی

ڕوحــوڵلا مســتەفا خومەینــی لــە ســاڵی (١٩٠٢) لــە شــاری خومەیــن لەدایکبــووە، باوکــی پیاوێکــی ئایینــی بــووە. منــداڵ بــووە کــە دایکــی کۆچــی دوایــی کــردووە، خوێندنــی ئایینــی لــە زێــدی خــۆی و پاشــان لــە ئــەراک و قــوم وەرگرتــووە، شــوێنکەوتوانی پێیانوایــە کــە لــە تەمەنــی ســی ســاڵیدا گەیشــتووەتە پلــەی ئیجتیهــاد. بەشــداری سیاســی ئــەو بــە ڕەشنووســی بڕیارنامەیــەک دەســتی پێکــرد کــە لــە ســاڵی (١٩٦١) لەلایــەن حکومەتــی شــاوە پێشکەشــکرا و داوای هەڵوەشــاندنەوەی پابەندبوونــی ســوێندخواردن لەســەر قورئانــی بــۆ ئەندامانــی پەرلەمــان دەکــرد، کــە خومەینــی دژی بــوو

لــە ســاڵی (١٩٦٣) لــە ڕێگــەی خۆپیشــاندان و پێکــدادان لەگــەڵ هێــزە ئەمنییەکان لــە قــوم، دژایەتییەکــەی لەگــەڵ ڕژێــم پــەرەی ســەند و بــووە هــۆی دەســتگیرکردنی بــۆ مــاوەی چەنــد هەفتەیــەک. لــە ســاڵی (١٩٦٣) دوورخرایــەوە بــۆ تورکیــا، نزیکــەی

ساڵێک لەوێ مایەوە، پاشان چووە نەجەف، لەوێ تیۆری ویلایەتی فەقیهی پەرەپێدا، زۆرینەی زانایانی شیعە لەوکاتەدا دژایەتی ئەو بۆچوونەیان دەکرد، حکومەتی عێراقیش وەڵامی داوایەکی ئێرانی دایەوە و لە پایزی (١٩٧٨) دا خومەینی لە وڵاتەکەی دەرکرد، ئەویش لە پاریس نیشتەجێبوو، دوای توندبوونەوەی نارەزایەتییەکان لە ئێران، لە سەرەتای شوباتی (١٩٧٩) گەڕایەوە بۆ وڵاتەکەی، لە یازدەهەمی هەمان مانگدا حکومەتەکەی شا ڕوخا [٢٨]

سەبارەت بە ویلایەتی فەقیە، خومەینی پێیوایە هەتا ئیمام دەردەکەوێت، وەلی فەقیە ئەرکەکانی خۆی جێبەجێ دەکات، لەسەر ئەو بنەمایەش دەڵێت: "بەو پێیەی باوەڕمان وایە کە حوکمەکانی پەیوەست بە بنیاتنانی حکومەتی ئیسلامی هێشتا بەردەوامە، شەریعەتیش ئاژاوە ڕەتدەکاتەوە، پێویستە حکومەتیش پێکبهێنین، کەواتە عەقڵ بڕیار دەدات کە ئەو کارە پێویستە". [٢٩] پاشان دەڵێت: ئەمڕۆ لە سەردەمی دیارنەبوونی ئیمامدا، بۆ بەڕێوەبردنی کاروباری دەوڵەت دەقێک لەسەر کەسێکی دیاریکراو نییە، بۆچوونەکە چییە؟ ئایا حوکمەکانی ئیسلام پەکبخەین یان دەمانەوێت واز لە ئیسلام بهێنین؟ یان دەڵێین ئیسلام هاتووە تەنها بۆ ئەوەی ماوەی دوو سەدە فەرمانڕەوایی خەڵکی بکات و دوای ئەوە فەرامۆشیان بکات؟ یان دەڵێین ئیسلام کاروبارەکانی ڕێکخستنی دەوڵەتی فەرامۆش کردووە؟ سەرەڕای بوونی دەقێک بۆ ئەوەی کەسێک لەبری ئیمام کار بکات لە ئەگەری نەبوونی ئیمامدا، تا ئێستاش تایبەتمەندییەکانی حوکمڕانی شەرعی لە هەر کەسێکدا کە شایستە بێت بۆ حوکمڕانی بەسەر مرۆڤەکاندا بە هەبوو هەژمار دەکرێت، ئەو تایبەتمەندیانەش بریتین لە زانینی یاسا و دادپەروەری، لەم سەردەمەدا لە زۆربەی زاناکانماندا هەن، ئەگەر یەکگرتوو بوونایە دەیانتوانی حکومەتێکی جیهانی دادپەروەرانە و بێهاوتا دروست بکەن و پێکبهێنن."[٣٠]

ویلایەتی فەقیە جیاوازە لە ئیمام، بانگەشەی پاکیزەیی (مەعسوم)ی یان ئەو پێگەیەی ئیمام هەیەتی بۆ وەلی ناکرێت، خومەینی دەڵێت: "نابێت ئەوانەی سەرەوە بە هەڵە تێبگەین، یان کەسێک خەیاڵی ئەوە بکات ئەگەر شایستە بوو بۆ وەلی فەقیە، ئەوا پێگەکەی بۆ پلەی پێغەمبەرایەتی یان بۆ پێگەی ئیمام

بەرزدەبێتەوە. چونکە لێرەدا قسەکانمان لەبارەی پلە و پێگەیە" [٣١]

نوێنەرایەتیی فەقیە بەناوی ئیمامی (مەعسوم) نوێنەرایەتییەکی وەلائی دەسەڵاتخوازانەیە کە پەیوەندی بە پۆستەکانەوە هەیە، بەبێ ئەوەی بۆ بەها و پلە درێژببێتەوە، ئەم خاڵە سروشتی باڵادەستی لە حکومەتەکە دادەماڵێت، بەڵکو ڕوونکردنەوەیەکی لۆژیکیە بۆ ئەو بڵندی و هەمەگیرییەی کە خومەینی بە چەمکی دەسەڵاتی دەبەخشێت، مانا قووڵەکەی نوێنەرایەتیش بەردەوامبوونی ئیمامەتە، دۆخی چاوەڕوانی دەگۆڕێت بۆ ئامادەبوون، قەرەبووی بۆشایی دیارنەمانی ئیمام بە کاریگەری نوێنەرەکانی دەکاتەوە. [٣٢]

لە بیری سیاسی شیعەدا تیۆری ویلایەتی فەقیە، چەقی وەرچەرخانی چۆنایەتی پێکدەهێنێ، چونکە وەک تەوەرێکی بنەڕەتی لە پێکهاتەی سیاسی شیعەدا، لەسەر شەپۆلی شۆڕش هات هەتا گەیشتە قۆناغی جێبەجێکردنی کردەیی

جەخت دەکاتەوە لە دەقێکی پیرۆز، کە میکانیزمێک بۆ جێگرتنەوەی (مەعسوم) لە غیابی ئەودا دروستدەکات، کە لەسەر بنەمای دامەزراندنی ئەو کەسەیە کە لەڕووی تایبەتمەندیەوە نزیکترینە لێی، ئەم دامەزراندنەش لەسەر بنەمای بۆچوونی کەسانی خودان شارەزاییە بەبێ ئەوەی مافی دانانی پێوەرەکان و تایبەتمەندییەکانیان هەبێت، بەڵکو بەپێی ئەو مەرجانەی لە دەقەکەدا هاتووە، تەنها ئەو کەسە دەستنیشان دەکەن کە باشترینە و نزیکترینە لە (مەعسوم)ەوە [٣٣]

دیباجەی دەستووری هەموارکراوی ئێران لە ساڵی (١٩٨٩)، جەخت لە پرسی ویلایەتی فەقیە وەک باڵاترین دەسەڵات لە ئێراندا دەکاتەوە، ئەم بیرۆکەیەش لە دەقی دەستوورەکەدا چەسپێنراوە، بە تایبەتی لە ماددەی (٥٧)دا، کە شەرعیەتی دەستووری بەم پرەنسیپە بەخشیوە، هەروەها سەروەریی سیاسی و مەزهەبی بە ڕێبەری باڵا بەخشیوە، جگە لەوەی باوەڕبوون بە ویلایەتی فەقیە دەکاتە یەکێک لە پایە سیاسییەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران [٣٤]

وەلی فەقیە نمایندەی باڵاترین دامەزراوەی سیاسی و ئایینیە، بە دامەزراوەی سەرکردایەتی گوزراشتی لێکراوە، لە ماددەی (١١٠) دەستووردا

ئـەرک و دەسـەڵاتەکانی بـەم جـۆرە دیاریکـراوە

- دارشــتنی سیاســەتە گشــتییەکانی کۆمــاری ئیسلامیــی ئێــران، پــاش ڕاوێــژ لەگــەڵ ئەنجومەنــی دیاریکــردنی بەرژەوەندییــەکانی ڕژێــم

– سەرپەرشتیکردنی دروست جێبەجێکردنی سیاسەتە گشتییەکانی سیستەمەکە.

- دەرکردنی فەرمانی ڕیفراندۆمی گشتی.

– فەرماندەیی گشتی هێزە چەکدارەکان.

- ڕاگەیاندنی شەڕ و ئاشتی و کۆکردنەوەی گشتی (نەفیر عام).

- دانان و دەرکردن و قبووڵکردنی دەستلەکارکێشانەوەی هەریەکە لە:

– یاساناسانی ئەنجومەنی دارشتنەوەی دەستوور.

-بەرپرسی باڵای دەسەڵاتی دادوەری.

– سەرۆکی دەزگای ڕادیۆ و تەلەفزیۆن لە کۆماری ئیسلامیی ئێران.

- سەرۆکی ئەرکانی فەرماندەیی هاوبەش.

– فەرماندەی گشتیی سوپای پاسدارانی ئینقلابی ئیسلامیی.

- سەرکردایەتی باڵای هێزە چەکدارەکان و هێزەکانی ئاسایشی ناوخۆ

– چارەســەرکردنی ناکۆکــی نێــوان هــەر ســێ باڵەکــەی هێــزە چەکــدارەکان و ڕێکخســتنی پەیوەندییەکانــی نێوانیــان

– چارەســەرکردنی کێشــەکانی سیســتەم کــە بــە شــێوازی ئاســایی چارەســەر ناکرێــت، لــە ڕێگــەی ئەنجومەنــی دیاریکــردنی بەرژەوەندییــەکانی ڕژێمــەوە

- واژۆکردنــی مەرســومی دەســتبەکاربوونی ســەرۆک کۆمــار دوای هەڵبژاردنــی لەلایــەن گەلــەوە. ســەبارەت بــە شایســتەیی کاندیــدەکان بــۆ ســەرۆکایەتی کۆمــار، لەبــارەی ئــەو مەرجانــەی لــەم دەســتوورەدا لەوبارەیــەوە دیــاری کــراون، پێویســتە لە یەکــەم خولــی ســەرۆکایەتیدا، پێــش دەنگدانی ئەنجومەنــی دارشــتنەوەی دەســتوور، ڕەزامەنــدی ســەرکردایەتی بەدەســت بهێنێــت

- دوورخســتنەوەی ســەرۆک کۆمــار، بــە لەبەرچاوگرتنــی بەرژەوەندییەکانــی وڵات، دوای ئــەوەی دادگای بــاڵا بڕیاریــدا کــە ئەرکــە دەســتوورییەکانی پێشــێلکردووە، یــان دوای ئــەوەی ئەنجوومەنــی شــورای ئیسلامیــی بەپێــی مــادەی (٨٩)ی دەســتوور دەنگیــدا بــەوەی کــە لێهاتوویــی سیاســی نییــە

– دەرکردنــی لێبــوردن یــان کەمکردنــەوەی ســزای ســزادراوان لــە چوارچێــوەی پێــوەرە ئیسلامییــەکان، لەســەر بنەمــای پێشــنیاری ســەرۆکی دەســەڵاتی دادوەری ڕێبــەر دەتوانێــت کەســێکی دیکــە بــۆ ڕاپەڕانــدنی ئــەرک و دەســەڵاتەکانی ڕاســپێرێت [٣٥]

جگەلەوانــەش تیــۆری ویلایــەتی فەقیــە ڕەهەندێکــی فراوانخوازانــەی هەیــە، بــەو پێیــەی چەمکــی هەناردەکردنــی شــۆڕش پەیوەندییەکــی ئاڵوگۆڕانــەی بــە چەمکــی بــان نەتەوەییانــەی ویلایــەتی فەقیهــەوە هەیــە، کــە دوورە لــە پابەندبــوون بەهــەر گرێبەســتێک یــان یاســایەکی نێودەوڵەتیــەوە، بایــەخ بــە ســەروەری هاوســێکان یــان پەیماننامــەکانی ســنور نــادات، هیــچ ســەروەرییەک نییــە کــە ڕێگــری لــە ســەپاندنی دیفاکتــۆ (ئەمــری واقیــع) بــکات، هیــچ ســەربەخۆییەک نییــە کــە ڕێگــری بــکات لــە پەڕینــەوەی ویلایــەت بــۆ دەوڵەتانــی دیکــە، چ دراوســێ بــن یــان دوور

محەمــەد تەقــی میســباح یــەزدی پێیوایــە کــە ویلایــەتی فەقیــە "شــەرعیەتی خۆی لــە دەســەڵاتێکی یاســایی خوداییــەوە وەردەگرێــت، نــەک هــەر ئەوەنــدە بگــرە هیــچ ویلایەتێــک لەبنەڕەتــەوە شــەرعیەتی نابێــت ئەگــەر بــە مۆڵــەت و دانــانی خودایــی نەبێــت، دانپێدانــان بــە شــەرعیەتی هــەر حکومەتێــک بــەدەر لــەم شــێوازە، ئــەوا بەجۆرێــک لــە هاوبــەشی دانــان لــە دەســەڵاتی یاســادانانی خودایــی دادەنرێــت. بــە واتایەکــی تــر خــودای گــەورە پێگــەی حوکمڕانــی و ویلایــەتی بەســەر خەڵکیدا بــە ئیمامــی (مەعســوم) بەخشــیوە، ئیمامیــش کــە هەمــوو مەرجــەکانی تێدایــە وەلی دادەنێــت. جــا چ لــە کاتــی بــوونی و نەگرتنەدەســتی دەســەڵاتدا بێــت یــان لــە کاتــی دیارنەبوونیــدا بێــت، گوێڕایەڵیکــردنی -لەڕاســتیدا- گوێڕایەڵیکــردنی ئیمامــی مەعســومە، ڕەتکردنــەوەشی وەک ڕەتکردنــەوەی ئیمامــی مەعســومە، هەروەهــا وەک نکوڵیکــردنی دەســەڵاتی یاســادانانی خوداییــە" [٣٦]

بەگوێــرەی چەمکــی (ئومولقــورا: ام القــری) کــە محەمــەد جــەواد لاریجانــی بانگەشــەی بــۆ دەکات، وەلی فەقیــە دوو پێگــەی هەیــە، پێگەی یەکەم: ســەرکردایەتی یاســایی کۆمــاری ئێرانــە کــە لە دەســتووردا پێناســەکراوە و ئەرک و دەسەڵاتەکانیشــی دیاریکــراوە. پێگەکــەی دیکــە ویلایــەتی جیهــانی ئیسلامیــە کــە وەکــو ئەرکێکــی شــەرعی دانی پێدانــراوە. لەســەر ئــەم بنەمایــەش ئێــران (ئومولقــورا) و (خانــەی

موسڵمانانە: در الاسلام)ە، ئەرکی سەرکردایەتیکردنی جیهانی ئیسلامی لەسەرە و میللەتیش ئەرکی ویلایەتی خۆی لە ئەستۆیە [٣٧]

بەرمەبنای ئەو تێروانینە، پاشخانی مەزهەبی ئێران ئیمامەت بە مانا گشتیەکەی کە شیعەی دوانزە ئیمامی هێناویەتی، ویلایەتی فەقیە وەک بیرۆکەیەکی ئەڵتەرناتیڤ بۆ تیۆری ئیمام دەبینێت. وەلی فەقیە دەسەڵاتەکانی ئیمامی نادیار ڕادەپەڕێنێت، بەڵام نەگەیشتۆتە پلەی ئیمامەکە، بیرۆکەی ویلایەتی فەقهیش دەتوانرێت بگشتێنرێت و هەناردەی زیاتر لە وڵاتێک بکرێت

## دووەم: ململانێی ئەتۆمی و داریکەرەکانی پەیوەندی ئێران لەگەڵ هێزە نێودەوڵەتییەکاند

یەکێک لە گرنگترین ئەو ئاریشانەی کە ئێران لە سەرەتای دامەزراندنیەوە بەدەستیەوە دەناڵێنێت، پەیوەندییەتی لەگەڵ سیستەمی نێودەوڵەتی و ژینگەی هەرێمایەتیدا، ڕەنگە ئەمەش بۆ ئەو بناغەیە بگەڕێتەوە کە سیستەمی ئێرانی لەسەر دامەزراوە، کە بریتیە لە بنەمای سەربەخۆیی لە بڕیاردان و ئازادبوون لە هەژموونی دەرەکی و هەناردەکردنی ڕژێمی ئێرانی وەک ناوەندێکی هەرێمی کە پێویستی بە ملکەچبوون و دڵسۆزی سیاسی هەیە لەلایەن ڕژێمەکانی دیکەوە بۆی، لە بەرامبەردا ئەمەش کێشە سیاسیە دەرەکییەکانی بۆ سیستەمی ئێرانی دوو هێندە کردووە

### ١. دیاریکەرەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئێران

کۆمەڵێک دیاریکەر سیاسەتی دەرەوەی ئێران دیاری دەکەن، دیاریکەری ئەمنی بە ڕێکخەری پەیوەندییەکانی دەرەوەی بەتایبەتی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا دادەنرێت. سەرکردایەتی شۆڕشی ئێران ڕوانگەیەکی گوماناویی بۆ ڕۆژئاوا و چەواشەکارانەی لە مامەڵەکانی لەگەڵ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا گرتۆتەبەر، لەم ڕێگەیەوە دەیەوێت بە سیمایەکی زۆر سەربەخۆییانە دەربکەوێت، بەڵام ئەم سیاسەتە ڕژێمی ئێرانی زۆر ماندوو کردووە، سەرەڕای هەوڵەکانی بۆ هاوسەنگکردن، بەڵام جارجارە شکست دەهێنێت.

ئێران هەوڵی سەربەخۆیی ئابوری دەدات، وەک پێشمەرجێک بۆ جڵەوکردنی بڕیارەکان و دەرچوون لە بەندوباوی گەمارۆ ئابورییەکان و پیشاندانی ڕژێمی ئێرانی وەک هێزێکی کۆنترۆڵکەر لەسەر زەوی، هەروەها گەشەپێدانی لایەنی سەربازی، کە لەو ڕێگەیەوە هەوڵی دامەزراندنی هێزێکی بەرپەرچدانەوەی هەرێمی دەدات

بەگوێرەی دەستوری ئێران، مافی دەستوەردانی هەرێمی بە سیاسەتی دەرەوەی ڕژێمەکە دەدات، بەپاساوی بەرگریکردن لە مافی مسوڵمانان، هەوڵدەدات "هەموو جۆرەکانی ستەمکاری ڕەتبکاتەوە، جا چ پراکتیزەکردنی بێت یان ملکەچبوون بێت بۆی، پاراستنی سەربەخۆیی تەواو و یەکپارچەیی خاکی وڵات، بەرگریکردن لە مافی هەموو موسڵمانان، لایەنگری نەکردنی هیچ کام لە زلهێزە ستەمکارەکان، پاراستنی پەیوەندیی ئاشتیانەی دوولایەنە لەگەڵ هەموو ئەو دەوڵەتانەی کە دوژمنایەتی ناکەن" [٣٨]

لە ماددەی (١٥٤)ی دەستووری ئێراندا هاتووە: «کۆماری ئیسلامیی ئێران بەختەوەری مرۆڤ لە هەموو کۆمەڵگەی مرۆڤایەتیدا بە بەرزترین ئایدیالی خۆی دەزانێت، سەربەخۆیی و ئازادی و سەروەری یاسا بە مافی هەموو گەلانی جیهان دەزانێت، بەو پێیەش لە هەموو بەشەکانی جیهان پشتیوانی لە خەباتی ڕەوای ستەملێکراوان لە دژی چاوچنۆکەکان دەکات، بەڵام بە تەواوی خۆی لە هەموو جۆرە دەستوەردانێک لە کاروباری ناوخۆیی گەلانی دیکە بەدوور دەگرێت" [٣٩]

سیاسەتی دەرەوەی ئێران لە هەندێک لە ڕێکارەکانیدا لەنێوان ڕەوتی ڕیفۆرمخواز و بناژۆخوازدا جیاوازە، ڕەوتی ڕیفۆرمخواز کۆنترۆڵی ویلایەتی فەقیە کەمدەکاتەوە و داوای کرانەوەی زیاتر بەڕووی جیهاندا دەکات، هەرچی ڕەوتی بناژۆخوازەکانە بناغەی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتەکەی لەسەر بنەمای دوژمنایەتیە لەگەڵ جیهانی دەرەوەدا، هەر هەوڵێک بۆ بەرکەوتنی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ لەگەڵ ئەمریکا ڕەتدەکاتەوە، ڕەخنەی ڕاشکاوانە لە هەندێک هەوڵ بۆ کردنەوەی دەرگای دیالۆگ لەگەڵ ئەمریکادا دەگرێت. پێیوایە هێڵی ئیمام لەگەڵ هێڵی دانوستان لەگەڵ ئەمریکادا ناگونجێت، چونکە ئەمریکا

دوژمنـــی یەکەمـــی شۆڕشـــە [٤٠]

ئـەم ڕەوتـە زۆرتـر لەژێـر کاریگـەری فاکتـەری ئایدیۆلـۆژی ڕژێـم و بەتایبـەتی تیـۆری ویلایـەتی فەقیهدایـە، کـە چەقـی بیرۆکـەی سیاسـەتی ئێرانـە لـە ناوخـۆ و دەرەوەدا، بـە تایبەتمەنـدی گشـتاندن (تعمیم) دەناسرێتـەوە، پێیوایـە دەبێـت نـەک تەنهـا شـیعەکانی جیهـان، بەڵکـو هەمـوو ئوممـەتی ئیسلامیـی ملکەچـی هەژمـوونی بـن، بـڕوای بـە بڕاردەی وەلی زۆر و زەوەنـد نییـە

نوخبـەی مەزهەبـی ئێـران وەک یەکێـک لـە پێویسـتییەکانی عەقیـدەی شـیعەگەرایی، باوەڕیـان بـە ویلایـەتی فەقیـە و ناوەندایەتییەکـەی هەیـە، باوەڕیـان بـە پەلهاویشـتنی ویلایـەتی فەقیـە هەیـە تاوەکـو هەمـوو شـیعەکان نـەک تەنهـا لـە سـنووری ئێرانـدا، بەڵکـو هەمـوو مسـوڵمانان لـە سەرانسـەری جیهانـدا بگرێتـەوە، باوەڕیـان بـە هەژموونـی ڕێبـەری بـاڵا بەسـەر تـەواوی زانایانـدا هەیـە، ئەمـەش وایکـردووە وەکـو ڕەعیـەتی وەلی فەقیـە تەماشـای مەزهەبـە شـیعەکانی دەرەوەی ئێـران و گرووپـە شـیعیە ناوخۆییـەکان بکـەن، هەروەهـا لەسـەر ئاسـتی وەسـیەت و ویلایـەت، بەهەمـان لۆژیکـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ کۆمەڵگـەی ئێرانیـدا مامەڵەیـان لەگەڵـدا دەکـەن، لـە دیـدگای سیاسـی ئـەم نوخبەیـەدا، ئابـووری و باشترکردنـی ژیانـی هاووڵاتیـان بابەتێکـی لاوەکییـە، بـەڵام پرسـی سـەرەکی شـۆڕش و هەژمـوون و فراوانخوازییـە [٤١]

بیرۆکـەی تەقییـە کـە بیرۆکەیەکـی مەزهەبییـە، لـە سیاسـەتی ئێرانـدا چ ناوخۆیـی بێـت یـان دەرەکـی ئامادەیـە، ئێرانییـەکان لـە ڕێگـەی ڕەوایەتیـدان بـە بەکارهێنـانی لـە بـواری دیپلۆماسـیدا، وەک ڕێگەیـەک لـە ڕێگـەکانی پاراسـتنی بەرژەوەندییـەکان، بـە شـێوەیەکی کردەیـی چەمکـی تەقیەیـان پەرەپێـداوە. هەمـان شـت بـۆ پەیوەندییەکانـی دەرەوەی ئێرانیـش دەگونجێـت. نموونـەی ئـەوەش پەیوەنـدی ئێرانـە لەگـەڵ ئەمریـکادا، چونکـە ئێـران لەپشـت دەرگا داخراوەکانـەوە ڕێکەوتنـی تایبـەت لەگـەڵ ئەمریـکادا دەکات، بـەڵام لەهەمانکاتـدا بـە شـەیتانی گـەورەش نـاوی دەبـات [٤٢]

تێکەڵکـردنی تەقیـەی مەزهـەبی و پراگماتیزمـی سیاسـی، ڕەفتارێکـی ئێرانییـە کـە گوتـاری گشـتی شۆڕشـگێڕانە کـۆنترۆڵ دەکات، پراگماتیـزم لـە پەیوەندییەکانـی

ڕژێمـی ئێرانـدا لـە ناوخـۆ و دەرەوەدا ئامادەیە، لەڕاسـتیدا لە دانوسـتانە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکانـدا فاکتـەری سـەرەکییە، هەروەهـا پێـش هەمـوو پێودانگـە ئایینـی و مەزهەبیـەکان دەکەوێـت.

پەیوەنـدی ئێـران لەگـەڵ هیندسـتان لـە پەیوەندییـەکانی لەگـەڵ پاکسـتاندا بـاشترە، پەیوەنـدی لەگـەڵ ئەرمینیـا لـە پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ ئازەربایجانـدا بـاشترە، هەرچەنـدە زۆرینـەی دانیشـتوانەکەی شـیعەن، هەروەهـا پەیوەندیـی لەگـەڵ وڵاتانـی بێدینـی وەک ڕووسـیا، چیـن و کۆریـای باکـوور لـە پەیوەنـدی لەگـەڵ دەوڵەتـە ئاینیـەکان بـاشترە

**٢. ململانێی ئەتۆمی ئێران**

بەرنامـەی ئەتۆمـی ئێـران لـە سـەردەمی محەمـەد ڕەزا شـای پەهلەویـدا دامـەزرێنرا، چونکـە بـەلای شـاوە گرنگیـدان بـە وزە، بەشـێکی گـەورە بـوو لـە هەوڵەکانـی بـۆ گۆڕینـی ئێـران بـۆ زلهێزێکـی ناوچەیـی، بـەم شـێوەیە بـە هـاوکاری و هاندانـی ئەمریـکا بـووە دامەزرێنـەری ژێرخانـی بەرنامـەی ئەتۆمـی وڵاتەکـەی، چونکە ئەمریـکا پەیوەندییەکـی دۆسـتانەی لەگـەڵ ئێـران هەبـوو، بەتایبەتـی دوای ئـەوەی کۆتایـی بـە شۆڕشـی محەممـەد موسـەدیقی سـەرۆک وەزیـران هێنـا و لـە سـاڵی (١٩٥٣) شـای بـۆ دەسـەڵات گەڕانـدەوە. ئـەم هاوکارییانـە لـە چوارچێـوەی بەرنامـەی ئەتۆمـی بـۆ مەبەسـتی ئاشـتیخوازانە هاتـە ئـاراوە. پاشـان ئەمریـکا ئاسـانکاری بـۆ دابینکـردنی کەرەسـتەی پێویسـت بـۆ ڕیاکتـۆری ئەتۆمـی کـرد. ئێرانیـش ڕێکەوتنـی دیکـەی لەگـەڵ وڵاتانـی ئەورووپـادا واژۆ کـرد، وەک فەرەنسـا لـە سـاڵی (١٩٧٥)، ئەڵمانیـا لـە سـاڵی (١٩٧٦). ئەمـەش بـە قۆناغـی یەکەمـی دامەزراندنـی بەرنامـەی ئەتۆمـی ئێـران دادەنرێـت

قۆناغـی دووەم لـەدوای سـەرهەڵدانی شۆڕشـی ئێـران بـوو، هەرچەنـدە سـەرکردەکانی شـۆڕش لـە سـەرەتاوە بەرنامـەی ئەتۆمییـان فەرامۆشـکرد، بـەڵام دوای هەڵگیرسـانی جەنـگ لەگـەڵ عێـراق و بۆردومانکـردنی دامـەزراوە ئێرانیـەکان لەلایـەن عێراقـەوە لـە سـاڵی (١٩٨٢)، بەهێـزەوە بۆی گەڕانـەوە. بۆ ئەو مەبەسـتەش کۆمەڵێـک ڕێکەوتنیـان لـە سـاڵی (١٩٨٦) لەگـەڵ پاکسـتان و لـە (١٩٨٧) لەگـەڵ ئەرژەنتیـن واژوکـرد [٤٣]

قۆناغی سێهەم لە کۆتایی جەنگی دووەمی کەنداو و دوای هەڵوەشاندنەوەی یەکێتی سۆڤیەت لە ساڵی (١٩٩١) دەست پێدەکات تا دەگاتە ساڵی (٢٠٠٤)، بەو پێیەی لەم ماوەیەدا ئێران هەوڵەکانی بۆ سەرخستنی بەرنامە ئەتۆمییەکەی چڕتر کردووە، ئەمەش وایکرد بتوانێت لێکۆڵینەوەی پێشکەوتوو لەو بوارەدا ئەنجامبدات، لە ئەنجامدا توانی دامەزراوەی گرنگی ئەتۆمی دابمەزرێنێت، بەڵام زۆر بە نهێنی؛ لە ترسی هەر هێرشێکی سەربازی کە ببێتە هۆی لەناوبردنی ئەوەی کە بنیادی ناوە و کارکردنی بەرنامە ئەتۆمیەکەی بوەستێنێت. ئێران بۆ بەدەستهێنانی کەرەستەی پێویست بۆ پەرەپێدانی بەرنامە ئەتۆمییەکەی، ڕێکەوتنی لەگەڵ کۆریای باکوور و ڕووسیا و چیندا واژۆ کرد [٤٤]

قۆناغی چوارەم بریتیە لە قۆناغی بەرەنگاربوونەوەی بەرنامەی ئەتۆمی ئێران بە ئاشکرا لەلایەن ئەمریکاوە، هەروەها کۆکردنەوەی پشتیوانی نێودەوڵەتیە لەلایەن ئەمریکاوە، بەمەبەستی سەپاندنی سزا بەسەر ئێراندا، تاوەکو ناچاری بکات دەستبەرداری خواستەکانی بۆ خاوەندارێتی چەکی ئەتۆمی ببێت و ڕازی بێت بە بەکارهێنانی بەرنامەکەی تەنها بۆ مەبەستی ئاشتیانە، لەگەڵ سەلماندنی ئەم ڕاستیە بۆ ئاژانسی نێودەوڵەتی وزەی ئەتۆم [٤٥]

لەگەڵ پەرەسەندنی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێران و فراوانبوونی پرۆسەی دانوستانەکان بۆ پێشگرتن لێی، ئەم فشارانە هاتنە ئاراوە، بەو پێیەی ئامانجی سیاسەتی ئەمریکا سنووردارکردنی بڵاوبوونەوەی چەکی کۆمەڵکوژ لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا بوو. ئەمەش پایەیەکی بنەڕەتی سیاسەتی دەرەوەی ئەمریکایە و بەشێکە لە ستراتیژەکەی بۆ پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی، بەتایبەتی دوای پەلامارەکانی (١١/ ئەیلول/٢٠٠١)، توانی وڵاتە گەورەکانیش بهێنێتە سەر ئەو باوەڕە.

لە ساڵی (٢٠١٥) زلهێزە نێودەوڵەتییەکان و ئێران گەیشتنە ڕێکەوتنێک، کە کەمکردنەوەی چالاکییە ئەتۆمییەکانی ئێرانی لەخۆگرتبوو، لە بەرامبەر هەڵگرتنی ئەو سزا ئابوورییانەی کە بەسەر ئێراندا سەپێنرابوو، بەڵام ئیدارەی ئەمریکا لە ساڵی (٢٠١٨) پاشەکشەی لەم ڕێکەوتنە کرد، سەرلەنوێ قەیرانی نێوانیان دەستی پێکردووە و فشارەکانی ئەمریکاش دەستی پێکردەوە

قۆناغی پێنجەم دوای کشانەوەی تاکلایەنەی ئەمریکا لە ڕێکەوتنی ئەتۆمی دەستپێکرد، بەو پێیەی سزای ئابووری و سیاسی بەسەر ڕژێمی ئێراندا سەپاند، پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ئەمریکاش خراپتر بوو، بەتایبەتی لە سەردەمی دەسەڵاتی ترەمپدا. دوای گەڕانەوەی بایدن، جارێکی دیکە پرسی دانوستانی ئەتۆمی پەسەندکرد. هەردوولا بە تامەزرۆییەوە چاویان لە دروستکردنی ڕێکەوتنێکی نوێیە سەبارەت بەم دۆسێیە، بەڵام ئێران بەدوای گەرەنتی نێودەوڵەتیدا دەگەڕێت تاوەکو ئەمریکا ناچار بکات جارێکی دیکە نەکشێتەوە، پێدەچێت ئیدارەی نوێی ئەمریکاش بە سەرۆکایەتی بایدن ئامادەبێت ئەو گەرەنتیانە دابین بکات، بۆیە پەیامی ئەرێنی بۆ تاران ناردووە و پێداگری لەسەر گەیشتن بە لێکتێگەیشتنی هاوبەش دەکات

**٣. دیاریکەرەکانی پەیوەندی ئێران لەگەڵ ئەمریکا، ڕووسیا و چین**

ڕەنگە تێڕوانینی ئێرانی بۆ کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لەنێوان تیۆری و کردەوەی سەرکردەکانیدا جیاواز بێت، چونکە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەک کۆمەڵگەیەکی ستەمکار دەبینن، کە دەرامەتی وڵاتانی ئیسلامی بەفیڕۆ دەدات و لە شەڕ و قەیرانەکانیدا بەکاریدەهێنێت، ئێرانیش خۆی وەک فریادڕەسی ئەو دۆخە دەبینێت

**أ: دیاریکەرەکانی پەیوەندی لەگەڵ ئەمریکادا**

دوای کودەتاکەی ئەفغانستان لە ساڵی (١٩٧٨) کە لەلایەن سۆڤیەتەوە پاڵپشتی دەکرا، لە چوارچێوەی ململانێی نێوان ئۆردوگای کۆمۆنیستی سۆڤیەت و سەرمایەداری ئەمریکادا بوو، ئەمریکا و وڵاتانی ئەورووپا ئاسانکارییان بۆ شۆڕشی ئێران کرد، تاوەکو ڕێگە لە هاتنە سەر دەسەڵاتی چەپەکانی ئێران بگرن، ئەگەری ڕوودانی ئەو دۆخەش زۆر ئاسان بوو. ئەم ئاسانکارییەش بەڵگە نییە لەسەر ڕەزامەندی جەمسەری سەرمایەداری لە شۆڕشی خومەینی، بەڵکو لە هەستکردن بە مەترسی فراوانبوونی ڕژێمی کۆمۆنیستەوە سەرچاوەی گرتبوو

دەتوانین بڵێین گرنگترین دیاریکەرەکانی سیاسەتی پەیوەندی نێوان ئێران و ئەمریکا بریتین لە

* ئەو بیرە ئایدیۆلۆژییەی کە ڕژێمی ئێرانی لەسەر بنیاتنراوە:

بیرۆکەی ویلایەتی فەقیە، بیرۆکەیەکی تایبەت نییە بەو ناوچە جوگرافییەی

کە ڕژێمی ئێرانی تێیدا نیشتەجێیە، بەڵکو بیرۆکەیەکە هەموو ئەوانە تێدەپەڕێنێت و هەوڵی کۆنترۆڵکردنی هەموو جیهان دەدات، سیستەمە نێودەوڵەتییەکان وەک بەربەستێک لەبەردەم کردەوەی سەربازی و جووڵەی سیاسی خۆی لە ناوچەکەدا دەبینێت، ئەمە جگەلە ترسی بناژۆخوازەکان لە سیاسەتی ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، چونکە پێشتر هاوپەیمانی شا بووە، بۆیە دروشمەکانی شۆڕشی ئێرانی بەشێوەیەکی سەرەکی ئاڕاستەی ڕژێمی ئەمریکا بوو. هەروەها ڕژێمی ئێران، ئەمریکا بە پشتگیریکردنی عێراق لە جەنگی یەکەمی کەنداو (١٩٨٠-١٩٨٨) تۆمەتبار دەکات

* **بەرنامەی ئەتۆمی ئێران**

ئەمریکا پێیوایە ئەگەر ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، ئەوا دەبێتە هەڕەشەیەکی ڕاستەوخۆ بۆ سەر بەرژەوەندییەکانی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداودا، ئەوەش ئێران والێدەکات بتوانێت هاتوچۆی کەشتییە نێودەوڵەتییەکان کۆنترۆڵ بکات

دیدگای ئەمریکا لەسەر چەکی ئەتۆمی ئێران، لە چەندین پاساوەوە سەرچاوەی گرتووە، کە گرنگترینیان بریتین لە

- سنووردارکردنی خواستی هەرێمی ئێران، واتە لەداهاتوودا کێبڕکێ لەگەڵ هەژموونی ئەمریکا لە ناوچەی کەنداو و ناوچەی عەرەبی بە گشتی دەکات
- ئەگەر ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، ئەوا دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر سەقامگیری ناوچەی کەنداو کە ئەمریکا ڕۆڵی سەرەکی لە بەهێزکردنیدا بینیوە
- ئەگەر ئێران ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، هانی وڵاتانی دیکەی ناوچەکە دەدات تاوەکو ببنە خاوەنی چەکی ئەتۆمی، ئەمەش واتای ئەوەیە ناوچەکە دەچێتە قۆناغی پاشاگەردانی تەناهییەوە

* **نەوتی کەنداو**

ئەمریکا لە ڕابردوو ئێستاشدا مکوڕە لەسەر ئاسایشی وڵاتانی بەرهەمهێنەری نەوت، بەتایبەتی ناوچەی کەنداوی عەرەبی. هەروەها بۆ پاراستنی ناوچەکە، پێداگرە لەسەر فراوانکردنی بوونی سەربازی و هەژموونی سیاسی، بەمەبەستی دەستەبەرکردنی هەناردەکردنی نەوت بەبێ هیچ بەربەستێک. ئەگەر ئێران

ببێتە خاوەنی چەکی ئەتۆمی لەلایەک، لەلایەکی دیکەش ببێتە خاوەنی نەوت، ئەوا دەبێتە هێزێکی کاریگەر لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. هەر لەبەر ئەمەشە ئەمریکا هەوڵدەدات پێش بە هەڵکشانی ئێران بگرێت و هەژموونی لە ناوچەکەدا سنووردار بکات

*** فراوانخوازی ئێران لە ناوچەکەدا**

ئێران بە هەموو توانای خۆیەوە هەوڵدەدات کەرەستەی سیاسی و سەربازی بۆ خۆی لە ناوچەکەدا پەیدابکات، لەم پێناوەشدا کەڵک لە نەبوونی پڕۆژەیەکی عەرەبی و بوونی پڕۆژەیەکی قەوارەی ئیسرائیلی وەردەگرێت. لە هەمانکاتدا ئەمریکا هەوڵی کۆنترۆڵکردنی ئەم فراوانخوازییە دەدات، تاوەکو لە قاڵبی بدات نەوەکو کۆتایی پێبهێنێت. بە مەبەستی زیاتر ماندووکردنی ئێران و وەبەرهێنانی فراوانخوازی ئێران لە بێزارکردنی ڕژێمە عەرەبییەکاندا، بەتایبەتی دەوڵەتانی کەنداو. ئەم پرۆسەیە زۆرجار لە خواستەکانی ئەمریکا دەردەچێت، ڕەنگە لەبەر یەکێک لەم دوو هۆکارە بێت

هۆکاری یەکەم: ناتەبایی بڕیاردەرانی ئەمریکا لەبارەی ڕژێمی ئێرانەوە.

هۆکاری دووەم: خواستەکانی ئێران کە ڕووبەرەکانی ئەمریکا تێدەپەڕێنێت.

ئەمەش بەردەوام دەبێتە هۆی دروستبوونی گرژیی لە پەیوەندییەکانی نێوان تاران و واشنتۆندا، بەڵام گرژییەک لە چوارچێوەی کۆنترۆڵدا، بەجۆرێک نابێتە هۆی ڕووخانی ڕژێمی ئێران و زیانێکی تۆقێنەر بۆ ئێران. هەروەها ئێران لە هەڵمژینی گورزەکانی ئەمریکا و سوود وەرگرتن لە ڕووبەرەکان و وەبەرهێنان لە بۆشاییەکان و هەوڵدان بۆ هەڵکشانی زیاتر، توانایەکی بێ ئەندازەی نیشانداوە. ئەمریکا لە مانەوەی ئێران سوودمەندە، لەڕاستیدا ئەوە هەر ئەمریکا بوو لەدوای داگیرکردنی عێراق لە ساڵی (٢٠٠٣)، دەرفەتی فراوانخوازی لە عێراقدا بۆ ڕەخساند، ئەمەش دەرفەتەکانی ڕژێمی ئێرانی بۆ فراوانخوازی لە دەرەوەدا زیاتر کرد

**ب. دیاریکەرەکانی پەیوەندی لەگەڵ ڕووسیا**

لە ساڵانی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە ئێران بووەتە یەکەم کڕیاری چەکی ڕووسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. پێکەوە لە ساڵانی نەوەدەکاندا

ڕێکەوتنێکی ئەتۆمییان واژۆ کرد، بەمەبەستی تەواوکردنی وێستگەی ئەتۆمی بوشەهر، سەرەڕای هاوکاری و هاوبەشی سیاسی و ئابووری و سەربازیی نێوان هەردوو وڵات، بەڵام بەهۆی کۆمەڵێک دیاریکەرەوە پەیوەندییەکانیان بە وریاییەوە بەڕێوەدەبەن کە گرنگترینیان بریتین لە

**- ململانێی مێژوویی نێوان هەردوو وڵات:**

لە ماوەی پێنج سەدەی ڕابردوودا، پەیوەندییەکانی نێوان ئێران و ڕووسیا هەمیشە پڕ بووە لە شەڕ و ململانێ، واتە لەهەر سێ قۆناغەکەی ڕووسیادا: قەیسەر، ئیمپراتۆریەت و سەردەمی سۆڤیەتدا. لەو سەردەمانەدا ڕووسیا هەرکاتێک ویستبێتی پەلاماری ئێرانی داوە و داگیری کردوە، تا ئەوپەڕی سنوور دەستوەردانی لە کاروباری ناوخۆیدا کردووە، هەروەها هێزەکانی ڕووسیا لەهەردوو جەنگە جیهانیەکەدا ئێرانیان داگیرکردووە.

دارمانی یەکێتی سۆڤیەت ڕۆڵێکی سەرەکی لە گۆڕینی ڕەوتی پەیوەندییەکانیاندا بینی، ئێران یەکێک بوو لە سودمەندە هەرە دیارەکان لێی، گۆڕانکارییەکان و پێشهاتە ناوخۆییەکانی هەردوو وڵات لە ساڵانی نەوەدەکاندا، ڕۆڵێکی بەرچاوی لە بنیاتنانی پەیوەندییە ئاساییەکانی نێوان هەردووولادا هەبوو.

ڕووسیا بۆ باشترکردنی پەیوەندییە دەرەکیەکانی لەگەڵ وڵاتانی جۆربەجۆر، لەوانەش ئێران سیاسەتێکی دەرەکی نوێی گرتۆتەبەر. بەم پێیە هەردوولا لە ساڵی (١٩٩٥) ڕێکەوتنێکیان بۆ دروستکردنی ڕیاکتۆری ئەتۆمی بوشەهر لە ئێران ئەنجامدا، دوای ئەوەی ئەڵمانیا دەستبەرداری ئەو پڕۆژەیە بوو. بەڵام بە درێژایی ساڵانی نەوەدەکان دەرفەتەکانی نزیکبوونەوە بە سنوورداری مایەوە. لەگەڵ گەیشتنی پوتین بە دەسەڵات لە ساڵی (٢٠٠٠)، پەیوەندییەکانیان پەرەی سەند [٤٦]

بەم پێیە وا دیارە ئێران وەک هاوپەیمانێکی کاتی مامەڵە لەگەڵ ڕووسەکاندا دەکات، کە بۆ بنیاتنانی پەیوەندییەکی ستراتیجی و هاوکاری هاوبەش لە ئاستە بەرزەکاندا، ناتوانرێت متمانەیان پێ بکرێت. چونکە تائێستا ناکۆکییە مێژووییەکان لە عەقڵیەتی ئێرانیەکاندا ماوەتەوە.

سەرەڕای باشتربوونی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات و هاوکاری هاوبەش لە چەندین دۆسیەدا، بەڵام هێشتا وریایی ئێران بەردەوامە

- هاوسەنگی ڕووسیا لە ناوچەکەدا

ڕووسیا هەوڵدەدات سوود لەو دژایەتییانە وەربگرێت کە لە ناوچەکەدا هەیە، هەوڵیشدەدات ئەو بۆشاییانە پڕبکاتەوە کە ئەو دژایەتییانە دەیسەپێنێت، ڕووسیا ڕژدە لەسەر هێشتنەوەی پەیوەندییە بەهێزەکانی لەگەڵ قەوارەی ئیسرائیل لەلایەک، پەیوەندییەکانیشی لەگەڵ دەوڵەتانی کەنداو لە لایەکی دیکەوە. ئەمەش کاریگەری لەسەر قووڵایی پەیوەندییەکانی ئێران و ڕووسیا هەیە، چونکە ئێران دەخاتە دۆخێکی وریاییەوە لە بەرامبەر هەر حاڵەتێکی نائاسایی، کە لە ڕێگەیەوە ڕووسیا ڕەنگە هەندێک پرسی پەیوەندیدار بە لایەنی ئێرانی بکاتە قوربانی، هەروەها ڕووسیا لەگەڵ پەرەپێدانی توانا ئەتۆمییەکانی ئێران نییە بە شێوەیەک کە ببێتە هەڕەشە لەسەر لایەنی ڕووسی، هەروەها حەز دەکات ئێران وەک وڵاتێکی بەهێز بمێنێتەوە، بەڵام بە شێوەیەک کە نەبێتە هۆی گۆڕانی بۆ زلهێزێکی نێودەوڵەتی

ج. دیاریکەرەکانی پەیوەندی لەگەڵ چین

چین هەوڵدەدات ڕۆڵی سیاسی خۆی لە ناوچەکەدا زیاتر بەهێز بکات، هەوڵیشدەدات سوود لە ئامادەیی ئێران وەربگرێت، ئێرانیش پەیوەندییەکانی لەگەڵ چین وەک دەرفەتێک بۆ دەربازبوون لە گۆشەگیری دەبینێت، هێڵی ژیانیشی بۆ دابین دەکات کە یارمەتی دەدات بۆ تێپەڕاندنی کاریگەری سزاکانی ئەمریکا، هەروەها دەیکاتە وڵاتێکی ناوەندی بۆ پرۆژەی پشتێن و ڕێگەی چینی، هەر بۆیەش پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات لە ئاستێکی بەرزی متمانەداری دوولایەنەدایە

لە سەرەتای دامەزراندنی پەیوەندییەکانی ئێران و چینەوە لە سەردەمی دەسەڵاتدارێتی ئیمپراتۆریەتەوە لە وڵاتی فارس، ڕەهەندی بازرگانی بەسەریدا زاڵ بووە، ئەوەش پەیوەندی بە ڕێڕەوی وشکانی ڕێگەی ئاوریشمەوە هەیە، چونکە کاروانە بازرگانییەکانی چین لە باکووری چینەوە دەستیان پێدەکرد و بە وڵاتی فارسدا تێدەپەڕین تا دەگەیشتنە ڕۆژئاوای ئەورووپا، لێرەوە چین و ئێران بوونە هاوبەشی بازرگانی

دوای شۆڕشی ئێران و دانپێدانانی چین بە دەسەڵاتی نوێدا، پەیوەندییەکە

زیاتر قووڵتر بوویەوە، لە کاتی شەڕی ئێران و عێراقیشدا چین یەکێک بوو لە وڵاتانەی چەکی بۆ ئێران دابیندەکرد، ئێرانیش ئەوەی لەیاد نەکرد و بەو هۆیەوە چین توانی متمانەی پیاوانی ئایینی ئێران بەدەستبهێنێت. دواتر پەیوەندییەکە چووە قۆناغی هاوکاری ستراتیژی نێوان هەردوو وڵاتەوە، تاوەکو لایەنە ئابووری و بازرگانی و سەربازییەکانیش بگرێتەوە، جگەلە پەیوەندییە سیاسییەکان، چونکە هەردووڵا دەزانن واشنتۆن سیاسەتی گەمارۆدان و ئابڵوقەدانی لەدژیان گرتۆتەبەر، هەر ئەمەش وایکردوە ڕادەی پەیوەندییەکانی نێوان هەردوو وڵات قووڵتر ببێتەوە [٤٧]

## پەراوێزەکان

[١] فؤاد العبادي، السياسة الخارجية الإيرانية وأثرها على أمن الخليج، رسالة ماجستير، جامعة الشرق الأوسط، الأردن، كلية الآداب والعلوم، قسم العلوم السياسية، ٢٠١٢، ص٢٥.

[٢] سليم كاطع علي، البعد الإيراني في السياسة الخارجية الأمريكية، مجلة دراسات دولية، مركز الدراسات الاستراتيجية الدولية، جامعة بغداد، العدد (٦٠)، ص١٦١.

[٣] محمود شاكر، إيران، المكتب الإسلامي، بيروت، ط٨، ٢٠٠٠، ص٧٤.

[٤] بشير موسى نافع وطلال عتريسي، إيران الدولة والأزمة، مركز الجزيرة للدراسات، الدوحة، ط١، ٢٠٠٨، ص٧٣.

[٥] فؤاد العبادي، السياسة الخارجية الإيرانية، مرجع سابق، ص٢٧.

[٦] قناة الحرة، إيران تشجع على الإنجاب وسط نسب بطالة قياسية، (٢٠٢٠/١١/٥)، تاريخ الاطلاع: ٢٠٢١/٦/٢٠، في: https://cutt.us/X٣gNQ

[٧] فاطمة الصمادي، التيارات السياسية في إيران، المركز العربي للأبحاث ودراسة السياسات، الدوحة، ط١، ٢٠١٢، ص١٤.

[٨] موسى نافع وطلال عتريسي، إيران الدولة والأزمة، مرجع سابق، ص١٩.

[٩] فاطمة الصمادي، التيارات السياسية في إيران، مرجع سابق، ص١٣.

[١٠] بشير موسى نافع وطلال عتريسي، إيران الدولة والأزمة، مرجع سابق، ص٥٧.

[١١] فاطمة الصمادي، التيارات السياسية في إيران، مرجع سابق، ص٧٢.

[١٢] بشير موسى نافع وطلال عتريسي، إيران الدولة والأزمة، مرجع سابق، ص٥٧.

[١٣] فاطمة الصمادي، التيارات السياسية في إيران، مرجع سابق، ص١٤٤.

[١٤] فرح الزمان شوقي، دائرة نجاد تستعد لإشعال سباق الانتخابات الرئاسية

الإيرانيـة، العـربي الجديـد، (٢٠١٧/٢/٢٨)، تاريـخ الاطلاع: ٢٠٢١/٤/٥، في: https://cutt.us/oSu٣s

[١٥] فاطمة الصمادي، التيارات السياسية في إيران، مرجع سابق، ص٣٣٩.

[١٦] محمـد ضيـاء الديـن الريـس، النظريـات السياسـية الإسلاميـة، مكتبـة دار التراث، مصر، ط٧، ١٩٧٦، ص٩٥.

[١٧] الحسـن بـن مـوسى النوبختـي، فـرق الشـيعة، منشـورات الرضـا، بيروت، ط١، ٢٠١٢، ص٣٢.

[١٨] محمد عمارة، الإسلام وفلسفة الحكم، دار الشروق، القاهـرة، ط١، ١٩٩٨، ص١٣٢.

[١٩] محمـد باقـر الصـدر، نشـأة الشـيعة والتشـيع، تحقيـق عبـد الجبـار شرارة، مركـز الغدير للدراسـات الإسلامية، لبنـان، ط١، ١٩٩٣، ص٩٢.

[٢٠] أحمـد الكاتـب، التشيع السـياسي والتشـيع الدينـي، مؤسسـة الانتشـار العـربي، بيروت، ط١، ٢٠١٠، ص٣٠.

[٢١] وجيـه قانصـو، الشـيعة الإماميـة بين النـص والتاريـخ، دار الفـارابي، لبنـان، ط١، ٢٠١٦ ، ص١٩٢.

[٢٢] لـؤي صـافي، العقيـدة والسياسـة معـالم نظريـة عامـة للدولـة الإسلاميـة، المعهـد العالمـي للفكـر الإسلامـي، واشـنطن، ط١، ١٩٩٦، ص٦٣.

[٢٣] أحمـد محمـود صبحـي، الإمـام المجتهـد يحيـى بـن حمـزة وآراؤه الكلاميـة، منشـورات الـعصر الحديـث، مصر، ط١، ١٩٩٠، ص١٥٩.

[٢٤] محمد رضا المظفر، عقائد الإمامة، مركز الأبحاث العقائدية، قم، ٢٠٠١، ص٧٥.

[٢٥] أبـو جعفـر الطـوسي، تلخيـص الشـافي، تقديـم السـيد حسـين بحـر العلـوم، مكتبـة العلـمين الطـوسي وبحـر العلـوم، النجـف الأشرف، ١٩٢٨، الجـزء الأول، ص١٣٤.

[٢٦] محمد بن يعقوب الكليني، أصول الكافي، منشورات الفجر، لبنان، ط١، ٢٠٠٧، ص١٢١.

[٢٧] فهمـي هويـدي، إيـران مـن الداخـل، مركـز الأهـرام للترجمـة والـنشر، القاهـرة، ط٤، ١٩٩١، ص١٠٤.

[٢٨] بشير موسى نافع وطلال عتريسي، إيران الدولة والأزمة، مرجع سابق، ص٥١.

[٢٩] روح الله الخميني، الحكومة الإسلامية، دروس فقهية، النجف الأشرف، ١٩٧٠، ص٤٨.

[٣٠] المرجع نفسه، ص٤٩.

[٣١] المرجع نفسه، ص٥٠

[٣٢] علي فيـاض، نظريـات السـلطة في الفكـر السـياسي الشـيعي المعـاصر، مركـز الحضـارة لتنميـة الفكـر الإسلامـي، بيروت، ط١، ٢٠٠٨، ص١٧٣.

[٣٣] ياسر عبد الحسين، السياسة الخارجية الإيرانية، شركة المطبوعات للتوزيع والنشر، بيروت، ط١، ٢٠١٥، ص٤١.

[٣٤] المرجع السابق، ص٤٣.

[٣٥] الدستور الإيراني، ترجمة المؤسسة الدولية للديمقراطية والانتخابات، ٢٠١٤، المادة الأولى، ص٢٤.

[٣٦] عبد الستار الراوي، أبجدية تصدير الثورة الإيرانية، نيسان، (٢٠١٥/٨/٧)، تاريخ الاطلاع: ٢٠٢١/٤/٥، https://cutt.us/XIAG٠

[٣٧] محمد جواد لاريجاني، مقولات في الاستراتيجية الوطنية (شرح نظرية أم القرى الشيعية)، ترجمة نبيل العتوم، مركز العصر للدراسات الاستراتيجية والمستقبلية، لندن، ط١، ٢٠١٣، ص١٠٢.

[٣٨] الدستور الإيراني، مرجع سابق، المادة (١٥٢)، ص٣١.

[٣٩] المرجع نفسه، المادة (١٥٤)، ص٣١.

[٤٠] فاطمة الصمادي، التيارات السياسية في إيران، مرجع سابق، ص٧٣.

[٤١] محمد السيد الصياد، أزمة البيت الشيعي: موقف النخب الدينية من احتجاجات العراق ولبنان، المعهد الدولي للدراسات الإيرانية، الرياض، ٢٠١٩، ص٦.

[٤٢] علي حسين باكير، قراءة في كتاب إيران تهديد أم فرصة، مركز الجزيرة للدراسات، ط١، ٢٠١٢، ص٣.

[٤٣] سوسي نازية وآنجلي آسية، العلاقات الأمريكية الإيرانية: الملف النووي الإيراني نموذجاً ١٩٩٠/٢٠١٥،رسالة ماجستير، جامعة مولود معمري تيزي، الجزائر، كلية الحقوق والعلوم السياسية، قسم العلوم السياسية، ٢٠١٥، ص٢٢.

[٤٤] مسعود أحمد سليمان، القوة النووية وأثرها على السياسة الخارجية دراسة لحالة إيران وإسرائيل،رسالة ماجستير، جامعة الشرق الأدنى، كلية الدراسات العليا والعلوم الاجتماعية، قسم العلاقات الدولية، ص٣٣.

[٤٥] المرجع نفسه، ص٣٣.

[٤٦] صابر كل عنبري، العلاقات الإيرانية الروسية فرص التعزز ومخاوف الانفراط، (٢٠١٨/٣/٢٢)، تاريخ الاطلاع: ٢٠٢١/٦/٢٥، في: https://cutt.us/tDU٥٣

[٤٧] عبد الرؤوف مصطفى الغنيمي وأحمد شمس الدين ليلة، العلاقات الصينية-الإيرانية آفاق الشراكة الاستراتيجية في عالمٍ مُتغير، المعهد الدولي للدراسات الإيرانية، (٢٠٢٠/١٠/٥)، تاريخ الاطلاع: ٢٠٢١/٦/٢٦، في:https://cutt.us/YUHvq

# خۆکوژیی منداڵان لە ئێران
# (ڕاپۆرتێکی لێکۆڵینەوەیی)[١]


نووسینی: مریەم لوتفی

وەرگێڕانی: عەبدوڵڵا ڕەسوولی




(١) سەرچاوەی فارسی بابەتەکە https://engare.net/child-suicide/ خودکشی کودکان در ایران (گزارش تحقیقی) ڕێککەوتی دوا سەردان ٢٠٢٥/٣/١٥

## پێش بەرایی:

ئـەم سـەرچاوەیە لـە تلگرامـی (امتـداد) ەوە وەرگیـراوە و لەبـەر گرنگییەکـەی لە سـایتی (انـگارە) دا بڵاو کراوەتـەوە و لـە دوو بـەش پێـك دێـت، کە تێیـدا ئامارەکانی خۆکـوشتن ڕوون دەکاتـەوە. زیاتـر لـە شـێوەی ڕاپۆرتدایـە و لەبـەر گرنگـی ئامارەکە بـۆ توێـژەران وەرگێـڕان کـراوە. ناونیشـانی بابەتەکـە لـە امتـداد بـەم شـێوەیەیە (گـزارش تحقیقـی «امتـداد» دربـاره «خودکشـی کـودکان»١٩٦ کـودک در ٥ سـال گذشـته خودکشـی کردند/بررسـی‌های «امتـداد» مبتنـی بـر آمـار رسـمی منـتشر شـده در رسـانه‌ها از خودکشـی حداقـل یـک کـودک در هـر ٩ روز خبر می‌دهـد

## بەرایی

عەبـای ڕەشـی داوەتـە دەور شـاڵی سـەوزی حەریـر، گێڵنـەی ڕەشـی چاوەکانـی، پـڕ لـە ئـازار و شـەرم دەسـووڕێن و دوای چەنـد چرکـە قفـڵ دەبنـە سـەر دەسـتە گـرێ کراوەکانـی. بـەڵام هەمیشـە بـزەی پێکەنیـن لەسـەر لێوەکانیەتـی. پێکەنینێـك کـە ڕوودەدات بـۆ ئـەوەی شـەرمنی عاتکـە بشـارێتەوە. ١٦ سـاڵیەتی. قوتابـی پۆلـی دەیەمـە. تەنهـا پۆلـی یانزەیـەم لـە گۆشـەیەکی دووری دونیـا. شـوێنی زۆر دوور و لەبیرکـراو لـە نزیکـی گونـدی تۆتـان لـە ٨٠ کیلومەتـری شـارۆچکەی بەنـت لـە باکـووری خۆرئـاوای نیـك شـار لـە پارێـزگای بەرفراوانـی سیسـتان و بەلوچسـتان. هەتـا دوو سـێ سـاڵ پێـش، ئـەم پۆلـە و ئـەم قوتابخانـەش نەبـوو و هاوتەمەنەکانـی عاتکـە و زەینـەب و کولسـوم و هاجـەر و ماسـی و نەسریـن کـە ئێسـتا بەوپـەڕی شـەوقەوە هاتـوون بـۆ ئـەوەی دیـواری قوتابخانەیـان بـۆ سـاڵی نوێـی خوێنـدن بۆیـاخ بکـەن، لـە مـاڵ دەمانـەوە

قوتابخانـە بۆیـاخ کـراوە، بـەڵام هێشـتا ماتەمبـارە. شـوێنی بەتاڵـی ماهـو لەبەرچـاوە. هـەم لەبەرچـاوی قوتابخانـە و هەمیـش منداڵەکانـی قوتابخانـە و هەمیش عاتکـە کـە لەنێـو پۆلـی بەتـاڵ دانیشـتوون و پێدەکەنـن، بـۆ ئـەوەی بـە پێکەنیـن کەمڕوویـی و شـەرمنی خۆیـان بشـارنەوە، «ماهـو زۆر شـاد بـوو. زیاتـر لەوانـیتر لەگـەڵ گەوهـەر دەستەخوشـک بـوو. وا دەزانـم گەوهەریـش هاوسـەرگیری کـردووە. سـاڵی پێشـوو، ڕۆژەکانـی کۆتایـی تاقیکردنـەوەی وەرزی دووەم بـوو.

بەیانی هاتبووین بۆ قوتابخانە، ئەو نەهاتووە. یەکێك گوتی بیستوویەتی نەخۆشە، دڵی ئازاری هەیە، بەڵام بەهیچ کەس هیچ مەڵێن. بەهیچ شێوەیەك بیرمان لەوە نەدەکردەوە مردبێت. ڕۆشتینە تاقیکردنەوە، بەڵام لەوێدا لە یەکێك لە منداڵەکانم بیست خۆی کوشتووە.”

ماهو قوتابی یەکێك لە گوندەکانی دەوروبەری تۆتان بوو. هێشتا مردنی ماهو بۆ عاتکە ئاسایی نەبووەتەوە: «هەتا ڕۆژێك پێش ئەوەی کارێکی وەها بکات بۆ قوتابخانە دەهات. لەسەر کورسیەکەی لای دەستی من دادەنیشت. دەرەجەکانیشی باش بوو. دەیانگوت کێشەی خێزانی هەبووە. لەگەڵ دایکی بووەتە شەڕی و دوایی لە ماڵەوە خۆی هەڵواسیوە و خۆکوژی کردووە”

ڕێحان یەکێکی دیکە لە هاوپۆلەکانی ماهوە. کەسێکی قسەخۆشە. بەباشی قسە دەکات و ئەگەر هاوسەرگیری ناچاریی ئەمانی بدات دەیەوێت بخوێنێت و ببێتە مامۆستا، «لێرە کێشەی کچەکان زۆر زۆرە. تەنانەت بۆ هاوسەرگیریش ناتوانن بڕیار بدەن. لەکاتێکدا کە هەر کچێك مافی ئەوەی هەیە خۆی بڕیار لەسەر داهاتووی بدات. بڕیار بوو ماهوش هاوسەرگیری بکات. جلوبەرگی بوکێنی دووریبوو. بەڵام ئەوەندە سەخت لەگەڵ کچان ڕەفتار دەکەن، کە هەموویان بیر لە خۆکوژی دەکەنەوە. ساڵێك پێشتر لە ماهوش کچە پوورەکەی خۆکوژی کردبوو. هاوسەرگیری کردبوو و دووگیان بوو. ئەویش خۆی هەڵواسی و مرد. هەڵبەتە بەڕای من دەبێت مرۆڤەکان لۆژیکی بیر بکەنەوە. ڕێگەی باشتریش جیا لە مردن هەیە. بەڵام بەڕاستی ئەوەندە گوشارەکە زۆرە، کە بە هەر ڕووداوێك ژنان خۆیان هەڵدەواسن.”

بزەی پێکەنین لەسەر لێوەکانی عاتکە پاك بووەتەوە: «کچە پوورەکەی منیش لەگەڵ مێردەکەی بووە شەڕیان و خۆی هەڵواسی. بەڵام سوپاس بۆ خوا پێگەیشتن و ڕزگاریان کرد. منیش چەند جار بیرم لەم بابەتە کردۆتەوە»

بەڵام ڕێحان قسەی پێ دەبڕێ و دەڵێت: «من هەتا ئێستا بیرم لە شتی وا نەکردۆتەوە و بیریشی لێ ناکەمەوە. هەمیشە لەگەڵ هاوڕێیەکانم لەم بارەیەوە قسە دەکەم.”

مریەم یەکێکی دیکە لە کچەکانی قوتابخانەیە. ساڵی پێشوو بە تلیاك

هەوڵـی خۆکـوژی داوە، بـەڵام زینـدوو مـا «بەنـاوی باوکمـەوە ڕۆشـتم و بایـی ١٠ هـەزار تمەنـم کـڕی. بـە هیـچ کەسێکیشـم نەگـوت. کاتێـك خواردم سـەرم گێـژ چوو. شـەو حاڵـم خـراپ بـوو. بەیانـی بـە دایکمـم گـوت، بـەڵام بـاوەڕی بـە قسـەکەم نەکـرد. بـە ئامۆژنـم گـوت، ئـەوی منـی گەیانـدە نەخۆشـخانەی بەنـت. لەکاتـی خـۆی گەیشـتم و ڕزگاریـان کـردم» مریەمیـش لەگـەڵ باوکـی ببـووە قسـەیان: «لـە خـۆم، لـە ژیانـم مانـدوو ببـووم و دەمـوویسـت هەمـوو شـتەکان کۆتایـی بێـت. بـەڵام ئێسـتا خۆشـحاڵم کـە زینـدووم»

## خۆکوشتن، ١٣٣حاڵەت کە بە مردن کۆتایی هاتووە




ماهـو دوای خۆکوژیـی مـرد. وەکـو ژمارەیەکـی دیکـە لـە منـداڵان کـە بـە شـێوەیەکی ناباوەڕانـە بـەرەو مـەرگ ڕادەکـەن و شـتێکی زۆر لـە بـارەی کۆتایـی چیرۆکەکـە نازانـن. بەپێـی جارنامـەی مافـی منـداڵ هـەر مرۆڤێکـی کـەمتر لـە ١٨ سـاڵ پێیدەڵێـن منـداڵ. جارنامەیـەك کـە کۆنوانسـیۆنێکی نێودەوڵەتییـە و مافـی مەدەنـی، سیاسـی، ئابـووری، کۆمەڵایەتـی و کولتـووری منداڵـی تێـدا بـاس کـراوە. تاوتـوێ کردنـەوە لێکۆڵنەوەییەکانـی ئیمتـداد پیشـانی دەدات، لـە پێنـج سـاڵی ڕابـردوو، واتـە لـە ٢١ی ئـازاری ٢٠١٩ هەتـا ٤ تشرینـی یەکەمـی ٢٠٢٣ هەواڵـی

کوژرانی لانیکەم ١٩٦ منداڵ (ژێر ١٨ ساڵ) لە میدیا ڕەسمییەکانی وڵاتدا بڵاوبووەتەوە. بەڵام جەخت کردنەوە لەسەر ئەم بابەتە زەرورییە، کە ژمارەیەك لە هەواڵی خۆکوژی منداڵان، وەکو مردنی ماهو (ناوی خوازراو) و هەنگاونان بۆ خۆکوژی مریەم (ناوی خوازراو) و باقی کەسانێك کە لە گفتوگۆی چەند مانگی پێشووی پەیامنێری ئەم ڕاپۆرتە لەگەڵ قوتابیانی قوتابخانەی یەکێك لە گوندەکانی تۆتان ئاماژەی پێدرا، بە میدیایی نەکراوە و بەمشێوە شوێنێکی لە ئاماری ڕەسمیدا نییە. هەرچەندە هەموو کەسانێك کە لەم گفتوگۆیە سەرنجیان پێدراوە، ژێر ١٨ ساڵ و منداڵ بوون، بەڵام بەپێی هەندێ تێبینی دووریمان لە ئاماژەپێدان بە وردەکاری زۆرتر لەبارەی ئەوانەوە گرتووە. بەکورتی ئەوەیە کە ئامارێکی ڕوون و ورد لەبارەی ڕێژەی خۆکوژی منداڵان لە ئێراندا نییە

جەخت کردنەوە لەسەر بابەتێکی دیکەش پێویستە، ئەویش ئەمەیە کە ئەم ڕاپۆرتانە تەنها وێناکردنی بارودۆخی ئاراییە. ڕاپۆرتی لێکۆڵینەوەیی و لەسەر بنەمای شیکاریی ناوەڕۆکی ئاماری ڕەسمی بڵاوکراو لە میدیاکانە. ئەم ڕاپۆرتە دوای شیکاریی یان بە گوزارشتی نادروست هاندانی خۆکوژیی نییە. بەڵکو ئامانجی بڵاوکردنەوەی ئەم وشیارییە خێزانییە لە پشتیوانی و ئاڕاستەکردنی ڕۆحی و کۆمەڵایەتی منداڵەکانیانە. بۆ دەستڕاگەیشتن بەم ئامارە بەشی ڕووداوی ژمارەیەك لە میدیاکان بەتایبەت روکنا، ئێعتماد، ئێمنا، ڕویداد ٢٤ و لە هەندی حاڵەت فارس، ئێران و چەند میدیای دیکەش لە ماوەی پێنج ساڵی ڕابردوو تاوتوێ کراوە. تاوتوێی ئمتداد پیشان دەدات لە ١٩٦ حاڵەتی خۆکوژی لە ماوەی زەمەنی پێنج ساڵی ڕابردوو، ١٣٠ حاڵەت کچ و ٤٧ حاڵەت کوڕ و ١٩ حاڵەتیش ڕەگەزی منداڵەکە، کە خۆکوژی کردووە ئاماژەی پێنەدراوە

هەروەها لە ١٩٦ حاڵەتی خۆکوژی منداڵانەی ژێر ١٨ ساڵ کە لە ساڵی ٢٠١٩ هەتا ئێستا میدیایی کراوە، ١٣٣ حاڵەتی مردنی لێکەوتۆتەوە و ٦٣ حاڵەتیش ڕزگاریان بووە. هەرچەندە بەردەوام بوونی ژیانی ژمارەیەك لەوان جیا لە خەساری ڕۆحی خەساری جیدی جەستەییشی لێکەتۆتەوە. بۆ نموونە کچێکی ١٦ ساڵ لە پارێزگای ناوەندی دوای خۆستنەخوارەوە لە بەرزایی زیندوو ماوە، بەڵام دەستی بڕاوەتەوە و کوڕێکی ١٥ ساڵیش لە خوزستان بەهۆی خۆهەڵواسین بێهۆش بووە

# شێواز و هۆکارەکانی خۆکوژی




شـێوازی خۆکـوژی منداڵـەکان جیـاوازە. بـەڵام لەسـەر بنەمـای زانیاریـی دەسـتەبەر بـوو لـە ١٩٦ حاڵەتـی خۆکـوژی بـە میدیایـی کـراوی منداڵـەکان، خۆخسـتنە خـوارەوە لـە بەرزاریـی ٦٠ حاڵەتـە، کـە زۆرتریـن فراوانـی هەیـە. دوای ئـەو خۆهەڵواسـین ٥٠ حاڵـەت، خواردنـی حـەب و مـادەی هۆشـبەر ٢٣ خاڵـەت، بـە چەکـی گـەرم ٧ خاڵـەت، خۆسـوتاندن ٥ حاڵـەت، غـەرق بـوون ٣ حاڵـەت و شـێوازی خۆکـوژی ٤٨ کەسـیش ڕانەگەیەنـدراوە. هەروەهـا حاڵەتەکانـی خۆسـوتاندن تەنهـا تایبـەت بـە کچـان بـووە و خۆکـوشتن بـە چـەك تەنهـا لەلایـەن کوڕانـەوە بـووە

لەسـەر بنەمـای زانیارییـەکان کـە بـە تاوتـوێ کردنـی میدیـاکان لەلایـەن ئیمتـدادەوە دەسـتەبەر بـووە، خۆکـوژی منـداڵان لـە پارێـزگای تـاران بـە ٣٨ حاڵـەت لـە سـەرەوەی لیسـتەکە دایـە، دوای ئـەو خوزسـتان ٣٧ حاڵـەت، خۆراسـانی ڕەزەوی ٣٤ حاڵـەت، کوهکولویـە و بویـەر ئەحمـەد ١٤ حاڵـەت، کرماشـان ١١ حاڵـەت، کوردسـتان ٧ حاڵـەت، ئازەربایجانـی خۆرئـاوا ٧ حاڵـەت، گـەیلان ٧ حاڵـەت، ئـیلام ٥ حاڵـەت، لوڕسـتان ٤ حاڵـەت، ئازەربایجانـی خۆرهـەڵات ٤ حاڵـەت، مازەنـدەران ٣ حاڵـەت، هورمـوزگان ٣ حاڵـەت، سیسـتان و بەلوچسـتان ٣ حاڵـەت، ئێسـفەهان ٣ حاڵـەت،

پاریـزگای ناوەنـدی ٢ حاڵـەت، ئەردەبیـل ٢ حاڵـەت، فـارس ٢ حاڵـەت، قـوم یـەك حاڵـەت، كرمـان یـەك حاڵـەت، هەمـەدان یـەك حاڵـەت، یـەزد یـەك حاڵـەت، ئەلبورز یـەك حاڵـەت، زەنجـان یـەك حاڵـەت و شـوێنی خۆكـوژی ٤ منداڵیش نادیـارە

هـۆكاری خۆكـوژی منداڵەكانیـش جیـاوازە. هەرچەنـدە وا دێتەبەرچـاو ئینتمایەكی زۆر بـۆ بەمیدیایـی كردنـی ئـەم بابەتـە نەبـووە و لـە هەنـدێ حاڵـەت تەنانـەت خێزانەكانیـش لـە هـۆكاری ڕاسـتەقینەی ئـەم هەنـگاوە تۆقێنەرانـەی منداڵەكانیـان نائـاگا بـوون و یـان ئامـادە نەبـوون ئامـاژەی پـێ بـدەن. بەمەشـەوە تاوتـوێ كردنەكانـی ئیمتـداد پیشـان دەدات ناكۆكـی خێزانـی، هاوسـەرگیری ناچـاری، منـداڵ هاوسـەریی و منداڵـی دایـك زۆرتریـن فراوانـی لەنێـو ئـەم ١٩٦ حاڵەتـەی خۆكـوژی هەیـە، كـە بـە میدیـای كـراوە، بەتایبـەت لەبـارەی منداڵانی كچ، هـەژاری، خەمۆكـی و تێكچوونـی دەروونـی و كێشـەی خوێنـدن لـە پلەكانـی دواتـردان. لـە زۆربـەی حاڵەتەكانیـش ئامـاژە بـە هـۆكاری خۆكوژیـی منداڵـەكان نـەدراوە

خاڵـی دیكـە ئەوەیـە كـە لەسـەر بنەمـای بینراوە دەسـتەبەربووەكان كەمتریـن تەمەنـی خۆكـوژی منداڵـەكان ٨ و ٩ سـاڵ بـووە، كـە بەداخـەوە لـە كاتـی یـاری و خواردنـی حەبـی برنـج لـە جیاتـی حەبـی ڤیتامیـن سـێ بـووە، كـە بـە مـەرگ كۆتایـی هاتـووە



### ساڵی ٢٠١٩، ٢١ی ئازار هەتا ٢٠ی نیسان

کوڕێکی تەمەن ١٣ ساڵ لە ئەسفەهان، هۆکار: دەستدرێژی کراوەتە سەر، شێواز: نادیارە، بووە هۆی مردنی/ ڕوکنا

کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ لە شاری قوم، هۆکار: نادیارە، شێواز: هەوڵیدا لە پردی پەرینەوە خۆی بخاتەخوارەوە، ڕزگاری بوو/ڕوکنا

کچێکی تەمەن ١٦ ساڵ لە کاشان، هۆکار: نادیارە، شێواز: لە نهۆمی پێنجەمەوە خۆی خستەخوارەوە، ئەنجام: مردن/ ڕوکنا

### ٢١ی نیسان هەتا ٢٠ی ئایار

مێردمنداڵێکی تەمەن ١٦ ساڵ، هویزە لە پارێزگای خوزستان، هۆکار: نادیارە، شێواز: خنکان لە ڕووبار، بووە هۆی مردنی/ ڕوکنا

مێردمنداڵێکی تەمەن ١٣ ساڵ لە تاران، هۆکار: نادیار، شێواز: لە نهۆمی چوارەمەوە خۆی خستەخوارەوە، لە ئەنجامدا گیانی لەدەستدا/ ڕوکنا

### ٢١ی ئایار هەتا ٢٠ی حوزەیران

کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ لە بۆجنورد، خۆراسانی ڕەزەوی، هۆکار: تێکچوونی دەروونی، شێواز: خۆخستنە خوارەوە لە پردی پەڕینەوە، ڕزگاری بوو/ڕوکنا

### ٢١ی حوزەیران هەتا ٢٠ی تەمموز

کچێکی تەمەن ١٤ ساڵ لە شاری ڕەشت سەر بە پارێزگای گیلان، هۆکار: گوشاری دەروونی بەهۆی گیان لەدەستدانی هاوڕێیەکی، هەوڵی خۆخستنەخوارەوە لە پردی پەڕینەوەی دا، ڕزگاری بوو/ ڕۆکنا

کچێکی تەمەن ١٦ ساڵ لە شاری ئەراک لە پارێزگای ناوەندی، هۆکار: نادیارە، شێواز: لە نهۆمی شەشەمەوە خۆی خستەخوارەوە، ڕزگاری بوو، بەڵام دەستی ڕاستی بڕایەوە/ ڕۆکنا

کچێکی تەمەن ١٦ ساڵ لە مەشهەد، خۆراسانی ڕەزەوی، هۆکار: منداڵی دایک، شێواز: لە بەرزاییەوە خۆی خستەخوارەوە، لە ئەنجامدا مرد/ ڕۆکنا

**٢١ی تەمموز هەتا ٢٠ی ئاب**

کچێکی تەمەن ١٣ ساڵ لە تاران، هۆکار: کوڕێکی تەمەن ١٥ ساڵان دەستدرێژی دەکاتە سەری، شێواز: خواردنی حەبی برنج، ڕزگار کرا/ڕوکنا

کوڕێکی تەمەن ١٥ ساڵ لە تاران لەگەڵ کچێکی تەمەن ١٣ ساڵ کە دەستدرێژی کردبووە سەری، کۆتاییان بە ژیانی خۆیان هێنا. ڕوکنا

کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ لە دیشموک لە پارێزگای کۆهکولویە و بۆیر ئەحمەد، هۆکار: نادیارە، شێواز: خۆسووتاندن، بووە هۆی مردن/ ڕوکنا

**٢١ی ئاب هەتا ٢٠ی ئەیلول**

کچێکی تەمەن ١٥ ساڵ لە تاران، هۆکار: ناکۆکی لەگەڵ بنەماڵە سەبارەت بە جلوبەرگ، شێواز: خۆخستنە خوارەوە لە نهۆمی چوارەمەوە، لە ئەنجامدا مرد/ ئیمنا

**-٢١ی ئەیلول هەتا ٢٠ی تشرینی یەکەم**

کچێکی تەمەن ١٥ ساڵ لە تاران، هۆکار: ترس لە براکەی بەهۆی پەیوەندی لەگەڵ کوڕێک، شێواز: خۆخستنەخوارەوە لە سەربانیماڵەوە، بووە هۆی مردنی/ ڕوکنا

**٢١ی تشرینی یەکەم هەتا ٢٠ ی تشرینی دووەم**

کچێکی تەمەن ١٥ ساڵ لە شاری ئیسفەهان، هۆکار: نادیارە، شێواز: هەوڵی خۆخستنەخوارەوە لە ئۆڤەرپاسێکەوە، ڕزگاری بوو/ئیمنا

**٢١ی تشرینی دووەم هەتا ٢٠ کانوونی یەکەم**

کچێکی هەرزەکار، هۆکار: نادیار، شێواز: کەوتنە ژێر شەمەندەفەر، لە ئەنجامدا مرد/ ئیمنا

کچێکی هەرزەکار و هاوڕێکەی، هۆکار: نادیار، شێواز: خۆخستنە ژێر شەمەندەفەر، لە ئەنجامدا مردن/ئیمنا

کچێکی تەمەن ١٣ ساڵ لە لەقاسان سەر بە پارێزگای تاران، هۆکار: نادیارە، شێواز: لە پردێکی پەڕینەوە خۆی خستەخوارەوە، ڕزگار کرا/ ڕوکنا

**٢١ی کانوونی یەکەم هەتا ٢٠ی کانوونی دووەم**

کچێکی تەمەن ١٥ ساڵ لە کۆهکولویە و بۆیر ئەحمەد، هۆکار: منداڵ ـ دایک، شێواز: خۆسوتاندن، بووە هۆی مردنی/ئیمنا

**٢١ی کانوونی دووەم هەتا ٢٠ی شوبات**

دوو خوێندکاری کچ لە شاری دوروود لە لوڕستان، هۆکاری: دەرکردنیان لە قوتابخانە، شێواز: خواردنی حەبی برنج، بووە هۆی مردنیان/ ڕۆکنا

کچێکی تەمەن ١٥ ساڵ لە تاران، هۆکاری: ئالوودەبوونی باوک بە مادەی هۆشبەر، ڕێگە: خواردنی حەبی برنج، بووە هۆی مردنی/ ڕوکنا

، کچێکی تەمەن ١٥ ساڵ لە گەیلان، هۆکار: نادیار: شێواز: هەوڵی خۆخستنە خوارەوە لە ئۆڤەرپاسێک دەدات، ڕزگاری بوو/ڕوکنا

**٢١ی شوبات هەتا ٢٠ی ئازار**

دوو کچی تەمەن ١٤ ساڵان و هاوپۆلێک لە شاری جوانڕۆی پارێزگای کرماشان، هۆکار: نادیارە، شێواز: هەڵواسین، بووە هۆی مردن/ڕوکنا

## - ساڵی ٢٠٢٠، ٢١ی ئایار هەتا ٢٠ی حوزەیران

کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ لە شاری سەقز لە پارێزگای کوردستان، هۆکار: چەند ڕۆژێک پێش لە هاوسەرگیری و هەژاریی بنەماڵە، شێواز: خۆهەڵواسین، ئەنجام، مردن/ ڕوکنا

کوڕێکی ١١ ساڵان لە کرماشان، هۆکار: هەژاری، شێواز: خۆهەڵواسین، بووە هۆی مردنی/ ئێعتماد

کچێکی تەمەن ١٣ ساڵ لە کرمان، هۆکار: بە زۆر زەواج کردن، شێواز: خواردنی حەب، ڕزگاری بوو/ڕوکنا

کوڕێکی تەمەن ٩ ساڵ لە کرماشان، هۆکار: هەژاری و ئالوودەبوونی باوک، شێواز: حەبی میتادۆن، بووە هۆی مردنی/ ڕوکنا

**٢١ی حوزەیران هەتا ٢٠ی تەمموز**

کچێکـی تەمـەن ١٧ سـاڵ لـە سـەرەخس لـە پارێـزگای خۆراسـانی ڕەزەوی، هـۆکار: منـداڵ _ دایـک و منداڵـی هاوسـەرەکەی، شـێواز: بەکارهێنانـی مـادەی هۆشـبەر، بـووە هـۆی مردنـی/ ڕوکنـا

کچێکـی تەمـەن ١٣ سـاڵ لـە یەکێـک لـە گوندەکانـی ئـیلام، هـۆکار: هـەژاری، شـێواز: خۆهەڵواسـین، بـووە هـۆی مردنـی/ ئێعـتماد

**٢١ی تەمموز هەتا ٢٠ی ئاب**

کچێکـی تەمـەن ١٧ سـاڵ لـە شـاری خەمـام لـە پارێـزگای گـەیلان ڕزگارکـرا، هـۆکار: نادیـارە، شـێواز: خۆخسـتنە خـوارەوەی لـە پردێکـی پەڕینـەوە/ ڕوکنـا

کچێکـی تەمـەن ١٧ سـاڵ لـە تـاران، هـۆکار: دیـار، شـێواز: خۆخسـتنەخوارەوە لـە نهۆمـی سـێیەمەوە، بـووە هـۆی مردنـی/ ڕوکنا

دوو کچـی تەمـەن ١٤ و ١٥ سـاڵ لـە یـەک کاتـدا لـە بابۆلسـەر سـەر بـە پارێزگای مازەنـدەران، هـۆکار: ناکۆکـی بنەماڵەیـی، شـێواز: خواردنـی حەبـی برنـج، بـووە هـۆی مـردن/ ڕۆکنا

**٢١ی ئاب هەتا ٢٠ی ئەیلول**

کچێکـی تەمـەن ١٧ سـاڵ لـە ئابـادان سـەر بـە پارێـزگای خوزسـتان، هـۆکار: نادیـارە، شـێواز: لـە نهۆمـی چـوارەوە خـۆی خسـتە خـوارەوە، لـە ئەنجامـدا گیانـی لـە دەسـت دا/ ڕوکنـە

کچێکـی تەمـەن ١٥ سـاڵ لـە شـاری کرماشـان هەوڵیـدا لـە بەرزاییەکـەوە بکەوێتە خـوارەوە و ڕزگاری بـوو/ ڕوکنا

کچێکـی تەمـەن ١٤ سـاڵان لـە شـاری سـنە لـە پارێـزگای کوردسـتان، هـۆکار: نادیـارە، شـێواز: خۆهەڵواسـین، بـووە هـۆی گیـان لەدەسـتدانی/ ڕوکنـا

سێ کچـی تەمـەن ٨ و ٩ و ١٢ سـاڵ لـە یـەک کاتـدا لـە ئاسـتانەی ئەشرەفیـە لـە پارێـزگای گـەیلان، هـۆکار: یاریکـردن، ڕێگـە: خواردنـی حەبـی برنـج، بـووە هـۆی مردنیـان/ ڕوکنا

**٢١ی ئەیلول هەتا ٢٠ی تشرینی یەکەم**

کچێکی تەمەن ١٦ ساڵ لە ڕەبات کەریم لە پارێزگای تاران، هۆکار: ناکۆکی لەگەڵ باوکی و دەزگیرانەکەی، شێواز: خواردنی حەبی برنج، بووە هۆی مردنی/ ڕوکنا

کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ لە شاری کوهدەشتی لوڕستان، هۆکار: دەرنەچوون لە تاقیکردنەوەی وەرگرتن، شێواز: خۆخستنەخوارەوە لە نهۆمی چوارەمەوە، بووە هۆی مردنی/ ڕوکنا

کچێکی تەمەن ١٣ ساڵ لە تاران، هۆکار: یاریی نەهەنگی شین، شێواز: خۆهەڵواسین بە چەتر، بووە هۆی مردنی/ ڕوکنا

کچێکی تەمەن ١٠ ساڵ لە شاری ڕەی سەر بە پارێزگای تاران، هۆکار: نادیارە، شێواز: خۆهەڵواسین، بووە هۆی مردنی/ ڕوکنا

مێردمنداڵێکی تەمەن ١٦ ساڵ لە یەکێک لە گوندەکانی ئەردەبیل، هۆکار: نادیارە، شێواز: تەقەکردن بە چەک، بووە هۆی گیان لەدەستدانی/ ڕوکنا

کچێکی تەمەن ١٣ ساڵ لە ورمێ لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، هۆکار: نەبوونی تابلێت، شێواز: خۆهەڵواسین، بووە هۆی مردنی/ ڕۆکنا

کچێکی تەمەن ١٥ ساڵ لە نەیشابوور سەر بە پارێزگای خۆراسانی ڕەزەوی، هۆکار: ناکۆکی بنەماڵە، شێواز: خۆهەڵواسین، بووە هۆی مردنی/ ڕوکنا

کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ لە نەیشابووری پارێزگای خۆراسان ڕەزەوی (لە هەمانکاتدا لەگەڵ کچێکی تەمەن ١٥ ساڵ)، هۆکار: ناکۆکی بنەماڵەیی، شێواز: خۆهەڵواسین، بووە هۆی مردنیان/ ڕوکنا

مێردمنداڵێکی ١١ ساڵان لە شاری بوشەهر سەر بە پارێزگای خوزستان، هۆکاری: نەبوونی کەرەستەی پەروەردەی مەجازی، شێواز: خۆهەڵواسین، بووە هۆی مردنی/ ئیمنا

مێردمنداڵێکی تەمەن ١٦ ساڵ لە پارێزگای بوشەهر، پارێزگای خوزستان، هۆکار: هەژاریی، شێواز: خۆهەڵواسین، بووە هۆی مردنی/ ڕوکنا

کچێکی تەمەن ١٦ ساڵ لە شاری بوشەهر سەر بە پارێزگای خوزستان، هۆکار: نادیارە، شێواز: خۆهەڵواسین، بووە هۆی مردنی/ ئیمنا

کوڕێکی تەمەن ١١ ساڵ لە هەمەدان، هۆکار: یاری مۆمۆ، شێواز: نادیارە، بووە هۆی مردنی/ ئیمنا

**٢١ی تشرینی یەکەم هەتا ٢٠ ی تشرینی دووەم**

کچێکی تەمەن ١٥ ساڵ لە شاری ڕامهورمۆزی خوزستان، هۆکار: نادیارە، شێواز: خۆهەڵواسین، بووە هۆی مردنی/ ئیمنا

٥ خۆکوژی هاوشێوە لەگەڵ کچێکی تەمەن ١٥ ساڵ لە شاری ڕامهورمۆز، خوزستان/ ئیمنا

**٢١ی تشرینی دووەم هەتا ٢٠ کانوونی یەکەم**

کچێکی تەمەن ٨ ساڵان لە بەندەرعەباس لە پارێزگای هورمزگان بە بەشداری هاوڕێ ١٢ ساڵانەکەی، هۆکار: یاریکردنی خۆکوشتن، شێواز: خۆهەڵواسین، بووە هۆی مردنی/ ڕوکنا

کچێکی تەمەن ١٥ ساڵ لە خۆراسانی ڕەزەوی، هۆکار: خەمۆکی، شێواز: خۆهەڵواسیین لە فەرمانگەی بێهزیستی، بووە هۆی مردنی/ خۆراسان

کچێکی تەمەن ١٤ ساڵ لە یەکێک لە گوندەکانی ورمێ لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، هۆکاری: هاوسەرگیری منداڵ و ناکۆکی لەگەڵ هاوسەرەکەی، شێواز: خۆسووتاندن، بووە هۆی مردنی/ هەمشەهری

کوڕێکی تەمەن ١٢ ساڵ لە تاران، هۆکار: یاداشتێکی نووسیوە کە لە ژیان بێزار بووە، شێواز: بە دەمانچە ، لە ئەنجامدا گیانی لەدەستداوە/ ئیمنا

، کوڕێکی تەمەن ١٦ ساڵ لە تاران، هۆکار: یاریکردنی مۆمۆ، شێواز: خۆخستنەخوارەوە لە نهۆمی پێنجەمەوە، بووە هۆی مردنی/ ڕوکنا

کچێکی تەمەن ١٦ ساڵ لە شاری ورمێی ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، هۆکار: ناکۆکی خێزانی، شێواز: خۆسوتاندن، بووە هۆی مردنی/ ڕوکنا

کچێکی تەمەن ١٥ ساڵ لە شاری ڕامهورمۆزی خوزستان، هۆکار: هەژاری بۆ دابینکردنی مۆبایلێکی زیرەک بۆ درێژەدان بە خوێندن و خێزانەکەی لەگەڵیدا ناکۆک بوون، شێواز: خۆهەڵواسین، بووە هۆی مردن/ ئێعتماد

مێردمنداڵێکی تەمەن ١٧ ساڵ لە گوندەکانی ئابادان لە خوزستان، هۆکار: نادیارە، شێواز: خۆهەڵواسین، بووە هۆی گیان لەدەستدانی/ ڕوکنا

کوڕێکـی هـەرزەکار لـە ئابـادان لـە پارێـزگای خوزسـتان، هـۆکار: نادیـارە، شـێواز: خۆهەڵواسـین، بـووە هـۆی مردنـی/ ڕوکنـا

کوڕێکـی تەمـەن ١٤ سـاڵ لـە مەشـهەد، خۆراسـان، ڕەزەوی: هـۆکار: نادیـارە، شێواز: خۆخسـتنە خـوارەوە لـە بورجێکـەوە، لـە ئەنجامـدا گیانـی لـە دەسـت دا/ ڕوکنـا

کچێکـی تەمـەن ١٧ سـاڵ لـە شـاری ڕامهورمـۆزی خوزسـتان، هـۆکار: نادیـارە، شێواز: خۆهەڵواسـین، بـووە هـۆی مردنـی/ ئیمنـا

کچێکـی تەمـەن ١٦ سـاڵ لـە تـاران، هـۆکار: نادیـارە، شـێواز: خۆهەڵواسـین، بـووە هـۆی مردنـی/ ڕوکنـا

**٢١ی کانوونی دووەم هەتا ٢٠ی شوبات**

کچێکـی تەمـەن ١٣ سـاڵ لـە گەچسـاران لـە پارێـزگای کۆهکولویـە و بۆیـر ئەحمـەد، هـۆکار: نادیـارە، شـێواز: لـە ئۆڤەرپاسـێکەوە خـۆی خسـتە خـوارەوە، ڕزگارکـرا/ ڕوکنـا

دوو کچـی هـەرزەکار لـە یـەک کاتـدا لـە دێزفـول سـەر بـە پارێـزگای خوزسـتان، هـۆکار: کێشـەی خێزانـی، شـێواز: حەبـی برنـج، بـووە هـۆی مردنیـان/ ڕوکنـا

مێرمنداڵێکـی تەمـەن ١٤ سـاڵ لـە شـاری ماهشـەهر سـەر بـە پارێـزگای خوزسـتان، هـۆکار: هەژاریـی، شـێواز: خۆهەڵواسـین، بـووە هـۆی مردنـی/ ڕوکنـا

کچێکـی تەمـەن ١٣ سـاڵ لـە دیشـموک لـە پارێـزگای کۆهگیلویـە و بۆیـر ئەحمەد، هـۆکار: شـەڕ لەگـەڵ بـرا، شـێواز: خۆهەڵواسـین، بـووە هـۆی مردنـی/ ڕوکنە

مێردمنداڵێکـی تەمـەن ١٦ سـاڵان لـە دیشـموک لـە پارێـزگای کۆهکولویـە و بۆیـار ئەحمـەد، هـۆکار: نادیـارە، شـێواز: فیشـەک بەسـەرەوە نـان، لـە ئەنجامـدا گیانـی لەدەسـت دا/ڕوکنـا

هەرزەکارێکـی تەمـەن ١٥ سـاڵ لـە مزگـەوت سـلێمان لـە پارێـزگای خوزسـتان، هـۆکار: نادیـارە، شـێواز: خۆهەڵواسـین، بـووە هـۆی مـردن/ ڕوکنـا

**٢١ی شوبات هەتا ٢٠ی ئازار**

کچێکـی هـەرزەکار لـە تـاران، هـۆکار: تێکچوونـی ڕەگـەزی و کێشـەی لـەم بـوارەوە، شـێواز: خۆخسـتنەخوارەوە لـە پـرد، ڕزگاری بـوو/ ڕوکنـا

کچێکـی تەمـەن ١٥ سـاڵ لـە تـاران، هـۆکاری: هاوسـەرگیری منداڵ و هەڕەشـەی

بڵاوکردنـەوەی وێنـەی تایبـەت، شـێواز: لـە نهۆمـی چوارەمـی ماڵـەوە خـۆی خسـتە خـوارەوە، بـووە هـۆی گیـان لەدەسـتدانی/ ڕوکنـا

کچێکـی تەمـەن ١٦ سـاڵ لـە هۆرمـوزگان، هـۆکار: نادیـارە، شـێواز: نادیـارە، بـووە هـۆی مردنـی/ ڕوکنـا

سـێ کچـی هـەرزەکار لـە یـەک کاتـدا لـە دێهدەشـت، کۆهکولویـە و بۆیرئەحمـەد کۆتاییـان بـە ژیانـی خۆیـان هێنـا، هـۆکار: نادیـارە، شـێواز: خۆخسـتنە خـوارەوە لـە نهۆمـی سـێهەم، ڕزگاریـان بـوو/ ڕوکنـا

## - ساڵی ٢٠٢١/ ٢١ی ئازار هەتا ٢٠ی نیسان

کچێکـی تەمـەن ١٥ سـاڵ لـە هۆرمـوزگان، هـۆکار: نادیـارە، شـێواز: نادیـارە، بـووە هـۆی مـردن/ ڕوکنـا

کچێکـی تەمـەن ١٥ سـاڵ لـە تایبـاد سـەر بـە پارێـزگای خۆراسـانی ڕەزەوی، هۆکار: هاوسـەرگیری منـداڵ، شـێواز: خواردنـی حەبـی برنـج، بـووە هـۆی مردنـی/ ڕۆکنا

کچێکـی تەمـەن ١٢ سـاڵ لـە ئابـادان سـەر بـە پارێـزگای خوزسـتان، هـۆکار: نادیـارە، شـێواز: خۆهەڵواسـین، بـووە هـۆی گیـان لەدەسـتدانی/ ڕوکنـا

کچێکـی تەمەن ١٢ سـاڵ لـە تـاران، هـۆکار: نادیـارە، شێواز: خۆهەڵواسـین بـە خاولـی، بـووە هـۆی مردنـی/ ڕوکنـا

کچێکـی تەمـەن ١٦ سـاڵ لـە تـاران، هـۆکار: نادیارە، شـێواز: خۆخسـتنە خـوارەوە لـە بەرزاییـەوە، بـووە هـۆی مردنـی/ ڕوکنا

**٢١ی نیسان هەتا ٢٠ی ئایار**

مێردمنداڵێکـی تەمـەن ١٦ سـاڵ لـە ئابـادان سـەر بـە پارێـزگای خوزسـتان، هـۆکار: نادیـارە، شـێواز: خۆهەڵواسـین، بـووە هـۆی مردنـی/ ڕوکنـا

**٢١ی ئایار هەتا ٢٠ی حوزەیران**

کچێکـی تەمـەن ١٦ سـاڵ لـە تـاران، هـۆکار: ناکۆکـی لەگـەڵ کـوڕە خۆشەویسـتەکەی، شـێواز: لـە نهۆمـی دووەمـی ماڵـەوە خـۆی خسـتە خـوارەوە، لـە ئەنجامـدا گیانـی لەدەسـتدا/ ڕوکنـا

کچێکـی تەمـەن ١٥ سـاڵ لـە پیرانشـار لـە پارێـزگای ئازەربایجانـی ڕۆژئـاوا،

هـۆکار: نادیـارە، شـێواز: خۆهەڵواسـین، بـووە هـۆی گیـان لەدەسـتدانی/ ڕوکنـا
مێردمنداڵێکـی تەمـەن ١٧ سـاڵ لـە ئابـادان لـە پارێـزگای خوزسـتان، شـێواز: خۆهەڵواسـین، هـۆکار: نادیـارە، بـووە هـۆی گیـان لەدەسـتدانی/ ڕوکنـا

**٢١ی حوزەیران هەتا ٢٠ی تەمموز**

مێردمنداڵێکـی تەمـەن ١٦ سـاڵ لـە ئابـادان لـە پارێـزگای خوزسـتان ڕزگاری بـوو، هـۆکار: نادیـارە، شـێواز: چەقـۆ لێـدان لـە دەمارێـک/ ڕوکنـا

**٢١ی تەمموز هەتا ٢٠ی ئاب**

٥ خوێنـدکاری کـچ لـە شـاری ڕامهۆرمـوز سـەر بـە پارێـزگای خوزسـتان، هـۆکار: نەبوونـی مۆبایـل و تابلێـت بـۆ خوێندنـی مەجـازی، شـێواز: نادیـارە، بـووە هـۆی مردنـی/ ڕوکنـا

**٢١ی ئاب هەتا ٢٠ی ئەیلول**

کچێکـی تەمـەن ١٧ سـاڵ لـە مەشـهەد خۆراسـان ڕەزەوی، منـداڵ هاوسـەرگیریی، هـۆکار: ئالوودەبوونـی بـاوک و مێردکردنـی زۆرەملـێ، شـێواز: هەوڵـی داوە خـۆی بخاتـە بـەر ئۆتۆمبیل، ڕزگاری بـووە/ ڕۆکنـا

مێردمنداڵێکـی ١٦ سـاڵان لـە شـیرازی سـەر بـە پارێـزگای فـارس، هـۆکار: دەمەقاڵـێ لەگـەڵ براکـەی و کوشـتنی براژنـی، شـێواز: تەقـە لـە سـەری، لـە ئەنجامـدا گیانـی لەدەسـتدا / ڕوکنـا

کچێکـی تەمـەن ١٦ سـاڵ لـە شـاری سـنە سـەر بـە پارێـزگای کوردسـتان، هـۆکار: هاوسـەرگیری منـداڵ، شـێواز: خۆهەڵواسـین، بـووە هـۆی مردنـی/ ئێعتماد

**-٢١ی ئەیلول هەتا ٢٠ی تشرینی یەکەم**

کچێکـی ١٣ سـاڵان لە شـاری سـنە لـە پاریـزگای کوردسـتان، هـۆکار: ڕێگریکردنی باوکـی لـە درێـژەدان بـە خوێنـدن، شـێواز: خۆهەڵواسـین، بـووە هۆی مـردن/ ڕوکنا
کوڕێکـی تەمـەن ١٧ سـاڵ لـە یـەزد، هـۆکار: نادیـارە، شـێواز: خـۆی خسـتە بـەر شـەمەنەفەر، ڕزگاری بـوو/ ڕۆکنـا

**٢١ی تشرینی یەکەم هەتا ٢٠ ی تشرینی دووەم**

کچێکـی تەمـەن ١٦ سـاڵان لـە خوڕەمشـار سـەر بـە پارێـزگای خوزسـتان، هۆکار: هاوسـەرگیری منـداڵ، شـێواز: خۆهەڵواسـین، بـووە هـۆی مردنـی/ ڕوکنا

کچێکی تەمەن ١٤ ساڵان لە خوڕەمشاری سەر بە پارێزگای خوزستان ڕزگار کرا، هۆکار: کێشەی بنەماڵەیی، شێواز: هەوڵیدا لە ئۆڤەرپاسێکەوە خۆی بخاتە خوارەوە، ڕزگاری بوو/ ڕۆکنا

کچێکی تەمەن ١٥ ساڵ لە تاران، هۆکار: ناکۆکی لەگەڵ دایکی سەبارەت بە پەیوەندی لەگەڵ کوڕێک، شێواز: لە نهۆمی سێیەمی ماڵەوە خۆی خستەخوارەوە، گیانی لەدەستدا/ ڕوکنا

کوڕێکی کۆڵبەر تەمەن ١٦ ساڵ لە شاری پاوەی کرماشان، هۆکار: دەستگرتن بەسەر هێستر و بارەکەی، شێواز: خۆهەڵواسین، بووە هۆی مردن/ ڕوکنا

کچێکی تەمەن ١٤ ساڵ لە تاران، هۆکار: نادیارە، شێواز: لە سەربانەوە خۆی خستە خوارەوە، بووە هۆی گیان لەدەستدانی/ ڕوکنا

**٢١ی تشرینی دووەم هەتا ٢٠ کانوونی یەکەم**

کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ لە ئابادان، خوزستان، شێواز: هەوڵی خۆخستنەخوارەوە لە نهۆمی چوارەمی مۆڵێکی داوە، هۆکار: ناکۆکی خێزانی، ڕزگاری بووە/ ڕوکنا

٢١ی کانوونی یەکەم هەتا ٢٠ کانوونی دووەم

کچێکی تەمەن ١٥ ساڵ، لە تاران، شێواز: کەوتنە خوارەوە لە نهۆمی سێیەمی باڵەخانەکەوە، باوکی لەگەڵیدا دەمەقاڵەی بووە لەسەر پەیوەندیی ئەو لەگەڵ کوڕێک، کە بووە هۆی مردنی/ ڕوکنا

**٢١ی شوبات هەتا ٢٠ی ئازار**

کچێکی تەمەن ١٣ ساڵ، لە مەشهەد، خۆراسانی ڕەزەوی، هۆکار: کێشەی خێزانی، شێواز: خۆخستنەخوارەوە لە نهۆمی ١١، لە ئەنجامدا مردن/ ڕوویداد ٢٤

## ساڵی ٢٠٢٢/ ٢١ی ئازار هەتا ٢٠ی نیسان

کچێکی تەمەن ١٥ ساڵانی شاری کرماشان، شێواز: خۆخستنە خوارەوە لە پردی پەڕینەوە، هۆکار: ناکۆکی بنەماڵەیی، ڕزگارکرا/ ڕۆکنا

**٢١ی نیسان هەتا ٢٠ی ئایار**

مێردمنداڵێکی تەمەن ١٧ ساڵ، لە شاری پەهرا لە سیستان و بەلوچستان، هۆکار: کێشەی خێزانی، شێواز: خواردنی حەب، بووە هۆی مردن

مێردمنداڵێکی تەمەن ١٧ ساڵ، لە یەکێک لە گوندەکانی سیستان و بەلوچستان، هۆکار: کێشەی خێزانی، شێواز: نادیارە، بووە هۆی مردن

کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ، شوێن: نادیار، شێواز: خۆخستنەخوارەوە لە بەرزاییەوە، هۆکار: نادیارە، بووە هۆی مردن/ ڕوکنا

کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ، منداڵ هاوسەریی و منداڵ دایکی، شوێن: گوندەکانی کرماشان، شێواز: خۆسووتاندن، هۆکار: کێشەی بنەماڵەیی، بە هۆی مردنی

کوڕێکی تەمەن ١٦ ساڵ خۆخستنەخوارەوە لە بەرزاییەوە، ڕزگاری بوو.

مێردمنداڵێکی تەمەن ١٥ ساڵ لە یەکێک لە گوندەکانی بەنت لە سیستان و بەلوچستان، هۆکار: کێشەی سۆزداری و خێزانی، شێواز: خۆهەڵواسین، بووە هۆی مردنی

**٢١ی ئایار هەتا ٢٠ی حوزەیران**

کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ لە کوردستان، هۆکار: کێشەی دەروونی و سۆزداری، شێواز: خۆخستنە خوارەوە لە باڵەخانە، بووە هۆی مردنی/ ڕوکنا

کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ لە تاران، هۆکار: کێشەی خوێندن، شێواز: خۆخنکاندن بە سەرپۆش، بووە هۆی مردنی/ ڕوکنا

کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ لە مەشهەد، خۆراسان ڕەزەوی، هۆکار: دەستدرێژی کراوەتە سەر، شێواز: خواردنی حەب، ڕزگاری بوو/ خۆراسان

**٢١ی ئاب هەتا ٢٠ی ئەیلول**

بەڕێوەبەری پەروەردەی نەیشابوور: ١٩ حاڵەتی هەوڵی خۆکوشتنی شکست خواردوو لەنێو خوێندکارانی نەیشابوور لە پارێزگای خۆراسانی ڕەزەوی تۆمار کراوە. هیچیان لە ئەنجامدا مردنیان نەبووە و پێنجیان پەیوەندییان بە کێشەی خێزانییەوە هەبووە و ئەوانی دیکەش بۆ نمایشکردن و بەدەستهێنانی خاڵ بوون. زۆربەی ئەو حاڵەتانە لە ئاستی خوێندنی یەکەم و دووەمی ناوەندی بوون./ ڕۆکنا

مێردمنداڵێکی تەمەن ١٦ ساڵ لە ئابادان، پارێزگای خوزستان، هۆکار: کێشەی خێزانی، شێواز: تەقەکردن بە دەمانچە، ئەنجام گیان لەدەستدان/ ڕوکنا

**-٢١ی ئەیلول هەتا ٢٠ی تشرینی یەکەم**

کوڕێکـی هـەرزەکار لـە ئەردەبیـل، هـۆکار: نادیـارە، شـێواز: نادیـارە، ڕزگاری بوو/ڕویـداد ٢٤

**٢١ی تشرینی یەکەم هەتا ٢٠ تشرینی دووەم**

کچێکـی تەمـەن ١٣ سـاڵان لـە مێهرشـار لـە پارێـزگای ئەلبـورز، شـێواز: لـە نهۆمـی پێنجەمـەوە خـۆی خسـتەخوارەوە، هـۆکار: نادیـارە، بـووە هـۆی گیـان لەدەسـتدان/ ڕوکنـا

**٢١ی تشرینی دووەم هەتا ٢٠ کانوونی یەکەم**

مێردمنداڵێکـی تەمـەن ١٦ سـاڵ، لـە خـوی سـەر بـە پارێـزگای ئازەربایجانـی ڕۆژئـاوا، هـۆکار: کێشـەی خێزانـی، شێواز: خۆکوشتن بـە تاپـڕ، لـە ئەنجامـدا گیـان لەدەسـتدان/ ڕوکنـا

کوڕێکـی تەمـەن ١٦ سـاڵ، لـە جۆلفـا لـە ئازەربایجانـی ڕۆژهـەڵات، شـێواز: نادیـارە، هـۆکار: نادیـارە، بـووە هـۆی مـردن/ ڕوکنـا

کچێکـی تەمـەن ١٥ سـاڵ لـە تەورێـزی ئازەربایجانـی ڕۆژهـەڵات، هـۆکار: کێشـەی خێزانـی، شـێواز: خۆخسـتنەخوارەوە لـە نهۆمـی حەوتەمـەوە، بـووە هـۆی مـردن/ ڕوکنـا

**٢١ی کانوونی یەکەم هەتا ٢٠ کانوونی دووەم**

مێردمنداڵێکـی تەمـەن ١٧ سـاڵ لـە شـاری ماهشـەهر لـە خوزسـتان، هـۆکار: نادیـارە، شـێواز: خۆخسـتنەخوارەوە لـە بەرزاییـەوە، لـە ئەنجامـدا گیانـی لـە دەسـت دا/ ڕوکنـا

کچێکـی تەمـەن ١٧ سـاڵ لـە شـاری ئەهـواز لـە خوزسـتان، هـۆکار: نادیـارە، شـێواز: خۆخسـتنە خـوارەوە لـە بەرزاییـەوە، لـە ئەنجامـدا گیانـی لـە دەسـت دا/ ڕوکنـا

**٢١ی کانوونی دووەم هەتا ٢٠ی شوبات**

کچێکـی تەمـەن ١٥ سـاڵ، لە شـاری سـنە سـەر بە پارێـزگای کوردسـتان، شـێواز: هەوڵـی خۆخسـتنە خـوارەوەی لـە پـردی پەڕینـەوە، هـۆکار: نادیـارە، ڕزگاری بوو

ئـەو کچـە تەمـەن ١٥ سـاڵە لەگـەڵ هاوپۆلەکـەی لـە شـاری سـنە سـەر بـە

پارێـزگای کوردسـتان ڕزگاری بـووە، شـێواز: خۆخسـتنەخوارەوە لـە پـردی پەڕینـەوە، هـۆکار: نادیـارە

**٢١ی شوبات هەتا ٢٠ی ئازار**

کچێکـی تەمـەن ١٦ سـاڵ لـە شـاری مەشـهەد، خۆراسـان، ڕەزەوی، هـۆکار: کێشـەی خێزانـی، شـێواز: خۆخسـتنە خـوارەوە لـە ئۆڤەرپاسـێکەوە، ڕزگاری بـوو/ خۆراسـان

کچێکـی تەمـەن ١٦ سـاڵ لـە شـاری مەشـهەد، خۆراسـان، ڕەزەوی، هەوڵـی خۆکوشـتنی لەگـەڵ هاوڕێکـەی دا، هـۆکاری: کێشـەی خێزانـی، شـێواز: هەوڵـی خۆخسـتنەخوارەوە لـە ئۆڤەرپاسـێکەوە، ڕزگاری بـوو/ خۆراسـان

## ساڵی ٢٠٢٣/ ٢١ی ئازار هەتا ٢٠ی نیسان

کچێکـی تەمـەن ١٢ سـاڵ، لـە تـاران، شـێواز: خۆهەڵواسـین لەبـەردەم بـرا ٤ سـاڵانەکەی، هـۆکار: ناکۆکـی لەگـەڵ باوەژنـی، بـووە هـۆی مـردن/ ئێـران

کچێکـی تەمـەن ١٦ سـاڵ، لـە یەکێـک لـە گوندەکانـی دیوانـدەرە لـە پارێـزگای کوردسـتان، هـۆکار: نادیـارە، شـێواز: خۆهەڵواسـین، بـووە هـۆی مـردن/ ئێعـتماد

**٢١ی ئایار هەتا ٢٠ی حوزەیران**

کوڕێکـی تەمـەن ١٦ سـاڵ لە تـاران، شـێواز: خۆهەڵواسـین، هـۆکار: ئالوودەبوون و هەڵسـوکەوتی خراپـی بـاوک، ڕزگاری بـوو/ ڕۆکنا

کچێکـی تەمـەن ١٥ سـاڵ لـە کرماشـان، هـۆکار: هاوسـەرگیریی زۆرەملێ، شـێواز: خۆکـوشتن بـە تاپـڕ، لـە ئەنجامـدا گیانی لەدەسـتد

، کچێکـی تەمـەن ١٠ سـاڵ لـە تـاران، شـێواز: خۆخسـتنە خـوارەوە لـە پەنجـەرەی ماڵـەوە، هـۆکار: نادیـارە، بـووە هـۆی مـردن/ ڕوکنـا

**٢١ی حوزەیران هەتا ٢٠ی تەمموز**

مێردمنداڵێکـی تەمـەن ١٦ سـاڵان لـە نەسـیم شـار سـەر بـە پارێـزگای تـاران، شـێواز: خۆخسـتنەخوارەوە لـە پردێکـی پەڕینـەوە ، هـۆکار: نادیـارە، ڕزگاری بـوو/ ڕوکنـا

**٢١ی تەمموز هەتا ٢٠ی ئاب**

کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ لە شاری ڕەشت سەر بە پارێزگای گەیلان، بەهۆی خۆخستنەخوارەوە لە ئۆڤەرپاسێکەوە، ڕزگاری بوو، هۆکار: ناکۆکی خێزانی/ ڕۆکنا

کچێکی تەمەن ١٦ ساڵ، شار: نەناسراو، شێواز: خواردنی مادەی هۆشبەر، هۆکار: بەشووودانی زۆرەملێ، ڕزگاری بوو/ئێران

**-٢١ی ئەیلول هەتا ٢٠ی تشرینی یەکەم**

کچێکی تەمەن ١٦ ساڵ، تاران، هۆکار: ئەگەری نەخۆشی دەروونی، شێواز: خۆخستنە خوارەوە لە نهۆمی دووەمی ماڵەوە، بووە هۆی مردن/ ڕوکنا

کوڕێکی ١٧ ساڵان، ئابدانان لە پارێزگای ئیلام، شێواز: خۆهەڵواسین، هۆکار: نادیارە، بووە هۆی مردنی/ ئێعتماد

خۆکوشتنی کوڕێکی تەمەن ١٥ ساڵان لە ئەهواز سەر بە پارێزگای خوزستان (هێوەری مونا حەیدەری)، هۆکارەکەی: هەندێک دەڵێن ئازاری ویژدانی بۆ کوشتنی بووکەکەی، هەندێکیش دەڵێن ناکۆکی هەبووە لەگەڵ باوکی لەسەر نەکڕینی ئۆتۆمبێل، شێواز: خۆهەڵواسین، بووە هۆی مردنی/ئێعتماد

باران کچە هەرزەکارێک، عەبدانان لە پارێزگای ئیلام، شێواز: خۆهەڵواسین، هۆکار: نادیارە، بووە هۆی مردنی/ ئێعتماد

٢١ی تشرینی یەکەم هەتا ٢٠ی تشرینی دووەم

کچە ئامۆزای باران، ئابدانان لە پارێزگای ئیلام، شێواز: خۆهەڵواسین لە ڕۆژی چلەی باران، هۆکار: نادیارە، بووە هۆی مردنی/ ئێعتماد

حەمیدە، کچێکی هەرزەکار، خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی شەبستەر لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، شێواز: حەبی برنج، هۆکار: نادیارە، بووە هۆی گیان لەدەستدانی

زارا کچێکی هەرزەکار، خەڵکی یەکێک لە گوندەکانی شەبستەر لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژهەڵات، شێواز: حەبی برنج، هۆکار: نادیارە، بووە هۆی گیان لەدەستدانی

کچێکی تەمەن ١٥ ساڵ لە شاری بابۆڵسەر لە پارێزگای مازەندەران

ڕزگارکـرا، هـۆکار: نادیـارە، شـێواز: خۆخسـتنەخوارەوە لـە پـردی پەڕینـەوە/ ڕوکنـا

کچێکـی هـەرزەکار، لـە تـاران، شـێواز: خۆخسـتنە خوارەوە لـە نهۆمی هەشـتەمی خانوویەکـەوە لەسـەر ڕێگـەی خێـرای نـەواب، هـۆکار: نادیـارە، بـووە هـۆی مردنی/ ڕوکنا

کچێکـی تەمـەن ١٧ سـاڵ، تـاران، شـێواز: خۆخسـتنە خـوارەوە لـە باڵکۆنـی ماڵـەوە، هـۆکاری: «ماندووبـوون لـە ژیـان»، بـووە هـۆی مردنـی/ هەمشـەهری ئۆنلایـن

کـوڕە هەرزەکارێـک لـە تـاران، شـێواز: خۆخستنە خـوارەوە لـە نهۆمـی سـێیەمی قوتابخانـە، هـۆکار: نادیـارە، بـووە هـۆی مردنـی/ ڕوکنـا

**٢١ی تشرینی دووەم هەتا ٢٠ی کانوونی یەکەم**

کچێکـی تەمـەن ١٧ سـاڵ، لـە پارێـزگای ئـیلام، شـێواز: خۆهەڵواسـین، هـۆکار: نادیـارە، بـووە هـۆی مردنـی/ ئێعـتماد

کچێکـی شـاری تـاران، تەمـەن ١٧ سـاڵ، هـۆکار: باوکـی لـە تەمەنـی ١٠ تـا ١٧ سـاڵی دەسـتدرێژی کردبـووە سـەری، شـێواز: حەبـی برنـج، ڕزگاری بوو/ئێعـتماد

کچێکـی تەمـەن ١٤ سـاڵ لـە تـاران، هـۆکار: ئالوودەبوونـی بـاوک، گومـان، لێـدان و جێهێشـتنی مـاڵ لەلایـەن دایکـەوە، شـێواز: خۆخسـتنەخوارەوە لـە باڵەخانە، ڕزگارکـراو/ ڕوکنـا

کچێکـی هـەرزەکار لـە پارێـزگای تـاران، هـۆکار: نادیـار: شـێواز: لـە لوتکـەی بەردێکـی بـەرزەوە لـە پارکـی شـاخی فیروزکێـو خـۆی خسـتە خـوارەوە، ڕزگاری بـوو/ ڕوکنـا

کوڕێکـی تەمـەن ١٧ سـاڵ لـە شـیراز، پارێـزگای فـارس، شـێواز: خۆخسـتنە خـوارەوە لـە بینایەکـی چنـد نهۆمـی، هـۆکار: نەزانـراوە، ڕزگارکـراوە/ ڕویـداد ٢٤

کوڕێکـی تەمـەن ١٦ سـاڵ، مەشـهەد خۆراسـان ڕەزەوی، شـێواز: خۆهەڵواسـین، هـۆکار: نادیـارە، بـووە هـۆی مردنـی

مێردمنداڵێکـی تەمـەن ١٧ سـاڵ، دوای گەڕانـەوەی لـە قوتابخانـە لـە تـاران، شـێوازی: خۆخسـتنە خـوارەوە لـە نهۆمـی ٤ی ماڵێـک، هـۆکار: نادیـارە، بـووە هـۆی مردنـی/ ڕوکنـا

**٢١ی کانوونی یەکەم هەتا ٢٠ کانوونی دووەم**

کچێکی تەمەن ١٦ ساڵ، ئەهواز لە خوزستان، شێواز: خۆخنکاندن، هۆکار: نادیار، ڕزگار کرا/ ڕوکنا

کچێکی تەمەن ١٦ ساڵ، ناوچەکانی پارێزگای ناوەند، هۆکار: نادیارە، شێواز: خۆهەڵواسین، بووە هۆی مردن/ ئێعتماد

کچێکی هەرزەکار، یەکێک لە شارەکانی کۆهکولویە و بۆیر ئەحمەد، شێواز: خۆهەڵواسین، هۆکار: دژایەتیکردنی هاوسەرگیریی زۆرەملێ، بووە هۆی مردنی

کوڕێکی تەمەن ١١ ساڵ، تاران، شێواز: خۆهەڵواسین بە سەرپۆشی ژنێک، هۆکار: نادیارە. بووە هۆی مردنی/ جام جەم

کچێکی تەمەن ١٢ ساڵ، یاسوج لە پارێزگای کۆهکولویە و بۆیر ئەحمەد، شێواز: خواردنی حەب، هۆکار: جیابوونەوەی دایک و باوک و برینداربوونی بڕبڕەی پشتی باوک، بووە هۆی مردنی/ ئێعتماد

کوڕێکی تەمەن ١٢ ساڵ لە تاران، شێواز: خۆهەڵواسین، هۆکار: بڕیاری دایک و باوک بۆ جیابوونەوە، بووە هۆی مردنی/ ڕوکنا

کوڕێکی تەمەن ١٣ ساڵ لە یەکێک لە شارەکانی کۆهکولویە، شێواز: خۆهەڵواسین، هۆکار: نادیارە، بووە هۆی مردنی/ ئیلنا

منداڵ-دایکێکی تەمەن ١٧ ساڵ کە لە تەمەنی ١٣ ساڵیدا هاوسەرگیری کردووە، یەکێکە لە گوندەکانی پارێزگای کۆهکولویە، هۆکار: منداڵی کەمئەندام و تێچووی چارەسەریی زۆر، شێواز: خۆسوتاندن، بووە هۆی مردنی/ ڕوکنا

کچێکی تەمەن ١٣ ساڵ، تاران، شێواز: لە پردێکی پەڕینەوە خۆی خستە خوارەوە، هۆکار: نادیار، ڕزگاری بوو/ڕوکنا

**٢١ی کانوونی دووەم هەتا ٢٠ی شوبات**

کچێکی تەمەن ١٤ ساڵ، سنە لە پارێزگای کوردستان، هۆکار: نادیارە، شێواز: خۆهەڵواسین، بووە هۆی گیان لەدەستدانی

، کچێکی تەمەن ١٦ ساڵ لە مەشهەد، خۆراسان ڕەزەوی، شێواز: خۆخستنە خوارەوە لە پەنجەرەوە، هۆکار: خەمۆکی، بووە هۆی مردنی/ خۆراسان

کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ، لە پیرانشار لە ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، هۆکار:

کێشەی کۆمەڵایەتی، شێواز: نادیارە، بووە هۆی مردنی
کچێکی تەمەن ١٥ ساڵ، مەهاباد لە پارێزگای ئازەربایجانی ڕۆژئاوا، هۆکار: کێشەی بنەماڵەیی، شێواز: لە نهۆمی پێنجەمی شوقەیەکەوە خۆی خستە خوارەوە، لە ئەنجامدا گیانی لەدەستدا
کچێکی تەمەن ١٧ ساڵ لە ئابادان لە پارێزگای خوزستان، شێوازی: خنکان لە نێو ڕووباری بەهمەنشیر، هۆکار: نادیارە، ڕزگارکراوە/ ڕوکنا
مێردمنداڵێکی تەمەن ١٤ ساڵ لە ئابادان، خوزستان، شێواز: خۆهەڵواسین، هۆکار: نادیار، ڕزگاری کرا (کۆما)/ ڕوکنا
کوڕێکی ١١ ساڵان، یاسوج کۆهکولۆیە و بۆیر ئەحمەد، شێواز: خۆهەڵواسین، هۆکار: نادیارە، بووە هۆی مردنی/ ڕوکنا

**٢١ی شوبات هەتا ٢٠ی ئازار**

کوڕێکی ١٥ ساڵان، زەنجان، هۆکار: کێشەی دەروونی، شێواز: خۆخستنە خوارەوە لە پرد، ڕزگارکرا/ ڕوکنا

سالانە ٧٠٠ هەزار خۆکوژی

ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی ڕایگەیاندووە، ساڵانە زیاتر لە ٧٠٠ هەزار کەس بەهۆی خۆکوژییەوە گیان لە دەست دەدەن، هەر ٤٠ چرکە کەسێك خۆکوژی دەکات. ئەنجوومەنی نێودەوڵەتی ڕێگەگرتن لە خۆکوژیش ڕایگەیاندووە، زیاتر لە نیوەی (٥٨٪)مردنەکان بەهۆی خۆکوژییەوە لە پێش ٥٠ ساڵی ڕوودەدەن، « هەنگاونان بۆ خۆکوژی پێشوو بەهێزترین هۆکاری مەترسی مردن بە هۆی خۆکوژییە». بەپێی ئەم ڕاپۆرتە خۆکوژی بە چوارەمین هۆکاری مردن لە نێو ١٥ هەتا ٢٩ ساڵەکان لە جیهان دەزانێت: « خۆکوژی لە هەموو ناوچەکانی جیهان ڕوودەدات، بەمەشەوە زیاتر لە سێ لەسەر چواری (٧٧٪)ی خۆکوژییەکانی جیهان لە ساڵی ٢٠١٩ لە وڵاتانی بە داهاتی کەم و مامناوەند ڕوویداوە

مانگی ئەیلولی ئەمساڵ حەسەن موسەوی چلێك، سەرۆکی ئەنجوومەنی یارمەتیدەرانی کۆمەڵایەتی ئێران لە کۆبوونەوەیەکی ئەنجوومەنی دەروونناسی ئێران گوتبووی «لەسەر بنەمای ئامارە ڕەسمییەکانی ساڵی ٢٠١٧ لە ئێران

نزیکەی ٤ هەزار و ٦٢٥ مردوو بە هۆی خۆکوژییەوە تۆمار کراوە. لە ساڵی ٢٠٢١ ئەم ژمارە بۆ ٦ هەزار و ٢٤٤ کەس بەرز بووەوە. ئاماری خۆکوژی ساڵی ٢٠٢٢ نهێنییە، بەڵام دەتوانم بڵێم کە ژمارەی ئەوان زۆرتر بووە. بەشێوەی گشتی ڕەوتی مردووەکان بەهۆی خۆکوژییەوە لە ئاستی وڵات لە بەرزبوونەوە دایە"

لە مانگی کانوونی دووەمی پارساڵ ئیما حەمید پەیڕەوی، جێگری سەرۆکی کۆمەڵەی زانستی ڕێگەگرتن لە خۆکوژی لە ئێران لەبارەی ڕێژەی خۆکوژی لە ساڵی ٢٠٢٢ گوتی کە لەبەرامبەر هەر ١٠٠ هەزار کەس ٤.٧ کەس خۆکوژیمان لە ئاستی وڵات هەبووە، کە بە مەرگ کۆتایی هاتووە: « واتە زیاتر لە ٦ هەزار کەس. نزیکەی ١٢٠ کەسیش هەنگاویان بۆ خوکوژی ناوە، کە لە سیستەمی تەندروستی بەشێوەی ڕەسمی تۆمار کراوە». ئەو بە تجارت نیوزی گوتبوو: « ٢٠ بەرامبەری کەسانێك کە هەنگاویان بۆ خۆکوژی ناوە بیرکردنەوە لە خۆکوژیمان هەیە. لەلایەکی دیکەوە بە هەر مردنێك بەهۆی خۆکوژییەوە، لەنێو کەسوکار، هاوڕێیان، ئاشنایان و کەسانێك کە لەو هەواڵە ئاگادار دەبنەوە، ١٣٥ هەتا ١٨٠ کەس دەکەونە ژێر کاریگەری کێشە دەروونییەکانەوە"

هەروەها پەیڕەوی توویەتی: «دەستێوەردان لە خۆکوژی شێوازی جیاوازی هەیە. ڕێگەگرتن لە خۆکوژیش جۆرێك دەستێوەردانە. لەو هەنگاوانەی دەتوانین لەم بوارەوە بینین دەتوانین ئاماژە بەمانەی خوارەوە بدەین : پێشکەشکردنی ڕاوێژکاریی بە خێزانەکان، دەستنیشانکردنی کێشە ئابووری، کۆمەڵایەتی خێزانەکان و پشتیوانی لەوان لە ڕێگەی ڕێکخراوە پشتیوانییەکان و ngo کانەوە» لە دەروونناسی qprمان هەیە. ئەمە پروتۆکولێکی جیهانییە کە بۆ ئەو هاوتای فارسی « بێتا» هەڵبژاردووە. واتە « پرسیار بکە» « هان بدە» و « ڕەوانەی بکە». دەتوانین خێزانەکان، مامۆستاکان و... بە بێتا ڕابێنین. دەبێت ئێمە نیشانەکانی خۆکوژی بناسین. پێویست بکات لەبارەیەوە قسە بکەین. ئەگەر کەسێك نیشانەکانی خۆکوژی هەبێت، ئەو هان بدەین ڕاژەی پسپۆڕی وەربگرێت و ڕەوانەی لای پسپۆڕی بکەبن

ئێعتمادیش لە ڕاپۆرتێك بڵاوی کردۆتەوە کە نوێترین ڕاپۆرتی « پێوەری

دادپەروەری کۆمەڵایەتی» لە ساڵی ٢٠٢١ پیشان دەدات کە لە ماوەی ١٠ ساڵ زیاتر لە ٤٠ هەزار مردن بە هۆی خۆکوژییەوە لەلایەن هێزەکانی پۆلیسەوە تۆمار کراوە. ئەم ژمارە زیاتر لە دوو بەرامبەر کۆی ئاماری کوشتن لە ساڵەکانی ٢٠١١یە کە کەمتر لە ٢٠ هەزار کەس ڕاپۆرت کراوە

لە حوزەیرانی ساڵی ٢٠٠٠ جێگری پزیشکی و تاقیکردنەوەی ڕێکخراوی پزیشکی یاسایی وڵات ئاماری خۆکوژی لە ساڵی ٢٠١٩ی پێنج هەزار و ١٤٣ کەس ڕاگەیاند: «بە بەراورد لەگەڵ ساڵی ٢٠١٩ لە سەدا ٠،٨ زیاد بووە. لەم ژمارە هەزار و ٥١٧ خۆکوژی پەیوەندی بە ژنان و ئەوانیتر (سێ هەزار و ٦٢٦) حاڵەت پەیوەندی بە پیاوانە هەبووە. لە بواری ژمارەوە زۆرترین ئاماری خۆکوژی پەیوەندی بە پارێزگاکانی کوهکولویە و بویەر ئەحمەد، ئیلام و کرماشان و کەمترین پەیوەندی بە خۆراسان ڕەزەوی، خۆراسان باشووری و سیستان و بەلوچستانەوە بووە. هەروەها باوترین شێواز لە خۆکوژی خۆهەڵواسین و دوای ئەو کەڵك وەرگرتن لە ژەهر بووە. خاڵی جێگای سەرنج ئەوەیە کە زۆربەی مردووەکان بەهۆی خۆکوژییەوە لەنێوان ٣٠ هەتا ٣٩ ساڵ و دواتر ١٨ هەتا ٢٤ ساڵ بووە"

## توێژینەوەیەکی ٢٥٠ حاڵەتی لە ساڵدا

ساڵی ٢٠٢٠ ئەنجامی توێژینەوەیەك لەلایەن ئەنجوومەنی بەرگری لە مافی منداڵ لە میدیاکان بڵاوکرایەوە و بەپێی ئەم توێژینەوەیە نووسراوە کە «هیچ جۆرە ئاماری ڕەسمی و ڕوون لە ژمارەی خۆکوژی منداڵەکان لە وڵاتدا نییە، بەڵام تاوتوێکردنەکانی ئەم ngoیە لەبارەی خۆکوژی زیاتر لە ٢٥٠ منداڵ لە ساڵەکانی ٢٠١١ هەتا ٢٠٢٠ باس دەکات. ئەمە لە کاتێك دایە، کە ئەم ئامارە تەنها ژمارەی ئەو خۆکوژیانەیە، کە بە میدیایی کراوە و ژمارەی ڕاستەقینە زۆر زیاتر لەمانەیە."

وردەکاری دیکەش لەم توێژینەوەدا بڵاوکراوەتەوە: «لە سەدا ٤٨ی خۆکوژییە بە میدیایی کراوەکان لە ماوەی ئەم ١٠ ساڵە پەیوەندی بە کوڕان و لە سەدا ٥٢یش پەیوەندی بە کچانەوە بووە. خۆهەڵواسین لە سەدا ٤٠، خۆخستنە

خوارەوە لە بەرزایی لە سەدا ٣٨، خواردنی حەب لە سەدا ١٢ و لە سەدا ١٠ی دیکەش شێوازەکانی نادیاری خۆکوژی لە ماوەی ئەم ١٠ ساڵە پیشان دەدات. لە سەدا ٤٥ خۆکوژییەکان پەیوەندی بە بازنەی تەمەنی ٩ هەتا ١٤ ساڵ و لە سەدا ٥٥ی دیکەش پەیوەندی بە بازنەی تەمەنی ١٥ هەتا ١٨ ساڵییەوە هەبووە. هۆکاریی ئەم خۆکوژیانەش لە ئاستی خۆی جێگای سەرنجە. هەژاری لە سەدا هەشت، کێشەی پەروەردە لە سەدا ٢٦، دەرگیری لەگەڵ خێزان لە سەدا ٢٨، پەیوەندی سۆزداری لە سەدا پێنج، دەستدرێژی لە سەدا هەشت، لەژێر کاریگەری فیلم و ڤیدیۆ لە سەدا پێنج، هەروەها لە سەدا ٢٠ی خۆکوژییەکان بەهۆی هاوسەرگیری ناچارییەوە بووە. هەروەها شارەکانی تاران، ئەسفەهان و هەمەدان زۆرترین ئاماری خۆکوژییان هەبووە"



# کەسایەتی

# ئێرانناسی



# ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری

## مەرجەعێك كە بە ڕاگیراوی
## لە ماڵەوە كۆچی دوایی كرد

ئامادەکردن : د. یاسین عزەم

ئایەتوڵڵا سەید کازمی شەریعەتمەنداری، لە ٦/١/ ١٩٠٦، لەناوچەی «ئەمیرخز»ی شاری «تەبریز»، لە خانەوادەیەکی ئایینی لە دایکبووە. بنەماڵەکەی بانگەشەی ئەوەیان دەکرد، کە بنەچەیان دەچێتەوە سەر ئیمام «زەینول عابدین»، ئەوەش بەلای پەیڕەوانی شیعە مەزهەبەوە زۆر گرنگ و بەبایەخە و پێگەی کۆمەڵایەتی بەرز کردۆتەوە

شەریعەتمەداری تەمەنی تەنها نۆ ساڵ بووە، کە باوکی کۆچی دوایی کردووە، ئەوەش هۆکار بووە بۆ ئەوەی لە پاڵ خوێندنی ئایینی، لەبازاڕیش کاربکات بۆ ئەوەی بتوانێت یارمەتی خانەوادەکەی بدات

لە تەمەنی نۆزدە ساڵی دەچێتە شاری «قوم» بۆ درێژەدان بە خوێندنی ئایینی و پەیوەندی دەکات بە خوێندنگەی ئایینی قوم، لەوێ دەبێتە خوێندکاری ئایەتوڵڵا حائیری یەزدی گەورە مەرجەعی شیعەکان لەو کاتەدا. سەرباری سەرقاڵی بە خوێندن وەك خوێندکار، هاوکات دەرسی بە کۆمەڵێك خوێندکاری خوێندنگەکە وتوەتەوە، لەناویاندا «ڕوحوڵڵا موسەوی خومەینی» یەکێك بووە لە خوێندکارەکانی. لە ساڵی ١٩٥٨ کۆمەڵەی «مکتب ئیسلام» دادەمەزرێنێت، دواتر ڕۆژنامەیەك بەناوی»مکتب ئیسلام، دەردەکەن، هەر خۆشی تێچووی ڕۆژنامەکە دەگرێتە ئەستۆ

ئایەتوڵڵا بروجەردی سەرمەرجەعی باڵای شیعەکانی ئێران، لە ٣٠/ئاداری ١٩٦١ کۆچی دوایی کرد، سێ کەسایەتی بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروباری شیعەکانی ئێران کە بریتین لە ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری و ئایەتوڵڵا مەرعەشی نەجەفی و ئایەتوڵڵا گولپایگانی دیاری دەکرێن

## ڕۆڵی لە ڕێگریکردن لە سێدارەدانی خومەینی

دوای ئەوەی لە شەستەکانی سەدەی ڕابردوو شای ئێران بڕیاریدا کۆمەڵێك گۆڕانکاری لە شێوازی بە ڕێوەچوونی هەڵبژاردنەکان و بەشداری ژنان لەو کایە سیاسییەدا بکات، ئەو هەنگاوەی شای ئێران نارەزایەتی پیاوانی ئایینی بەدوای خۆیدا هێنا، ڕوحوڵڵا خومەینی یەکێك بوو لەو کەسایەتییە ئایینیانەی کە بە شێوەیەکی زۆر توند و زبر هێرشی کردەسەر شای ئێران، ئەوەش هۆکار

بوو بۆ ئەوەی لە لایەن شای ئێرانەوە بڕیاری دەستگیرکردنی بۆ دەربکرێت. بە بیانووی ئەوەی کە خومەینی تۆمەتی بۆ کەسی یەکەمی وڵات دروستکردووە و ویستوویەتی ئاسایشی وڵات تێکبدات، گومانی ئەوە هەبوو کە بڕیاری لە سێدارەدانی بۆ دەربکریت، چونکە لە ئەنجامی وتەکانی خومەینی لەسەر مینبەر و دەستپێکی خۆپیشاندان و ئاڵۆزییەکان، چەندین کەس گیانیان لەدەستدا.

بۆ ڕێگری کردن لە بڕیاری لە سێدارەدانی خومەینی، ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری دەستبەکار بوو، بڕیاریدا خۆی سەردانی تاران بکات و داوایان لە تەواوی پیاوانی ئایینی شارەکانی دیکەی ئێرانیش کرد کە بێن بۆ تاران، کۆبوونەوەی پیاوانی ئایینی لە مەزاری «شا عەبدول عەزیم» بۆ ماوەی دوو مانگ درێژەی کێشا تاوەکو توانیان دەسەڵاتدارانی ئێرانی قایل بکەن کە دەستهەڵگرن لە بڕیاری لە سێدارەدانی ئایەتوڵڵا خومەینی، کە هەر ئەو دەمە بڕیاری ئەوەی بۆ درا کە پلەی ئایینیەکەی بەرزبکرێتەوە، تاوەکو دادوەرەکان نەتوانن دادگایی بکەن، چونکە لە دەستووری ئێران ئەوە چەسپێندرابوو، کە پیاوانی ئایینی بە پلەی ئایەتوڵڵای گەورە(مرجع تقلید) دادگایی ناکرێن

شەریعەتمەداری لە ساڵی ١٩٦٤، بڕیاریدا دامەزراوەی» دار التبلیغ» دابمەزرێنێت، لەو دامەزراوەیەدا سەرباری کتێبخانە و وانەی ئایینی، بنکەی تەندروستی و خوێندی ئایینی خانمانیشی تێدا بوو، کە بنکەی لە چەند شارێکی جیاوازی ئێران هەبوو

## بەشداری لە چالاکییە سیاسییەکان، پێش سەرکەوتنی شۆڕش

شەریعەتمەداری یەکێك بووە لەو پیاوە ئایینیانەی کە بەشدارییەکی کارای لە چالاکی سیاسی هەبووە، بەتایبەتی دوای ساڵی ١٩٧٧ و فراوانبوونی خۆپیشاندان و ئاڵۆزییەکانی ئێران، چەندین جار بەیاننامەی تایبەت بەو دۆخەی کە لە ئێران هاتبووە ئاراوە دەرکردووە. لە ٧ی کانوونی دووەمی١٩٧٨ و دوای بڵاوبوونەوەی ڕاپۆرتێك بەناوی» سرخ و سیا» لە ڕۆژنامەی «اطلاعات» دژ بە ئایەتوڵڵا خومەینی بوو، کە بوو بە هۆکاری خۆپیشاندانێکی گەورەی جەماوەی لە ئێران و لانی کەم نۆ کەس کوژران و چەندینی دیکەش بریندار بوون، شەریعەتمەداری بەیاننامەیەکی توندی دەرکرد و سەرکۆنەی هێزە

ئەمنییەکانی ئێرانی کرد لە ڕووبەڕووبوونەوەی خۆپیشاندەرەکان و داوای کرد ئەوانەی هۆکاری کوشتنی خەڵك بوون پێویستە دادگایی بکرێن

لە ڕاستیدا پێش سەفەری ئایەتوڵڵا خومەینی بۆ «نۆفلی شاتۆ» لە فەرەنسا، زۆربەی دەزگاکانی هەواڵی ناوچەیی و جیهانیش چاوپێکەوتنیان لەگەڵ شەریعەتمەداری دەکرد، تەنانەت بە هۆکاری وتارەکانی شەریعەتمەداری لە قوم و تەبریز و تاران چەندین خۆپیشاندان و ناڕەزایەتی دژ بە حکومەتی شاهەنشاهی ئەنجامدرا. دوای سەفەری ئایەتوڵڵا خومەنی بۆ نۆفلی شاتۆ، ئیتر دەزگاکانی هەواڵ کەوتنە چاوپێکەوتن و بڵاوکردنەوەی بیر و بۆچوونەکانی خومەینی ئەوەش وای کرد خومەینی ببێتە ڕەمزی خۆپیشاندان و ناڕەزایەتییە ناوخۆییەکانی ئێران

## شەریعەتمەداری و ئێرانی دوای شۆڕش

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران، ئایەتوڵڵا خومەینی بڕیاردەدات بگەڕێتەوە بۆ خاکی ئێران لە ڕۆژی ١/نیسانی١٩٧٩، دوای گەڕانەوەی بۆ خاکی ئێران، شەریعەتمەداری پەیامی بەخێرهاتنەوەی ئاڕاستە دەکات و لە بەرامبەریشدا ئایەتوڵڵا خومەینی بە شێوەیەکی زۆر بەرز پەیامەکەی دەنرخێنێت و جوابی دەداتەوە

مانگێک دوای سەرکەوتنی شۆڕش لە ئێران حیزبی» جمهوری خلق مسلمانان ایران» دادەمەزرێت، دامەزرێنەرانی حیزبەکە بانگهێشتنامەیەك ئاڕاستەی شەریعەتمەداری دەکەن بۆ بەشداریکردن لە کردنەوەی حیزبەکەیان، بەڵام لە وەڵامی ئەواندا شەریعەتمەداری ڕایگەیاند «شکۆی مەرجەعیەت لە حیزب و کاری سیاسی گەورەترە».. لە لایەکی دیکەشەوە ئایەتوڵڵا بەهەشتی و ڕەفسەنجانی و میرحسەینی موسەوی کە هەموویان لە نزیکانی ئایەتوڵڵا خومەینی بوون حیزبی «جمهوری اسلامی» یان دامەزراند

## شەریعەتمەداری و دەستووری نوێی ئێران

لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردوو، سەرانی شۆڕش بیریان لە نووسینەوەی دەستوورێکی نوێ بۆ وڵات کردەوە، لە دەستوورە نوێیەکەدا

حکومەتی شاهەنشاهی گۆڕا بۆ کۆماری ئیسلامی، دواتریش بڕیاریاندا لە ڕێگەی ڕیفراندۆمێکی گشتییەوە دەستوورە نوێیەکە بچەسپێنن، پرسیاری سەرەکی بریتیبوو لەوەی کە ئایا بە کۆماری ئیسلامیی ڕازیت یان نا؟ حەفتەیەك پێش ڕاپرسییەکە، لە ٢٥ی ئاداری/١٩٧٩، شەریعەتمەداری ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و تیایدا ئاماژەی بەوە کرد کە ئەو خۆی دەنگ بە کۆماری ئیسلامی دەدات، هاوکات ئومێدی خواست خەڵکی ئێرانیش بە بەڵی دەنگ بدەن

سەرباری پشتگیری شەریعەتمەداری لە دامەزراندنی کۆماری ئیسلامی، بەڵام سەبارەت بەچەند بنەڕەتێك کە لە دەستووری نوێی ئێراندا چەسپێندرابوو، کێشە کەوتە نێوان شەریعەتمەداری و خومەینی، بەتایبەتی بنەڕەتی ١١٠ کە تایبەت بوو بە ولایەتی فەقیە، ئەو پێی وابوو ولایەتی فەقیە دەبێت بەتەواوی بۆ خەڵك ڕوونبکرێتەوە و نابێت هەروا بەو جۆرە بە ناڕوونی بمێنێتەوە، لە ڕۆژنامە و گۆڤار و چاوپێکەوتنەکان چەندین جار جەختی لەسەر هەڵوێستەکانی خۆی کردەوە

شەریعەتمەداری داوای دەکرد دەستووری مەشروتەی ساڵی ١٩٠٦، ببێتەوە بە دەستووری نوێی ئێران و تەنها دەسەڵاتی شاهەنشاهی بگۆڕدرێت بە کۆماری ئیسلامی. دوای چەسپاندی دەستوور شەریعەتمەداری لە بەیاننامەیەکدا بە ڕوونی دژایەتی خۆی بۆ بنەڕەتی ١١٠ ی دەستوورەکە پیشاندا و وتی» بنەڕەتی١١٠ بووەتە هۆکاری سەندنەوەی مافی بڕیاردان لە خەڵك، هاوکات چەند بنەڕەتێکی دیکەش لە دەستوورەکە هەیە مایەی کێشە و ململانێن، بەڵام ئەوەی مایەی گرنگییێدانە گۆڕینی بنەڕەتی ١١٠ی دەستوورە بە جۆرێك لەگەڵ دەسەڵاتی میللەتدا یەکبگرێتەوە»

دوابەدوای هەڵوێستەکانی شەریعەتمەداری، چەند شار و شارۆچکەیەکی ئێران گرژی و ئاڵۆزی بەخۆیەوە دەبینێت، دەسەڵاتداران ئەندامانی حیزبی جمهوری خەلقی مسوڵمانی ئێران بە ئەنجامدانی ئەو ئاڵۆزیانە تۆمەتبار دەکەن، هەربۆیە چەند مەرجەعێك پەیام ئاڕاستەی شەریعەتمەداری دەکەن بۆ ئەوەی ڕۆڵبگێڕێت لە هێورکردنەوەی دۆخی ئەو ناوچانە بەتایبەتی ئاڵۆزییەکانی شاری تەبریزی شوێنی لە دایکبوونی، لە وەڵامی ئەو پەیامانەدا، شەریعەتمەداری ڕایگەیاند «لە ڕاستیدا ئەوە حکومەت و دەسەڵاتدارانن ئاڵۆزی

دەنێینەوە، بەڵام من وەك چۆن پێشتر ڕۆڵم گێڕاوە لە هێورکردنەوە بەردەوام دەبم بەو ئاڕاستەیە»

سەبارەت بە هەڵوەشاندنەوەی حیزبی جمهوری خەلقی مسوڵمانی ئێران، کە هەندێك لە مەرجەعەکانی نزیك لە ئایەتوڵڵا خومەینی داوایان لە شەریعەتمەداری کردبوو، ڕایگەیاند مانەوە یان هەڵوەشاندنەوەی حیزب لە دەستی سەرانی حیزب خۆیاندایە و ئەوە پەیوەندی بە منەوە نییە، سەبارەت بە تۆمەتبارکردنی ئەندامانی حیزب بە سەهیۆنی و ئیمپریالیستی و دەستی دەرەکیش، وتی «ئەوەندەی من ئاگادرام ئەندامانی حیزبی خەلقی مسوڵمان لە ئێران زیاتر لە ملیۆنێك دەبن، هەربۆیە هیوادارم ئێمە لە ئێران ئەوەندە سەهیۆنی و ئیمپریالیستیمان نەبێت». سەبارەت بە بارودۆخی ئەو ناوچانەی کە خۆپیشاندانی تێدا ئەنجامدرابوو، شەریعەتمەداری ڕایگەیاند «لەو ناوچانەی کە حکومەت دەستوەردانی نەکردووە، بارودۆخ ئارامە»، ئەوەش وەك ئاماژەیەك بۆ تۆمەتبارکردنی سەرانی حکومەت بە ئاژاوەگێڕی لە ناوچەکانی دیکەدا

## تۆمەتبارکردنی بە بەشداری لە کودەتایەکی شکستخواردوو

لە میانی دادگایی کردنیدا، سادقی قوتبزادە، دانینا بە ئاگاداربوونی شەریعەتمەداری لەو کودەتایەی کە بڕیاربوو ئەنجامبدرێت بۆ کۆتاییهێنان بە حکومەتی کۆماری ئیسلامیی، قوتبزادە لە دانپێدانانێکی ڤیدیۆییدا وتی لە ڕێگەی دوو کەسەوە چاوی بە شەریعەتمەداری کەوتووە، یەکیان حوجەتول ئیسلام مەهدەوی ئەوی دیکەش حوجەتول ئیسلام عەبدول ڕەزا حیجازی، بۆ ئەوەی ئاگاداری بکەن لە پلانی کودەتاکەیان، کە بە کودەتای نوژ، یان شاهروخی ناوزەندکرا. بە وتەی قوتبزادە، شەریعتمەداری وتویەتی کە ئێوە بەکاری خۆتان هەستن و من پشتگیریتان دەکەم. دواتر شەریعەتمەداری ڕاگەیەندراوێکی بڵاوکردەوە و بەهەموو شێوەیەك ئەو تۆمەتانەی ڕەتکردەوە، ڕایگەیاند کە ئەو وتویەتی من لەگەڵ خوێنەڕشتن نیم.

بەهۆکاری بەشداری لە کودەتا، حکومەت دەمودەست حیزبی جمهوری خەلقی مسوڵمانانی ئێران یاساغ دەکات و شەریعەتمەداریش لە ماڵەکەی خۆی

دەستبەسەر دەکات و ڕێگەی پێنادات پەیوەندی بەدەرەوی خۆیەوە بکات

لە یاداشتەکانی خۆیدا ئایەتوڵڵا مونتەزری باس لەوە دەکات «دوای ئەو ڕووداوانە ئەو زانیویەتی کە پێش ئەوەی قوتبزادە دانپێدانەکانی بڵاوبکرێتەوە لە لایەن کوڕە گەورەکەی ئایەتوڵڵا خومەینیی حاجی ئەحمەد لە زیندان سەردانی کراوە و پێیان وتوە، تۆ ئەو قسانە بکە و دواتر ئێمە داوا لە ئیمام دەکەین لێتخۆشبێت، لەو کارەشیان تەنها مەبەستیان لە تۆمەتبارکردنی ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری بوو، لەگەڵ ئەوەشدا قوتبزادە لەسێدرادەدرا». سەرباری ئەو هەڵوێستەی مونتەزری، بەڵام شەریعەتمەداری خۆی دان بەوەدا دەنێت کە ئاگاداری پلانی کودەتاکە بووە، تەنها جیاوازییەك لەگەڵ دانپێدانەکانی قوتبزادە ئەوەیە کە شەریعەتمەداری دەڵێت ئەو پێی ڕاگەیاندوون کە پشتگیری لە خوێنڕشتن ناکەم، بەڵام قوتبزادە وتی کە شەریعەتمەداری ڕازی بووە بە پلانی کودەتاکە، تەنانەت هەندێك لە سەرچاوەکان باس لەوە دەکەن تۆمارێکی دەنگی ئامادەکراوی شەریعەتمەداری هەبووە، بۆ ئەوەی لە ئەگەری سەرکەوتنیان بڵاوی بکەنەوە بە خەڵکی ئێران بڵێن کە شەریعەتمەداری وەك مەرجەعێکی ئایینی لەپشت ئەو کارەوە بووە کە ئەوان کردوویانە و مەبەستی سەرەکیان ڕزگارکردنی ئێران بووە لەو دۆخە ناهەموارەی کەتیی کەوتبوو بە هۆکاری هاتنەسەرکاری خومەینی و دارودەستەکەی

شەریعەتمەداری لە تۆمارێکی ڤیدیۆییدا کە لە لایەن تەلەفزیۆنی فەرمی ئێرانەوە بڵاوکرایەوە، ئاماژە بە تۆمەتبارکردنی خۆی دەکات و داوای لێخۆشبوون لە خوای گەورە دەکات و دەڵێت تۆبە دەکەم. دوای ئەو ڕووداوانە لە لایەن پیاوانی ئایینی قومەوە بە کۆی دەنگ بڕیاریاندا ئایەتوڵڵا شەریعەتمەداری لە مەرجەعیەت بخەن، ئەوەش لە مێژووی نوێی ئێران پیشهاتێکی دەگمەن بوو

لە ڕۆژی ١١ی ئایاری١٩٨٢، ڕۆژنامەی کەیهان نووسیی بە دەستووری ئایەتوڵڵا خومەینی تەواوی ماڵ و موڵك و دارایی شەریعەتمەداری دەستی بەسەردا دەگیرێت، دامەزراوەی «دار التبليغ» کە لە لایەن شەریعەتمەدارییەوە دامەزرابوو، دەستی بەسەردا گیرا. سەرباری ئەوەش، لەسەر ڕاسپاردەی ئایەتوڵڵا خومەینی، جگە لە خانەوادەکەی هیچ کەسێکی دیکە بۆی نەبوو

سـەردانی شـەریعەتمەداری بـکات

## نەخۆشکەوتن و ژیانئاوایی

دوای ئـەوەی شـەریعەتمەداری نەخۆشـییەکەی زۆری بـۆ هێنـا گواسترایـەوە بـۆ نەخۆشـخانە، بـەڵام ئـیتر بـۆ وەرگرتنـی چارەسـەری پزیشـکی درەنـگ بـوو، سـەرباری ئـەوەی شـەریعەتمەداری لـە مـەرگ نزیکبـوو، بـەڵام ئایەتـوڵڵا خومەینـی ئامـادە نەبـوو ڕێگـە بـە پیاوانـی ئاینـی و لایەنگرانـی شـەریعەتمەداری بـدات سـەردانی بکـەن لـە نەخۆشـخانە. ڕەزا صـەدر، بـرای موسـا صـەدر سـەرمەرجەعی شـیعەکانی لوبنـان، داوای لـە خومەینـی کـرد ڕێگـە بـدات شـەریعەتمەداری بـۆ وەرگرتنـی چارەسـەر سـەردانی دەرەوەی وڵات بـکات، بـەڵام لـە وەڵامـدا خومەینـی پێـی وتبـوو « لێـی گـەڕێ بـا بـەو نەخۆشـینەوە سـەربنێتەوە»، ئایەتـوڵڵا مونتەزیـری وەك خـۆی لـە یاداشـتەکانیدا باسـی دەکات داوای کردبـوو، کـە ئـیمام ڕێگـە بـە سـەردانی شـەریعەتمەداری بـدات، بـەڵام خومەینـی ڕازی نەبـوو.  لـە ڕۆژی ٣ی نیسـان/١٩٨٦، لە نەخۆشـخانە بە هۆکاری نەخۆشـی شـێرپەنجەی پرۆسـتات کۆچـی دوایـی کـرد. دوای کۆچـی دوایـی شـەریعەمەداری دەسـەڵاتدارانی ئێـران ڕێگەیـان نـەدا بەشـێوەیەکی ئاشـکرا نوێـژی مـردووی لەسـەر بکرێـت و بـە شـێوەیەکی نهێنـی و بـە شـەو لـە گۆڕسـتانی ئەبـو حسـەینی قـوم بەخاکیـان سـپارد. هەرچەنـدە ئـەو خـۆی وەسـێتی کردبـوو کـە لـە لایـەن ئایەتـوڵڵا ڕەزا صـەدر نوێـژی لەسـەر بکرێـت و لـە گۆڕسـتانی حەرەمـی قـوم بەخـاك بسـپێردیت، بـەڵام ئایەتـوڵڵا خومەنـی ڕێگـەی نـەداو پێـش ئـەوەی تەرمـی شـەریعەتمەداری بگاتـە شـاری قـوم، ئایەتـوڵڵا صـەدر لـە لایـەن دەزگای هەواڵگـری کۆمـاری ئیسلامیـی زیندانـی کـرا

نامەیەکـی شـەریعەتمەداری بڵاوکرایـەوە، لـە نامەکەیـدا بـاس لـەوە دەکات ئـەو بـێ تـاوان بـووە لـەو تۆمەتانـەی کـە بـۆی دروسـتکراوە، دەڵێـت» ئەوانـەی کـە تۆمەتیـان بـۆ هەڵبەسـتم ڕێگەیـان نـەدا بەرگـری لـە خـۆم بکـەم، بـە شـێوەیەکی زۆر خەمنـاك هێرشـیان کـردە سـەر ماڵەکـەم، دواتـر منیـان لـە خانوەکـەی خـۆم زیندانـی کـرد، هەمـوو دەسـەڵاتێکیان لێزەوتکـردم، هەمـوو پەیوەندییـە تایبەتـی و گشـتییەکانی منیـان دەستبەسـەرداگرت. دوای نەخۆشکەوتنیشـم ڕێگەیـان نـەدا پزیشـکانی تایبەتمەنـد سـەردانم بکـەن، ڕێگەشـیان نـەدا سـەردانی نەخۆشـخانە بکـەم بـۆ وەرگرتنـی چارەسـەر، بـەڵام مـن ئارامـم گـرت و بەرگـەی ئێـش و

ئازارەکانـم گـرت»

## سەرچاوەکان:

محمـد کاظـم شریعتمـداری؛ اولیـن مرجـع تقلیـدی کـه بـه دسـتور خمینـی از مرجعیـت خلـع و محکـوم بـه حصر خانگـی شـد، لـە چەناڵـی شـهر فرنـگ لـە یوتیوبـە لینکـی چەنـاڵhttps://www.youtube.com/watch?v=vbrGsCVIPNo لەبـەرواری ٢٥/کانوونـی دووەمـی ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتـەوە

بعـد از ٣٨ سـال قاتـل آیـت اللـه شریعتمـداری پیـدا شـد، لـە چەناڵـی PAYAM JAVAN لـە یوتیـوب، لینکـی چەنـاڵhttps://www.youtube.com/watch?v=HmDy٢٩j٦JE_، لـە بـەرواری ٢٤/ کانوونـی دووەمـی ٢٠٢٤ بڵاوکراوەتـەوە

محمـد کاظـم شریعتمـداری ؛ مرجـع تقلیـدی کـه خمینی را از اعـدام نجـات داد ولـی بـه دسـتور او کشـته شـد، لـە چەناڵـی تونـل زمـان لـە یوتیـوب، لینکـی چەنـاڵ https://www.youtube.com/watch?v=A٤OEXbG٤٥٠- لەبـەرواری ١٨/ تشرینـی دووەمـی ٢٠٢٣ بڵاوکراوەتـوە

- گـذری بـر زندگـی علمـی و سیاسـی آقـای سـید کاظـم شریعتمـداری، https://historydocuments.ir/، لەبـەروری ١٤ فروردیـن ١٤٠٣، بڵاوکراوەتـەوە

- رشـيد الخيون،شريعتمـداري ومحمـد باقـر الصـدر.. القتـل واحـد، https://www.almesbar.net/، لـە بـەرواری ٢٧/ابريـل/٢٠٢٠، بڵاوکاروەتـەوە

- د. محمـد سـيد الصيـاد، الآخـر في فلسـفة الـولي الفقيـه.. قمـع المرجعيـة وتأميـم المذهـب، لـە ماڵپـەڕی https://rasanah-iiis.org/، لـە بـەرواری ١٢/ سـبتمبر/٢٠١٧ بڵاوکراوەتـەوە

کتێبناسی

ئێرانناسی




# مێژووی پەیوەندییەکانی ئێران و ئەمریکا

# «تاریخ ڕوابط ایران و امریکا»

**جان قەزوینییان**

**ئامادەکردنی: ئێرانناسی**

قەزوینیـان ناوێکـی دیـاری بـواری ئێراناسـییە، مێـژووی پەیوەنـدی ئێـران و ئەمریـکا بابەتـی لێکۆڵینـەوەی ئـەم پەڕتووکـە بـە نرخەیـە، کـە لێکۆڵینەوەیەکـی درێـژە پـەردە لەسـەر بابەتـی ئێـران- ئەمریـکا لادەبـات و زۆر شـتی نەگوتـراوی تێدایـە، لەگـەڵ ئـەوەی قەزوینییـان لـە ئەمریـکا دەژی، بـەڵام بـە ڕادەیەکـی بـاش هەوڵـی داوە ئێـران و کێشـەکانی بێلایـەن ببینێـت و داهاتـووی ئێرانێشـی لـێ دیاربێـت

ئـەو پێـی وایـە؛ «هەمـوو حیکایەتێـک لەسـەرەتاوە دەسـتپێدەکات، بـۆ تێگەیـشتن لـە حیکایەتـی ئێـران دەبێـت لـە کۆتـاوە دەسـتپێبکەین، ئـەو چرکەسـاتەی خەنجـەرەکان لـە کـێلان دێنـە دەر و نەعرەتـەکان بەرزتـر دەبـن و تورەیـی دەگاتـە ئاسـتی بـاڵا و عاشـقەکانیش بەڕێـی خۆیانـدا دەڕۆن» بەڵـێ ئێـران ئـەو حیکایەتەیـە کـە دەبێـت لـە کۆتـاوە بیخوێنینـەوە، لـە مـاوەی چـل و شـەش سـاڵی ڕابـردوو کـە پەیوەنـدی ئێـران و ئەمریـکا تێکچـووە، شـەڕی درێژخایەنـی وشـەکان دژی یـەکتر بەردەوامـە، نزیکـەی نیـو سـەدەیە گشـت بـە شـوێن تاوانبـار و بێتاوانـدا دەگەڕێـن

جـان قەزوینییـان کاتێـک سـەرنج دەخاتـە سـەر ئێـران و تواناکانـی لـە پشـتی پـەردەوە ئـەو پەیامـە ڕادەسـت دەکات، کـە بۆچـی بـەو هەمـوو پوتانسـێڵە زۆرەی کە ئێـران خاوەنیەتـی، بـەڵام هێشـتا پێگـەی خـۆی لـە مێـژوودا بـۆ نادۆزرێتـەو؟ ئێـران خەرمانێکـی تـرە لـەو ئاگـرەی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـت کـە هیـچ کات نەکوژاوەتـەوە!

ئێـران لـە ڕووی دانیشـتوان و ڕووبـەری خـاک و بـە هەشـتا ملیـۆن ژمـارەی دانیشـتوانەوە دووهەمیـن وڵاتـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتە، ڕۆڵـی گرنگی لە سیاسـەتی ناوچەکـەدا هەیـە. چەندیـن سـەدەیە ئێـران لـە چوارڕیانـی شارسـتانییەتەکانی ناوچەکـە جێگیـرە. لەسـەر ڕێگـەی ئاوریشـمە کـە خاڵـی بـە یەککەیشـتنی وڵاتـان بـووە. ئێـران ڕۆڵـی سـەرەکی گێـڕاوە لـە بەسـتنەوەی باکـوور بـە باشـوور و ڕۆژئـاوا بـە ڕۆژهەڵاتـی جـادەی ئاوریشـم، یەکێـک لـە گرنگتریـن ئـەو وڵاتانەیـە کـە خاوەنی دووەمیـن یەدەکـی نـەوت و گازی جیهانـە، ئێـران کۆنترۆڵـی گـەروی هورمـزی لایە، یـەک لەسـەر پێنجـی وزەی نەوتـی جیهـان بەوێـدا تێپـەڕ دەبێـت. شـوێنی ژیانـی سـەرزیندووترین و خوێنەوارتریـن نەتەوەکانـی ڕۆژهەڵاتـی ناوەڕاسـتە.

نەتەوەیـەک کـە بـە بـەراورد لەگـەڵ دراوسـێکانی خـۆی هاوتـرازە لەگـەڵ

شارستانییەت و بەهاکانی جیهان، بێگانەبوون لەگەڵ وڵاتێکی لەو چەشنە لە ڕاستیدا بێگانەبوونە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی خود. ئێران ڕۆڵی سەرکردایەتی کردنی ئایینزای شیعەی هەیە لە جیهاندا. هەرچەند تەنها وڵات نییە کە زۆرینەوەی دانیشتوانەکانی شیعەن. ئێران بۆ جیهانی ئیسلامی وەک ڤاتیکان وایە و ناوەندی یەکێک لە دوو باڵە گەورە و مەزهەبییەکەی جیهانی ئیسلامە، دوور کەوتنەوەی ئەمریکا لە ئێران زۆر بێمانایە. ئێران جیاواز لە زۆرینەی وڵاتانی ناوچەکە، سنوورەکانی بەرمەبنای خەتکێشی ئیستعماری دروست نەبووە. دەسەڵاتەکەشی هیچ کات لە حاکمی ئیستعمارییەوە بە میرات بۆ نەماوەتەوە، بەڵێ ئێران گرنگە، بەڵام گرێ کوێرەی پچڕانی پەیوەندی ئێران لەگەڵ ئەمریکا لە کوێدایە؟ هۆکارەکەی چییە؟ ئەو گرێیە دەکرێتەوە؟ قەزوینییان لەم کتێبە نایابەی هاوڕاز و هاوکەلام لەگەڵمان دەبێت، بۆ وەڵامدانەوەی پرسیارگەلی لەو چەشنە. کتێبەکە لە چوار بەشی سەرەکی پێکهاتووە، قەزوینیان شاعیر نییە، بەڵام هەر بەشەو بە ناوی وەرزێکی ساڵەوە داناوە

## بەشی یەکەم: بەهار

چەندین سەدە پێش ئایەتوڵڵا خومەینی و شای ئێران، شارێک هەبوو بە ناوی پرسپۆلیس. پایەتەختی هەخامەنشییەکان بوو. لە دووریشەوە سەریر کرابا، بەو هەموو جوانییەیەوە، ترسی دەخستە ناو دڵی پاشاکان و ڕێبوارانەوە. پرسپۆلیس حوکمی نزیکەی شەست ملیۆن کەس لە ژمارەی سەد ملیۆنی جیهانی سەدەی پێنجەمی پێش زاینی دەکرد. ئەو ئێرانە پاش ڕۆژگارێکی دوور و درێژ لە ناو گڵ و بەردی شوێنەواری دۆزرایەوە. بەڵام ئێران هەر بەردەوام بوو. ساڵی ١٩٧١ کاتێک دوا پاشای ئێران لە هەمان شوێن پێکێک شەرابی سووری لە دەستی پێشخزمەتە فەرەنسایییەکەی وەرگرت، ویستی بە جیهانیان بڵێت: بەڵێ ئێران بە سوپایەکی چوارسەد هەزار کەسی، ئێستا شەکراوی پەیوەندییەکانی خۆی لەگەڵ ئەمریکا نۆش دەکات. بەڵام مێژوونووسان نەیان پرسی ئەم پەیوەندییانە چۆن دروستبوون؟

لە ساڵی ١٨٥٠ خەڵکی ئەمریکا و ئەورووپا تینووی ناسینی ئێران بوون،

لەوەش زیاتر لە ساڵی ١٧٢٠ کاتێک بەشی زۆری خاکی ئەمریکا ژێردەستەی بەریتانیا بو،و ئەو خولیای ئێراناسیە بوونی هەبووە. ئەمریکاییەکان لە نیوەی سەدەی نۆزدەیەم نەتەوەیەکی تازەیان ناسی کە لای ئەوان نوێ بوو. توانای ڕووبەڕووبوونەوەی ڕووسیا و بەریتانیای هەبوو، ئێران بۆ ئەمریکا درێژکراوەی پاشایەتی هەخامەنشی و خاشایارشا بوو، کە ئەمریکا دەیناسی و ناوی لە کتێبی خوێندنی ئەمریکا بە کورتکراوەیX دەنووسرا، نەتەوەیەک بە بیری چاک و ڕۆحێکی عیرفانی و شاعیرانە خۆر لە عەرەبی پەڕگیر باشتر دەهاتە پێش چاو. یەکەم جار لە مێژوودا کە ئێران و ئەمریکا یەکتریان بینی لە ساڵی ١٨٣٠ و کاتێک بازرگانانی ئەمریکا بە دەیان گاڵۆن ڕام (جۆرێک لە خواردنەوە کحولییەکان) گەیشتنە ئێران، یەکەم بانگخوای پرۆتستانی ئەمریکی بە ناوەکانی جاستین و شارلۆت پرکینز گەیشتنە شاری ورمێ. قوتابخانەیەکیان لەو شارە دروستکرد. ماریۆ یۆهان ئسقۆفی ورمێش یەکەم ئێرانی بوو کە لە ساڵی ١٨٤١ سەردانی ئەمریکای کرد. سامۆئیل گرین ویلر بنیامین یەکەم وەزیر موختار (سەفیر)ی ئەمریکا بوو لە ئێران(١٨٣٣-١٨٨٥). لەم بەشەدا نووسەر بە وردی مێژووی پەیوەندی ئەمریکا و ئێران تا جەنگی یەکەمی جیهانی دەخاتە بەر لێکۆڵینەوەی وردی مێژوویی گێڕانەوەی حیکایەتی بەهاری ئێران و ئەمریکا

## بەشی دووەم: هاوین

ئێران لەگەڵ جیهان پێ دەنێتە سەدەی بیستەم، هەم ئەمریکا و هەم بەریتانیا قۆناغێکی تازەی بەڕێوەبردنی جیهان ئەزموون دەکەن. ئەورووپا ئاوسە بە گۆڕانکاری، بۆنی نەوت و وزەی جیهانیی مەست کردووە. لەسەرەتای سەدەی بیستەم ئەمریکا هێندەی نەوت هەبوو، کە نەیدەزانی چی لێ بکات، ڕێژەیەکی زۆری نەوتی خۆی لەسەر ئاستی جیهانیی بەکاردەهێنا. ئێرانیش ئارام سەرقاڵی گۆڕانکاری ناوخۆیی بوو، پەیوەندی ئەمریکا و بەریتانیا باش نەبوو. شاکانی قاجار تا دێت زیاتر لە سەنتەری دەسەڵاتی خۆیان دادەبڕان. ڕەزا خان وەک سەربازێکی بە توانا سەری هەڵداوە و گلۆڵەی بە شای ئێران

لێژ کردوە. سەردەمێکی تازە هاتووە. بەڵام ئەمریکا هەر پابەندە بە دۆستایەتی ئێران. ئەویش لە ڕاستیدا پابەند بوون بو بە بنەماکانی ویلسن

لە ساڵەکانی ١٩٢٠ ئەمریکا سەرقاڵی کنە و پشکنین بوو لە وێرانەکانی تەختی جەمشید. بەڵام لە هەمان کاتدا بە لاچاو سەرنجی لەسەر نەوتی ئێران بوو. هاوینی پەیوەندی ئێران و ئەمریکا لێوانلێوە لە ڕووداوگەلی فرە جەمسەر. شەڕی دووەمی جیهانی و داگیرکردنی خاکی ئێران و لە تاج خستنی ڕەزا خان و دانانی محەمەد ڕەزای کوڕی لە شوێنی. کۆنفرانسی تاران و لوتکەی سێ دەوڵەتی گەورەی جیهانی، محەمەد ڕەزا شای گەنج و کاڵ و پشت گوێخستنی لە وڵاتەکەی خۆی

شای ئێران کەم ئەزموونانە خوازیار بوو لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئێران دەست بۆ هەڵبژاردنەکە ببات بە سوودی خۆی، بەڵام ڕووبەڕووی بەرەنگاری توند بووەوە. چەپەکان و عەشرەتەکان و سەرکوتکراوانی سەردەمی باوکی، پەرلەمانێکیان خستە ناو دەستی پاشای گەنج کە سەرکەوتنێکی زۆر لاواز بوو. ڕووداوەکانی دکتۆر محەمەدی موسەدیق و دەستوەردانی ئەمریکا لە کاروباری ناوخۆی ئێران، حیکایەتی دوور و درێژی هاوینی پەیوەندییەکانە، نووسەر بە شێوەیەکی ڕوون و ڕەوان تیشک دەخاتە سەر ئەو ڕووداوانە

## بەشی سێیەم: پایز

بەڵێ بەڵێ قوربان... شاه دەسەڵاتی خۆی جێگیر دەکرد، هەوڵەکانی بۆ هاوڕاکردنی ئەمریکا لەگەڵ خۆی، دواتر کودەتا بەسەر موسەدیق بە هاوکاری ئەمریکا سەرکەوتووبوو. موسەدیق و گۆچانەکەی بۆ هەمیشە نێردرانە ماڵەکەی خۆی لە ئەحمەدئابادی کەرەج و هەر لەوێ پاش چەندین ساڵ و بە بێدەنگی لەوی کۆچی کرد و هەر لە ماڵەکەی خۆی بە خاک سپێردرا

پەیوەندی ئێران و ئەمریکا گەیشتە ئاستێکی باڵا، شا فراوانخواز بوو. خەونی گەورەی هەبوو، هەندی سەرکەوتنی لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان بەدەستهێنابوو، لەگەڵ ئەوەشدا خەونی ئەتۆمی هەبوو، بەڵام خاکی ژێر پێی زۆر پتەو نەبوو. سیاسەتی ناوخۆیی خراپ بوو. ڕۆحانییەکی سەرکێش بەربەست

بوو لە ڕێگەی، ئەویش ئایەتوڵڵا خومەینی بوو، ڕووداوەکانی نێوان شا و ئایەتوڵڵا بەشێکی مێژووی نیوەی دووەمی سەدەی بیستەم بوو. مەرجەعیەت کێشەی هەبوو لەگەڵ سەڵتەنەت. پاشان شۆڕشی ئیسلامیی ئێران ئەو پایزە بوو کە شای تێدا دەربەدەر کرا

## بەشی چوارەم: زستان

داگیرکردنی سەفارەتی ئەمریکا لە ئێران ئەو ڕووداوە بوو، کە تا ئێستاش مشتومڕی زۆری لەسەرە، کاریگەری ئەو ڕووداوە، کە لە لایەن هەندێک گەنجی شۆڕشگێڕەوە ئەنجام درا تا ئێستاش هەر بەردەوامە، بووە هۆی ساردی و پچڕانی پەیوەندی ئێران و ئەمریکا. مێژووی نوێی ئێران بۆ نەوەی تازە لێرەوە دەستپێدەکات. هەموو ڕووداوەکانی شۆڕش بە چڕی لەم بەشە چاوی دەخرێتە سەر. هەموو پەڵە سیاسییەکانی ئێران و هەردوو پارتی کۆماری و دیموکرات سەرکەوتوو نەبوون لە نۆژەنکردنەوەی ئەم بەستەڵەکەی نێوانیان، سەرتاپای ئەم کتێبە بەنرخە عەوداڵی گەیشتنە بە وەڵامی پرسیارێک ئەویش ڕێگەچارەی چارەسەرکردنی گرێکوێرەی پەیوەندی نێوان ئێران و ئەمریکا چییە؟ بەڵێ بۆ تێگەیشتن لە حیکایەتی ئێران دەبێت لە کۆتاوە بیخوێنینەوە

چەمکناسی

ئێرانناسی

## چەمکناسی

# نەرمینواندنی قارەمانانە

# (نرمش قهرمانه)



**نووسین: هەورامان فەریق**

نەرمینواندنی قارەمانانە، وەك زۆرێك لە چەمکە ئێراننا‌سییەکانیتر ـ هەڵبەت زیاتر پەیوەست بە سیاسەتی دەرەوەی ئێران و پەیوەندییەکانی دەرەوە ـ چەمکێکی تایبەت بە ئێران و جێی مشتومڕ بووە. سەبارەت بە بەکارهێنانی چەمکەکە، دەگوترێت ئەم چەمکە بۆ یەکەمجار لە لایەن ڕێبەری کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بەکار هاتووە. هەڵبەت هەندێك بە تەکتیك، هەندێك بە ستراتیج و هەندێك بە باوەڕ لێکی دەدەنەوە. زۆرکاتیش شرۆڤەکارانی لایەنگری ئەو جۆرە لە سیاسەتکردن، بۆ ئەوەی بەرگێکی ئایینی بکەن بە بەریدا، دەگەڕێنەوە بۆ ڕێککەوتننامەی حودەیبییە یان ڕێککەوتنی ئاشتی نێوان حەسەنی موجتەبا و معاویەی کوڕی ئەبو سوفیان(١)

لـە دوای شۆڕشـی ئێرانـەوە، دوو باڵـی شـۆڕش لـە ئێرانـدا هاوشـانی یـەکتری گەشـەیان کـردووە؛ چاکسـازیخوازان و بناژووخـوازان. بـە تێپەڕبوونـی کات دژیەکیـی و جیـاوازی سیاسـەتکردن لـە نێـوان دوو بەرەکـە بـەردەوام زیاتـر بـووە. یەکێـك لـەو کێشـە گەورانـەی کـە هەمیشـە بەرۆکـی سیاسـەتی دەرەوەی ئێرانـی بەرنـەداوە، پەیوەندییەکانـی بـووە لەگـەڵ ڕۆژئـاوا و بەتایبـەت ئێـران. ڕێبـەری کۆمـاری ئیسلامـی کـە نوێنەرایەتـی ئـەو ڕەوتـە باڵادەسـتەی ئێرانـی کـردووە کـە هەمیشـە بـە چاوی گومـان و نەبوونـی متمانـەوە سـەیری ڕۆژئـاوای کـردووە، پێـی وایـە کـە متمانەکـردن پێیـان خواردنـەوەی جامـە ژەهرەکەیـە.

سـەبارەت بـە کات و سـاتی بەکارهێنانـی چەمکەکـە، ڕای بەهێـز ئەوەیـە کـە بـۆ یەکەمجـار لـە وتـار و کۆبوونەوەیەکـی ڕێبـەردا لەگـەڵ بەرپرسـانی وەزارەتـی دەرەوە، سـەفیرەکان و کاربەدەسـتاندا لـە ڕێککەوتـی (١٩٩٦/٨/٧ز- ١٣٧٥/٥/١٧)، ئـەو چەمکـەی بـەکار هێنـاوە. لـەو وتـارەدا بەمشـێوەیە چەمکـی نەرمینواندنـی قارەمانانـە بـەکار دەهێنێـت: نوێنەرانـی سیاسـیی ئێـران لـە جیهانـدا دەبێـت تیژتـر لـە شمشـێر، نـەرمتر لـە پارچـەی حەریـر و بتەوتـر لـە بـەرد و پۆڵابـن. پانتایـی سیاسـەتی دەرەوە، پانتایـی نەرمینواندنـی قارەمانانەیـە. بـەڵام نەرمییـەك کـە لـە بەرامبـەر دوژمنـدا، تیژ بێت(٢). هـەر زوو، لایەنگرانی ڕێبـەری و بناژووخـوازەکان دەسـتیان بـە شرۆڤـە و بڵاوکردنـەوەی چەمـك و گوتارەکـە کـرد. لەوکاتـەوە تـا هەنووکـە ئـەم چەمکـە بووەتـە جێـی مشـتومڕی چاکسـازیخوازان و بناژووخـوازان و جێگـەی شرۆڤـەی چاودێرانـی سیاسـی هـەردوولا. لایەنگرانـی بناژووخـوازان هـەر لـە ڕۆژی بەکارهێنانـی چەمکەکـەوە و ماوەجارێـك بـۆ ئـەوەی چاکسـازیخوازان زۆر دڵ بـەم چەمکـە خـۆش نەکـەن و بەتایبـەت لـە بـواری پەیوەندییەکانیـان لەگـەڵ ئەمریـکا و ڕۆژئـاوادا پێـی لێ ڕانەکێشـن، دەسـت بـە ڕوونکردنەوە و ڕاسـتکردنەوەی هەڵەتێگەیـشتن لـەم چەمکـە دەکـەن. ئـەوان پێیـان وایـە کـە مەبەسـتی ڕێبـەری لـەم چەمکـە بریتـی نییـە لـە پاشەکشـێ لـە بنەمـا چەسـپاوەکانی ڕژێـم و هەڵوێسـتەکانی، بەڵکـو مەبەسـت لێـی جووڵـە دروسـتە دیپلۆماسـییەکانە(٣). ئـەوان ئـەم جـۆرە لـە سیاسـەتکردن یەکسـان دەکەن بـە مانـۆڕی هونەرمەندانە بـۆ گەیشتن بـە مەبەسـت. بـەو واتایـەی کـە ڕێبـواری ڕێگـەی خـودا، کاتێـك بـە ئاڕاسـتەی

دروشـمە جۆراوجـۆرە ئیسلامییـەکان دەڕوات، دەبێـت بـۆ گەیشتن بـە دروشـمەکان هەمـوو ڕێگایـەك بگرێتەبـەر. هەڵبـەت ڕێبـەری ئێـران هـەرکات پێویسـتی کردبێـت بەتایبـەت لـە چرکەسـاتە هەسـتیارەکانی وەکـو دانووسـتانەکاندا ڕوونکردنـەوەی زیاتـر لەسـەر چەمکەکـە داوە: بـۆ نموونـە لـە کۆبوونەوەیەکـی تـردا، وێـڕای ئـەوەی ڕەزامەنـدی لەسـەر نەرمینوانـدن و مانـۆڕی هونەرمەندانـە و قارەمانانـە دەدات لـە هەمـوو پانتاییـە سیاسـییەکاندا، بـەڵام دیسـانەوە جەخـت لەسـەر تێنەپەڕاندنـی هێڵـە سـوورەکان، ستراتیجـە بنەڕەتییـەکان و دروشـمەکانی ڕژێـم دەکاتـەوە(٤).

دوای نزیکـەی سـی سـاڵ لـە تێپەڕبـوون بەسـەر بەکارهێنانـی ئـەو چەمکـەدا، هـەرکات چاکسـازیخوازان ویسـتبێتیان جومگەکانـی دەسـەڵات بگرنـەوە دەسـت، بەرامبەرەکـەی خۆیـان بـەوە تۆمەتبـار کـردووە کـە هەرچـی شکسـت و نەهامەتییـە دێـت بەسـەر خەڵکـی ئێـران و سیاسـەتی دەرەوەی ئێرانـدا، لەبـەر ملنەدانـی ئێـران بـووە بـە دانووسـتان لەگـەڵ ڕۆژئـاوادا، بەتایبـەت لـە دۆسـییەکانی چەکـی ناوەکـی، دەسـتوەردان لـە وڵاتانـی تـر و پەرەپێدانـی بـە موشـکەلی بالیسـتی. بە پێچەوانەوە، کاتێـك بناژووخـوازان باڵادەسـت دەبنـەوە، باڵەکـەیتر بـەوە تۆمەتبـار دەکـەن کـە ملدانیـان بـە دانووسـتان و ڕێککەوتنەکانـی وەك (٥+١)، ئەوانـە ئێرانیـان زەلیلتر کـردووە و دەسـتی ڕۆژئاوایـان بەسـەر ئێرانـدا بـاڵا کـردووە. کاتێکیـش ئەنجامـی دانووسـتانەکان جێـی ڕەزامەنـدی ئـەوان بێـت، بـە ئاشـکرا هـۆکاری سـەرکەوتنەکە دەگەڕێننـەوە بـۆ ئـەو جـۆرە لـە سیاسـەتکردن. بـۆ نموونـە سـەعیدی جەلیلـی کـە یەکێکـە لـە ڕکارە سەرسـەختەکانی چاکسـازیخوازان چەنـد بـە گرنگییـەوە بـاس لـە دەسـتکەوتەکانی ئـەو سیاسـەتە دەکات کـە چـۆن بـە هـۆی هونـەری دیپلۆماسـییەوە، ئالەنـگاری دۆسـییەی ناوەکییـان کـردووە بـە دەرفـەت بـۆ بەهێزترکردنـی ئێـران(٥).

چەمکەکـە هێنـدە لاسـتیکی و گشـتگیرە کـە دەتوانرێـت بـە خـراپ بەکارهێنانـی کاریگەرییەکـی هەمەلایـە لەسـەر ئێـران دروسـت بـکا. لـە بەرزبوونـەوەی نرخـی دۆلارەوە تـا سیاسـەتی ئێـران لەگـەڵ وڵاتانـی کەنـداو و ناوچەکـە و کەیسـی مافـی مـرۆڤ و ژن لـە نێوخـۆی ئێرانـدا. هەروهـا کاریگـەری ڕاسـتەوخۆی ئـەم جـۆرە لـە سیاسـەتکردن لەسـەر بژێـوی ژیـان و دۆخـی ئابـووری خەڵکـی وڵاتەکـە.

چەلەحانێـی لایەنگرانـی نەرمینوانـدن بەتایبـەت لـە کابینـەی حەسـەنی

ڕۆحانییەوە زیاتر بوو. ئیدی ڕێبەر ناچار بوو بە ڕوونکردنەوەی زیاتری چەمکەکە بە نموونەهێنانەوەی یاریزانێکی زۆرانبازی. ئەو ئاماژەی بەوە کرد کە یاریزانێك هەندێك جار لەبەر هۆکاری هونەری، نەرمی دەنوێنێت بەڵام لەبیری ناکات کە بەرامبەرەکەی کێیە و ئامانجەکەی چییە. لەو کاتەوە وەها ڕاڤە کرا کە مەبەستی ڕێبەر ئەوە بووە کە دەوڵەتەکەی ڕۆحانی تەنیا دەبێت جووڵە دیپلۆماسییەکان بە کایەی تەکنیکی لە بەرنامەی ناوەکیدا سنووردار بکەن(٦). ئیدی لەوکاتەوە بناژووخوازان چەندین جار دەوڵەتەکەی ئەویان بە تەنازولکردن بەرامبەر بە ڕۆژئاوا تۆمەتبار کرد. ئەم مشتومڕە لە سەردەمی ڕۆحانیدا و بەتایبەت لەو خولەدا کە موحەمەد جەواد زەریف وەزیری دەرەوە بوو، گەیشتە لووتکە.

ئێستاش لەسەردەمی مەسعود پزشکیاندا ئەم جۆرە لە سیاسەتکردن ئێرانی خستووەتە گێژاوێکەوە کە وادیارە دەرچوون لێی زۆر ئەستەم بێت. پزشکیان (٢٠٢٥/٣/٢)، بە ئاشکرا باسی لەوە کرد کە ئەو لەگەڵ دەستپێکردنەوەی دانووستانە لەگەڵ ئەمریکادا هەروەك چۆن لە کۆبوونەی ساڵانەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا ڕایگەیاندبوو. بەڵام ڕێبەری ئێران ئەو پێشنیازەی ڕەت کردووەتەوە. بۆیە ڕەخنەی لەم جۆرە سیاسەتکردنە گرت(٧). دواجار، ئێران و پزشکیان چاك دەزانن و ترسی ئەوەیان لێ نیشتووە کە نە دۆناڵد ترەمپ، ئۆباما و جۆ بایدنە، نە هەژموونی ئێرانیش ئەو هەژموونەی جارانە. بەتایبەت کە لە ساڵی ٢٠١٦ سیاسەتی ترەمپیان تاقی کردووەتەوە کە سیاسەتی هێرشبردنی پەیڕەو کردووە و لە ساڵی ٢٠١٨، بە یەك واژوو لە ڕێککەوتی بەرجام هاتەوە دەرەوە. سیاسەتی ئەمریکا بە بێ گوێدانە نەرمینواندن، سیاسەتی (ئەوپەڕی پەستان) و سەپاندنی هەرچی زیاتری گەمارۆی نەوتی و بانکی دەگرێتەوە بەر و وەك پێشتر پەستان دەخاتە سەر وڵاتانی ڕۆژئاوا بۆ سزادانی هەرچی زیاتری ئێران. دوو مانگی ئایندە ڕوون دەبێتە کە تا چەند دۆناڵد ترەمپ سوورە لەسەر ئەو وادەیەی بۆ ڕێبەر و ئێرانی داناوە بۆ ئەوەی مل بە دانووستان بدات و ڕادەی نەرمینواندنەکە چەندە

## سەرچاوەکان

١- https://rasekhoon.net/article/show/٧٥٨٩٢٧ واکاوی تاکتیـک «نرمـش قهرمانانـه» در بیـان امـام خامنـه‌ای ڕێککەوتـی دواییـن سـەردان (٢٠٢٥/٣/١٩)
٢- https://farsi.khamenei.ir/news-content?id=١٧٨٨٥ دیـدار مسـئولان وزارت امـور خارجـه و نماینـدگان سیاسـی جمهـوری اسلامـی ایـران بـا رهبر انـقلاب ڕێککەوتـی دواییـن سـەردان (٢٠٢٥/٣/١٩)
٣- https://www.bbc.com/persian/iran/٢٠١٣/٠٩/١٣٠٩١٨_l٩٣__iran_us_khamenei_speech ‹نرمـش قهرمانانـه› یعنـی چـه؟ ڕێککەوتـی دواییـن سـەردان (٢٠٢٥/٣/٢٠)
٤- دواییـن سـەردان (٢٠٢٥/٣/٢٠) اولیـن بـاری کـه رهبر انـقلاب از لفـظ «نرمـش قهرمانانـه» اسـتفاده کردنـد کـی بـود؟ https://shorturl.at/XbF٤w
٥- هنر دیپلماسـی مـا، تبدیل چالش هسـته‌ای بـه فرصتـی بـرای قدرتمندتـر شـدن ایـران بـود. https://shorturl.at/XTFfY ڕێککەوتـی دواییـن سـەردان (٢٠٢٥/٣/٢٠)
٦- https://iranwire.com/fa/blogs/٤٧٠٠/ منظـور رهبر ایـران از نرمـش قهرمانانـه چیسـت؟
ڕێککەوتی دوایین سەردان (٢٠٢٥/٣/٢٠)
٧- https://www.bbc.com/persian/articles/c٣rnpq٣٩wz٢o پزشـکیان: مـن موافـق مذاکـره بـودم، رهبری گفـت بـا آمریـکا مذاکـره نکنیـم ڕێککەوتـی دواییـن سـەردان (٢٠٢٥/٣/٢٠)

CFS
Center for Future Studies

گۆڤارێکە گرنگی بە توێژینەوەی ستراتیجی و ئایندەیی سەبارەت
بە ئێران دەدات، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ئایندەیی دەریدەکات

ژمارە (١٤) ساڵی چوارەم، ئازاری، ٢٠٢٥